ڕامان

١٧٧

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی شازدە/ شوباتی ٢٠١٢

- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 4494662 - 003248
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

● دەق


- لە نزیک ڕووباری ئارنۆ/ دڵشاد عەبدوڵلا/ 3
- شیعری نانۆ/ هاشم سەڕاج/ 5
- باوەش/ هیوا شەمسی بورهان/ 9
- ڕۆندکێن تاج مەحەل/ لە ئەڵمانییەوە: د. حوسێن حەبەش/ 10
- قەسیدەی وێنەیی/ لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا/ 13
- پێنج چیرۆکی زۆر کورت/ عەباس عەبدوڵلا یووسف/ 15
- ئێمە هەموو «حەسەن زیرەک»ین/ کاوە عیزەتخا/ 19
- جەژنی ترووکانی هێلکەکان/ ڕێبین ئەحمەد خدر/ 23
- ٤٠٪ (گومان) هاتە دیتن/ میران ژانبار/ 28
- چەند گێڕانەوەیەکی متمانەپێکراو لەبارەی کوشتنەوە/
لە فارسییەوە: جەبار سابیر/ 30


● هەڤپەیڤین


- حوسێن حوزنی موکریانی لە یادەوەری حەمەبۆردا/
دواندنی: ئازاد عەبدولواحید/ 34
- سی ساڵ وەرگێڕان، سی ساڵ ئەزموون/
لە فارسییەوە: ک. ج. هەڵوەدا/ 43


● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- مەی و مەستی لە شیعری سۆفیگەری کوردیدا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 50
- تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی (یارسان)دا/ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی: نامق هەورامی/ 58
- بەهاو بایەخی هونەر/ تەها ئەحمەد ڕەسووڵ/ 74
- بەراوردێک لەنێوان گوڵی خوێناوی گۆران و ئەمینی میرزا کەریم-دا/ عومەر ساڵح بەگ/ 88
- عومەری خەییام (شاعیری زانایان و زانای شاعیران)/ لە عەرەبییەوە: حەمەکەریم عارف/ 96


● هزر و فەلسەفە


- ڕەهەندەکانی فەلسەفەی ئاکار/ د. حەمید عەزیز/ 106


● وتار


- هیومانسییەت، چەمک و ڕەهەند و سەرهەڵدان/
هیوا شارباژێڕی/ 121
- چەمکی سووتان لە شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانیدا/
هەژار فەقێ سلێمان/ 124
- ساراماگۆ، هەڵگری ئازارەکان/
لە فارسییەوە: سەلاح نیساری/ 128
- مێژووی ئەدەبیاتی ماد/
لە فارسییەوە: مێهرداد ڕامیدی نیا/ 132
- گەنجینە و خورافە/ لە عەرەبییەوە: ئاسۆ وەهاب/ 134


● هونەر


- کاریکاتێری کوردی، سەرچاوە و پێداویستییەکانی/
سەید یاسین قورەیشی/ 137
- ئەزموونگۆڕکێ لە کارە هونەرییەکانی شێوەکارێکدا/
سۆران ئیسماعیل/ 140
- دەروازەیەک بۆ چۆنیەتی گوێگرتن لە مۆسیقا/
لە فارسییەوە: مەهدی زەند/ 143


● خوێندنەوەی کتێب


- سەرگوزشتەی ڕۆمانی دەربازبوون/ غەمگین بۆڵی/ 148
- خوێندنەوەیەک بۆ ماستەرنامەیەک/ خەلیل یابە/ 151


● نرخاندن


- ڕامان و هونەری فۆتۆگراف/ فارس سەعدی/ 159


● سووکە لەنگەر


- ئەدەبی کوردی.. پەڕینەوە لە سنووری لۆکاڵی/
د. کاوە عەبدولکەریم شێروانی/ 160

# لە نزیک ڕووباری ئاڕنۆ

دڵشاد عەبدوڵلا

بە دیوارە غەمگینەکەی ناسیمەوە: ماڵی دانتی –یە.
بە کەلوپەلەکانی،
بە بۆنی خشتەکانی،
بە جلە قەدکراوەکانییەوە دیار بوو، ماوەیەکی کەم لێرە
ژیاوە
دواتر،
ماڵی ڕاستەقینەی گواستۆتەوە بۆ دەربەدەریی و
کۆمیدیا.

فلۆرەنسە کەشتییەکە لە ئەزەلەوە بەسەر پشتی
(ئاڕنۆ)وە
نە کەشتی ڕزیوە، نە پشتی ئاڕنۆ شکاوە.
فلۆرەنسە ژنێکە و ئەڤین لە باوەشیدا بۆتە بەرد
لەسەر ئەو بەردە دانراوە بناغەی کلێساکانی
لەوەتەی هەیە بەدوای بێچووەکانییەوەیە،
خڕ نابنەوە ژێر هەیوانی.
ئەوە تۆی، برادەری هەموو تەمەنم، تۆی دانتی؟
ئەوە تۆی مەشخەڵی ئیمانی شیعرم، ئەوە تۆی؟
ئەوە تۆی بە کەوای سوورەوە لەپێش لەشکری زمانی
ئەوە تۆی گەمییەوانی مەعلانی بەهەشت و دۆزەخی
ئەو بەلەمە بەردینە ڕادەدەی بەرەو کوێ؟

مەنجەنیق داخرا لە کەنار ئاڕنۆ
بەو ئاگرە نەسووتا، ئەو گۆشت و ئێسقانە
ئەو خەنینەوە و گریانە
ئیمانم بە وشە هێنا لەسەر دەستی،
ئیمانم هێنا لای دانتی.
هێشتا لە هەڕەتی لاویدابوو کە لە شاری خوا پەڕییەوە
هێشتا نەگەیشتبوو بە بیاتریس لە جۆگەی شیردا
دۆزییەوە
پونگی خولیا شین بوو لە دەوری جۆگەدا.
شانەیەکی هەنگوینم دۆزییەوە لە قەدی کێو
ئەو کێوەم ناونا کۆمیدیا
ئەو شانەیەش بیاتریس



به خواستی خۆم به دۆزەخدا سووڕامەوە
بەزەییم هاتەوە بە گوناهکاران
بەلادەر و تاوانکاران
به خواستی خۆم مامەوە لایان
عەزابی هەموویانم دی
پەشیمانیی هەموویانم دی
لە دڵەوە تێر گریام بۆیان
هەرچی هەبوو لە مەزموور و مۆسیقا ژەنیم لە بۆیان.
هێزی ئازادی هەر تەنیا ناخ پاک ناکاتەوە
دێتەخوار تا دوورترین دەمار.
گەرا دادەنێ لەبن چی پەلکی خەفەتە،
لەسەر کام چڵی تەنیایە
کە ئاسۆی پشکوتنی لێ گیرایە.

بە زیندوویی نەسووتا دانتی بە حوکمی کڵێسا
بە عەزابی خۆی گڕی گرت
لە بۆتەی شۆڕشدا
لە ماڵی دانتی –دا
غەریبی هەموو پێغەمبەرەکان لەوێ بوو
جاویدانی هەموو شاعیرەکان لەوێ بوو.
جەڕەی فرمێسکی کەتیرە بە تەنیشت یەکەوە
هەر لە سافۆوە هەتا هی فرووغ
ڕوحی بیاتریس باوەشێنی دەکردن.

لە هەموو گڵێنە شینەکاندا ڕەنگێکی بیاتریس هەیە
لە هەموو گۆنە بەفرینەکاندا سپیاتییەکی بیاتریس هەیە
گەندەمووی نێوان دوو مەمکیش ئەندێشەیان
شیلەی سەر لێویش تام و نەشئەیان
کەمێکی هی خۆیانە، ئەوەی تر هی بیاتریس

فلۆرەنسە لەسەر پشت ڕاکشاوە
دەستێک سەروقژی دادێنێ
بەمووی سەرپەنجەی ناسیمەوە: دانتییە.
چۆن ببمە دەمارێک لەو دەستە؟
چۆن ببمە شەماڵێک لەو دەشتە؟
یارمەتیم بدە ئەی شیعر! یارمەتیم بدە
بەپێ خاوسی ئەو پیرە کەوتۆتە کێوان،
یارمەتیم بدە
ببم
بە پێڵاوی.

**فلۆرەنسە ٢٠١١**

# شیعری نانۆ

هاشم سەڕاج

١
ژیان
شەمەندەفەرێکی خێرای
بێ وێستگەیە
٢
زۆپا
بچووککراوەی دۆزەخە
بەستێنەر
زەمهەریر
٣
چەقۆ
کەیبانووی مووبەقە
پیاز
عاشقیەتی
٤
مەرگ
فارگۆنێکی فڕێدراوە
٥
سووتوو
فرمێسکی وشکی
جگەرەیە
٦
کەوچک
سۆزانییەکی سامبازانە
٧
دڵەڕاوکێ
بۆمبێکی دانراوە
٨
گەردوون
کاتژمێرێکە
لە ڕەنگ
٩
جیهان
دارستانێکە لە ئەپارتمان
١٠



ئەوەی ئاگری زیندەگی
هەڵکرد
ڕۆژێ دایدەمرکێنێ
١١
شەرم
باڵاپۆشی
ژنێکی ڕووتە
١٢
گەرماو
شوێنگەی
فەنتازیای
کەف و خرۆشان و یۆریایە
١٣
ئیرۆتیک
سەگێکی هاری
دۆزەخنشینە
١٤
ترس
توانەوەی دڵە
لەبەردەم
جوانی یار
١٥
کات
چۆلەکەیەکی خۆڵەمێشییە
و
دەفڕێ
١٦
مرۆڤ
بەفربوایە
لەنێو نەدەچوو
١٧
لاڵانەوە
نزایەکی سپییە
چەشنی نەورەس
باڵ دەگرێ
١٨
سەماوەر
کچێکی دووگیانە
دەنکێ هێل
دەجاوێ
١٩
بێ دەنگی
سندووقێک ژاوەژاوی
کلۆمدراوە
٢٠
کاتژمێر
تەنیا
تەمەنی
خۆی
دەژمێرێ
٢١
جوانی
ئاگرێکی سپییە
٢٢
جوانیت
ڕستەکان
مەست دەکا
٢٣
پەپووسلێمانکە
هەواڵبەری
دنیای ئیرۆتیکە
٢٤
شێوەت
لەسەر
پەڕی قورینگێک
کۆپی پێست
دەکەم
٢٥
پێستی برۆنزیت
زێڕی
تواوەی نارنجە
٢٦
هزر
مۆسیقای
دنیای دڵەڕاوکێیە
٢٧
بە ڕووتی دەرکەوی
وشە جیوەی
لێدەچۆڕێ
٢٨
کۆمپیوتەر
پەلکەزێڕینەی
ئاسۆی
وەرزێکی ئەلکترۆنییە
٢٩
مەرگ

دەنگی بیبەری ڕەشە
٣٠
تەمەن
تووێلێکی پڕاوپڕ
لە
وێستگەیە
٣١
ماچ
کاسەیەک کاستەری کەسکە
٣٢
زەین
شوێنگەی
ژانی بوونگەراییە
٣٣
گەشبینی
ڕاکە ڕاکی دەورانی مناڵییە
٣٤
حەزدەکەم
بە مامزت بچوێنم
٣٥
بوون
تاقیگەیەکی ئاژەڵییە
٣٦
شیعر
ژیانە
بە ستایلێکی ئێستێتیکی
٣٧
وەرە
بەیەکەوە
لە خڵتەی زماندا
نیشتەجێ بین
٣٨
ئەمڕۆ
پێڵاوم
بەجوانترین
کراسم
سڕییەوە
٣٩
جوانی
عەتری مێخەکە
عیشق
فێردەوسیەتی
٤٠

ڕوح
فڕینی هەڵاڵەی
بۆیەی
ڕوومەتە
٤١
شیعر
تەزوویەکی کارەباییە
بە دەمارەکانی زماندا
دەگەڕێ
٤٢
بۆچوون
کەفی لێکخشانی
سابوونی پیتە
٤٣
ڕیتم
دارژانی وشەیە
بە لەنجەیەکی ناڵ
٤٤
هەڵچوون
هەڵمی سووری
ئاوی دڵە
٤٥
گریان
پێکەنینێکی ڕەشە
٤٦
جوانی
گڵۆپی گیانە
جەستە
دەدرەوشێنێتەوە
٤٧
با
جووڵەی بێ کۆتای
هزرێکی بێ هوودەیە
٤٨
خۆڵ
قاوەی چایخانەی
گەردوونە
٤٩
گیا
لێفی هەمیشەیی
سرووشتە
٥٠
ئاو

دایکی پەیدابوونە
ئاگر
باوەپیارەیەتی
٥١
بیابان
کتێبی بایە
٥٢
چیا
پیتی بزوێنی
زمانی زەوییە
٥٣
بەفر
لۆکەی بەر دەستی
کچانی هەورە
٥٤
خەو
مردنێکی سپییە
٥٥
فڕۆکە
میوانی ناوەختی هەورە
٥٦
هەنار
زیندانی جوانییە
٥٧
شخارتە
ماڵی گەرمی
ئاگری ساردە
٥٨
تەپڵ
نێرەری ئاماژەی دەنگە
٥٩
دەق
مەیخانەی وەرگرە
٦٠
نووسین
زەماوەندی زمانە
٦١
شووتی و کاڵەک و کەلەرم
بەچکەی گۆی زەوین
٦٢
وڕێنە
هەڵمی سووری زمانە
٦٣
کەڵەشێر
دوژمنی بێدەنگییە
٦٤
قاز
چەشنی قورینگ
لەنجەفرۆشە
٦٥
هێمنی
وێستگەی گیانە

٢٠١١/١٢/١٠

# باوەش

**هیوا شەمسی بورهان**
**(فەڕەنسا)**

دیسان هاتمە باوەشی تۆ
گەرچی ڕوحی هەڵکورماوم
بە زەڕق و بەرقی ئەم غوربەتە
ئەسیر بووە،
ئامێزی تۆ وەکو جاران کاری تێ کرد
بە گەرما و گوڕ، بە عەتر و بۆ
چاوت هەروا گەش و بەتین
شاخت هەروا مەند و مەتین
چۆمت هەروا دڵتەڕ و لێو بە پێکەنین
سفرەی ماڵت هەروا ڕەنگین
کوڕ و کچی خاکت هەروا،
شۆخوشەنگ و پڕ لە ئەوین..
هەموو وێکرا هەستیان دا بە گیانم
بەهارێکیان هیوای خستە هەناوم
خۆشەویستم!
موکریانم.

٢٠١١/١٠/٩



**گلەیی**

گەرچی مێژوو وا باس دەکا
لە سیاسەتدا هەڵەت زۆر کرد
هێندێک میوەی شازی دەرفەت
پێش ئەوەی بیانچنی
بە دارەوە داڕزین و
پەشیمانیت بوو بە دەسکەوت،
گەرچی دەڵێن وڵاتەکەت
ڕێی نەبووە بۆ سەر بەحر و ئاوەکانی ئاوەڵا
وەک کەوی سەر لە بەفر کردوو
هەر بە شاخەوە گیرسایەوە و
گوێت لە هەنگامەی گەلان نەبووە
فەیلەسووفت زۆر کەم هەبوون
لە مەنتیقدا نەچەوسایەوە و
زۆرتر بە دڵ کارت کردوون،
بە خۆخۆر و براکوژ نێوبانگت هەیە
ئەمما ئەمن هیچ گلەییم لێت نییە،
چونکە بیر و بوون و هەستم پێت بەسراوە
چارەی ژینم گەورە یان ورد
هەر بە خامەی تۆ نووسراوە،
ئەی گەلی کورد.

٢٠١١/١٠/٣٠

# ڕۆندکێن تاج مەحەل

**هەلبەستڤانێ چینی: ئویانگ ژییانگهێ**
**پێشگۆتن، وەرگەڕاندن ژ ئەلمانی: د. حوسێن حەبەش (ئەڵمانیا)**

ئەڤ وەرگەڕا/ پێشکیشی جانا رەحمەتی بەشیر موشیره



«لیریک جهێ خوە د پەرستگەهێدا دبینە. هەلبەستێن یەکەمین ل چینا د پەرستگەهێدا هاتنە خواندن» وەها پرۆفێسۆر دۆکتۆر ڤۆلفگانگ کووبین، یەک ژ سینۆلۆگێن ناڤدار ب پێشکێشکرنا هەلبەستڤانێ چینی یێ ناسکری ئویانگ ژییانگهێ د ڕۆژا ٢٩١١. ١. ٢٥دا ل کەنیسەیا زانینگەها بۆنێ دەستپێکر؛ ئەو کەنیسەیا لۆدڤیگ ف. بێتهۆڤن تێدا ل ئۆرگەنێ دخست. وەها مە گوهداری هەلبەستێن چینی و وەرگەڕا ئەلمانی کر؛ چ هەیدەدان بوو!

ڤ. کووبین هەلبەستڤانیا چینی کەڤن و نوو ڕند ناسدکە و بەرهەمێن پڕ هەلبەستڤانێن چینی وەڕگەراندنە زمانێ ئەلمانی، ژبلی بەرهەمێن خوە یێن زانستی لەسەر لێتنیرەتوورا چینی و دیرۆکا وێ. پڕ جاران د هەڤدیتنێن مە دا، چ ل جڤینێن یەکیتیا نڤیسکارێن ئەلمان- پشکا بۆنێ-یان د پێشکێشکرنا هەلبەستڤانێن چینیدا، د ئێڤارێن هەلبەستخواندنێدا ئەو ڤێ ڕاستییێ دوبارەدکە، کو هەلبەستڤانیا چینی ب دژواری دهێتە تێگهێشتن، تەڤی چڤاسیا پرسکرنێ ژ هەلبەستڤان نو ڕەخنەڤانێن چینی ژی، لەما ژی دەما ئەو ژ چینی وەردگەڕینە، ڕاستی وێ بێبەرسڤیێ د وەڕگەڕێدا تێ، بەلکی ئەو بێبەر سڤیا ژی لگۆر یتنا من فەرسەندەکە باشە ژ خواندەڤانانڕا، کو ئەو بەرسڤنا ژ خوەڕا، یان د جیهاننە دنە ڕامانی، فیلۆ سۆفی و هونەری کەڤن؛ ما نە ئەو ژی یەک ژ پەیاما هەلبەستڤانییێیە؟

وەگەڕا من ژی ژ ئەلمانی نە وەها ئاسان بوو، لێ د بەر وێ نەسانهیێڕا ئەز بێتر ب هەلبەستان ڤە هاتمە گرێدان، من خواست ئەز ژییانا وان ئا نەدیتیدا بژیم و هنەک ژ فیلۆسۆفییا هەلبەستڤانی و ئاوایا بیرکرنا ئویانگ ژییانگهێ یا هونەری و ئێستێتیکی نێزیک ببم، ئەو ژ منڕا گەشتەکە وەرگەڕانی تایبەتی بوو.

ئەڤ هەلبەستنا من ژ «خوارنگەها سەرپێیی» ، ژ هەلبەستا درێژ «ڕۆندکێن تاج مەحەل» ڤەبژارتن، بێگومان پشتی ئەرێکرنا هەڤپیشەیێ من ڤ. کووبین.

## ڕۆندکێن تاج مەحەل

(Die Ttanen des Taj Mahal)

[پەرچەنە ڤەبژارتی ژ هەلبەستا درێژ]

Tranen, die kein Gott geweint hat, sind).
(keine Teanen, wert zu flieben

ڕۆنكێن نە ژ بۆ گرینا خوەدێ بن، نە ڕۆندکن،
نە هێژایی هەرکینێ نە.
ئەرێ، بایەخداریا هەرکینی، نە د تەڤاهیا ڕۆندکانداپە.
ل هندستانێ جیهەرک ب سایا ڕۆندکان شینە،
وەها ژی چاوا ڕۆندکێن خوەدێیەکی
نە هەوجەداریا ترومپێن ئاڤێ نە، وەها ژی چاوا بێ گۆتن
ئەردهشکایی کارێ ئەیلۆیە.
ئەگەر ڕۆندک کانبن ب هەڤڕا لسەر ئەردهشکایێ
بهەرکن،
وەها وێ ڕند بە.
ڕۆندک دفڕن، ئەو ئەیلۆ بێزار دکن،
ڕامان و تەناهیا وی.
مۆنۆلۆگا ئەیلۆ تێڤەدانا پێلانە.
ما چ لسەر پشتا وییە، ئەو کانە ب کەناران گێهنە
و ببە کەڤناری؟
ئاڤێن جیهەرکێ ل ئەسمێن دهەرکن.
ڕە، پیک، پەل سێجارکی کوورێن دژ چاڤینە،
دژ چاڤیا هەرکینێ.
ڕۆژ، ئەرد و دلێ مرۆڤ سێجارکی لالن،
چملسینە
ژبەر ڕۆندکێن لسەر مەزناهیا دلەکی بچووک
و هین بچووکتر ژ خوە بێتر دبە،
کورێ ددە لسەر ژبیرکرنا خوە
و ئەز نەبوونێ.
شەڤەکە کەهرەمانبەری د ڕۆندکەکێدا جیوار بوویە؛
ئەو ڕۆندکا دلێ ئەسمێنە، دلەکی تەڤی بچووک.

(٢)

All diese Tranen Vom Altertum dis)
(heute flieben in meinem Auge

ئەڤ ڕۆندکنا هەمی ژ کەڤناریێدا و تا نها،
د چاڤێ مندا دهەرکن
وەها هێمن، بۆ بێهنەکێ.
ئەڤ ڕۆندکێن ڕوومەتدار نە ڕێدانشانێن هەرکینێنە؛
مخابنییە ژ وێ یەکێ ڕا.
ئەڤ هەمی کاسەیێن مشت ژ ئاڤێ بەسن بۆ
هەر کینێ، بەلێ، بەلکی ناخوازن بێن
بکارئانێن بۆ ڕۆندکێن دەریایێ.
ئەڤ هەمی ڕۆندکنا، ئەوێن ژ تاووسێ پیرۆز هاتنە،
لسەر پەردێلا وی هاتنە هەڤ،
هین ل چاڤڕێیا پەرڤەکرنێنە؛
ئەڤ جاندرێن ڕۆندکان،
ئەڤ دلبرینا ڕۆندکان، ئەڤ ڕۆندکێن بێ ژان.
ئەڤ ڕۆندکنا هەمی، یێن گرینا خوەدێیان،
ژ گرینا پێشییان و ژ گرینا مە یا ئیرۆ و پاشێ،
د هەرکن ژ چاڤێ کەسەکی،
کو ئەو جارەکێ شاش بوویە.

(٣)

Teanen wollen fliegen. Werden sie)
(Aderflugeln anvertraut

ڕۆندک دخوازن بفڕن. ئەوێ ب باسکێن ئەیلۆ
باوەڕبن
یان ب فڕینا بالافڕەکە بۆینگ ٧٦٧ ل تەنشتا
ئابووریا پڕ پێشکەتی؟ ب درێژاهییا هەرکینا ٣٠٠٠کم
ژ ڕۆندکێن کەڤن ژ پێکینێ
ب ئەسمانێ نیودەلهی دا. دەم سەرێ خوە هلتینە، ئەم د
ڕەوانێن خوەدا جۆت سێبەرێ ئەرخیبۆلۆجیێنە،
سۆر و سپییێ ڕۆژهلاتێ،
ئەو کانن ژ چاپکییا دەنگ بێتر، ئەو کانن
ژ نشکاڤا لەرزینا
عەجێبەکە خوەدێیی هەستبکن؟ ئەم کانن
ب چاڤێن ئەیلۆیەکی ڕۆژئاڤایێ ببینن،
ئەوا مینا ئەورەکی د دەریایێدا
هندادبە؟
ما جیهەرک کانە د سالا ٢٠٠٩دا
د سەر بووستەکە کەسکەسۆرێ ڕا
ل ئەسمێن بهەرکە، بهەرکەرا تا سالا ١٦٣٢ان؟
گاڤێ دەریا د دەما فڕینێدا
وەک نڤینەکێ د هەز،
گاڤێ کەسێن ئیرۆیی ب کوورانیا ئەسمێندا
دکەڤن خەوێ
ما کالەپیر وێ کانبن
ب جارەکی ژ خەوێ ڕابن، ژ بارینا تاڤا ڕۆندکان،
د سەر ڕوویێ ئەسمێن ڕا ژ خەوێ ڕابن، ب چریکەیا
چڤیکان
ژ خەوێ ڕابن، ڕابن ژ تەناهییا خەوڕابوونێ
و ژ تەناهییا ڕێیا ئەیلۆ؟
ئەیلۆیۆ! ڕاوەستە: بالافڕ دخوازە لویسببە.
د ئاڤبەرا ژۆر و ژێردا
چیا و چەم هنەکێ ڕوویێن خوە دگەوڕن.

## ب کورتی لسەر هەلبەستڤان

ئویانگ ژییانگهێ هەلبەستڤان و ڕەخنەڤانەکی چینی ناسکرییە، ئەو سالا ١٩٥٦ان ل لوزهۆو، پرۆڤینسا سیخوان هاتیە دنێ. د دەما شۆڕەشا چاندی چینیدا، پشتی تەمامکرنا خواندنا دبستانێ، وەک ئادەتێ وی دشیێن، کو ل ناڤ ئەردان بخەبتە، وەها ئەو چەند سالان شەتلێن چایێ دچینە. د دەما خواندنا زانینگەهیدا دبە یەک ژ بنگەهدانیێن یەکیتیا هەلبەستڤانێن گەنج ئا سیخوانێ یا نە فەرمی. چاوا ژ چاڤکانییێن من ب ئەلمانی خواندنە، دخویە، کو ئویانگ ژییانگهێ یەک ژ هەلبەستڤانێن تەوری ئێنتلێکتۆێلە ل چینێ، ئەو خوەدیێ زمانەکی هێزدارە و جهێ خوە ب سەر بلندی د رەخنەڤانییا لیتێرەتووری چینیدا گرتییە. ئەو یەک ژ پێنج هەلبەستاڤنێن ناڤدارە، یێن ب ناڤێ کۆما «سیخوان- ڤوو- ژونزی» [پێنج خانەدانیێن ژ سیخوان] خوەدانە ناسین. تایبەتمەندیا وی یا هەلبەستڤانی ئەوە، کو «ب ڕێیا میتۆدا هەلبەستا چیرۆکی، درێژ ئەو چێلییا ئاریشەییێن هەڤدەمێ دکە.» وی بیترێ سەد و پێنجی هەلبەستێن وەها بەلاڤکرنە و بێتری سی گۆتارێن ڕەخنەیی. بەرهەمێن هەلبەستڤان ب پڕ زمانان بەلاڤبوونە. ژ سالێن ١٩٩٣ تا ١٩٩٧ ل دەولەتێن یەکبوویی یێن ئەمەریکا ژییا و شەش مەهەکێ ژی مێڤان بوو ل ئەکادێمیا «سلۆس سۆلیتوودێ» ل شتووتگارتێ، ل ئەلمانیا. نها ئەو ل وەلاتێ خوە، ل باژارێ پێکینێ دژی.

بۆن ٢٠١١/٩/١٢

هەلبەستێن ل ژۆر وەڕگەراندی من ژ ڤێ پرتووکێ ڤەبراژتن:
Ouyang Jianghe: Schnellimbiss . Gedichte, aus dem Chineseischen und mit einem Nachwort von Wolfgang kubin. Tartin Edition, Untendurch. Salzburg 2010.
هەروەها ژبۆ ئامەدەکرنا ڤێ وەڕگەر و نڤیسێ من هاڤل ژ ڤان بەرهەمێن ژێرین وەرگرت:
Wolfgang kubin, Nachwort zum “Schnellimbiss” (Xwaringeha Serpeyi)
Wolfgang kubin Wir wollen kluge Vertreter aus china" Exklusiv Chinabild Berichterstattung Literatur Kultur Konfuzius-Institut.
Shen Yong Miklitz: Ouyang Jianghe (China),, Schreiben als Bestrafung der Inspiration “www.lernforum.uni-bonn.de
Ouyang Jianghe@internationales literaturfestival berlin.

# قەسیدەی وێنەیی

خەزعەل ئەلماجدی
لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

کانییەکانی پڕە لە نوور

خۆزگە توانیبام وێنەی بلبل
لەگەڵ دەنگیدا بکێشم!

(١)
کاتێ پێدەکەنی
هەموو پەنجەرەی ماڵەکەم
ورد و خاش دەبێ.

(٢)
بەهۆی جوانییەکەی
باڵندەکان لە گۆرانی گوتن دەکەون و
ئەبڵەق دەبن.

(٣)
دەنگی ئەستێرەکان
لە چاوی تۆ
دەبیسم

(٤)
مەمکەکانت میوەن
هەر بە دارەوە
دەخورێن.

(٥)
قسە لەگەڵ کەس نەکەی
قسە لەگەڵ هەور بکە، ئەو ژنەی
کە دواتر دەبارێ.

(٦)
گۆرانییەکەم لە دەمەوە بۆ دڵە
بۆچی گۆرانی لە دەمەوە بۆ گوێچکە دەڵێیت؟

(٧)
شنەی با تەنیا نییە
لەبەر قژت

(٨)
ئەو تاکە گوڵەی لە زەوی شین نابێ
دەمی تۆیە.

(٩)
تێنوویەتی شار دەکوژێ و
ئاو تەنیا لە جەستەی ژنانە!

(١٠)
کەنار
یان گەردنت



یان هەردووکیان!!

(١١)
بە تەواوی دەزانی
بەرلەوەی بۆنو بەرامەی هەڵکا
سەرئێشەمان نەما.

(١٢)
گەر خۆشت نەویٚ
دەبێتە جریوەی باڵندان.

(١٣)
ئیوە شەوەو
دڵۆپەکانی مانگ لەسەر مەمکە ڕاپەڕیوەکەت
کەسیٚ نییە بیخواتەوە
ئای بۆ تێنوویەتیمان، ئای بۆ تێنوویەتی تۆ.

(١٤)
باڵت کە دەلەرێتەوە
چاومان زێتر دەکاتەوە.

(١٥)
هەرکە لە دەرگام دا
مۆم داگیرسا

(١٦)
ئەو ڕۆژەی سیحری جەستەت دەرکەوت
هەموو پەپوولەکان کۆبوونەوە

(١٧)
نەرمی دەستت
هۆی بەیەکداچوونی دەستمە،
ئای لەو تەوقەیە!!

(١٨)
مانگ قاچەکانت دەشوا
کاتیٚ شەو،
لە دەریا درێژییان دەکەیت.

(١٩)
دیمەنێک
لە دوورەوە
باڵای تۆ و پۆلیٚ باڵندە.

(٢٠)
دەستت
چرا بوو
شوشتنی قاپ خامۆشی کرد.

(٢١)
ئەگەر دەمم لە دەمتبا
زۆر بڵێیمان نەدەکرد.

(٢٢)
کە فەرشی سەر دیوار دەتەکێنی
جەستەت
دەلەرێتەوە
لە ناخمدا.. گیانەوەرەکان بە ئاگا دێن.

(٢٣)
ڕۆژی کەوتنی بەفر
سپێتی شتەکانی داپۆشی
چاوی پشیلەی لەرزۆک نەبیٚ.

(٢٤)
لە بەرانبەر ئەو قژە درێژە ڕەشەدا
مەقەس بە چۆکدا هات

(٢٥)
دەستت چەند شارەزایە
ئاوی لە گوڵان نا..
پشووی دا.

(٢٦)
هەموو وردە گوڵەکانی سەر کراسی
بانگ دەکەن: وەرە

(٢٧)
کاتیٚ دەستت لێدەدەم
هەموو جەستەت دەبێتە دڵ.

(٢٨)
پشیلە بنێسەکان
لەسەر خواردنی گیای باخچە ڕاهاتوون
درێژەی کێشا گەمارۆدان.

(٢٩)
خواردن دەم دەکاتەوە
ئاخاوتن وێنەی دەکێشیٚ
ماچەکان خەڵقی دەکەنەوە

(٣٠)
ئەو هەموو برووسکەیە
بۆ دەرکەوتنی چرۆی مەمانتە.

**سەرچاوە:**
المجلد الاول، صدر عن المؤسسة العربية للدراسات والنشر- بيروت ٢٠٠١. من مجموعة قصائد الصورة، ١٩٩٠.



# پێنج چیرۆکی زۆر کورت

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف**

**١- هاوناو**

ژنێک و کچێکی پارچەلە و پیاوێک لەبەردەم پەنجەرەی بلیت برینی خەستەخانە لە تەنیشت یەک وەستابوون، پەنجەرە بۆ نێر و مێیە و جودا نەکراوەتەوە، کابرا بیستی ژنە بە نووسیاری وت: کچەکەم نەخۆشە، ناوی ئەڤین عەلی سەلیمە. پاش نووسینی ناوەکە، کابرای نەخۆش بە دەنگێکی بڵند بە نووسیاری وت: ناوم عەلی سەلیمە.

نووسیار لێی پرسی: باوکی ئەم کچەی؟

کابرا وتی: نا.

ژنەی ڕەشپۆش بە سەرسامی سەیری کابرای کرد، کابراش بە چاوو لێوی خەنداوی سەیری ئافرەتەکەی کرد. خۆی ئافرەتێکی تەڕە و لە دەوروبەری سی ساڵییە، کابراش ڕەبەنە و لە دەوری چل ساڵییە، بەڵام لەو تەمەنەی بچووکتر دیارە.

هەریەکەیان چووە لایەک، ژنە و کچەکەی بۆ لای پزیشک، ئەویش بۆ لای تاقیگە بۆ وەرگرتنی ئەنجامی پلەی شەکرە، پشکنینی کابرا ئاسان بوو، خوێنی پەنجە گەورەی خرایە بەر ئامێرێکی بچکۆلانە و ئەنجامەکەی لەبار بوو. هاتە دەرێ و چاوی گێڕا و هەستی کرد ژنە جارێ لە ژوورەوەیە، خۆی خافلاند، کە دەرکەوت لێگەڕا لە حەوشەی خەستەخانە ڕەت بێ، ئینجا بە دوایدا چوو لە دەرەوە یەکەم قسەی ئەوەبوو:

* ئەرێ تەماشات دەکردم دەتگۆ دەمناسی، ناسیاری.. خزمی؟

- نا ناوەکەت سەرنجی ڕاکێشام، هاوناوی مێردی ڕەحمەتیمە.

* ئا چ قەیدییە زۆر ناو پێکدەچن.
نەختێک وەستا، وتی:
* لە جیاتی مێردەکەت دەبمە پشتت.

بەینێک ڕۆیشتن، لە شوێنێک نیگای ئاشناییان پێک گۆڕییەوە، مەبەستی خۆی بۆ دەربڕی و ژمارەی مۆبایلی پێدا، ژنە بەرەو ماڵی خۆی ڕۆیشت. پاش چەند دیتنێک لە خەستەخانە و بازاڕ پێک ڕازی بوون و بە نیمچە زەماوەندێک گواستییەوە. ژنە هەر بە عەلی سەلیم بانگی دەکرد، کابرا بەبیری هێنایەوە و وتی:

ئەی لە کاتی مارەیی نەموت ناوم کاکلە!

ژنە وتی: پێش ڕەزامەندیم خۆم و خزمان، لە سەربوردەی ژیانتم کۆڵییەوە، ئەو کاکل ناوەیان پێ وتم.. گرنگ من چێژ لە خاوەن لەشی ئەم جووتناوە وەردەگرم.

مێردی وتی: لە پێش خەڵک بە کام ناو بانگم دەکەیت؟!

ژنە وتی: بە هەردوو ناو بەپێی هەڵوەستە

کابرا خەنی بوو، ژنەش متمانەیەکی پێ بەخشی، وتی:

لێرە لەبەر کچەکەم بە نووناو بانگت دەکەم تا وا هەست بکات تۆ زڕباب نیت و وەک باوکی هەقیت.

## ٢- کچ و سۆندەی ئاو

ئەم جارەی وەک نیوەڕۆی جاران نەبوو، بە بڕیارێکی خۆی بە دزە و بە لاتەنیشت پێش نیوەڕۆ گەڕایەوە ماڵەوە، بینی خوشکە هەرزەکارەکەی بە دەستێک کراسە درێژەکەی تا سەر چۆک هەڵداوەتەوە و بە دەستەکەی تر بە سۆندەی ئاو پێش دەرگە و تا نیوەی شەقامی بەردەمیان خاوێن کردۆتەوە.

کە گەیشتە لای بە هاوارێکی جوێناوی لێی خوڕییەوە بێتە ژوورەوە، کچە پێشتر لەوە ڕاهاتبوو هەر جارەی لەو کاتانە بێتەوە لێی دەخوڕێتەوە و جارێکیش شەپازللەی لێداوە. دایکی بە گژیدا دەچوو، ئەویش بە قیژە و هاوار وەڵامی دەدایەوە:

با دامەنی کراسی هەڵنەداتەوە و لاقی ڕووت پیشانی خەڵک نەدات.

کوڕەڵاو ماوەیەکی زۆرە بە دوای کچێکی بەژن ڕێک و جواندا دەگەڕێ شووی پێ بکات، دایکی لە ناو خزم و ناسیاران چەند دانەیەکی بۆ دۆزییەوە بەدڵی نەبوون. لەناو کوڕی برادەرانی خۆیشی باس باسی کچی جوان و چۆنیەتی دۆزینەوەی قلێک بۆ هاوسەری، برادەرێک وتی:

دەزانی چۆن ئەو ژنەی خۆمم دیتەوە؟

بە پەلە پێی وت: نا دە بڵێ.

بە خۆنازینەوە وتی:

کەسم ڕانەسپارد، بە خۆم لەناو کۆڵانان دەسووڕامەوە و لەناو کچی سۆندە بە دەست، ئەوانەی پێش دەرکە دەڕشێن، هاوسەرێکم پەیدا کرد.

کوڕەڵاو سوڕما و پرسی: سۆندە بەدەست چییە، زیاتر تێم بگەینە؟

برادەرەکەی وەک ئەزموونداریک وتی:

ئەوانەی پێش دەرکە دەماڵن، ژنەکانی لێدەرچێ، کچانی هەرزەکار بە ڕێکەوتنێکی نەگوتراو لەگەڵ دایکان، خۆیان بە خاوێنکردنەوە دەخافڵێنن، تا گەنجێک بیانبینێ و چاوبەچاو پێوەندییەکی ئاشقانە دروست بکەن و بێنە داخوازییان.

کوڕەڵاو ئەم ڕوونکردنەوەی زۆر پێ خۆشبوو، گوتیاریش پێی خۆشبوو سێکسانە بۆی بگێڕتەوە:

ئەوجا لاوە کچ هەیە ساتێک تا سەر ئەژنۆ کراسی خۆی هەڵدەداتەوە و کچیش هەیە بە ئەنقەست کراسی خۆی تەڕ دەکات، تا جوان لەشی دەربخات.

پاش بیستنی ئەو قسانە، کوڕەڵاو زووتر گەڕایەوە ماڵەوە و بینی خوشکەکەی لەپێش دەرگە تازە خەریکە. کچە ڕاچەنی و دەستی لە کراسی هەڵدراوەی بەرداوە. کوڕەڵاو بە ڕوخسارێکی خەنداوی سەیری کرد و بە زمانێکی شیرین وتی:

ئافەرین ئیش بکە، تەواوی جادەکەش خاوێن بکەوە.

کە هاتە ژوورەوە دایکی لێی پرسی:

خۆ خوشکی خۆت نەشکاندەوە.

بە نەرمی وەڵامی دایەوە:

نا دایە لەو گەڕەکەدا سوڕام و گەڕام بینیم هەموو کچێک پێش دەرگەی خۆیان خاوێن دەکەنەوە، ئەوە ئیشێکی باشە و شاری پێ دەگەشێتەوە.

## ٣- زێدە گۆشتی سەر لووت

لێی پرسی: بە چ دەوڵەمەند بووی؟

وەلامی نەدایەوە، نەرم بە سەری پەنجەی خۆی، خەریکی خوراندنی زێدە گۆشتێکی سەر لاچەپەی لووتی بوو.

ئەو خستیبە بەرئەنجامێک و پرسی:

سەرقفلانەی فرۆشتنی دوکانان؟

وازی لە خوراندنەکە هێنا و زۆر بە کورتی وەلامی دایەوە:

نە بە خوا!

هاوردنی کەلوپەل بە وەکالەتنامەی حوکمەت؟

نە بە خوا!

چ ما، خۆ نالێم بە قۆلبڕی؟

نە بە خوا!

خۆ سوعبەتمان هەیە..

ڕستەی پێ تەواو نەکرا، پێکەنی و برادەرەکەشی هاوخەندەی بوو تا لێ بۆوە، ئەوجا وتی:

بلێم بە گەووادی؟

نە بە خوا!

کەواتە هیچ نەمزانی خۆت بیدرکێنە

کابرا دەستی بۆ کەپووی برد، چەند جارێک لەسەریەک پەنجەکوتی کرد، ئەوجا وتی:

ئەم زێدە گۆشتە دەبینی، ئەوە دە پازدە ساڵە لەسەر لاکەپووم شین بووە. پەیدابوونی منی گورجوگۆڵ کرد. بێنە بەرچاوی خۆت هەژار بی و زێدە گۆشتێکت بە لووتەوە بێ، ئەمە چ دۆزەخێکە!.

وەک کەر ئیشم کرد، هەر ئیشم کرد، تا بە حەلالی دەوڵەمەند بووم.

ئەم ڕیزە دوکانەی ئێرە و لە جێی تر خانوو، ڕەنجی خۆمن و بەرەکەتی ئەم زێدەگۆشتەیە.

پرسبێژ بە قسەی وەلامدەر سوڕما، ویستی پێشنیاری بۆ بکات.

ئەو قسەی پێ بڕی:

دەزانم چ دەڵێی، عەمەلیاتی ناکەم. دختۆر و برادەری وەک تۆ زۆریان پێ وتم، هەر لام نەبرد، لایبەم مافنگ و نابووت دەردەچم.

## ٤- منداڵێکی چاو بە فرمێسک

لێرە، نزیک بازاڕ لە بن قەڵات هەموو ڕۆژان کابرای وێنەفرۆش وێنەکانی لەسەر شۆستە ڕادەخات و هەندێکی لەسەر دیوار هەڵدەواسێ، وێنەکان کارتۆنن، قەوارەیان گەورە و ڕەنگاوڕەنگە، دیمەنی سروشت و کچی گوندانی و هەژار و منداڵان و هەندە تابلۆی واقعی تێدایە.

زەلامێکی ڕەشتاڵەی قژ گلوازە، بە مسۆگەریش یەکێکە لە پیاوە ئەمنەکانی دەسەڵات، هاتە لای وێنەفرۆشەکە و بە عەرەبی پێی وت ئەو وێنەیەم بۆ بێنە خوارەوە.

وێنەکەی دا دەست ئەمنەکە، پۆرترێتی منداڵێکە فرمێسک لە چاو و سەرگۆنای قەتیس ماوە، کە وێنەکەی لێ وەرگرت لەسەرەخۆ دڕاندی و وتی:

ئەم وێنەیە ڕەشبینی بڵاودەکاتەوە و لەگەڵ جەنگی قادسییە ناگونجێ.

بە گەفەوەش ئەمەی پێ وت: جارێکی دیکە وێنەی وا نەفرۆشی.

ئەوێم جێهێشت و بەدەوری قەڵادا سووڕامەوە، ڕووبەڕوو برادەرێکی چەپخوازم دیت، وەک جاران و لەپێناو ئاراستەکردنی، من زیاتر قسەی بۆ دەکەم، وتم:

تازە زەلامێکی فاشست چووە کن وێنە فرۆشەکەی سەر شەقام و منداڵە چاو بە فرمێسکەکەی لێ دڕاند.

هاوڕام بوو بە ڕستەیەکی لێککێشراو وتی: ئەدی فاشییەت ئەوهایە.

ئینجا وتی: ئەو وێنە فرۆشانەش جێی متمانە نین.

کورتە وەستانێک بوو، پاشان هەر یەکمان ڕۆیشتینەوە، من هەر بیرم لەو دیمەنە دەکردەوە، شەویش جارێک زیاتر دیمەنەکە دەهاتەوە بەرچاوم، وێنەی منداڵەکە و هەر دوو کابرا و قسە گومان بەرەکەی برادەرەکەشم و چۆن ئەو وێنەفرۆشە هەژارە سبەینان وێنەکان دادەنێت و چۆن تۆزی هاتوچۆی خەڵک و ئۆتۆمبیل بە سەریان هەڵدەنیشێ و کابراش تۆز هەڵدەمژێ و هەندەجار باوباران کاری خۆی پێ دەکات.

بەیانییەکەی ڕۆژێ پاشتر بە دەوری قەڵادا سووڕامەوە، مەبەستم بوو بگەمە لای بزانم وێنەفرۆش قسەی ئەمنەکەی جێبەجێ کردووە، بینیم کابرا بەشێکی وێنەکانی ڕاخستووە و خەریکە وێنەی منداڵەکە هەڵدەواسێ.

وتم: ئەوە چ بوو ئەو رزقبڕە وێنەی لێ دڕاندی؟!

ڕووی لە من کرد پاکەتی دەرهێنا و جگەرەیەکی بۆ درێژ کردم، وتم: مەمنوون جغارە ناکێشم.

جغارەی پێکرد، قومێکی لێدا و دووکەڵێکی چڕی لێ پژاند و وتی:

نا ئەو داردەستانە چ نینە، هەر ئەو ڕۆژە هاتەوە و پێم گوت ئێمە وەختێ ئەم ڕسمە دەفرۆشین، کڕیار تێدەگەیەنین، باوکی ئەو منداڵە لە جەنگی سەپێنراوەی سەر عیراقدا شەهید بووە.

**٥- پیرەژن و ئۆتۆمبیل**

شەقامەکە پڕ ئۆتۆمبیلە، شۆستە و شۆستە ڕۆیشتم، بگەمە لای جێگەی پەڕینەوە، لە دوورییەکی نزیک پیرەژنێکم بینی بەرانبەر هێڵی پەڕینەوە وەستاوە، لێی چوومە پێش وتم: ها پلە؟

وتی:

بە قوربانت بم، لە مێژە لێرەم کەلێنێکیان نەدا تێپەڕم

وتم: وەرە دووام

بەناو ئاپۆرەی ترۆمبیلاندا ڕەت بووین، بەلەپ شەپم لە بۆنیتی یەک دوویەک دا، وەک تێی بگەینم نەختێ بوەستێ.

کە گەیشتینە ئەوبەر، پیرەژن ڕووی خۆی وەرسووڕاند و بەنزاوە وتی:

دواتان بڕێ!

منیش وەک ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی. بۆ خۆم و بۆ سوعبەتی پیرەژن وتم:

تازە ئۆتۆمبیل بۆتە خزمی نزیکمان. هەیە باوک و دایکمانە، هەیە خوشک و برامانە، هەیە ژنمانە، هەیە کوڕ و کچمانە. هەیە دۆستمانە، ترۆمبیلی هەرە تازەش نەوەمانە!

پیرژەن بە نزمی نزا ڕووی لە ئاسمان کرد و وتی:

دوایان بڕێ. دوای ئێمەش بڕێ!

**تێبینی:**

*** ئەو ناوەی نێو چیرۆکی یەکەم هونەرییە و پێوەندی بە کەسانی ڕاستەقینەوە نییە.**

*** خاونووسی چیرۆکی زێدە گۆشتی سەر لووت بەر لە ڕاپەڕین تۆمارکراوە.**

*** خاونووسی چیرۆکی منداڵێکی چاو بە فرمێسک، لە دوا ساڵانی جەنگی عیراق و ئێران تۆمارکراوە.**

*** پلە: پووری**



# ئێمە هەموو "حەسەن زیرەک"ین

**کاوە عیزەتخا**
**(بۆکان)**

دایکم لەبەرەبەیانی ڕۆژێکی بەهاری مانگی خاکەلێوەدا وەبەر شەفاعەتی دوعای من کەوت و چریکەی من خۆش. باوکم لە تەنگی نوێژی شێوانی ئێوارەیەکی زستانی مانگی ڕەشەمەدا وەک کولووە بەفرێک چووە دڵی خاکەوە و چریکەی من خۆش. خوشکەکانم بە دوو قوولوویی لە چاوەڕوانی حەسەن زیرەک و تامەزرۆیی: «مەهتاب دەکات گریانی جەرگم دەبێ بەبریانی»دا. چریکەی من خۆش. باوە گەورەم کە باوەشی لە کۆڵەکەی چوار فەسڵییەکەی ئاڵاندبوو. لەژێر ئاواری قەڵاکەیدا چریکەی من خۆش. دایە گەورەم بە بەرهەڵبێنە حەریرەبانە دراوەکەیەوە دەستی وەبن سەری داوە و چاوی لەسەر یەک داناوە و لە خەو ڕۆچووە و چریکەی من خۆش. ئێستا من دەچمە سەر دوندی ناڵەشکێنە و بەرانبەر بە شاری بۆکان تێی دەچریکێنم: «لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ خاتونێم لۆرکێ» هەموو خەڵکی شاری بۆکان و دەشتی موکریان هەر چریکەی من خۆش.

باسی لۆرکێم کرد. لۆرکێ؟! ئەرێ لۆرکێ! لۆرکێ لە کاتژمێر دوازدەی ڕۆژی نەورۆزی ساڵی نازانم چەند هەزار و چەند سەد و چەندی زایینیدا لە داوێنی دایە گەورەم کەوتە خوارێ. لۆرکێ هەموو ڕۆژێ لە کاتی سیوادانی بەیانیدا گۆزەیەکی سوور هەڵدەگرێ و بەرەو کانییە مرادان دەکەوێتەڕێ و هەموو شەوانی هەینی لەبەر تریفەی مانگدا لە باوەشیا چاو لێک دەنێم و ئەو هەر دەڵێ: «دەمم دێنم ڕووی خۆت لادە ساوالەی دایکێ» و من هەر دەڵێم: «گۆزەی سوور و ئاوی شەوێ، دەمم وەخاڵانت کەوێ...» ئیتر چریکەی من. ئەرێ. چریکەی من. چریکەی حەسەن زیرەک.

حەسەن زیرەک لە بەرەبەیانێکی بەهاری مانگی خاکەلێوەی ساڵی نازانم چەند هەزار و چەند سەد و چەندی زایینیدا لەسەر دوندی ناڵەشکێنەی بەرانبەر بە شاری بۆکان لەنێو بنەماڵەیەکی کۆچەردا و لە داوێنی خاتوونێکی شلوملی خاڵ

له ملی چاو بەکلەوە تێی چریکاند: «خالق هەڵکەی بای شەماڵی بیدا لە دەسرە و دەستماڵی با دەرکەوێ وردەخاڵی. دوگمەت داخە. دوگمەت داخە. دوگمەکەت. کەس نەیبینێت خاڵی نێوان مەمکەکەت.».

لۆرکێ دەستماڵە سوورەکەی سەرشانی هەڵدەداتەوە و سەر بە سینگییەوە دەنێم و لەبەر تریفەی مانگدا چاولێک دەنێم. دەمی دێنێ و لکی دەستماڵەکەی لەسەر ڕوومەتم لادەدا و دەم بەکوڵمەمەوە دەنێ و بەدەم گڤەی هەناسەیەوە دەڵێ: «بنوو ساواڵەی دایکێ». دوگمەی یەخەی دەکاتەوە و نیگای چاوم لەسەر خاڵی نێوان مەمکی دەگیرسێتەوە و تێی دەچریکێنم: «خۆزگەم بەوەی دۆستی جوانە لەنێو جحێلان سوڵتانە کە دەمرێ ساحەب ئیمانە».

لۆرکێ دەڵێ: «باوکت لە میرەکانی ئەردەڵان و سوڵتانی قەڵای ئاویەر بوو! ئەرێ سوڵتانی قەڵای ئاویەر!!... و لە تەنگی نوێژی شێوانی ئێوارەیەکی زستانی مانگی ڕەشەمەدا، لە بۆکان، لەسەر دوندی ناڵەشکێنە، هۆبەی باوە گەورەتی بەجێ هێشت و لەبن سەوڵەکەی سەر کانییە مرادان تێی چریکاند: «ئەسیری تۆم، شەهیدی تۆم، بە غەمزەی چاوی بیمارت. نەخۆشی تۆم، هیلاکی تۆم...» و چریکەی تۆخۆش. چریکەی تۆ! ئەرێ چریکەی حەسەن زیرەک.

حەسەن زیرەک لە قرچەقرچی نیوەڕۆی ڕۆژێکی هاوینی مانگی گەلاوێژدا و لە دەمەو ئێوارەیەکی سڕی ڕۆژێکی پاییزی مانگی خەزەڵوەردا و لە نیوەشەوی شەوێکی سایەقەوبەندی زستانی مانگی ڕێبەندانی هەموو ساڵێکی نازانم چەند هەزار و چەند سەد و چەندی زایینیدا لەسەر دوندی ناڵەشکێنەی سەر بە شاری بۆکان و بەرانبەر بە دەشتی موکریان لەژێر سێبەری ڕەشماڵێکدا تێی دەچریکێنێ: «من سەرکەمە سەر ڕانت. تۆ پێم دادە بەو دەستماڵە. گەرگولە پرسی کێیە تۆ ڕامژێنە بڵێ منداڵە» منداڵ؟!!!... ئەرێ منداڵ.

لە دەمەو ئێوارەیەکی ساڵی نازانم چەند هەزار و چەند سەد و چەندی زایینیدا. لەسەر دوندی ناڵەشکێنە باوە گەورەم ئەستووندەکی ڕەشماڵەکە توند دەکاتەوە. دایە گەورەم لە سووچێکی هۆبەکە دەستی بن سەری داوە و چاوی بڕیوەتە نووکی ئەستووندەکی خێوەتەکە و لە زیندەخەودایە، باوکم دەستێک ڕانکوچۆغەی سوورگوێزی بووزووی حەسڵی لەبەردایە و پشتوێنێکی گرێچنی لەسەر بەستوون و خەنجەرێکی دەبانی لەبەر پشتوێنی خستووە و لیزگەیەک مووررووی شینی بە مشتووی خەنجەرەکەیدا کردووە. باوکم سواری ماینێکی کەحێل بووە و بە دەوری ڕەشماڵەکەدا ڕمبازێن دەکا و لەبن خۆیەوە نارەناری دێ و دەڵێ: «ئەو کچە لەو ماڵە قەولی داوە پێم، دەرک و دەروازەی داخراوە لێم. ئەنگوستم دەرزی زوڵفت خەیاتە، ڕوحم کێشکچی دەورەی باڵاتە. ئەنگوستم دەرزی زوڵفت ئاورێشم، خودا نەمکوژێ دایمە لەلات بم. تۆ وەرە، تۆ وەرە، تۆ وەرە، ئەی شۆخی عەیار، ئەی وەی هەردووکمان ڕێبوار، مردم خانمی مەزەدار». دووکەس بە دەستێک لیباسی سەرتاپا سپی و ڕووبان و دەمبێنی سەوزەوە لەم دیواودیوی جێوبانەکەی دایکم دانیشتوون و توند دەستیان بەدەمی دایکمەوە گرتووە.

ڕمبەی پێی کەحێلەکەی باوکم لە دەرێ ڕا دێ.

مەهتاب دەڵێ: «سوڵتان...»

ئارەزوو دەڵێ: «حەجمانی نییە»

مەهتاب دەڵێ: «تەنگی نوێژی شێوانە و...»

ئارەزوو دەڵێ: «خۆ ئەم بادەوەیە بۆیەک ساتیش وەستانی نییە».

باوکم سووچی پەردەی خێوەتەکە لادەدا. با تەزوو بەبن پیلی باوکمدا هرووژم دێنێ بۆ ژوورێ. دایکم خۆی گرمۆڵە دەکا.

ئارەزوو دەڵێ: «مەجووڵێ...».

مەهتاب دەڵێ: «ددان بە جەرگتدا بگرە، شێخ ژن».

باوکم چاوێک بە خێوەتەکەدا دەگێڕێ. دووربینەکەی هەڵدەگرێ و دەڕواتەوە دەرێ.

مەهتاب دەڵێ: «سوڵتان...»

ئارەزوو دەڵێ: «چاوەڕوانی هەزار دەستی هەیە.»

مەهتاب دەڵێ: «تەنگی نوێژی شێوانە و...»

ئارەزوو دەڵێ: «پیاوی سەردار دەرکی قەڵایان گرتووە».

سرمەی پێی کەحێلەکەی باوکم لە دەرێ ڕادێ. باوە گەورە ئەستووندەکی ڕەشماڵەکە توند دەکاتەوە. دایە گەورە لە سووچێکی هۆبەی دەستی بن سەری داوە و چاوی بڕیوەتە نووکی ئەستووندەکی خێوەتەکە و لە زیندەخەودایە. باوە گەورە لەگەڵ داکوتانی سینگەکە وڕێنە دەکا و لەبن خۆیەوە دەڵێ: «ئەگەر ئەم ئەستووندەکە ڕاوەستێ، قەڵەم

دەست دەدەمێ و بەسەرهاتی سوڵتان دەنووسمەوە. بەسەرهاتێکی سەیرە لەقەڵای ئاویەرەوە تاااا هۆبەی ناڵەشکێنە.!.!.!. هائییبی سوڵتان خۆ تۆ حەمە حەو دۆست نی».

باوە گەورە لە دەرەوەی خێوەتەکەڕا بانگ دەکا: «حەلاو...»

دایە گەورە بەر هەڵبینەکەی دەست دەداتێ و بە ئەسپایی پەردەی خێوەتەکە لادەدا. کلووە بەفرەکان بەبن پیلیدا خۆ بە ژووریدا دەکەن.

دایە گەورە دەڵێ: «خەونی ئەم جارەم بۆ گێڕانەوە نابێ».

باوە گەورە دەڵێ: «من میرزام و دەبێ چاک و خراپ بنووسمەوە».

دایە گەورە دەڵێ: «تەنگی نوێژی شێوانە و...».

باوە گەورە دەڵێ: «ئاخر ڕۆژی زستانە و..».

دایە گەورە دەڵێ: «ئیدی لە دەست بەفر و بۆرانی ڕەشەمە...».

باوە گەورە دەڵێ: «لە دەست میاوە میاوی پشیلەکانی شاریش...».

سرمەی کەحێلەکەی باوکم لە دەرێ ڕادێ.

دایە گەورە دەڵێ: «بە تیری عەشقت جەرگی براوە. دڵی بە داوی زوڵفت بەسراوە».

باوە گەورە دەڵێ: «بەنازی چاوی گیرۆدەی کرد و هومێدی ژینی لە دەست بەرداوە».

دایە گەورە دەڵێ: «کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی. سوورە وەک کوڵمی و ئاڵە وەک لێوی».

باوە گەورە دەڵێ: «کام ڕەشی ئەگا بە ڕەشیی چاوی. برژانگی، برۆی، ئەگریجەی خاوی؟»

دایە گەورە دەڵێ: «لۆرکێ لە کاتژمێر دوازدەی ڕۆژی نەورۆزی ساڵی نازانم چەند هەزار و چەند سەد و چەندی زایینی لە داوێنم کەوتە خوارێ.»

باوە گەورە دەڵێ: «بریا سوڵتان ئەم شیعرەمی تۆمار بکردایە کە دەڵێ "سەگەکەی ڕێبازی لەیلێ، وەرە سەر دوو چاوی مەجنوون. دنیام ئەو کاتە لا دوونە خاکی بەرپێی ئاشنات بم"».

دایە گەورە دەڵێ: «لە خەومدا لۆرکێ لە کاتی سیوادانی بەیانیدا گۆزەیەکی سووری بەشانەوە بوو لە قەڵای سەردار دەهاتەدەرێ و بەرەو کانییە مرادان دەهات.»

باوە گەورە دەڵێ: «دەنووسم هەموو شەوانی هەینی لەبەر تریفەی مانگ لە باوەشی لۆرکێدا چاو لێک دەنێ»

سرمەی کەحێلەکەی و نارەناری باوکم کە دەڵێ: «گۆزەی هەڵگرت بۆ گوێی ڕووبار. ئەفسوونی کرد شۆخی عەییار. گۆزەی هەڵگرت، جەڕەی دانا. دەری هێنا جام و شانە.» لە دەرێ ڕا دوور و دوورتر دەکەوێتەوە. گڤەگڤی با و بۆران لە دەرێ ڕا بڵندتر دەبێت و لە خێوەتەکە دەدات و ئەستوندەکی خێوەتەکە دەلەرێنێتەوە. باوە گەورە تەشوێییەک هەڵدەگرێت و ئەستوندەکی خێوەتەکە توند دەکاتەوە. دایە گەورە پەردەی خێوەتەکە لادەداتەوە و وەژوور دەکەوێتەوە. بەرهەڵبێنەکەی دادەماڵێتەوە لە سووچێکی هۆبەی دەستی بن سەری دەداتەوە و چاوی دەبڕێتە نووکی ئەستوندەکی خێوەتەکە و لە زیندەخەو ڕادەچێتەوە. دایکم خۆی گرمۆڵە دەکاتەوە.

مەهتاب دەڵێ: «مەجوولێ...».

ئارەزوو دەڵێ: «سوڵتان...».

مەهتاب دەڵێ: «ڕۆی بۆ سەر کانییە مرادان».

ئارەزوو دەڵێ: «نیوەشەوە و...».

مەهتاب دەڵێ: «لەبەر تریفەی مانگ لە باوەشیا چاو لێک دەنێ».

گڤەگڤی با و بۆران لە دەرێ ڕا بڵندتر دەبێت و لە خێوەتەکە دەدات و ئەستوندەکی خێوەتەکە دەلەرێنێتەوە. باوەگەورە تەشوێییەک هەڵدەگرێت و ئەستوندەکی خێوەتەکە توند دەکاتەوە. خوێن لەبن ئەستوندەکی خێوەتەکەوە فوارە دەکاتە دەرێ و لەگەڵ کولووی بەفرەکە تێکەڵ دەبێت و لەبەر دەرگای خێوەتەکە دەچێتە دڵی ناڵەشکێنەوە.

لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی بەهاری مانگی خاکەلێوەی ساڵی نازانم چەند هەزار و چەند سەد و چەندی زایینیدا، ئامبولانسێک، ئاژیرێکی سووری بەسەرەوە بوو، لە قەڵای سەردار هاتەدەرێ و بەرەو دوندی ناڵەشکێنە هات. دووکەس بەلیباسێکی سەرتاپاسپی و ڕووبان و دەمامکی سەوزەوە لەبن ڕەشماڵێکی تێک تەپیودا چوار تەرمیان هەڵگرتەوە و لە ئامبولانسەکەیان خستن. دایکم لە نێو جێگاوبانەکەیدا خۆی گرمۆڵە کردبوو.

مەهتاب: «خوێن بەربوون بووە»

ئارەزوو: «هێشتا خوێنەکەی نەمەیبوە»

مەهتاب: «لەبەری بەیانیدا...»

ئارەزوو: «زریکەی ئەو منداڵەخۆشە»

مەهتاب: «منداڵێکی زیت و زیرەکە»

سەروانێک بەخۆی و چەند سەربازەوە بەسواری ماشێنێکی 3f دەگاتە سەر ناڵەشکێنە و بەوردی دەور و پشت و بن خێوەتەکە دەگەڕێ.

سەروان دەڵێ: «هەموویان لەکن سوڵتان بنێژن».

سەربازێک دەڵێ: «لەسەر ڕێگای بۆکان- سنە؟»

پەرەستار دەڵێ: «ئەو منداڵە...»

سەروان دەڵێ: «ئەلحان لۆرکێ و ئەوان دێن.»

پرۆفیسۆر، دەفتەرەکەی باوە گەورەم لێک دەکاتەوە. لۆرکێ هەڵم دەگرێتەوە و لە باوەشیا چاولێک دەنێم. دەمی دێنێ و لکی دەستماڵەکەی لەسەر ڕوومەتم لادەدا. دەم بە کولمەمەوە دەنێ بەدەم گڤەی هەناسەیەوە دەڵێ: «بنوو ساوالەی دایکێ» دوگمەی یەخەی دەکاتەوە و نیگای چاوم لەسەر خاڵی نێوان مەمکی دەگیرسێتەوە.

پرۆفیسۆر ڕوو لە لۆرکێ دەکا و دەڵێ: «خەونێکی سەیرە».

من دەڵێم: «باوکم لە تەنگی نویژی شێوانی ئێوارەیەکی زستانی مانگی ڕەشەمەدا وەک کولووە بەفرێک چووە دڵی خاکەوە و چریکەی من خۆش. دایکم لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی بەهاری مانگی خاکەلێوەدا وەبەر شەفاعەتی دوعای من کەوت هەر چریکەی من خۆش. خوشکەکانم بە دوو قوولوویی لە چاوەڕوانی حەسەن زیرەک و تامەزرۆیی: «مەهتاب دەکات گریانی جەرگم دەبێ بە بریانی»دا. چریکەی من خۆش. باوە گەورەم کە باوەشی لە کۆڵەکەی چوار فەسڵییەکەی ئاڵاندبوو لەژێر پەردووی قەڵایەکی دارماودا فەلەک شکاندی پەنجەکەی تا نەنووسێ وەسفی ڕوخساری و دایە گەورەم بە بەرهەڵبێنە حەریرە بانەدراوەکەیەوە دەستی وەبن سەری داوە و چاوی لەسەر یەک داناوە و لە خەو ڕۆچووە و هەر چریکەی من و چریکەی من و چریکەی من خۆش.»

لۆرکێ سەرم بە سینگییەوە دەگوشێ بە دەم گڤەی هەناسەیەوە دەڵێ: «بنوو ساوالەی دایکێ».

پرۆفیسۆر دەڵێ: «من مێژوونووسم و دەبێ چاک و خراپ بنووسمەوە»

لۆرکێ دەڵێ: «ئەم چیرۆکە دووووڕە، لە قەڵای ئاویەرەوە تاااااا هۆبەی ناڵەشکێنە.»

پرۆفیسۆر دەڵێ: «سوڵتانی قەڵای ئاویەر بەدوای ئەوینێکی ئاهوراییدا».

لۆرکێ دەڵێ: «هەموو وەبەر شەفاعەتی دوعای ئەو کەوتن.»

پرۆفیسۆر دەنووسێ: «مانگی ڕەشەمەی زستانی ساڵی نازانم چەند هەزار و چەند سەد و چەندی زایینی لە بیست و نۆدا تەواو بوو، بنەماڵەی سوڵتان هەموو وەبەر شەفاعەتی دوعای نەوەکەیان کەوتن و حەسەن زیرەک هەر دەڵێ "چریکەی من خۆش".»

لۆرکێ دەڵێ: «سەرت بکە سەر ڕانم با پێت دادەم بەو دەستماڵە»

لۆرکێ هەموو ڕۆژێ لە کاتی سیوادانی بەیانیدا گۆزەیەکی سوور هەڵدەگرێ و بەرەو کانییەمرادان دەکەوێتەڕێ.

من دەڵێم: «گۆزەی سوور و ئاوی سارده بۆی تێکردم مانگی چاردە»

لۆرکێ دەڵێ: «گۆزەم دانا جەرەم پڕ کرد. بە بای شەماڵ مەمکم خڕ کرد.»

هەموو شەوانی هەینی لەبەر تریفەی مانگدا لە باوەشیا چاو لێک دەنێم و ئەو هەر دەڵێ: «دەمم دێنم ڕووی خۆت لادە ساوالەی دایکێ»و من هەر دەڵێم: «سەردەکەمە سەر ڕانت تۆ پێم دادە بەو دەستماڵە گەر گوڵە پرسی کێیە ڕامژێنە بڵێ منداڵە.»

**نەورۆزی ساڵی نەوەدی کۆچی هەتاوی**



# جەژنی ترووکانی هێلکەکان

**ڕێبین ئەحمەد خدر**

" بۆ ماوەی پێنج خوولەک؟!"

ئەو پیاوەی لە دەنکە شقارتە دەچوو ئەم پرسیارەی کرد و بە فەرامۆشییەوە ڕووی وەرگێڕا.

"بەڵام من ئەوەندە کاتەم پێویستە، تۆ لێرەدا تەنیا پاسەوانیت"

دەنکە شقارتە بەبێ ئەوەی خۆی تێک بدا شتێکی سپی وەک کاغەزی لەبەر پشتی دەرهێنا، دەمانچەیەکی زۆر جوان بوو.

هەورەکان تێکەڵ بووبوون، ڕەنگی سوور لەنێوان پەڵەهەورەکاندا دەردەکەوت و ون دەبوو.

لەبەردەم دیوارێکی زۆر گەورەدا، دوو خاڵی ڕەش و بچکۆلە دیاربوون، من و دەنکە شقارتەبووین، گەر لە شوێنێکی دوور سەیرت بکردایە، بۆ نموونە لەو بینایەی دەکەوتە بەرانبەری هەمان ئەو بینایە زۆر کۆن و گەورەیەی بەدیوارێکی گەورە دەورە درابوو و من خەریک بووم بۆ چوونە ژوورەوەی لەگەڵ پاسەوانێکی لەڕولاواز قسەم دەکرد.

کەمێک بێ ئومێدبووم، ویستم بەسەر دەنکە شقارتەدا هاواربکەم و نەترسانی خۆم لە دەمانچە سپییەکەی دەرخەم، زۆر خێرا و لەناکاو سێ پاسەوانی تر دەرکەوتن هەرسێکیان زۆر باڵابەرز و قەڵەو بوون.

ڕێگەیان پێ دام بڕۆمە ژوورەوە، دیوارەکان بەرەو ژوورەوە سپی و شین بوون، هەستم کرد یەکێک لە پاسەوانە قەڵەوەکان لەدواوەم دەڕوات.

پاش کەمێک گەیشتینە هۆڵێکی گەورە، باشترە بڵێم گەیشتم، چونکە پاسەوانە قەڵەوەکە منی جێ هێشتبوو.دەرگایەکی باریکی سوور کەوتبووە لای چەپ و کۆتایی هۆڵەکە، دیوارەکان بەتابلۆی جۆرا و جۆر

داپۆشرابوون - نەک هەر ئەمە لەهەندێک شوێن لەنێوان تابلۆکان بەردیش هەڵواسرابوون، لەوەش نەدەچوو بەردی تایبەت و جوانی هونەری بن. تابلۆکان: شایی و هەڵپەڕکێی کوردی لەناو سەوزاییەک کە پەڵەهەورێکی سپی بەسەر سەریانەوەیە، یەکێکی تر پیرەژنێک لەبەردەم پەنجەرەیەک دەگری - تابلۆیەکی تر دوو دڵدار دەست لەناو دەست بەدەم یەکەوە پێکەنیون، زۆر تابلۆی سادە و ساکاری تریش کە هەندێکیان لەوە دەچوو منداڵان کێشابیان.

دەرگا باریک و سوورەکەم کردەوە، لە شوێنێکی وەک سەربازگە خۆمم بینییەوە، ئەوەی ترسناک بوو، بوونی ئەم هەموو بێ دەنگییە بوو، بیناکە زۆر بە قایمی دروست کرابوو، پەنجەرەکان هەموویان ئاسنپۆش کرابوون. وەک ئەوەی بەدوای کەس، یان هیچ شوێنێکی تایبەتدا نەگەڕێم، چێژم لەو بێ دەنگییە وەردەگرت.

لەودیو پەنجەرەیەکەوە بەئاستەم لەبەر ئاسنەکان دیاربوو جووڵەیەک هەبوو، هەستم کرد چەند کەسێک لەم ژوورەدا خەریکی کارێکن، ویستم زیاتر بڕۆمە پێشەوە دەنگی هات و هاوار بەرزبووەوە.

پیرەمێردێک بەشەلە شەل ڕای دەکرد و هاواری دەکرد - لەوە دەچوو جوێن بدات، بەدوای ئەودا کۆمەڵێک خەڵک دەرکەوتن.

لەناو ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە کەسانی جیاجیای لەخۆ دەگرت لە پیاوی شێواو و جل دڕاو و ژنی ماندوو و پیاوی پۆشتە - ژنی جوان و منداڵی جۆراو جۆر، پیاوێک بەرەو پیرەمێردە شەلەکە دەهات و ئەوانی تر نەیاندەهێشت دەستی پێی بگات، پیاوەکە فانیلەیەکی سپی بێ قۆڵی لەبەر بوو، لەسەر باسکی چەپی بە سەوزێکی تۆخ نووسرابوو " خۆشم دەوێی"..چەقۆیەکی گەورەش لەنێو دەستیدا بوو چەند کەسێک هەوڵیان دەدا لێی وەربگرن، سەیربوو سێ پاسەوانە قەڵەوەکەی بەردەم دەرگا منیان بەتەواوی پشکنی و پێشیان وتم کە هەموو جۆرە چەکێک قەدەغەیە.

کۆتاییەکەی چەقۆکەیان لێ وەرگرت و هاتوهاوار کۆتایی هات. پیاوە پیرە شەلەکە دوای ئەوەی لەدەرگا سوور و باریکەکەوە هەڵاتبوو بەرەو دەرەوە، ئێستا خەریک بوو بەدەسرێک ئارەقەی دەموچاوی وشک دەکردەوە و لە تەنیشت من ڕاوەستابوو.

ورده ورده هەموویان بەرەو هەمان ڕاڕەوی پێشوو دەڕۆیشتنەوە، تەنیا پیرەمێردە شەلەکە نەبێت، پیرەمێردێکی توندوتۆڵ دیاربوو، سپیەتی سەر و سمێڵی وەک ئەوە وابوو بۆیەی بۆ کرابێ. سەیری منی کرد و بەشەرمەوە پێکەنی.

" ئەو پیاوە گێلە..گێلە..زاوامە..زاوام بوو..بینیت..؟..دەزانم بۆ وادەکا"

لەکاتێکدا ئەمانەی وت، بەتەواوی ڕووی لەمن نەکردبوو، وام هەست دەکرد، بۆیە بەم جۆرە قسەدەکات تاوەکو ترسی پەلاماردانەکە لەدڵی دەرکا.

" ئەی چەقۆکەی؟"

پرسیارێکی بێ مانای من بوو، لەبری ئەوەی شتێک لەبارەی زاواکەی بپرسم، ئەمەم وت.بۆم دەرکەوت منیش ترساوم.

" هیچ نییە، ترسنۆکە..سوێند دەخۆم زۆر لەمن دەترسێ.."

"بەلام بۆ وادەکا؟"

پیرەمێردەکە لەپڕ تاقەتی قسەکردنی نەماو لەسەر ئەرزەکە دانیشت.

" ببووره مامە گیان، من تازە هاتووم و دەمەوێ سەرپەرشتیاری ئێرە ببینم"

" بەو ڕاڕەوەدا بڕۆ -دەستە چەپ، دووەم ژوور، پیاوێکی کورتە بالا لەودیو مێزێکەوە دانیشتووە -ئەو خۆیەتی".

ئەمەی وت و گریا.

نەمتوانی هاوخەمی دەربڕم و هەنگاوم نا.

" ئەو پیاوە گێلە کوشتی".

وەستام و کەمێک شڵەژام.

"کێی کوشت؟"

" کچەکەم".

دەنگی هات و هاوار بەرزبووەوە و وەستا - ڕەنگی سوور دووبارە لەنێو پەڵەهەورەکان دەرکەوت.

پیرەپیاو فرمێسکەکانی سڕین.

" من داوای هەفتەیەکم کردووە"

" یەک هەفتە؟!" ئەمەم زۆر بە دەنگی بەرزەوە وت.

"بەڵێ ئەوەندەی تەمەنم ماوە لێرە دەمێنمەوە، تا ئەم هەفتەیە وەردەگرم، ئینجا خۆم دەزانم چی دەکەم"

" بەلام ئەمە مەحاڵە مامەگیان.ئەوان هەرگیز

هەفتـەیەکت پێ نادەن، من بیسـتوومـە ئەوانەی ئەو ماوەیەیان دەوێت، دەبێ بەمردندا تێبپەڕن، ئەویش بۆ سالانێکی زۆر.. ڕەنگە کەسەکە زۆر پیر ببێت و.. بمرێت".

پیرەپیاوەکە دەستی بەگریان کردەوە.

دەستەچەپ بەرەو ڕاڕەوەکە ڕۆیشتم، چوار ژووری تازە بۆیەکراوم تێپەڕاند، لە ژووری پێنجەم پیاوێکی بچکۆلانە دانیشتبوو، ئەسمەرێکی خڕەبوو - جگەرەیەک بەدەستییەوە، وەڵامی سلاوەکەی منی نەدایەوە.تەنیا کاغەزی داواکارییەکەمی وەرگرت و دوای خوێندنەوەی دڕاندی، سەیری ڕوخساری منی نەدەکرد - لە دەفتەرێکی گەورەدا ناوی نووسیم، پێی وتم بڕۆمە نهۆمی دووەم، ژووری چواردە.

لە نهۆمی دووەمدا ئەو ئارامییەی خوارەوە نەما، دەنگی ئاڵۆز و بەیەکداچوو دەهاتنە گوێ، دەمبیست: پیاوەکە شەشەمین جارە لە هۆش خۆی دەچێت / ژنەکە دووبارە گوللەی بە براکەیەوە ناوە / هاتوهاوار و قیژەیەکی ژنانە بەدوایدا / هەموو شتێک بۆ ئەو تەواوبکەن ئەگینا سزامان دەدەن.. تەقە تەقی چەکوچ و ئامێرێکیش گرە گری دەهات. لای من ئەم دەنگانە سەیربوون، ئەی بۆچی لەخوارەوە نەمدەبیستن؟

ژووری چواردەم بینییەوە، بەگەورەیی لەسەرەوەی دەرگاکە نووسرابوو ( ژووری ١٤ - بەشی گفتوگۆ و تاقیکاری).

ژووری چواردە بەتەواوی تاریک بوو، لە پڕ شاشەیەکی گەورە دەرکەوت، وەک ئەوەی لە سینەما بم، پیاوێکی پیر و بۆینباخ لە مل لەبەرانبەر شاشەکە -ڕووە و من دوا.

«تۆ کێیی؟».

«نازانم » ئاوا وەلامم داوە، سەیری ئەو فیلمەم دەکرد کە لەشاشەکە نیشان دەدرا - فیلمێکی سەرنجڕاکێش بوو، ژمارەیەک کچ بە ڕووتی لە مێرگێکدا ڕایان دەکرد.

«ئایا دەزانی ئێمە لێرەدا خەریکی چین؟».

«نەخێر ».

«تۆ داوای پێنج خولەکت کردووە، وایە؟».

«بەڵێ».

پیرەمێردی بۆینباخ لەمل کە هیچ لەوە نەدەچوو وەلامی ئەو پرسیارانەی لا گرنگ بووبن، منی لە مێرگێکدا و هاوڕێ لەگەڵ چەند کچێکی ڕووت جێ هێشت - کچانی سەر شاشەکە.

ڕۆژی دواتر زیاتر لە پێکهاتە و نهێنییەکانی بیناکە تێگەیشتم - ئەو پاسەوانەی بۆ یەکەم جار لەبەر دەرگا بینیبووم و پێم وابوو لە دەنکە شقارتە دەچێ، لە زۆر شوێنی بیناکەدا هاوشێوەی ئەو پاسەوانە هەبوون - لە ڕاستیدا هاوشێوە نا، بەڵکو هەمان پاسەوان بوون، ژمارەیەکی زۆربوون، کە من ناوم نابوون دەنکە شقارتە.

دەنکە شقارتەکان لە دەوری حەوزێکی ئاو کۆبووبوونەوە و فەرمانیان بەسەر ئێمەدا دەکرد، کە گوێڕایەڵیان بین - پیاوێکی بالابەرز لە جلوبەرگێکی سپیدا دەرکەوت و وتارێکی کورتی خوێندەوە، لە وتارەکەدا ئاماژەی بەوە دا، کە چارەنووسی مرۆڤەکان لەیەکتری جیاوازە، بەڵام مەرج نییە ژیانیان جیاوازبێت - وتی ئێمە ڕووبەڕووی چارەنووسی وەک یەکتان دەکەینەوە تاوەکو لە ژیانی خۆتان تێبگەن، لەو کاتەی ئەو پیاوە وتاری دەدا، من هەمان ئەو پیرەمێردەم بینییەوە کە لەگەڵ زاواکەی شەڕیان دەکرد، پیرەمێرد لەتەنیشت سەتڵێکی گەورە دانیشتبوو و بەکوڵ دەگریا، چاوم گێڕا زاوەکەی ببینم، کەچی دیارنەبوو.

دوای ئەوە سەکۆی وتار خوێندنەوەکە بۆ سەرپەرشتیاری بیناکە چۆڵ کرا، سەرپەرشتیار چەندە هەوڵی دابوو لەئاستی خەڵکدا دەرکەوێت، بەڵام هێشتا نەیتوانیبوو کورتی بالاکەی بشارێتەوە، هەمووان لەناوەخۆدا پێکەنینیان بەدیمەنی بالاکەی دەهات، پیرەمێردی دەردەدار بە زاواکە - ئەویش بەبینینی سەرپەرشتیار چیتر گریانی نەمابوو.من بۆم گرنگ بوو بزانم ئەو پیاوە بچکۆلەیە چۆن قسەدەکات، بەدەنگێکی گڕ تەواو جیاواز لە پیاوی جلوبەرگ سپی قسەی کرد، تەنانەت ناڕاستەوخۆ ئەوەشی ڕەت کردەوە، کە کاریان ئەوەبێت خەڵک ڕووبەڕووی چارەنووسی وەک یەک بکەنەوە، گەرچی وشەی چارەنووسی هەر بەدەمدا نەهات.

شەو هات، بێ دەنگییەکی گەورە دەستی پێکرد، ویستم دەرەوەی بیناکە بێنمە یادی خۆم، ژیانی ئاساییم وەک هی هەر کەسێک کە نقوومی یادەوەریی و هۆکار و شکستە - بەڵام وازم لێهێنا، تاو ناتاو دەنگێک لەناو مەیدانە گەورەکەدا بەرزدەبووەوە و خەڵکەکە بەنۆرە

قسەیان بۆ یەکتری دەکرد – پێدەچوو ئاهەنگێکی خۆش بێ. من ژوورێکی بچووکم هەڵبژاردبوو، بڕیاربوو لە بەیانیدا ئێمە بچینە دۆخێکی تر، وەک ژنێک دەیوت «دەچینەوە ئاسمان».

وتم «ئاسمان؟».

ژنەکە کە زۆر بە پارێزەوە قسەی دەکرد، تەواو شێوەی ژنەکانی سەردەمی ئەشکەوتنشینی دەدا، پرچی بەکەزبیەکی باریک کۆکردبووەوە، کە تاسەر قاچەکانی هاتبوو، ناوقەدی باریک و دوو چاوی گەورە، چاوی دەبڕیە هێڵکاریی ڕەنگاوڕەنگ و ناشیرینی سەر دیوارەکان – ئەو هێڵکارییانەی دەیانوت سەرپەرشتیار هەر خودی خۆی کێشاونی و چەندان ڕۆژ لەسەر پەیژەکاندا دەستە بچکۆلەکانی لە ڕەنگ هەڵێناون. کاتێ ژنەکە وتی دەچینەوە ئاسمان، کە ڕوخساری بە پێکەنینێکی تەڵخ داپۆشرا، دواتر وام هەست دەکرد ئەمەی بەگاڵتەوە وتووە.

«ببەخشە..تۆ داوای چەند خولەکت کردووە؟ چەند کاتت...»

ژنەکە زۆر بە دڵنیاییەوە وەڵامی پرسیارەکەی دامەوە «هیچ خولەکێک، هیچ کاتێک».

بە چاوە گەورەکانی گێڕایەوە: من هاتمە ژوورەوە، لەدواوەم دەرگاکە داخرا. بانگی دایکمم کرد، بانگی هەموویان.هەموو دەرگاکان قفڵ دران، شەوانیش لەگەڵ قوفڵێکی گەورەدا دەخەوتم، قفڵێک کە بەهیچ نەدەکرایەوە.تەمەنام کرد وەک ئەفسانە پروپووچەکان ببمە باڵندە، یان ئەسپێکی باڵدار بێت و هەڵمبگرێت، کە دڵنیام ئەو ئەسپە درۆیینەیە هیچ ژنێکی هەڵنەگرتووە، گریام و گریام – وەک چۆن ئێستاکەش دەگریم، من لێرەم لەگەڵ قفڵەکانم، لێرەم لەگەڵ هەمان دەرگا و پەنجەرە داخراوەکان.

کاتێ ژنەکە ئەم قسانەی دەکردن منیش حاڵم تێکچووبوو، بە بێ ئاگاییش دەستم خستبووە سەر شانی. هێشتا لە ژوورە بچووکەکەمدا چاوەڕێی بەیانیم دەکرد، بۆشم ڕوون نەبوو ئەو ژنە ئەشکەوتنشینە بەم شەوە لەکام شوێنی بیناکەدا لەگەڵ قفڵەکانیدا خەوتووە.

بەیانی، بەیانی نا..ناتوانم بڵێم بەیانی..دوای ئەو شەوە ڕێک کەوتمە سەر ژیانێکی تر «دۆخێکی تر» خۆم بینییەوە وەک کەسێکی ماندوو و بەساڵاچوو بە ڕێگایەکی باریکی ئەوەندەی بواری جەستە بدا تێپەڕدەبووم، ئەو دیوی ڕێگاکە دیوارێکی زۆر بەرزبوو، کە لەتوانایی مندا نەبوو، کۆتاکەی ببینم، ئەم دیویشی کە دەستم پێوەدەگرت و پاڵم پێوە دەدا – جارجار دەرگا و جار جاریش پەنجەرەبوون، بەڵام دەرگاو پەنجەرەیەک وەک وێنەی ناو دەفتەری منداڵان نەک دەرگاو پەنجەرەیەکی بەرجەستە، لەم ڕێگا باریکەدا کاتێکی زۆری پێدەچوو، تا کەسێکم دەبینی، ئەو کاتەش سەختییەکی زۆری دروست دەکرد تا ڕێگامان بۆ یەک دەکردەوە و جەستە لێک ئاڵا و یەکترمان تێدەپەڕاند.

لەم ڕێگا بازنەییەدا پیرەمێردی دەردەدار بە زاوا و زاواکەیشم بینین، کە تەواو ڕەنگیان پەڕیبوو. تەنانەت زاوا قەڵەو و باڵابەرزەکە نووسینەکەی سەر باسکیشی نەمابوو، ئەو نووسینەی بەسەوزێکی تۆخ نیشانی دەدا «خۆشم دەوێی».. ئەوەندەش لاوازبوو بەلای مندا ڕەت بێ لەم ڕێیە باریکەدا، زۆر جار پیاوێکی باریکم دەدی شەپقەیەکی لەسەر بوو – وەک ئەوەی تەنیا بەلای مندا تێبپەڕێت. من لەم ماوەیەدا تەنیا توانیم یەک ڕستە بڵێم، ئەم ڕستەیەش ئەو پیاوە شەپقە بەسەرە تا ئەوپەڕی تێپەڕینی پێی پێکەنی.

«ئەم شوێنە تەواو سپییە» من تەنیا توانیم ئەم ڕستەیە بڵێم، شەپقە بەسەرەکە بێ ئەندازە پێکەنی.

لەم ڕێگایەدا ئەوەی نەمبینییەوە ژنە چاوگەورە و ئەشکەوتنشینەکە بوو، پێشم وابوو کە ئەو بەهۆی قفڵەکانییەوە هەر ناتوانێ لە هیچمان تێبپەڕێ، لەخۆمدا دەمپرسی، دەبێ قفڵەکانی بچووک بووبنەوە؟.

بێ ئەوەی تێبگەم ئەوە چۆن تێپەڕی و زەمەن چۆن هەنگاوی نا.. لە شوێنێکی تردا خۆم دۆزییەوە، پێدەچوو هەر شوێنێک بێت لەناو بیناکەدا..چونکە دووبارەی پاسەوانە دەنکە شقارتەکان دەوری من و چەندان خەڵکی تریشیان دابوو – کەسانێکی شین پۆش ویردیان دەخوێند و ئێمەش دەمانگوتەوە.

وەک ئەوەی نێوانی کاتەکانی هەڵگێڕابێتەوە، لە ژوورێکی گەورەدا بە ئاگا هاتم – لەسەر قەرەوێڵەیەکی خاوێن و دنیایەکی هێمن، سەرم هەڵبڕی دەورو بەرم پڕبوو لە خەڵک و دکتۆری دەم بە

پێکەنین، خەڵکەکە لەسەر قەرەوێڵەکە نەخۆش لەهەمان کاتدا شادمان دەردەکەوتن، سەیری قەرەوێڵەی نزیکی خۆمم کرد، تاسام..کەزی پرچە ڕەشەکە لە ژێر چەرچەفەکە هاتبووە دەرەوە، کەواتە ژنە ئەشکەوتنشینەکە لێرەیە.دڵم خۆش بوو، بەڵام نەمدەتوانی قسەبکەم، لەناکاو ڕووی خۆی بۆ لای من وەرگێڕا و بەهەمان چاوە گەورە و جوانەکانییەوە، سەیری منی کرد و بزەیەکی کرد. من دەستم بۆی درێژ کرد، دکتۆرێکی قەڵەو بەرەو ڕووم هات.

«تۆ کێی؟» دکتۆرە قەڵەوەکە ئەمەی پرسی.

«نازانم» ئاوا وەڵامم دایەوە.

«ئایا دەزانی ئێمە لێرەدا خەریکی چین؟».

وتم «نەخێر»

«تۆ داوای پێنج خولەکت کردبوو، وایە؟».

«بەڵێ».

دکتۆرە قەڵەوەکە،کە هیچ لەوە نەدەچوو وەڵامی ئەو پرسیارانەی لا گرنگ بووبن، منی لەنزیک ژنە ئەشکەوتنشینەکە جێ هێشت، ژنەکە بە چرپە باسی خۆی و قفڵەکانی دەکرد، بەڵام من نەمدەتوانی قسە بکەم.

بێ گومان کاتێک بەسەر ئەم لەیەک نزیکبوونەوە خۆشەی من و ژنە چاو گەورەکەدا تێپەڕیوە، لەوەدەچێت من بۆ کاتێکی دوور، یان بۆ هەمیشە چیتر گوێم لە حیکایەتی خۆی و قفڵەکانی نەبێت، چونکە دووبارە ئەوەتام لە شوێنێکی تر و پاسەوانە دەنکە شقارتەکان گەمارۆیان داوین، دەنگی پچڕ پچڕی خەڵکەکە دەبیستم، دەنگێک دەڵێ هێشتا هەر لەناو بیناکەداین، یەکێکی تر باس لە شوێنی داهاتوو دەکات - ئەوەی تر دەگری، دانەیەکیان بە دەنگێکی بەرز حیکایەتێکی ئاڵۆز دەگێڕێتەوە، سەرلەبەری حیکایەتەکە باسی ئەوە دەکات گوایە لە زەمانێکی زۆر زوودا باڵندەیەکی زۆر گەورە بەخۆی و هێلکەکانی لە شوێنی بیناکەدا ژیاوە، باڵندەکە هەر هێلکەیەکی بەقەد گردێک گەورەبووە، هەرکات فڕیوە، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ون کردووە و ژمارەیەکی زۆریشی کردووەتە باڵدار، حیکایەتخوانی ماندوو کە پێدەچێ هەر ئێستا حیکایەتەکەی دروستکردبێ، ئەوە زیاد دەکات کە باڵندەی گەورە لە جەژنی تڕووکانی هێلکەکانیدا بۆ ماوەیەک زەمەنی دەوەستاند، تا باڵدارە تازەکان بە ئارامی بێنە دنیاوە. من لە حیکایەتەکە بێزار دەبم و خەمبار و دڵتەنگ تەنیا ئەوەندە توانایی ماوە قسە بکەم کاتێ پاسەوانێک دەپرسێ.

«تۆ داوای پێنج خولەکت کردبوو؟»

لە وەڵامدا دەڵێم «بەڵێ» من هەر ئەوەندە دەتوانم قسە بکەم.



# ٤٠٪ (گومان) هاتە دیتن

**میران ژانبار**
**(مێردین)**

"تەماشەڤانێن هێژا ئەم ژ بۆ نووچەیەکێ ناڤبەر ددنە فلیمێ"

– !

"ژ ئاژانسا نووچەییێ مە کو ل لابۆراتوارا ناڤەندێ، بەرێ نها پێنج دەقەیەکە پێک هات."

– چاوا؟

"د ئەنجاما تەقینێ دە، د ئاڤاهیێ دە گەلەک خسار پێک هاتیە و تێ تەخمین کرن کو گەلەک کەس هاتنە کوشتن نووچەگهانێ مە ل جهێ بوویەرە یە. ئەم نها....."

دەدەکتف رۆ، د جهێ خوە دە ماتمایێ، ل ئەکرانا تەلەڤزیۆنێ دنهێرێ. ل دوو لەپرسینا کلۆنەیا ئاردوودا بوویەرەکا ب ڤێ رەنگێ بەلکێ هەر تشت خەرا بکرا. هینا د ناڤ ڤان ترسان دە بوو، تەلەفۆنا وێ لێ کەت.

– فەرمۆ!

– ئەە... رۆ.. رۆژ باش! دەدەکتیف رۆ! ئەز، ئەز ئاردوودا!

– ئاردوودا! تو ل کو یێ؟

– ئەز، ئەز ل دەرەکێ مە. تو دکاری ئالی من بکێ!

– ئاردوودا، دەنگێ تە نەخوەش تێ. تو باش خویا ناکێ! بێژە تو ل کو یێ؟

– دەدەکتیف ئەز ل جهەکێ مە. ژ کەرەما خوە رە ئالێ من بکە؟

– تە.. تێ.. تەمام! جهێ خوە بێژە. ئەز ێ بێم ئالێ تە بکم.

– ژ تو کەسێ رە نەبێژە. ژ کەرەما خوە رە!

– بەلێ نابێژم! جهێ خوە بێژە پرۆفەسۆر!

– ژ تو کەسێ رە نەبێژە، ژ تو کەسێ رە...

– بەلێ تەمام! پرۆفەسۆر؟

– ....

– پرۆفەسۆۆۆۆر!

– .

– ئەەەه! لاعنەت! لاعنەت! لاعنەت! لاعنەت... تە جهێ خوە بگۆتا، منێ ئالی تە بکرا. پرۆفەسۆر، ئاخ پرۆفەسۆر!

- دەدەکتیف رۆ تەلەفۆنا د دەستێ خوە دە ژ قەهرا ئاڤێت سەر پالکورسیێ. ل ئەکرانا تەلەفۆنا خوە یا ژهەڤکەتێ نهێری. دەستێ خوە ئاڤێت ئەنیا خ. وە یا قەرمچێ و فرکاند. فەرسەندەکە مەزن کەتبوو دەستێ وێ. لێ د هەمان کێلکێ دە ژێ هەر تشت ژ ناڤ لەپێن وێ فلتیبوو. چوو ل سەر کورسیەکێ روونشت و تشتێن د سەرێ خوە دە یەکۆ یەکۆ ئانێ با هەڤ. وندابوونا ئاردوودا، تەقینا ل لابۆراتوارا ناڤەندێ، تیندا، ساربا... ئەڤ تشتێن د سەرێ وێ دە ڕێز دبوون مەژیێ وێ تەڤ ل هەڤ دکر. تو تشت فام نەکربوو. تشتەکێ وەرێ قەت نەهاتبوو سەرێ وێ. سەرێ وێ دکرا بتەقیا. ب گورمینیا دەرێ رە، چاڤێن وێ زیق د دەرێ دە جت بوون.

"گورم، گورم، گورم"

- پرۆفەسۆر!
- ئالێ من بکە.
- ئەڤ تیندا یە!
- ئالێ من بکە، دا کو ئەم وێ دەینن عەردێ.
- ها؟ بەلێ، بەلێ ! کا وێ دەینن وێ عەردێ.
- سپاس. گەلەک سپاس!
- ئاردوودا، سۆخێ مە هەڤوودو ناس کر. بنهێر، دخوازم ئالێ تە بکم. هەر تشتێ دزانم. کلۆنەیێن تە، قەزایا تە...
- تو تشتەکێ نزانی دەدەکتیف!
-!

"بەلێ تەماشەڤانێن هێژا وەکێ نووچەگهانێ مە ژێ راگهاند. هەتا نها تێ زانین کو د ئەنجاما تەقینا د لابۆراتوارا ناڤەندێ دە ٢٤ کەس مرنە. ب سەدان کەس ژێ بریندار بوویە."

- تەقین؟
- بەلێ پرۆفەسۆر! ما هایا تە ژێ تونە یە؟
- نا! چاوا، چاوا چێبوویە؟"
- تشتەکێ گەلەک دژوار چێبوویە.کێ، ژ بۆ چ کرییە گەلۆ؟

ئۆفففف! تەڤ سووجێ منە. ئەو قاس مرۆڤ ژ بەر سووجێ من هاتن کوشتن.

- پرۆفەسۆر؟
- من ئەو تشت چێنەکربا، ئەڤ چێنەدبوون!
- چاوا؟
- دڤێ بێ سەکناندن، دڤێ بێ سەکناندن!
- ئاردوودا! دخوازم هەر تشتێ گوهدار بکم! ژ کەرەما خوە رە هەر تشتێ بێژە.
- بەلێ ! چاوا بێژم. هەر تشتێ دەه سال بەرێ دەست پێ کر. پشتێ هلوەشینێ، بۆ دیسا ئاڤاکرنا تەکنۆلۆژییە، د گەلەک وارێ دە خەبات چێدبوون. من ژێ دەست ب خەباتا کلۆنەیێ کربوو. خەبات گەلەک سەرکەتی بەردەوام دبوو. سۆخی ب سەرکەتم ژێ. لێ دوو رە کلۆنەیێن کو من چێکربوون تەڤ گوهەرتنێن عەجێب د وان دە چێدبوو. تە دگۆت قەی خەرا دبوون. من گەلەک ژ وان ڕاست کر. لێ یەک قەت ڕاست نەبوو. و هەر کو ڕۆژ دەرباس دبوو بێهتر خەرا دبوو. سۆخێ بەرێ نها ب سێ مەهان ژ لابۆراتوارێ ڕەڤیا. و ئا نها ژێ دبهیسم کو وا یە ڤەگەڕیایە و د لابۆراتوارێ دە تەقینەک پێک ئانیە.

- تو باش دزانی ئەوە؟
- بەلێ، باش دزانم.
- همم! لێ پرۆفەسۆر تیندا؟ تە چما ئەو ئانی ڤر؟
- ئەو، ئەوە،... هاهوا یە هشیار بوو. تیندا تو چاوا یی؟
- ئەز، ئەز ل کو مە؟ ئاییێ! سەرێ من، جانێ من هەر دەرێ من دئێشە.
- قەت مەترسە ئێ دێ! تیندایا من! تو یێ باش ببی!
- ئاردوودا! تو، تو یێ!
- پرۆفەسۆر! تیندا! دەرباسێ بە!
- دەدەکتیف!
- ئاردوودا تە هینا بەرسڤا من نەدا. تیندا خانم دڤێ د نەخوەشخانەیێ دە بوویا. چما تە ئەو ئانی ڤر؟
- ئە...!
-....!
- ؟
- ژ کەرەما خوە رە دەدەکتیف. ئەم دەرباسێ دەرەکە دن بن.
- بەلێ وەرە ڤێ ئۆدەیێ.
-.....
- کەرەم بکن!
- ساربا!
- ساربا؟
- بەلێ ! ساربا دخوازە تیندایێ بکوژە!
- پرۆفەسۆر تو چ دبێژێ؟
- مەسەلە دوودرێژە دەدەکتیف، دوودرێژە.
- لێ چما؟
- بەلێ هەموو تشت ڕاستە! ژ من باوەڕ بکە.

"گوورممم"

- ؟
- ؟

**ئەڤ دەقە ژ پەرتووکا - ئاردوودا - ڕووپەلێن (٥٣-٥٦) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠٠٤)ێ ل دیاربەکر ژ ئالیێ دەزگەها (لیس)ێڤە هاتیە وەشاندن.**
**«ڕامان»**



# چەند گێڕانەوەیەکی متمانەپێکراو لەبارەی کوشتنەوە

مستەفا مەستوور
لە فارسییەوە: جەبار سابیر
(سلێمانی)

بە ناخـێـرمـان چووبووین وێنە بـگرین، دوو هەفـتـە بەرلەوەی ئێـمـە بهـێننە ئێـرەوە، هەواڵەکـەم لە ڕۆژنامـەکـەتدا خوێندەوە. خۆزگە نەمـخوێندبایەوە. من و ئەلیـاس پێکەوە چووبووین. بە ئەلیـاسم وت نەیەت. وتم حـاڵی خـراپ دەبێت. قبووڵی نەکرد. خۆ ئەلیاس دەناسی. لەو منداڵە کەللەڕەق و یەک قسانەیە. وتم خۆم وێنەی دەگرم و خۆیشم لەگەڵ تەرەف قسە دەکەم، پێـویست ناکات تۆ بێیت. وتی حەزدەکات بزانێ تەرەف شێوەی چۆنە. وتی دەیەوێ چاو ببڕێتە چاوی. وتی ڕەنگە دەستیـشی لێ بدەم. وتی ئەگەری هەیە سەیرترین مرۆڤ بێت کە دەشێ لە تەواوی ژیاندا ببـینێت و هەرگـیـز حەزناکات ئەم هەلە لەدەست بدات. ئەمـانە کـتـومت وەک وشەکـانی بوون. لە هەمـان دەورانی زانکۆوە یەک قسەبوو. بیـرتە بەهۆی سۆفـییەوە - هەمان کچە چاویلکە لە چاوەکە، کە هەمـیـشە لە پۆلدا لەسەر ڕحلەکـانی پێشەوە دادەنیـشت و ئەلیاس وای خـەیاڵ دەکـرد عـاشـقی بووە- سێ کـاتژمـێری تـەواو لەبەر بەفـرەکەدا، لەبەردەم بەشی ناوخۆیی کچان بەپێی پەتی وەستا تا نەخۆشی دەردە سی گرت؟

چاکە، هەڵبەتە من لە زۆرێک لەو شتانەی ئەم دنیا هیـچوپووچە تێناگەم. یەکێ لەو شتـانە ئەم مەسـەلەیەیە، کە هەواڵەکـەیت لە ڕۆژنامـەکـەتدا چاپ کـردووە. یەکـێکی تریان ڕووداوێکە بەسـەر ئەلیـاسـدا هات. مـاوەیەکی زۆرە قەناعـەتم بە خۆم کردووە، کە ئەقـڵم نایبـڕێ لەم دنیا هیـچوپووچە تێبگەم. کە یارۆم بینی پێم وت: (لە ڕوانگەی منەوە تۆ تەختەیەکت نوقستان نییە. یەعنی هیچ یەکێ لە ئێمە تەختەیەکی نوقستان نییە و ئەگەر قەراربێت کەسێ، یان شتێ لەم دنیایەدا تەختەیەکی کەم بێت بە بۆچوونی من خودی ئەم دنیا هیچوپووچەیە. دنیایەکی هیـچوپووچ بە یاسا هیـچوپووچترەکانییەوە. وەختێ دنیا تەختەیەکی نوقسـتـان بێت، ئەوکاتە هەر ڕووداوێک ئەگەری قـەومانی هەیە.) پێم وت: (بە بۆچوونی من تۆ هیچ شتێکت کەم نییە.) ددانەکانی ساغ بوون. سپی و ساغ. دەبێ بینیبێتت.

دەستەکانیشی ساغ بوون. پێکانیشی، چاوانیشی. باشە هەڵبەتە باوک و دایکێکی تەواو باشی نەبوو، بەڵام لە هیچ کتێبێکدا نەنووسراوە ئەگەر کەسێ باوک و دایکێکی حسابی باشی نەبێت، دەبێ دەست بۆ وەها کارێک بەرێت. نووسیویانە؟ جارێکیان بۆم نووسیبوویت کە هەر گەندەکارییەک لەم دنیایەدا هەیە لەژێر سەری مرۆڤەکاندایە و لە ڕاستیدا هیچ گەندەکارییەک نەبووە مرۆڤەکان ئەنجامیان نەدابێت. دوێنێش ئەمەم بە کیمرام وت. وتی حەق بە تۆیە. لە ڕیزی گەرماودا بووین کە ئەمەم پێ وت، پاشان ئەم ڕووداوە بەسەر ئەلیاسدا هات و منیان هێنایە ئەم شوێنە، تەواو وەزعم تێکچووبوو، بە تایبەت لە ڕۆژانی سەرەتادا، بەڵام پاشان لەگەڵ کیمرام ئاشنا بووم حاڵم باشتر بوو، کیمرام مرۆڤێکی باشە. لەگەڵ هەمووان هاوڕێیە. وتی بەڵێن دەدات بەر لە خۆرئاوابوون ئەم نامەیە بگەیەنێتە دەستت.

خەریک بوو دەموت هەر گەندەکارییەک کە لەم دنیایەدا هەیە لەژێر سەری مرۆڤدایە. هێشتاش باوەڕم بەم قسەیە هەیە، بەڵام ئەم بابەتە شتێک دەربارەی هیچوپووچ بوونی ئەم دنیایە ناگۆڕێت. لە ڕاستیدا یەکێ لە هۆکارەکانی هیچوپووچ بوونی ئەم دنیایە ئەمەیە، کە مرۆڤەکان هەر هەڵەیەک - بە ڕاستی و بە مانای ڕاستەقینەی وشە(هەر هەڵەیەک) کە ویستبێتیان کردوویانە. گرەو دەکەم ئەگەر هەڵەیەک مابێت و نەیان کردبێت بە هۆی دڵسۆزی و شەرافەت و ئەم جۆرە شتانەوە نەبووە. بێ گومان نەیانتوانیوە بیکەن. ئەمە شتێک نییە کە من تازە دۆزیبێتمەوە. هەزاران ساڵە کە هەر کەسێ زەڕەیەک هۆشی هەبێت لەمە تێگەیشتووە. لەگەڵ ئەمەشدا بەڕاستی هەواڵی ڕۆژنامەکەت شتێکی سەیر بوو. مەبەستم ئەوەیە کە من سەرم سوڕما. ئەمە لە خۆیدا بەڕاستی، جۆرێک داهێنانە. مەبەستم کارێکە کە یارۆ کردوێتی. ئەگەر من سەد ساڵیش بیر بکەمەوە نەدەهات بە ئەقڵمدا کە دەکرێ بەم جۆرەش مرۆڤ بکوژیت.

وەختێ گەیشتینە بنکەی پۆلیسەکە یارۆ خەریک بوو نانی ئێوارەی دەخوارد. کۆنسێروی لۆبیا لەگەڵ پەتاتەی کوڵاو و سوورکراوە. ئەلیاس لە سەیری دەستەکانیدا توابۆوە. بەگوێمدا چرپاندی: (ئەمە گرنگترین و هاوکات سەیرترین دەستە کە دەتوانێ بوونی هەبێت.) ئەم نامەیە بۆ ئەوە نانووسم کە ئەم شتانەت بۆ ڕوون بکەمەوە. ئەم شتانە زۆر پێوەندی بە تۆوە نییە. ئەم نامەیە دەنووسم تا شتێکی گرنگتر بڵێم، تەنانەت ناپرسم: (لەبەرچی کەسێک کتوپڕ بڕیار دەدات کەسێکی تر بکوژێت؟) چونکە ئەم پرسیارە لەو پرسیارە قورسانەیە، کە هیچ کەس وەڵامێکی بۆی نییە. بەهۆی پارە، یان عەشق، یان برسێتییەوە؟ هەڵبەتە پارە و برسێتی و عەشق هۆکارێکی خراپ نین، بەڵام ملیۆنان مرۆڤ هەن کە لەم وێرانەیەدا خەریکە لە برسان دەمرن و گیرفانیشیان بەتاڵە، یان لە عەشقدا شکستیان خواردووە، بەڵام بۆچی هیچ کامیان بەڕێ ناکەون بۆ مرۆڤ کوشتن؟ کیمرام دەڵێ مرۆڤەکان بەو هۆکارەوە خەڵک دەکوژن تا شتی زیاتریان هەبێت، بەڵام من گومانم هەیە ئەم قسانە ڕاست بن، چونکە ڕێگەی ئاسانتریش بۆ ئەم کارە هەیە. بە بۆچوونی من هۆکاری ئەم کارە- وەک زۆر کاری تر- پێوەندی بە ئێمەوە نییە. مەبەستم ئەوەیە، کە نابێت لە ناو مرۆڤەکاندا بۆ هۆکەی بگەڕێی. دەبێت ئەگەر بۆ جارێکیش بووە بڕۆیت و بە دوای هۆکاری تردا بگەڕێیت. یەکێ لەو هۆکارانە ئەم دنیا هیچوپووچەیە. یانی بە بۆچوونی من مرۆڤەکان بەم هۆکارە مرۆڤ دەکوژن، چونکە ئەم دنیایە هیچوپووچە و دنیا بەم هۆکارە هیچوپووچە، چونکە مرۆڤەکان دەتوانن وەک بنێشت جووین مرۆڤ بکوژن.

لێکۆڵەری بنکەی پۆلیسەکە وتی: (وەک بەرەی جەنگی لێهاتووە، بەیانی تەرمێک دەدۆزینەوە، نیوەڕۆ یەکێ، شەو یەکێ.) وەختێ خەریک بوو لێکۆڵینەوەی لە تەرەف دەکرد، ئەلیاس لەسەرخۆ بەگوێمدا چرپاندی: (چۆن دەشێ کەسێک مرۆڤ بکوژێ، پاشان دانیشێ لۆبیاو پەتاتەی کوڵاو بخوات؟) ئەم ئەلیاسە ئەگەر لە زانکۆ لەبری سینەما دەچووە ڕشتەی فەلسەفە، گرەو دەکەم دەبووە فەیلەسووفێکی مەحشەر. ئەگەر باش بیربکەیتەوە کە ئەمە یەکێ لە سەختترین پرسیارەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە. ئەگەر هەزار فەیلەسووفیش عەقڵیان بخەنە سەر یەک، ناتوانن وەڵامێکی بۆ بدۆزنەوەو بەڕاستی تێبگەن چۆن دەشێ کەسێک مرۆڤ بکوژێت و دواتر دانیشێ لۆبیاو پەتاتەی کوڵاو بخوات. لەو ڕۆژەوە تا نهۆ زیاتر لە هەزار جار لە خۆم پرسیوە، بەڕاستی چۆن دەشێ کەسێک مرۆڤ بکوژێ و دواتر دانیشێ لۆبیاو پەتاتەی کوڵاو بخوات؟ تا ئێستا بیرت لەم پرسیارە کردۆتەوە؟ یەکێ لە هۆکارەکانی نووسینی

ئەم نامەیە، ئەم پرسیارە بوو. پرسیاری گرنگتریش هەیە. هەڵبەتە ئەگەر (گرنگتر) لەم وێرانەیەدا هێشتا مانای هەبێت.

لێکۆڵەر کوپی چاکەی هەڵگرت و تۆزێکی لێ خواردەوە و لەو یارۆیەی پرسی کە شایانی نەفرەتی ئیبلیسیش نییە: (لەبەرچی ئەم کارەت کرد؟ بۆچی ئەوانەت کوشت؟) جۆرێک پرسیاری دەکرد وەک بڵێی خەریک بوو ناوونیشانی ماڵی تەرەف، یان تەمەنی لێ دەپرسی. وەک بڵێی خەریک بوو دەیپرسی: (ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟)، یان (نیوەڕۆ چیت خوارد؟)، یان (جگەرە ناکێشی؟)، یان شتێ لەم جۆرە. وای هەست دەکرد، وەڵام دانەوە بەم پرسیارە بە ئاسانی پرسیارکردنیەتی. بەڕاستی دروست وەک پرسیاری پەیامنێری ڕۆژنامەکەت – وەک گەمژەترین مرۆڤی دنیا – لەپشت تەلەفۆنەکەوە لە منی کرد: (بە بۆچوونی تۆ بۆچی ئەلیاس ئەم کارەی کرد؟)

دەزانی تەرەف چی بە لێکۆڵەرەوەکە وت؟ لە ڕاستیدا هیچی نەوت و تەنیا پرسیارەکەی ئەوی بە پرسیارێکی تر وەڵام دایەوە. وتی: (دەتوانم بڕۆم بۆ دەستشۆر؟) پۆلیسێک بردی بۆ دەستشۆرەکە. وەختێ گەڕایەوە دیسان هەمان پرسیاری ترسناکی دووبارە کردەوە: (لەبەرچی منداڵەکانت کوشت؟) ئەلیاس لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو کامێراکەی لەسەر دەستەکانی پیاوکوژەکە زووم کردبوو. من کە جیاوازییەکم لە نێوان دەستەکانی ئەو و دەستەکانی لێکۆڵەر و دەستەکانی خۆمدا نەدەبینی، بەڕاستی نەمدەبینی، ئێستاش نایبینم. بە بۆچوونی من دەستی مرۆڤ پێش و پاش هەر کارێک ناگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر ئەم کارە کوشتنیش بێت. یارۆ وتی: (لەبەرئەوەی کە ماندووببووم.) تێدەگەی؟ وتی: (ماندووببووم.) بەڕاستی وەڵامەکەی بەزم بوو. دەتوانین ئەمە بە هۆکار و ئەنگێزەی مرۆڤەکان بۆ کوشتن زیاد بکەین. ماندوویێتی. لێکۆڵەر پرسی: (لەچی؟ لەچی ماندوو ببووی؟) ئەم جارە یارۆ لە کامێراکە ڕاما. خولەکێ بێ دەنگ بوو پاشان وتی: (لە ژیان. لە ژنەکەم. لە منداڵەکانم. لە خۆم. پارەم نەبوو. نانم نەبوو.) وەختێ وردەکاری کوشتنی منداڵەکەی ڕوون دەکردەوە ئەلیاس وەزعی تێک چوو. کامێراکەی لەسەر مێزەکەی لێکۆڵەر دانا و لەسەر کورسییەکە دانیشت. کابرا وتی بەیانی منداڵەکانی لەخەو هەستاندووە و پێی وتوون دەیەوێ بیانبات بۆ سینەما. وتی جلی تازەی لەبەرکردوون و قژی بۆ داهێناون، پاشان چاکەتی خوری لەبەرکردوون کە جەژنی ساڵی پار هاوسێکانیان دابویانێ و لەماڵێی بردبوونە دەرێ. هەردووکیان کوڕ بوون. هەشت ساڵە و دە ساڵە. وتی لە ڕێگا یەکێ لە منداڵەکان وتی دەبێ بڕۆینە سینەمایەک فیلمی تەڕەزان پیشان بدات و ئەو یەکەی تر وتی دەبێ فیلمی کینگ کنگ ببینێت. وتی منداڵەکان تەواو لەسەر ئەم بابەتە کردبوویانە چەلەحانێ. نازانم ئەم وردەکارییە چ بایەخێکی هەبوو کە ئەو لەعنەتییە پێداگری دەکرد هەموو ئەوانە بگێڕێتەوە. بەهەرحاڵ لەبری سینەما منداڵەکانی بردە ڕۆخی چەمەکە. بەمنداڵەکان دەڵێ بەر لە سینەما دەیەوێ یارییان لەگەڵ بکات. بەو پەتەی لەگەڵ خۆی هێناویێتی قاچی منداڵەکان دەبەستێتەوە و وردە وردە وردەبەرد دەڕژێتە گیرفانی منداڵەکانەوە. جۆرێک وتی: (وردە بەردم ڕشتە گیرفانیانەوە) وەک بڵێی شوکولاتە و کلۆ نەباتی ڕشتبێتە گیرفانی منداڵەکانەوە. وتی گیرفانی کراس و پانتۆڵ و چاکەتی مەخمەڵی منداڵەکانی پڕکردبوو لە وردەبەرد. وتی منداڵەکان لەسەر وردەبەرد خستنە گیرفانەکانیانەوە پێشبڕکێیان کردبوو. وتی کە ئەم کارەی منداڵەکانی بینی بۆ ساتێ گریابوو، بەڵام زوو بەسەر خۆیدا زاڵ ببوو. لێرەدا بوو کە ئەلیاس لە ژوورەکە چووە دەرێ. ئەو ساتە وام هەست کرد چووە لەناو ئۆتومبیلەکەیدا پاتری بۆ کامێراکەی بهێنێ. لێکۆڵەرەکە وتی: (وردەبەرد بۆچی؟)، پەرداخە ئاوی سەر مێزەکەی بەسەرەوەنا، پاشان بە پشتی دەستی لێوە تەڕەکانی سڕی. یارۆ وتی: (بۆ ئەوەی کە لە ناو ئاوەکەدا بمێننەوە.) لێکۆڵەرەکە وتی: (وتت چی؟) وتی: (بۆ ئەوەی کە قورس بن و لە ناو ئاوەکەدا بمێننەوە.) لێکۆڵەر لە لاپەڕەی لێکۆڵینەوەکەیدا نووسی: (بۆ ئەوەی کە لە ئاوەکەدا بمێننەوە.) بەزەحمەت ئەم ڕستەیەی نووسی، چونکە قەڵەم جافەکەی مەرەکەبی تێدا نەمابوو، ناچار بوو بۆ نووسینی ئەو ڕستەیە چەند جارێک قەڵەم جافەکە لە کاغەزەکە بخشێنێ.

جەستەی ئەلیاسم لەناو دەستشۆری بنکەی پۆلیسەکەدا دۆزییەوە. دەماری دەستی چەپی خۆی بە چەقۆیەک بڕیبوو کە لە چایخانەی بنکەکەدا هەڵیگرتبوو. وابزانم بەرگەی نەگرتبوو. بیردەکەمەوە ئەگەر کەسێک یەک زەڕە هیچوپووچ نەبێت، دەبێ هەمان کار بکات کە ئەلیاس

کردی، نه کارێک که تۆ خەریکیت دەیکەیت. تۆ تەنیا کارێک که کردت ئەوەبوو هەواڵی کوشتنی منداڵەکانت له لاپەڕە هەژدەی ڕۆژنامەکەدا چاپ کرد. هەرئەمە. یەعنی لاپەڕەیەکی باشتر له لاپەڕە هەژده نەبوو؟ یەعنی بەڕاستی تۆ وا بیردەکەیتەوە که هەواڵەکانی لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەکەت له هەواڵەکانی لاپەڕە هەژده گرنگترن؟ قبووڵمە که هەموو ڕۆژنامەکانی دنیا ئەم کاره دەکەن، بەڵام ئەمه تەواو هەمان شتێکه که تا دەمی مەرگیش له هۆکارەکەی تێناگەیت. به بۆچوونی من بێ بایەخترین هەواڵی لاپەڕە هەژده له گرنگترین هەواڵێک که له لاپەڕە یەکدا و به فۆنتی حەفتاو دوو دەیکەیته مانشێت گرنگتره. لامەزهەب یەعنی تەنانەت ڕیکلامی ساسی قارچک و مەقەڵی کەباب، یان چوزانم سەفەر بۆ ئیتاڵیاو مارماریس که له نیوەی بەشی خوارەوەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەت داتنابوو له هەواڵی مردنی ئەو دوو منداڵه، ئەویش بەو وەزعەوە، گرنگتره؟ لەم دنیا وێران بووەدا ڕۆژێ هەزاران دەمرن و هەموو ڕۆژنامەکانی دنیاش تەنیا کاریان ئەوەیه که هەواڵی دانیشتن و نووستنی ئەم ڕێکپۆشه ترسناکانه له لاپەڕەی یەکەمدا چاپ بکەن. وەختێ دەڵێم ئەم دنیایه تەختەیەکی نوقستانه لەبەر ئەم شتانەیه. من که بۆ هەواڵەکانی لاپەڕەی یەکەم تەواوی ڕۆژانی دنیا کەوەریش ورد ناکەم. تۆ ئەگەر زەڕەیەک له ئەلیاس دەچووی، دەبوو لەبری ئەوە هەواڵەکانی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەت لەگەڵ لاپەڕە هەژدەدا دەگۆڕی. مرۆڤەکان بەردەوام خەریکن له هەندەکی لاپەڕە هەژدەی ڕۆژنامەکاندا دەتوێنەوە و تۆیش لکاوی به هەمەکی لاپەڕەی یەک؟ من تێناگەم تۆ دەتەوێ کەی لەم شتانه تێبگەیت؟ ئەمەش یەکێکه له نیشانەکانی هیچوپووچ بوونی ئەم وێران بووە که هەمەکی له هەندەکی گرنگتر بووە. من وەختێ وێنەی ئەم مرۆڤه ڕێکپۆشه ددان سپییانەی، که زۆر جوان قسه دەکەن و ڕۆژی سەد جار شامپۆ له قژیان هەڵدەسوون له لاپەڕەی یەکەمدا دەبینم، چوار پێچکەی جەستەم دەکەونه لەرزین. بیردەکەمەوە ئەگەر نەفەرێک لەم ڕێکپۆشانه بێ بەڵگەو به نیو خەتی نووسین ملیۆنان کەس بکوژن، چی دەقەومێ؟ سوێند دەخۆم، ئاو له ئاو ناگەڕێت. یەعنی مشتێ ڕێکپۆشی ددان سپی ئیتر وەک خۆتان لێناگەڕێن که ڕووداوێک بقەومێ. له ڕاستیدا به کۆمەکی هەزاران یاسا که هیچوپووچی وەک خۆیان نووسیویانه نەجاتیان دەبێ. بەڵام ئەگەر مرۆڤێک که ڕێکپۆش نییه به هەزاران هۆکار تەنیا نەفەرێک بکوژێت، بێ چوون و گەڕانەوە له سێدارەی دەدەن. ئەلیاس لەمەڕ ترس له مرۆڤەکان بیروباوەڕێکی سەرنج ڕاکێشی هەیه. جارێکیان پێی وتم له هەر کەسێک که کەمتر دەگری، زیاتر دەترسێ. وتی به بۆچوونی ئەو ترسناکترین مرۆڤەکانی ئەم دنیا هیچوپووچه کەسانێکن که تەنانەت جارێکیش نەگریاون. گرەو دەکەم ئەم ڕێکپۆشه هیچوپووچانه ئەگەر له تەواوی تەمەنیاندا جارێک گریابن ئەو جارەیش زەمانێک بووە که له سکی دایکیان هاتوونەته دەرێ.

کیمرام دەڵێ تا ئۆتومبیلەکه نەڕۆیشتووە پەله بکەین. ئەگەر ئۆتومبیلەکه کەوته ڕێ، ئەمشەو نامەکه ناگاته دەستت. ئەگەر ڕێت کەوته بەهەشتی زەهرا له لایەن منەوە مۆمێک بۆ ئەلیاس داگیرسێنه. بڕیارم داوە وەختێ حاڵم باش بوو لێره چوومه دەرێ یەک ڕاست بڕۆم بۆ بەهەشتی زەهرا. دەمەوێ به دەستەکانی خۆم مۆمێکی سەوزو درێژ و جوان لەسەر بەردی گۆڕەکەی داگیرسێنم. لەو مۆمانەی که لەسەر خوانی پەیمان بەستن دایدەگیرسێنن. دنیات چۆن بینی؟ ڕەنگیشه دوو مۆمی درێژی جوانی سەوز.

**سەرچاوە:**

*** حكايت عشقى بى قاف بى شين بى نقطه**

**مجموعه داستان كوتاه**

**مصطفى مستور**

**چاپ چهارم**

**نشر چشمه**

**زمستان ١٣٨٥، تهران**



# حوسێن حوزنی موکریانی له یادەوەری حەمەبۆردا

**دواندنی: ئازاد عەبدولواحید**

* حوسێن حوزنی موکریانی لە دنیای مێژوونووسی و نووسین و ڕۆژنامەوانیدا، کەسایەتییەکی بەرچاو و بە دیمەنی گرنگە لە مێژووی نووسین و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، هەر کاتێک لە شاری سلێمانیدا ناوی (پیرەمێرد) بێتە سەر زاران، ئەوە یەکسەر لە پارێزگای هەولێریشدا ناوی حوسێن حوزنی موکریانی بەبیردا دێ و دێتە پێشەوە، کە هەرگیز نابێ بەهەر بیانوویەکەوە بێت ڕۆڵ و گرنگی و کاریگەرییەکەی لەبیر بکرێت، بە تایبەتیش کاتێ دەبینین ئەو دوو کەسایەتییە گرنگە لە سەرەتایەکانی سەدەی ڕابردوودا وەک دوو پێشەنگی ڕووناکبیریی کوردیمان، (بیری نوێ)یان هێناوەتە کوردستانەوە و ڕێنیسانسێکی ڕۆشنبیرییان دەست پێکردووە.

ئەم دوو شۆڕەسوارەی بواری نووسینی کوردی، پێش هەر شتێک بیریان لای کارکردن لە ڕۆژنامەوانی بووە و بۆ کورد زۆر بە پێویستیان زانیوە، تا بتوانن بەهۆی ڕۆژنامەنووسییەوە نەتەوەکەیان هۆشیار بکەنەوە و ڕێگەی پیشەی ڕۆژنامەنووسیی بگرنە بەر و بیخەنە خزمەتی زمان و مێژوو و ئەدەبیاتی نەتەوەوە، یەکێکیش لەو شاکارە گرنگانەی کردوویانە، بیرکردنەوەیانە لە هێنانی چاپخانە بۆ کوردستان، بەمەش توانیویانە ڕۆژنامە و گۆڤار و سیپارە و کتێبگەلێکی گرنگی پێ لە چاپ بدەن.

ئەوەی جارێ لێرەدا پێویستە لەسەری بووەستین حوسێن حوزنی موکریانی-یە کە بێجگە لە خزمەتە بەرچاوەکانی لە کایەی نووسین و مێژوو و وەرگێڕاندا، بەشداربوونیەتی لە خۆشی و ناخۆشییەکانی میللەتەکەیدا، دانەبڕانیەتی لە بواری کاری (سیاسی) کە پاشەڕۆژ و ئاییندەی میللەتەکەی پێوە بەند بووە،

بۆیە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەڕێز (محەمەد مستەفا)ی ناسراو بە (حەمەبۆر) لە چوار کات و جاری جیاوازدا سەردانیم کردووە و پرسیارم سەبارەت بەو کارەکتەرە کاریگەرە لێ کردووە و زانیاریم لێ وەرگرتووە، ئەو چەند لایەنێکی شاراوە و نەزانراوی سەبارەت بە کەسایەتی حوزنی بۆ باس کردووم، ئەو زانیارییانەم پێشتر نەبیستووە و نەخوێندووەتەوە، لەبەر ئەوە بە پێویستم زانیوە بیانخەمە بەردەستی خوێنەران و نووسەران و خەمخۆرانی کوردەوە، سەبارەت بەو زانیاریانەش بۆیە چەند کەرەتێک چوومەتەوە لای (حەمەبۆر) بۆ ئەوەی هەر جارەی لە کات و سەردەمێکی جیاوازدا پرسیاری هەمان ئەو زانیاری و وردەکاریانەی لێ بکەم و لەو دووپات و سێ پات کردنەوەیەشدا زیاتر مەبەست ئەوەیە ڕاستی و دروستی ئەو زانیارییانە بسەلمێنین، کە بۆ خۆیان دەبنە گەواهی و بەڵگەیەک و دەکرێ لە داهاتوودا بچنە پاڵ بەڵگە و بیروڕای جیاوازی دیکەوە، هەروەها مەبەستیشم بووە لە دیقەت و جۆری گێڕانەوەکانی پێشووی دڵنیا بم و ڕاستی و دروستی ئەو زانیاریانەم لەلا پشت ڕاست ببێتەوە، وا لێرەدا دەقی ئەو چاوپێکەوتنانە و زانیارییەکان لە دەمی مامۆستا (حەمەبۆر)ەوە دەخەمە ڕوو، بەهیوام لە سوود گەیاندن بەدەر نەبێت.

* لە هەندێ کەسم بیستووە دوای پێکەوە کارکردنی (حوزنی) و (پیرەمێرد) لەچاپخانەکەی شارەوانی سلێمانی کە ڕۆژنامەی (ژیان)یان پێ دەرکردووە،، گوایە دواتر ئەو دوو زاتە مونەوەرە لێکدی عاجز بووبن، بەڵام دوای بەدواداچوونێکی زۆر و کاتێک زیاتر لەو مەسەلەیەم کۆڵییەوە، بۆم دەرکەوت بەردەوام هاموشۆی یەکتریان کردووە، واتە حوزنی و پیرەمێرد پێیان لە یەکتری نەبڕیوە و ئەو پێوەندییە دۆستانەیە و ئەو هاموشۆیەیان لەگەڵ یەکدیدا هەر ماوە و نەپچڕاوە، تۆ لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟

– من پێم وا نییە لە یەکتری عاجز بووبن، چونکە هاتوچۆیان لەگەڵ یەکتری بەردەوام بوو و پێشتریش هەر بەیەکەوە بوون و پێکەوە کاریان کردووە.

* دوای پێکەوە کارکردنیان لە ڕۆژنامەی ژیان و لە یەکتر دوورکەوتنەوەیان هیچ کەرەتێک بە یەکەوە بینیوتن؟



**حەمەبۆر – ئازاد عەبدولواحید**
**هەولێر – ٢٠١١/١١/٤**

– لە شاری سلێمانی کە ڕۆژنامەی ژیان داخرا، من ئاگام لێیە یەکەم (کلێشە) بۆ ڕۆژنامەی ژین، حوزنی بۆی نووسیبوو و بۆ پیرەمێردی هێنایە سلێمانی، کە ئەو نووسینە لە تەنیا یەک ژمارەدا نووسرا، واتە ئەو کلێشەیە تەنیا لە ژمارە (١)دا سوودی لێ وەرگیرا، چونکە وەک ئاگادارم (پیرەمێرد) دواتر ناردی لە بەغدا کلێشەی بۆ دروست کرا.

* دیارە حوزنی دەستی لە کلێشە دروست کردنیشدا هەبووە، وەک بزانن ئەوەی چۆن دروست کرد؟

– حوزنی لە داری (کەوت)، یان (داربەڕوو) کلێشەی دروست دەکرد.

* بۆچی هەر دەبێ لەو دوو دارە کلێشە دروست بکرێت؟

– ئەو دوو جۆرە دارە، داری زۆر سەختن، واتە کەمتر ئاو دەکێشن، ئەگەر لە داری توو بێت، ئەوە ئاو دەکێشێ، ئەوساکە حەرفەکە ( پیت)ەکە تێکدەچێت.

* کەوایە دروستکردن و هێنانی ئەو کلێشەیە بۆ پیرەمێرد و بۆ ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی ژین، ئەوە بە نیشانەی بەردەوامبوونی دۆستایەتی و هاوڕێیەتییەکەیان دەزانیت؟

– بەڵێ.. هێنانی ئەو کلێشەیە لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی بۆ ژمارەی (١)ی ڕۆژنامەی ژین، ئەوە نیشان دەدات کە بەینییان تێک نەچووبێت. ئەوانە هەردووکیان دەروونیان زۆر فراوان بوو، ئیتر ناشێ ڕقەبەرایەتی یەکتریان کردبێ، چونکە یەک ئامانجی کوردایەتییان هەبووە.

* ئەو چاپخانەیەی حوزنی لە ئەڵمانیا کڕیبووی و هێنابوویەوە کوردستان و لە ڕێگەی حەلەبەوە هێنای لە ڕواندز دایمەزراند، تۆ ئەو چاپخانەیەت دیوە؟

– بەڵێ.. من چەند جار ئەو چاپخانەیەم دیوە.

* کە ئەو چاپخانەیەت دیوە و پێشتریش چاپخانەکەی پیرەمێردت دیوە، کامیان گەورەتر بوون؟

– چاپخانەکەی حوزنی لە چاپخانەکەی پیرەمێرد گەورەتر بوو.

* ئەی زەوییەکەی، یان ڕووبەری خانووەکەی چاپخانەکەی لێ دانرابوو چەند بوو؟ ئایا لە هی ماڵەکەی پیرەمێرد گەورەتر بوو کە لە ئاشی عەلەتریک داینابوو؟

– ڕووبەری زەوی چاپخانەکەی پیرەمێرد، نەدەگەیشتە یەک لەسەر چواری چاپخانەکەی حوزنی، کە لە ئەڵمانیاوە هێنابووی بۆ حەلەب و دواتر هێنای لە ڕواندز دایمەزراند.

* باشە.. وەک دیارە و لای هەمووان زانراوە حوزنی ئەو چاپخانەیەی لە ئەڵمانیا کڕیوە، وەک پێ بزانن پارەی کڕینی ئەو چاپخانەیەی چۆن دابین کردووە و لە کوێی هێناوە؟ لە کاتێکدا پارەی چاپخانەکەی پیرەمێرد دیارە بەهۆی ڕەهن کردنی خانووەکەیەوە بووە؟ سەرچاوەی دارایی کڕینی ئەو چاپخانەیە چی بووە؟

– من لە دەمی حوزنی خۆیم بیستووە و بۆی گێڕاومەتەوە، جارێکیان لە (بەرلین) لە شەقامێک بووە، ئیعلانێکی بینیوە لێی نووسراوە، هەر وێنەگرێک بتوانێ وێنەیەکی قەبارە ئەوەندە بەوەندە گەورە بکات، واتە دە ئەوەندەی ئەو وێنەیەی خۆیان ویستوویانە، ئەوە موعامەلەی لەگەڵ دەکەین و نرخێکی باشی دەدەینێ. حوزنی وتی من کە شارەزاییەکی باشم لە وێنەگرتن و هەڵکۆڵین و ئەو شتانەدا هەبوو، دەمزانی ئەو ئیشە عایدی کاغەزەکەیە، کە کاغەزەکە بەدەرمانێک ڕووکەش کراوە، هەر کاتێک ڕووناکی بەریکەوێت، ئەوە وێنەکە ناگرێ، بەڵام لەناو ئامێری وێنەگرتنەکەدا ئەو ڕووناکییەی لە وێنەکەوە بۆی دێ، تایبەتە بە کاغەزەکەوە. حوزنی کە زۆر شارەزای هونەری هەڵکۆڵین و وێنەگری بوو (کتێبی سەبارەت بە هونەری هەڵکۆڵین داناوە. ئا–ع)، چووبوو پێیانی وتبوو من دەتوانم لەوەش گەورەترتان بۆ بکەم کە دەتانەوێ، چونکە نهێنی ئەو ماددەیەی کاغەزەکەی پێ ڕووکەش کراوە زانیوەتی، پاشان حوزنی وێنەیەکیان بۆ دەگرێ کە لەوەی داوایان کردووە گەورەتریش بووە، دوای ئەوەی نرخێکی باشی دەدەنێ داوای لێ دەکەن لای ئەوان ئیش بکات، بەو پارەیەی کە دەستی کەوتبوو، چاپخانەیەک دەکڕێ و دەیهێنێتەوە بۆ حەلەب و لەوێشەوە دەیهێنێ بۆ ڕواندز.

**حوزنی و پیرەمێرد دەروونیان زۆر فراوان بوو، یەک ئامانجی کوردایەتییان هەبوو**

* وەک بزانیت ئەو چاپخانەیە چی لێهات؟

– خۆی گوتی ئەو چاپخانەیەی بە ڕەهن داوە بە مووسڵاوییەک.

* دوایی کە ماوەی ڕەهن کردنەکەی تەواو بوو، بۆ چاپخانەکەی وەرنەگرتەوە، تا جارێکی دی بیخاتەوە کار؟

– هەموو جار دەیوت ئێستاش پارەکە بۆ مووسڵاوییەکە ببەمەوە، چاپخانەکە وەردەگرمەوە. بەر لە مردنی بە چەند حەفتەیەک، بە منی وت کابرای (مووسڵاوی) دڵێ لەبەر ئەوەی حوزنی پیاوێکی باشە، دڵم نایەت چاپخانەکە بفرۆشم، هەر نەبێ پارەکەی خۆی دەربهێنێتەوە.

* دەبێ ئێستاش ئەو چاپخانەیە لەلای کەسوکاری ئەو پیاوە مووسڵاوییە مابێ تا بیهێنینەوە و لە موزەخانەیەکدا دایبنێین؟

– تا حوزنی مابوو کابرای مووسڵاوی چەند جارێک پێی وتبوو، ئێستاش چاپخانەکە ماوە، کەی پارەکەت هێنایەوە، دەتدەمەوە. ئەوکاتە کە باسی کرد پێم وت بۆ نایهێنیتەوە؟ ئەو وتی جێگەم نییە. ئێستاش پێم باشە بیکڕینەوە و لە موزەخانەیەکدا دایبنێین.

* باشە با لێرەوە ئەو پرسیارەت لێ بکەم، تۆ چۆن حوزنیت ناسی؟

– جەلالی فارسی قاوەچی هەبوو، کە فارسی قاوەچی باوکی، لەسەردەمی حوکمڕانییەکەیدا قاوەچی شێخ مەحموودی حەفید بوو، ئەو جەلالی فارسی قاوەچییە ڕەفیقی گەڕەکم بوو، کە پاشان بووینە هاوپۆلیش، باوکی بە (فارسی قاوەچی) بەناوبانگ بوو، کە تا ساڵانی چلەکانیش هەر مابوو و بەناو بازاڕی سلێمانیدا دەگەڕا و قاوەی دەگێڕا، خەڵکیش پوولێک، دوو پوولیان دەدایێ و

قـاوەیان لێ دەکـڕی، (پوولێک (١)فلس بـوو. ئا-ع)، ئیتر چونکە فارسی قاوەچی پیاوی ماڵی شێخان بوو، ئەو کوڕەی ڕەفـیـقی منیش لەگەڵ باوکی دەچووە لایان، جارێکیـان لەلای شێخ لەتیف باسی کردبووم، وتبووی (حەمـەبۆر) هەیە ڕەفـیـقـمـە و شـیـعـر دەنووسێ، ئەوان وتبوویان ئەم جارە لەگەڵ خۆت بیهێنە ئێرە، ئەوەبوو منی بردە ئەوێ بۆ لای شێخ لەتیف. من ئەوکاتە شیعری قۆڕم دەنووسی، لەو شیعرانە ئەو دێڕەم لەبیر ماوە:

**شاعیری شیعر مام حەمەبۆرە**
**فەساڵ ناشیرین وەک سیقەتۆرە**

هەر بەو هۆیەشەوە حوزنیم لەوێ ناسی و تا ئەخیریش لە کۆمەڵەی (برایەتی) هەر پێکەوە بووین.

* دەبێ حوزنی لەگەڵ شێخ لەتیفی شێخ مەحمود لە کۆمەڵەی (برایەتی)دا کاری نەکردبێ؟

– ئەوە نازانم، بەڵام بەهۆی ئەوەی من چووبوومـە پاڵ ئەو کۆمەڵەیەوە، بەو نزیکی و دۆستایەتییەی نێوانیانم زانی، من چەند جارێک لەلای ئەو بینیومە.

* دوای ئەو یەکتر بینین و ناسینە، کەی بوو جارێکی دی یەکترتان بینییەوە؟

– جارێکیان وتارێکم بۆ گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە نووسیبوو کە لەبەغدا دەردەچوو.

* ئەو وتارە ناوی چی بوو؟ ناوەرۆکـەکـەی لەچی دەدوا؟

– بەناوی (شـالیـارە کـۆن)ـەوە بوو کـە بریتی بـوو لە ڕەخنەگـرتن لە تۆفـیـق وەهبی، بەهۆی ئەوەوە کـە دەستکاری لە زمانی کوردیدا دەکرد.

* وەک بیرتان بێت دەستکارییەکەی چۆن چۆنی بوو؟

– لە نووسینێکیدا نووسیبووی (خوەندن) لەجیاتی (خوێندن)، من لەسەر ئەوە تەنقیدم کردبوو، نووسیبووم بۆ ئەمـە دەستکاری بکرێ، لە کاتێکدا ئەمە غـەڵەتە. مـاوەیەک لەلایان بوو، بڵاویان نەکـردەوە. وا ڕێکەوت چوومـە بەغـدا، دەمـزانی حـوزنی لەوێ کـار دەکـا، کـە گەیشتمە بارەگای گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە، حوزنیش بۆ ئەوێ دەچوو، دەستیم ماچ کرد و ئەویش منی ماچ کرد و چۆنی و چاکـیـمـان کـرد، وتی چاک بوو نەچوویتـە ژوورەوە. حـوزنی لەپشـتـەوە بردمی و لە ژوورێکی تر داینام. وتی ئەگەر تۆفیق وەهبی بتبینێ ئێستا بە حەپس کردنت دەدا.

* ئەو وتارە چی لێهات وا تۆفیق وەهبی تووڕە کردووە بە حەپس کردنت بدا؟

– دەستنووسی ئەو وتارەم لەلا ماوە کە بڵاونەکرایەوە و ئەوی تووڕە کرد.

* ئەی دواتر چی ڕووی دا؟

– حوزنی وتی ئێستا دەچم ڕجات بۆ دەکەم کە لێت خۆش بێت.

* کە گەڕایەوە چی پێ وتی؟

– کـاتێک چووە لای تۆفـیـق وەهبی و گـەڕایەوە لام، وتی زۆر بە توندی ڕقی لێ هەڵگرتووی. وتی ئێـسـتـا دەتبـەم و بڵێ گـەورەم من هەڵـەم کـردووە و پەشـیـمـان بوومەتەوە و هاتووم لێم ببووری.

* دواجار ئەو پەشیمان بوونەوەیەت نیشان دا؟

– من ئەو پەشـیـمـان بوونەوە و ئیـعـتـیـزارەم زۆر پێ ناخـۆش بوو. حـوزنی بردمی بۆ لای و لە تەنیـشـتـمـەوە وەستا، زوو زوو سیخورمەی لێم دەدا، ئەوە بڵێم کە پێی وتبـووم و پەشـیـمـانی دەرببـڕم. منیش ئەوەم زۆر پێ ناخۆش بوو، چونکە سوور بووم لەسەر ڕاستیی قسەکانی خۆم، بۆیە بە پچڕپچڕی ئەو ئیعتیزارەم بۆی هێنایەوە.

* باشـە ئەو نووسـینە ڕەخنەییـە، ئەوەندەی دەهێنا تۆ پەشـیـمـانی دەرببڕیت و داوای لێبوردنی لێ بکەیت؟ تۆ بڵێی تۆفیق وەهبی هێندە قیچکە تەنگ بووبێ بەرانبەر بە ڕەخنەگرتن؟ ناوەرۆکی وتارەکە چی بوو؟

– ئەوەندەی لەبیـرم مـابێت لە وتارەکـەمـدا وتبـووم ناپلیۆن کە میسری گرت، زانایەکی زۆری بەناو میسردا بڵاوکردەوە، ئەم کارەیشی میسری زۆر وریا کردەوە و زانا کرد. لەو وریابوونەوەیەی مـیـسـر تێگەیشت هەڵەیەکی گەورەی کردووە، کە ناپلیۆن بەم هەنگاوەی پێی گەیاندن، چونـکـە ئـەوان دواتـر لـێـی هـەڵـگـەڕانـەوە، بـۆیـە زانـا فەڕەنسییـەکان بڕیاریان دابوو چارەی ئەو هەڵەیە بکەن، چارەکـەش ئەوەبوو بڕیاریان دابوو، زمـانی عـەرەبی بە هەموو قوتابخانەکانی میسردا بڵاوبکەنەوە، واتە زمانی عەرەبی بە هەموو پەلوپۆکانی و بە دەستووری زمانەکەوە برەو پێ بدەن تا دەست لە زانیارییەکە هەڵبگرن و بچنە سەر زمانی عەرەبی و پێیەوە سەرقاڵ بن، ناپلیۆن بەوە چارەی هەڵەکـەی خـۆی کـرد، ئینجا کـە ئینگلیـزەکـان عـیـراقیـان بە حوشترەوانێکی کوڕە مجێوری سعوودی فرۆشت کە فـەیسەڵی یەکەم بوو، ئەوە بوو بە گرێیـەکی

گەورە لەلای کوردەکان و لە دژی ئینگلیز وریابوونەوە، بۆیە بۆ چارەی ئەو وریابوونەوەیە، ئینگلیز لە دژی کورد تۆفیق وەهبی و ماجید مستەفا کە لەسەردەمی شێخ مەحموود پیاوی ئینگلیز بوون، تۆفیق وەهبی چووە ژێر ئەو بارەوە کە دەستکاری لە زمانی کوردیدا بکات، ئا بەوە تۆفیق وەهبی-م تاوانبار کردبوو، بۆیە زۆر لێم تووڕە ببوو.

* ناهەقی نەبووە تووڕە ببێت.. جاری دی کەی بوو حوزنیت لە سلێمانی دیوەتەوە؟ پێم باشە ئەوەی لە بارەی حوزنی-یەوە دەیزانیت، یان بیستووتە بۆمانی باس بکەیت؟

- لەپاش ئەوەی یەکترمان ناسی و لە بەغدا بینیمەوە، هەر جارێک کە حوزنی دەهاتە سلێمانی، سەردانی دەکردم، هەندێ جار شەویش لەلای من دەمایەوە.

* بیستوومە دەڵێن حوزنی لە هەڵگیرسان و بەرپاکردنی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی دەستی هەبووە و بەشداری کردووە؟ ئەمە چۆن بووە و چی لێ دەزانی؟ ئەوکاتە حوزنی لە سلێمانی چی دەکرد و بۆچی لەوێ بوو؟

**یەکەم کلێشە بۆ ڕۆژنامەی ژین، حوزنی بۆ پیرەمێردی نووسیوە**

- زۆر ڕاستە کە حوزنی یەکێک بوو لەوانەی لە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی بەشداربووە کە بە ڕاپەڕینی (٦)ی ئەیلوول ناسراوە. ئەو وەختە بەهۆی ڕاپەڕینەکەوە لە سلێمانی خەڵکێکی زۆریان گرت، حوزنی ئەوکاتە لەماڵی شێخ قادری برای شێخ مەحموودی حەفید بوو، وتی ئێمە لە ژوورەوە دانیشتبووین کە وتیان ڕیشدارەکەمان دەوێ کە دەڵێن لێرەیە، حوزنی پێکەنیبوو و وتبووی بەڕیش خەڵکی دەناسنەوە، نەک بەئیش، کە ئەو حەلە پێشبینی کۆتایی هاتنی ئەوانی کردبوو، پۆلیس کە چووبوون بۆ ماڵی شێخ قادر وتبوویان پیاوە ریش درێژەکە لەماڵی ئێوەیە. شێخ قادر پێیانی وتبوو لە ماڵی ئێمە نییە. حوزنی کە خۆی کردبووەوە و جلی خۆی دانابوو بۆ پشوودان، تا خۆی گورج و پۆشتە کردبووەوە، پۆلیسەکان ڕۆیشتبوون، بە شێخ قادریشی وتبوو بۆ ئیزنت دان، خۆم لەگەڵیان دەچووم، چونکە ئەوانە ئەوەندە بێ عەقڵن، هەرچی ڕدێنی سوور بوو، بەهەمزاغای دەزانن. شێخ قادر پێی وتبوو تۆ دانیشە و من چارەی دەکەم، ئیتر خۆی چوو بوو لە پۆلیسخانە ناوی ئەوی سڕیبووەوە، ئنجا من ئەو ڕیشە بە ڕیشێکی ترەوە دەبەستمەوە.

* منیش پێم باشە ئەوەی سەبارەت بە حوزنی دەیزانی، یان بیستووتە بۆمانی بگێڕیتەوە.

- لە دانیشتنێکدا لێم پرسی: سەید تۆ پیاوێکی ڕۆشنبیر و مونەوەر و کراوەیت، پێم ناڵێیت ئەو ڕیشە چییە هێشتووتەتەوە؟ چونکی تۆ نە مەلای و نە سۆفی و نە شێخیتی دەکەی. وەڵامی دامەوە: ئەی ئاگات لێ نەبوو چۆن نانم خوارد؟ وتم سەید، ئەمە وەڵامی پرسیارەکەی من نەبوو، یەکسەر دەستی گرتم و نای بە ڕوومەتی خۆیەوە، تەماشا دەکەم و هەستم کرد لایەکی گووپی بۆ ناوەوە قۆپاوەتەوە، ئنجا ئەو کە نانی دەخوارد، چەناگەی بەرەو خوار دەبووەوە و لێوی بەرز و نزم دەکردەوە و ناشیرین نانی دەخوارد، کە دواتر سەرنجی ئەوەم دا، وتم ئەمە چییە؟ وتی: ئەمە سەبەبی هێشتنەوەی ڕیشەکەمە. حوزنی لایە قۆپاوەکەی ڕیشی زۆرتر هێشتبووەوە، لایەکی تری کەمتر، بۆ ئەوەی دەموچاوی ڕێک بێتەوە، ئەگەر ڕیشی بتاشیبا، ئەوە شێوەیەکی زۆر ناشیرینی لێ دەردەچوو. لێم پرسی ئەوە چییە و بۆ وای لێهاتوو؟ فەرمووی لە تورکیا منیان گرت و زەفتییەی تورک بە قۆنداغە تفەنگ لاگووپیان شکاندووم.

* دوای ئەوە جاری دی چۆن و لە کوێ حوزنیت بینیوەتەوە؟

- جارێکی کە زبرەکییەکم لە حوزنی دی. من لە خەستەخانە موزەمید بووم، دیم حوزنی هاتە خەستەخانەوە، من یەکسەر چووم بە پیرییەوە و لەپاش چاک و چۆنی وتی: نووری عەلی لەکوێیە؟ پاشتر بۆم دەرکەوت کە زۆر دۆستی یەکترن. بردمە ژوورەکەی نووری عەلی کە لە دەرمانخانە بوو، چاوێکی بە شووشەکاندا گێڕاو لە نووری عەلی پرسی: ئەم دەرمانانە شتێکی وای تیایە ئەگەر جگەرە بکێشم زیانی بۆم ببێ؟ واتە گڕ بگرێ؟ ئەمەش وردییەکی کیمیاگەریی حوزنی دەگەیەنێ، چونکە ئەگەر شارەزاییەکی باشی لە دەرماندا نەبێ، پرسیاری وا ناکات.

* وا دیاره حوزنی زوو زوو سەردانی شاری سلێمانی کردووە و یەکتریتان بینیوە؟ باشە حوزنی لە سلێمانی بێجگە لەو چەند کەسەی ناوت بردن، سەردانی کێی تری دەکرد؟

– جارێکی تر نزیکی ئێوارە بوو، لە قوتابخانەکەی مامۆستا نەجمەددین مەلا بووم، دەرگاکەی داخستبوو، من و ئەو بە تەنیا لە ژوورەکەی بووین، مامۆستا شەرابی دەخواردەوە، لەو کاتەدا لە دەرگاکە درا کە دەرگاش نەبوو، دەڕابە بوو، دەڕابەکە بە جۆرێکی وا بوو کە بەسریش (سمغ) درزەکانی گرتبوو، ئینجا دوو- سێ درزی بە گوێزان هێشتبووەوە، لەو کونانەوە سەیری دەکرد، ئەگەر کەسەکەی بەدڵ نەبووایە، ئەوە هەر وەڵامی نەدەدایەوە و دەرگاکەی لێ نەدەکردەوە. من هەڵسام چونکە لە درزەکان شارەزا بووم، ڕوانیم و بینیم کەسێکی ڕیشدارە، واتە پیاوێکی ڕیشدارە. سەرەتا من بیرم بۆ حوزنی نەچوو، پێم وت ڕیشدارێکە. نەجمەددین مەلا وتی بیکەرەوە ئەوە حوزنییە، دوێنێش هاتە لام، کە هات بینی شەراب لەبەردەمیایەتی، ژوورەکەش چرای تیا دانەگیرسابوو، چونکە کارەبای نەبوو، باشتر وایە بڵێین هەر لە بنەڕەتەوە کارەبای نەهێنابوو، یەکەم قسەی حوزنی پێش ئەوەی سەلام بکات وتی:

**ئەی عەرەب بۆ شکان، ڕۆژتان لێ ببێتە شەو**

**وەک ئەو مامۆستایە کە ڕۆژی لێ بۆتە شەو**

ئەوە زیاتر مەفهوومی قسەکەی حوزنی بوو، ئیتر باسی ئەدەبیات و شیعر و مێژوو کرا.. سەردانەکەی دۆستانە و بۆ بەسەرکردنەوە بوو، کە دیار بوو ناوبەناو بۆ سەردانی نەجمەددین مەلا دەهاتە لای.

* پێشتر ئاماژەتان بەوەدا کە حوزنی لە شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی بەشداریی کردووە، ئەمەیان چۆن بووە؟ تکایە زیاتر لەسەر ئەو ڕووداوە گرنگە بدوێن.

– ماڵی شێخ لەتیفی شێخ مەحموود، لە تەنیشت مزگەوتی عیرفان بوو. لە سەرەتاوە لە گەڕەکی کانێسکان خەڵکەکە وایان پێشنیار کرد لەوێوە دەست پێبکەن. حوزنی وتی پێم وتن ئەمە غەڵەتە، وتم هەریەکەتان لە شوێنێکەوە وەرن و لەوێ کۆببنەوە، ئەو شوێنانەش چەند کۆڵانێکە کە لەوێوە بچنەوە سەر بەردەرکی سەرای سلێمانی. بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارە قسەکەیان پەسند کردم.

* نەتزانی ئەو شارەزاییەی لە شاری سلێمانی و کۆڵانەکانی چۆن پەیدا کردبوو؟

– ئەو شارەزا بوونەی بەهۆی ئیبراهیم ئەحمەدەوە بوو، کە ئەو حەلە مێردمنداڵ بووە و خستوویانەتە تەک حوزنی و هەموو کۆڵانەکانی دەوروبەری سەرای نیشان داوە. وەک حوزنی بۆی باس کردم، ئەو پێشنیاری کردووە لەلای مزگەوتی گەورەوە، هەندێکیشیان لەلای بازاڕ و هەندێکیان لای مەڵکەندی کۆببنەوە، بەعزێکیشیان لەسەرووترەوە کە پێیان دەوت (گۆڵەکە) لای مەکتەبی مەلیک مەحموودی ئێستا، کە جاران یەکەمین ناوەندیی شاری سلێمانی بوو، پێش ئەوە شوێنێکی چاڵ بوو، پێیان دەوت (گۆلەکە) تا لەوێ کۆببنەوە، بەعزێکیشی لای کارێزی (ئەحمەد زەنگەنە) کۆببنەوە، تا هەموویان لەو شوێنانەوە بگەنەوە بەردەرکی سەرا، واتە مەسیرەکە درێژ نابێ و کورت دەبێ.

* ئەی کێ برایم ئەحمەدی خستە تەک حوزنی تا بە کۆڵانەکانی شاردا شارەزای بکات؟

– ماڵی شێخ مەحموود خستیانە تەک حوزنییەوە.

* ئەم بیرۆکەیەی کە لە چەند قوڵێکەوە کۆببنەوە و هەموویان بچنەوە بەردەرکی سەرا، لە بنەڕەتەوە بیرۆکەی کێ بووە؟

– ئەم بیرە لە ئەساسەوە، فیکرەی حوزنی بووە.

* دواتر کە هەموویان چوونە بەر دەرکی سەرا چییان کرد؟

– حوزنی پێی وتم کە ئەو پلانەم دانا، فیعلەن وایان کرد، کاتێ خۆنیشاندان دەستی پێکرد، هەر لەو شوێنانەوە دەستی پێکرد و بەرەو بەردەرکی سەرا ڕۆیشتن، دوای کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی، ئەوەی لەوێ گیرا، گیرا، ئەوەی بریندار بوو، بریندار بوو، ئەوەی ڕای کرد، ڕای کرد. دواتر کە حوزنی چووبووەوە بۆ ماڵی شێخ قادر وتی ئەوەندەم زانی لە دەرگایان دا، وتی دەستبەجێ تێگەیشتم هاتوون بۆ گرتنی من.

* ئەی خۆت چیت لە ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی شەشی ڕەشی ئەیلوول لەبیر ماوە؟

– ئەو دەمەی کە ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوول ڕووی دا، من دە، یازدە ساڵان بووم، چونکە کوڕی تاقانەی دایک و

باوک و خانەوادەکەمان بووم، هەر چیم بویستبا بۆم جێبەجێ دەکرا. لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا ژنێکی دراوسێمان هاتە ماڵمان، گوێم لێ بوو بە دایکمی وت ئەوەی بۆ کونەڕەش برا، برایە کونەڕەش، ئەوەی بریندار کرا، بردیانە خستەخانەوە، ئەوانەی کوژران، ناشتیانن، زۆر برینداریش بەناو شاردا بڵاوبوونەوە و خۆیان حەشاردا. من نەمدەزانی کونەڕەش یەعنی بەندیخانە، پەڵپم بە دایکم گرت و پێم وت دایە کونە ڕەشم ئەوێ!

* تۆ باسێکی سەرای سلێمانیمان بۆ بکە، وەک بزانیت کەی بوو ئەو سەرایە دروست کرا؟

– سەرای سلێمانی ئەو ساختمانەیە کە ئینگلیزەکان دروستیان کردووە، ئەم حکومەتە کوردییەی ئێستامان ویستی تێکی بدات، بەڵام بە هەوڵی زۆر کەس ڕاگیرا کە تێک نەدرێ.

* وەک بزانیت ڕەشاشەکە کە خەڵکەکەی پێ کوژران و بریندار بوون، لە کوێی سەرا دانرابوو؟

– ئەو ساختمانە رووی لە قیبلەیە، لای ڕۆژهەڵاتی سەر سووچی سەرەوەی، ئەو شوێنە بوو کە ڕەشاشەکەیان لێ دانابوو، کە ئەوسا پێیان دەوت مەترەلۆز (فیکەرس ئا–ع) و زۆر لەوانەی کوژران و برینداربوون، ئەو مەترەلۆزە کوشتنی و برینداری کردن. بە تەنیشتیدا کە بەرەو ژوور دەڕۆیت، ئێستا پێی دەڵێن شەقامی پیرەمێرد، باشووری ئەو شەقامەش پیرمەسوور بوو، بەرانبەر ئەو مەترەلۆزەش ئەو شەقامە بوو کە بەرەو ئۆرزدی دەڕوات کە ئێستا شەقامی گۆرانی پێ دەڵێن. ئەو شەقامەی مەولەوی کە بەرەو خوار دەبێتەوە، بەرەو ئەسحابە سپی دەچێ، کە جاران بەرەو مزگەوتی دوو دەرگا دەڕۆیشت و پێیان دەوت شەقامی مزگەوتی دوو دەرگا. شەقامێکیش بەرەو مزگەوتی گەورە و کانێسکان دەبووەوە. ئیتر بەپێی پلانی حوزنی، وا دانرا کە خەڵکەکە ببنە کۆمەڵ کۆمەڵ و بۆ بەردەرکی سەرا هێرش بکەن.

* چۆنە ئەو لایەنە شاراوە و نەزانراوەی ژیانی حوزنی تا ئێستا باسی لێوە نەکراوە و لە هیچ شوێنێکدا ئاماژەی بۆ نەکراوە؟ تەنانەت مام گیوی موکریانی–یش لە هیچ شوێنێکدا، لە هیچ نووسین و پەراوێز و یاداشتێکی خۆیدا، هیچ نەبێت لە گۆڤاری هەتاودا باسێکی نەکردووە؟

– گیوی موکریانی بابەتی زۆر پچڕپچڕ و کورتی لە بارەی حوزنی–یەوە نووسیوە، هەموو شتێکی حوزنی نەنووسیوە.

* پێش ئەوەی ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرا ڕوو بدات، نیشانەیەک، ڕووداوێک هەبوو سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشێ کە ئەو ڕووداوە بقەومێ؟

– سێ– چوار ڕۆژ لەوەوپێش خانووەکەی ماڵی باوکم کە لەپشت پۆلیسخانەکە، واتە پشت سەرا بوو (پۆلیسخانە باکوور و باشوورەکەی، سەرای پێ دەوترا). مەلیک فەیسەڵی یەکەم پێش شەڕی بەردەرکی سەرا هات و خوتبەی بۆ خەڵکی سلێمانیدا و وتی (یا شعبي العزیز...). سەرەتا ئێمەش وەک مێرمنداڵ کە تەمەنمان (١٠–١١) ساڵ بوو، ئەم قسەیەمان بەدەمەوە گرتبوو و بەردەوام دەمانوتەوە. لێرەدا نهێنییەک هەیە، خەڵک وایان دەزانی شۆڕش دەکەن، بەڵام نهێنییەکە ئەوەیە وەک لە سەرچاوە مێژووییەکاندا دەردەکەوێ لەپاش هەڵوەشانەوەی (سیڤەر) بڕیارێک دەرچوو، گوایە هەر چۆنێک بێ کورد مافی ڕەوای خۆی هەبێ، بۆیە لە ڕۆژی (٦)ی ئەیلوول ئەو ڕاپەڕین و شەڕە کرا، خۆنیشاندەران لەو ڕۆژەدا ئەو هەقەیان دەویست، ئەو مافەشیان بۆ نەسەلما و نەدرا.

* ئەوانەی لەو ڕاپەڕین و ڕووبەڕووبوونەوەیەدا بەشداربوون کێ بوون؟

– شەڕ و ڕاپەڕینەکە هی هەموو چین و توێژەکان بوو، هی ڕۆشنبیران و دکتۆر و مامۆستا و قوتابی و کاسبکاران بوو.

* ئەی کێ لە پشتییەوە بوو؟ کێ خەڵکەکەی هان دەدا و ئاراستە دەکرد و ڕێکی دەخستن؟

– حزبی بە دەسەڵاتی ئەوکاتە (برایەتی) بوو، کە زۆر کاریگەر بوو، لەپێش ئەو خۆنیشاندانە لە هەموو قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری سلێمانی ئەندامانی برایەتی و (برایەتییەکان) لە ماڵی شێخ لەتیف کۆکرابوونەوە، ئەوکاتە حوزنی لە ماڵی شێخ لەتیف میوان بوو.

* بەڵام ئەوەی لەسەرچاوەکاندا نووسراوە و خوێندوومانەتەوە، ئەوەیە کۆمەڵەی (برایەتی) لە ١١ی ئاداری ١٩٣٧ لە ماڵی شێخ لەتیفی شێخ مەحموود لە سلێمانی دامەزراوە و مەلا ئەسعەدی مەحوی بە سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە هەڵبژێراوە، شەڕی بەردەرکی سەرا لە

(٦)ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ ڕووی داوە، ئەمە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

- وەک لە شوێنێکی تریشدا ڕاستم کردووەتەوە، کۆمەڵەی (برایەتی) لە ساڵی ١٩٣٠- ١٩٣٣ لەماڵی شێخ لەتیف شێخ مەحموود دامەزراوە و کاری کردووە. ئەوە ئەوکاتە بوو کە دەیانوت حزبێک بۆ کورد پێویستە، فیکرەکەیان گەیاندە شێخ مەحموود، ئەویش لە سلێمانی سێ کەسی بۆ ئەو کۆمەڵەیە دەستنیشان کردووە (١) شێخ لەتیف شێخ مەحموود، (٢) شێخ لەتیفی دانساز، (٣) مەلا ئەسعەدی مەحوی.

* بۆچی سێ کەس بۆ ئەو کۆمەڵەیە دیاری کراوە؟

- شێخ مەحموودی حەفید وتبووی من سیقە بە لەتیفی کوڕم ناکەم، ئەگەر ئەو دووانەی لەگەڵدا نەبێت. شێخ لەتیفیش خۆم گوێم لێی بووە و لە دەمی خۆی بیستوومە کە دەیوت هەموو شتێ لەمن دێ، شێخایەتی نەبێ.

* ئەی ساڵی ١٩٣٧ چۆن بە مێژووی دروستبوونی کۆمەڵەی برایەتی دانراوە؟

- من ئەندامی برایەتی بووم... لە ساڵی ١٩٣٧ ئەو کۆمەڵەیە نەما و لەو مێژووە بەدواوە تواپەوە و بڵاوەمان لێکرد، کە من یەکێکم لەو ئەندامانەی کە نە دەرکراوم و نە ئیستیقالەم داوە، ئیتر هەروا بۆ خۆی توایەوە.

* هۆیەکەی چی بوو دوای ١٩٣٧ کۆمەڵەی برایەتی نەما و توایەوە؟

- لە کۆمەڵەی (برایەتی)دا سێ کەس هەبوون بتوانن ڕەخنە بگرن. یەکیان میرزا مەنگوڕی بوو، کە تەنانەت ڕەخنەی لە شێخ مەحموودیش دەگرت، ئەوی تریان شێخ لەتیفی دانساز بوو، سێیەمیان مەلا ئەسعەدی مەحوی بوو، ئەوانە لە موعارەزەی کۆمەڵەی (برایەتی)دا بوون، موعارەزەکەشیان لەوەوە بوو کە دەیانوت خزمەتی کورد ناکەن، ئەوەندەی خزمەتی شێخان دەکەن، هەروەها قاسەشمان نەبوو، چونکە قاسەکەمان گیرفانی شێخ لەتیف بوو، لە سەرێکی کەوە (پەیڕەو و پرۆگرام)مان نەبوو، تا دواییش هەر بۆی دانەنرا. هەندێ کەس بە تەئسیری پێشکەوتنخوازیی، ڕۆشنبیری دەکردین و تێی دەگەیاندین کە ئێمە خزمەتی شێخان دەکەین، نەک کورد.

* ئەی لەو کاتەدا کە ئەندامی برایەتی بوویت، هیچ گرفت و کۆسپ و تەگەرەیەکتان بۆ دروست نەبوو؟

- لەو کاتەدا کە من ئەندامی برایەتی بووم جارێک گیراین و حەپس کراین. لە برادەرانی شێخ لەتیف تەنیا برایم گوردی کە ئەندامی برایەتی بوو لەگەڵمان حەپس کرا، لەگەڵ نووری شاوەیس و محەمەد خدر و سەعید بەگی سەلیم بەگی جاف و ئەحمەد شوکری و هەندێ کەسی تر گیراین.

* ژمارەی گیراوەکان چەند کەس بوون؟

- ژمارەی گیراوەکان (١١) کەس بووین، ئەوانەی ناوم بردن هەندێک لەو یانزە کەسە بوون، ئەوانی کە ناویانم لەبیر نەماوە.

* ئەوە زانیمان ئامانجی ئەو ڕاپەڕینەی (٦)ی ئەیلوول، هەڵوەشانەوەی لۆزان و داواکردنی مافی کورد بوو، بەپێی وتنەوەی دروشمەکان لەوە دەچێ داوای سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردییان کردبێ؟

- زۆر لە هوتافەکانی ئەو ڕاپەڕینە ناشارەزایانە بوون، بە تایبەتی ئەوەی کە دەیانوت (ئێمە کوردین، کوردمان ئەوێ، عەرەب حیزە و نامانەوێ)، کە شایستە نییە ئەمە بوترێ، ئەگەرچی عەرەب خۆیان شۆڤێنین.

* لەو تەمەنەی خۆتدا کە ئاگاداری ئەو ڕاپەڕینە هەیت، چی لە یادەوەریتدا ماوە و چی سەرنجی ڕاکێشاوی؟

- پێشتر وتم ماڵی ئێمە لەپشت سەراو و پۆلیسخانەوە بوو، لە هەیوان و سەربانی ماڵەکەمانەوە دەمانىدی، دوو- سێ ڕۆژ پێش ڕۆژی (٦)ی ئەیلوول بە گونیە شتیان دەبردە سەربان، بەڵام ڕۆژی شەشی ئەیلوول، لەسەربانی خۆمانەوە دەمدی کە ئەو گونیانە بەرد بوون و دەیان گرتنە خەڵکی، واتە پێش بەکارهێنانی ڕەشاشەکە ئەوەیان کرد. ساڵانی دواتر لە دانیشتنێکمدا لەگەڵ حوزنی و شێخ لەتیف و چەند کەسێکی (برایەتی) زانیم دوای ئەوەی بەردباران سوودێکی ئەوتۆی نەبووە، کەوتوونەتە تەقە کردن لەخۆ پیشاندەران.

* وەک بزانن کێ فەرمانی ڕاستەوخۆی بەو کەسانە کردووە تەقە بکەن؟

- هەر لەو دانیشتنەدا بوو، وتیان تۆفیق وەهبی بانگی ئامر حامیەی سلێمانی کردبوو و لەسەر تەقەکردن ڕێک کەوتبوون، بەڵام شۆڕشگێڕان هیچ تەقەیان نەکردووە و بەدار و بەردیش هێرشیان نەکردووە و تەنیا

هوتافیان کێشاوە.

* بەڵام من لە خەزێنەی سلێمانی کە ئەوسا لەگەڵ ئیدارەی مەحەلی بوو، ڕەزامەندیم وەرگرت بۆ دۆزینەوەی دۆسیەکانی پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموز کە لە سەربانەکەی ئیدارەی مەحەلی لەناو ژوورێکی بە جەمەلۆن داپۆشراو کۆکرابوونەوە، دوای گەڕان و پشکنینێکی زۆر کۆمەڵێک دۆسیەی شاعیر و نووسەر و سیاسەتمەدار و ناودارانی کوردم دۆزییەوە و جیام کردنەوە، پاشان کە نەیانهێشت ئەو دۆسیانە ببەمە دەرەوە و ئامێری فۆتۆکۆپیش کەم بوو، هەم سانسۆریشیان لەسەر بوو، ڕۆژانە دەچوومە ژوورێکی ئیدارە مەحەلی کە ژووری (کۆگا) بوو ناوەڕۆکی ئەو دۆسیانەم دەنووسییەوە، دوای تەواو بوونم موەزەفەکانی ئەوێم لێ ئاگادار کردەوە کە ئەو دۆسیانە لەلای خۆیان بپارێزن و نەیانفەوتێنن، یەکێک لە دۆسیەکان هی تۆفیق وەهبی بوو، تا ڕۆژێکیان ساڵی ١٩٨٤ کەمال ڕەئووف محەمەدم بینی، ئەو پێی ڕاگەیاندم کە برادەرانی گۆڤاری کاروان ئەرکی نووسینێکیان لە بارەی تۆفیق وەهبی بەو سپاردووە، منیش ئاماژەم بۆ ئەو زانیارییە نوێیە کرد کە لەو دۆسیەیەدا ڕامگوێزابووەوە لای خۆم، کە پێش ڕووداوەکانی (٦)ی ئەیلوولی بەردەرکی سەرای سلێمانی تۆفیق وەهبی دەستی لەکاری موتەسەریفیەتی سلێمانی کێشاوەتەوە و هیچ پێوەندییەکی بەو ڕووداوانەوە نەبووە، بۆیە تۆفیق وەهبی لەوەی ڕووی داوە بێ تاوان (تبرئة) دەبێ کە ئەو کاتە موتەسەریفی شاری سلێمانی بووە، ئەوەی تۆ دەیفەرمووی زانیارییەکی نوێیە، هەرچەندە بەگشتی لەناو خەڵکی سلێمانیدا ئەوەی تۆفیق وەهبی بڵاوە.

– من ئەوەی بینیومە و بیستوومە، ئەوە دەڵێم.

* هیچ ڕێکەوتووە تۆ چووبێتییە ماڵی حوزنی؟

– من جارێک چوومەتە ماڵیان کە لە بەغدا بوون.

* ئەوکاتە لە بەغدا لەگەڵ ژنەکەی دەژیا؟

– بەڵێ.. ئەوەی تێبینیم کرد ئەو ژنێکی زۆر دڵسۆزی هەبوو، حوزنی پیاوێکی وریا بوو، زۆر چاک لە ژنەکەی تێدەگەیشت.

* ئەی چی لە بارەی مردنی حوزنییەوە دەزانیت؟

– کە حوزنی مرد، نەیاندەهێشت دایکی گیو بە مردنەکەی بزانێ، کە کوڕی مێردەکەی بوو، دایکی گیویش بوو، چونکە دایکی زۆری خۆش دەویست. لە ڕاستیدا حوزنی، گیوی پێگەیاند، لەپاش مردنی باوکی، حوزنی لەگەڵ خۆی بردی بۆ تورکیا و فەڕەنسا و سووریا و لەوەشەوە بوو، فەڕەنسی فێربوون و فەڕەنسییان دەزانی. حوزنی لە باوکی باشتر بوو بۆ گیو، بۆیە دایکی زۆر خۆشی ویستووە.

* حەتمەن پێوەندیشت بە مام گیوەوە هەبووە؟

– من لە شەقلاوە بووم، گیو لە هەولێر بوو، هاموشۆی خێزانیمان لەگەڵ یەکتری هەبوو، من خۆم و خێزانم، یەکەمین خێزانین چووبێتینە ماڵی گیوەوە، پێش من کەس نەچووەتە ماڵیان.

**سەرنج:**

**ئەو چوار جارەی سەردانی مامۆستا محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)م کردووە لەو کاتانەدا بووە کە بە ڕیکۆردەر تۆمارکراون و لە ئەرشیڤی خۆمدا پاراستوومن.**

**(١) ٧/٥/٢٠١٠، کاتژمێر (١٠)ی بەیانی.**

**(٢) ١٤/٨/٢٠١٠، کاتژمێر (١١)ی بەیانی.**

**(٣) ٦/٤/٢٠١١، کاتژمێر (١٠,٢٠)ی بەیانی.**

**(٤) ١١/٦/٢٠١١، کاتژمێر (١٠,٣٠)ی بەیانی.**

# سی ساڵ وەرگێڕان، سی ساڵ ئەزموون

له فارسییەوە: ک. ج. هەڵوەدا
(بۆکان)

«بەهادین خورەمشاهی» (١٣٢٤- ) و «نەجەف دەریابەندەری» (١٣٠٨- ) و «کامەران فانی» (١٣٢٣- ) و «سەفدەر تەقیزادە» (١٣١١- ) چوار وەرگێڕی خاوەن بەهرە و ئەزموونی ئێرانن. «مێهدی ئەفشار» وتوویژێکی لەسەر وەرگێڕان لەگەڵ سازداون. ئەم وتوویژە بەجیاجیا لەگەڵ ئەو وەرگێڕانەدا کراوە و دواتر سەرجەم لە کتێبێکدا بەناوی «سی ساڵ وەرگێڕان، سی ساڵ ئەزموون» بڵاو کراوەتەوە، ئەگەر کەسێک لەسەر وەڵامی کەسێکی تر نەدواوە، بە مانای قبووڵ کردنی لەلایەن هەموانەوە نییە. هەندێ لە پرسیارەکان لە چەند کەسیان کراوە، بۆ ئەم جۆرە پرسانە وەڵامەکانم دوابەدوای یەک هێناوە، بەڵام هەندێکیان هەر لە کەسێکیان پرسراوە، بۆیە هەر وەڵامی ئەو کەسەی تێدا هاتووە. واتە نەهێنانی وەڵامی ئەوانی تر بەو مانایەیە کە ئەو پرسیارەیان هەر لێ نەکراوە. وەڵامەکانم جێ جێ کورت کردۆتەوە و باسە لاوەکییەکانم قرتاندووە، بەڵام ئەو شوێنانەی وەک بیروڕای کەسەکانە، ئەگەر بەدڵیشم نەبووبێت نەمقرتاندووە. ئەوەی هاتووشە وشەم لێ زیاد نەکردووە. لە واقیعدا ئەو وەڵامانەم هێناوە کە خوێنەر بتوانێ کەڵکیان لێ وەرگرێ. ڕەنگە هەموو پرسیارەکان دەقاودەق ئەو پرسیارە نەبن کە کراون، بەڵکو دامڕشتۆتەوە، بەڵام لە مەبەستی سەرەکی دوور نەکەوتوومەتەوە.

* وەرگێڕ لە کوێوە دەست پێ بکات؟ ئەزموونی ئێوە چۆن بوو؟

– **نەجەف دەریابەندەری:** ئەو کەسانەی لە هونەر، یان تەکنیکی زانستدا دەخوێنن و دەگەنە کۆتایی و هیچ کارێک ناکەن و هەر دەڵێن دەبێ بگەینە پلەی کەماڵ، ئەوانە کاریان هەر دەبێتە ئەو بە پلەی کەماڵ گەیشتنە، دیارە کەماڵیش شتێکە کەس دەستی پێ ڕاناگا، بەڵام کارکردن و نووسین و وەرگێڕان حوکم نییە هەر لە کەماڵەوە دەست پێ بکرێ. نووسەر و وەرگێڕ دەبێ لەگەڵ کاردا کامڵ بێت، ئەویش ئەگەر ببێت. ئەوە ئەزموونی منە. نووسین و وەرگێڕان دەبێ کاری لەسەر بکرێ، با کاڵیش بێ. تەنیا مەرج ئەوەیە خۆت بزانی کاڵە. ئەو کاڵییە دەبێ بە کردەوە ڕاست بکرێتەوە.

– **کامەران فانی:** باشترین کار، پێکگرتنی وەرگێڕاوێکە لەگەڵ دەقەکەی. واتە بە بڕوای من هیچ کلاس و مامۆستایەک ئەوەندە یارمەتی وەرگێڕ نادا کە خۆی دەقێک دەستداتێ و بەرانبەری کات. من وام کرد.

– **بەهادین خوڕەمشاهی:** من برادەرێکم هەیە دە کتێبی وەرگێڕاوە، بەڵام تەنیا ئەو دە کتێبەی خوێندۆتەوە، هەر دەشیانی وەرگێڕاوە. (تکایە ئەم بەشە بە زمانی ژاپۆنی چاپ بکەن دەنا زوو پێ دەزانێ). ئەوە خەسارێکی گەورەیە کە کەسێک بە قەد ئەو کتێبانەی وەرگێڕاون ئەوەندەی کتێب بە زمانی بیانی خوێندبێتەوە. بە بڕوای من ئەگەر وەرگێڕێک کەمتر لە ٥٠ کتێبی خوێندبێتەوە و دەست بەرێ بۆ ئیشی پڕ بەرپرسیاریەتی وەرگێڕان، نەختێک دەرحەق بە مافی خۆی و هەردوو زمانەکەش جەفای کردووە.

* تایبەتمەندی وەرگێڕێکی باش و پێوەندی وەرگێڕ و دەق لەلای ئێوە بە گشتی کامانەن؟

– **سەفدەر تەقیزادە:** یەکێ لە خاڵە گرینگەکانی وەرگێڕان ئەوەیە کە وەرگێڕ دەبێ لە هەڵبژاردنی بەرهەم بۆ وەرگێڕان زۆر وردبینانە سەرنج بدات. ئەوە لە ئەرکە سەرەکی و گرینگەکانی وەرگێڕە. پێش هەموو شتێک وەرگێڕ دەبێ کتێبەکەی پەسند کردبێت. نیوەی کاری وەرگێڕانێکی باش لە ڕاستیدا دەستنیشان کردنی بەرهەمێکی باشە. دەبێ بۆ وەرگێڕانی هەر دەقێک لە پێشدا سەر لەبەری باش بخوێنێتەوە و زمانێکی شیاو بۆ شێوەی وەرگێڕانەکەی هەڵبژێری. دەبێ بە موتاڵا و



بەهادین خوڕەمشاهی

لێکدانەوەی تەواو زمانێکی شیاوی بۆ دەستنیشان بکەیت، وابێ کە لە هەموو لایەکەوە لەگەڵ ڕوح و جەوهەری دەقەکە بێتەوە. ئەم کارە لە وەرگێڕاندا زۆر گرینگە و وەرگێڕ دەشێ پێش هەموو شتێک ئەو زمانە بدۆزێتەوە، چونکە ناکرێ هەموو بەرهەمێک بە زمانێکی وەک یەک و ئاسایی وەرگێڕدرێت.

– **بەهادین خوڕەمشاهی:** وەرگێڕ دەبێ کتێبەکە لە خوێنەر باشتر بناسێ. هەرچی نووسەر دەیڵێ دەچێتە ئەستۆی وەرگێڕیش. ئەوەش بڵێم کە قەت کتێبی بەکارنەهاتوو بۆ وەرگێڕان هەڵمەبژێرن. ئەگەر شتێک لەسەر کتێبەکە نووسراوە هەوڵ بدەن وەدەستی خەن و بیخوێننەوە. زۆر شەرمە لە وەرگێڕ بە قەد خوێنەر ئاگای لە ناوئاخنی دەقەکە بێت. من بۆ خۆم بۆوەی بتوانم قورئان وەرگێڕم لە ساڵانێک لەمەوبەرەوە دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە. پێم وایە زیاتر لە هەشتا وتارم لەسەر قورئان بڵاوکردەوە، ئەگەر دەقێکتان گرتە ئەستۆ، دەبێ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نووسەر و خودی دەقەکە هەرچی دەرگایە بیکوتن.

* نووسینێکی باش هونەرمەندانەترە، یان وەرگێڕانێکی باش؟

– **نەجەف دەریابەندەری:** بە بڕوای من وەرگێڕ دەبێ خاڵێکی گرینگی لەبەرچاو بێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەو

لە ڕاستیدا جۆرێک نووسەرە، بەڵام نووسەرێک کە بەرپرسیاریەتییەکی زیادیشی لە ئەستۆیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو بابەتەی گەرەکییە بینووسێ، دەبێ لە زمانی کەسێکی ترەوە بیگێڕێتەوە. دواتریش بەڵگەیەک لەخۆی جێدێڵێ کە بۆی هەیە ببێتە ئامانجی ڕەخنە و ئیرادی زۆر کەس.

**–بەهادین خۆڕەمشاهی:** من پێم وایە وەرگێڕانێکی باش هونەرمەندانەترە، چونکە نووسەر دەستی واڵایە، دەتوانێ وێنەیەک بخوڵقێنێ، یان بیگۆڕێ، یان ڕستەیەک خواروخێچ دەرهات وەلای نێ، پارەگرافێک بکاتە شەش ڕستە، یان جۆرێکی تر دابەشی کات، یان بڵێ هەر ئەو وێنەیە ناهێنم، بەڵام وەرگێڕ دەربەست و بەرپرسیارە و دەبێ شان بە شانی نووسەر بڕوا.

* پێویستی بوونی زەوقی وەرگێڕان لە وەرگێڕدا تا چ ڕادەیەکە؟

**–نەجەف دەریابەندەری:** زەوق ڕەنگە شتێکی خواکرد بێت، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە زەوق بە تەنیا بەس نییە. زەوقی کرچوکاڵ لە ڕاستیدا لەگەڵ بێ زەوقیی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. کەوایە لەم چەمکەدا دەکرێ باسی زەوق بخەینە لاوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو کەسانەی هەوای نووسین و وەرگێڕان لەسەری داون، دەبێ توانایی ئەم ئیشانە دەست خەن.

– سەفدەر تەقیزادە: هەندێکیش زەوق و سەلیقە پێویستە، بە تایبەتی زەوقی نووسیاری. هەندێ لە وەرگێڕە باشەکان لە واقیعدا نووسەرانێک بوون کە ڕەنگە بەهۆی بڕوا بەخۆ نەبوونەوە ڕوویان کردبێتە وەرگێڕان.

**– بەهادین خۆڕەمشاهی:** من ناڵێم هەندێ وەرگێڕان وەک عیشق دەچێ، واتە بۆ خۆی دێت. هەندێکیش بە فێربوونە. زیاتر لە هەندێکیش، ڕەنگە هەر بناغەی پێکهاتەکەی ڕاهاتن بێت. خۆڕاهێنان بە بەراوردکردنی بەرهەمی وەرگێڕە باش و بە ئەزموونەکان. بێجگە لەوەی کەسێک دەبێ هەست بەوە بکا کە بەدڵ دەیەوێ ببێتە وەرگێڕ. کەسێک کە لە وەرگێڕان لەزەت نابات سەرناکەوێت. دەبێ بۆ وەرگێڕان ئەو نرخەی کە گوتم من دایدەنێم، واتە زێتر لە نووسین، دانێین.

* بەو پێیەی کە دەڵێن هەر دەقێک بۆ وەرگێڕان دەست دەیتێ، دەبێ هەندێکت زانیاری لە بارەیەوە هەبێت، ئاخۆ بۆ وەرگێڕانی شیعر هەبوونی زەوقی شیعری پێویستە؟

**– کامەران فانی:** بە بڕوای من ڕوحی شاعیرانە بۆ وەرگێڕ پێویستە، نەک ئەوەی شیعری دانابێ، یان کێشی عەرووزی بزانێت. وەرگێڕانی شیعر جیاوازە. لە وەرگێڕانی شیعردا دەبێ دەستت زۆر کراوە بێ، واتە لە واقیعدا دەبێ سەرلەنوێ بنیادنانەوە بکەیت، دەنا دەیشێوێنی و کەشوهەوایەکی جوان بە چەند ڕستەیەکی ئاسایی دەگۆڕی، وەرگێڕانی شیعر کارێکی ناسەرکەوتووە، من قەت پێشنیاری ناکەم.

* پێوەندی وەرگێڕ و فەرهەنگی وشە دەبێ چۆن بێت؟

**– نەجەف دەریابەندەری:** وەرگێڕ ئەگەر بە پەلە بێت، دەنا دووتویی فەرهەنگ لێک ناکاتەوە. فەرهەنگ بۆ کاتێک دەبێ کە وەرگێڕ بە پەلە و ناچارە. هەندێ وشە هەن کە پاش سەد، یان دوو سەد ساڵ کۆن دەبن و لە خێردەچنەوە، وەک نینۆکی درێژ بوو دەبێ بیقرتێنی و فڕێی بدەیت. لە زماندا وشەی نوێ جێی وشەی کۆن دەگرێتەوە و ئەوەش بەهۆی زیندوومانەوەی زمانەوەیە. ئەم نوێگەرییە لە ئەستۆی نووسەر و وەرگێڕ و شاعیرە، چونکە ئەوان لەگەڵ زمان سەروکاریان هەیە. ئێستا لەو پێشەکییە کورتەوە دەمەوێ بەم ئەنجامە بگەم کە وەرگێڕ دەتوانێ لە فەرهەنگی دوو زمانە کەڵک وەرنەگرێ، یان ئەوەی کە بیهێڵێتەوە بۆ دوایین دەرمان. بۆ نێوی گیا و ڕووەک و نێوە نەگۆڕەکان (زات) دەکرێ کەڵک لە دوو زمانە وەربگیرێ.

**– کامەران فانی:** ئەوە زۆر خەڵەتێنەرە کە مانای وشەیەک نازانیت و چاو لە فەرهەنگ دەکەی و یەکەم مانا وەردەگری و دایدەنێی، لە کاتێکدا زۆر چەلان مانای چوارەم مەبەستە، بۆیە یەکێ لە ڕێگەکانی کەڵک وەرگرتن لە فەرهەنگ چاولێکردنی هەموو ماناکانە.

– بەهادین خورەمشاهی: تا ئەو جێیەی پێتان دەکرێ لە فەرهەنگی دووزمانە کەڵک وەرمەگرن. دەزانن بۆ؟ چونکە کاتێ ئێوە ناسیاویەکتان لەگەڵ وشەدا هەبێت، کە لە دەقی یەکەمدا دەیخوێننەوە مێشکتان دە وشەی دەوێ بیریان لەسەر بکاتەوە تا سەرئەنجام یەکیان هەڵبژێرێ، بەڵام فەرهەنگ مێشکتان سڕ دەکات. نرخی فەرهەنگی یەک زمانە لەگەڵ دوو زمانە زۆر جیاوازی هەیە. لە فەرهەنگی دوو زمانەدا دەبێ بەرانبەر و هاوسەنگ بێت،



**نەجەف دەریابەندەری**

بەڵام لە یەک زمانەدا دەبێ وشە پێناس بکرێت. لە هیچ زمان و زەمانێکدا هیچ کەسێک مافی زانستی بۆ نییە کە فەرهەنگێک وەربگێڕێت، چونکە فەرهەنگی یەک زمانە پێناس دەدا بە دەستەوە و لە فەرهەنگی دوو زمانەدا دەبێ هاوسەنگ بێت.

* ئاخۆ وەرگێڕان بنەمایەکی دیاریکراوی هەیە؟ دەبێ بۆ وەرگێڕان چ بکرێت؟

**- کامەران فانی:** دەبێ شوێنێک وەک خانەی وەرگێڕان دابمەزرێت. لە سەردەمی هاروونە ڕەشیددا وەها شوێنێک بووە بە ناوی (بيت الحكمة) و (دارالترجمة) لەوێدا دەقە یۆنانییەکان دەکرانە عەرەبی. شارستانیەتی یۆنانی یەکێ لە درەوشاوەترین شارستانیەتەکانی جیهانە و پێشینانی ئێمە پێیان زانیبوو کە دەشێ لەگەڵی ناسیاو بن. گرینگترین کاری (بيت الحكمة) ئەوەبوو کە هەم لایەنی ماددی و هەمیش لایەنی ڕوحی کارەکەی لەبەرچاو دەگرت. لەوێ وەرگێڕێکی هەرە بەناوبانگ بەناوی (حونەینی کوڕی ئیسحاق)، کە بەشی یەکەمی مەنتیقی ئەرستۆ (واتە باری ئیرمیناس)ی وەرگێڕا، هاوسەنگی ئەو زێڕیان دایە، پاشان لەپاڵ ئەوەوە پەنجا قەرەواشیشیان پێ بەخشی، لەوەش باشتر نابێ! حونەین نووسراوەیەکی هەیە دەربارەی جالینۆس و بەرهەمەکانی، لە پێشەکییەکەیدا باسی شێوەی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی جالینۆس دەکا. ئەوە یەکەمین جارم بوو کە دیتم وەرگێڕێک ١٣٠٠ ساڵ لەمەوپێش لە شێوەی کاری خۆی دوابێت. حونەین چەند خاڵ بۆ وەرگێڕان دیاری دەکا، کە من لێیانەوە فێربووم:

١- شارەزایی لە زمانی یەکەم و دووەم.

٢- شارەزایی لەسەر بابەتەکە.

٣- چوونە ناو بەرهەمەکانی تری نووسەر و هۆگربوون بە هەست و نەستی ئەو.

٤- هێزی ئەفراندن.

وەرگێڕانی ویشک هەرچەندە دروستیش بێت، بەردەنگی نییە. لە واقیعدا بوونەوەرێکی بێ گیانە. ئەوەش لە حونەینەوە فێربووم.

- بەهادین خوڕەمشاهی: چوار بنەمای سەرەکی سەرکەوتن لە هەر ئیشێکی کردەوەیی ئەمانەن:

١- بنەمای ڕوحی (دەستدانە کارێک بە ویستی دڵ).

٢- پەرەپێدانی زانستی تیوری (خوێندنەوەی کتێب، وتوویژ، وتار، لێدوان، گۆڤار و...تاد لە بابەت وەرگێڕانەوە).

٣- کۆکردنەوەی سەرچاوەکۆن و نوێیەکان. هەندێ کار وەک ناسینی ئیسلام دەخوازێ سەرچاوەکانی تا بکرێ کۆنتر بن. بۆ هەندێکیش وەک فەرهەنگ دانان، پێویستە لە نوێترین دەسکەوت و بڵاوکراوەکان بە ئاگا بین.)

٤- ڕەچاوکردنی شێوازێکی دروست و باش.

* ئەو هێمایانەی لە دەقەکەدا هەن دەبێ دەقاودەق بگوازرێنەوە ناو وەرگێڕاوەکەش، وەک ویرگول و خاڵ و دووخاڵ و ئەوانە؟

**- کامەران فانی:** نا، ئەگەر هەر نەشیانگوازینەوە زەرەرێکی ئەوتۆ لە زمانی فارسی ناکەوێ. ئێمە ١٣٠٠ ساڵ هەر نیشانەمان نەبوو. ئەوانە لەم ٢٠، ٣٠ ساڵەی دواییدا لە ڕۆژئاواوە فێربووین. من پێم وایە نابێ هیچ دەربەستی نیشانەی دەقەکە بین. دەبێ پاش وەرگێڕان، لە زمانی دووەمدا نیشانەی ئەوێ لە کارکەین، نەک لە دەقەکەدا چۆنە دەقاودەق بیگوازینەوە ناو وەرگێڕانەکە.

* ئێستا لە ڕۆمانی نوێدا، بۆ نموونە (ئالان ڕۆب گرێ) حەوت هەشت لاپەڕەی نووسیوە، تەنانەت خاڵێک، یان ویرگولێکیشی دانەناوە.

**- کامەران فانی:** باشترین نموونە ڕۆمانی (یوولیسیس)ی (جەیمز جۆیس)ـە کە لە بەشی کۆتاییدا،

ئەو جێیەی (ماڵی) لە پێخەفەکەیدا زیندەخەون دەبینێ، ٣٠ لاپەڕە یەکبین و بێ نیشانە نووسراوە.

* شکڵ و فۆرمی دەق دەبێ لە وەرگێڕاندا چۆن لەگەڵی تاووتو بکرێت؟

**– سەفدەر تەقیزادە:** خاڵێک کە ڕەنگە هەندێ کەم هەمیەت لەچاو بدا، گواستنەوەی شکڵ و فۆرمی نووسراوەکەیە. بۆ نموونە نووسراوەکانی هەمینگوای، بە تایبەت کورتە چیرۆکەکانی، فۆرمێکی تایبەتییان هەیە. هاوسەنگییەک لەنێوان بەشە لێدوانەکانی و ئاخافتنەکاندا هەیە و جاری وایە ڕستەیەکی کورت بەجێی پارەگرافێک نووسراوە، یان دوو کەسایەتی ژن و پیاو کە پێکەوە دەدوێن قسەکانیان لەبن یەکەوە بە شێوەی ژنەکە گوتی، پیاوەکە گوتی هەروا چەند جار پاتە بۆتەوە، وەرگێڕیش دەبێ هەر ئەو شێوازە ڕەچاو بکات. لە بەرهەمەکانی (فۆکنەر)دا ڕەنگە لاپەڕەیەک دوابەدوای یەک و بێ نیشانە و دەست هەڵگرتن و گەڕانەوە سەر خەت نووسرابێ، وەرگێڕیش دەبێ فۆرم و جۆری پارەگرافبەندی و نیشانەکانی دەقەکە ڕەچاو بکات. هەڵبەت دەبێ لە نیشانە دەستوورییەکان هەندێک وردتر بیتەوە، چونکە نیشانەکان لە هەردوو زماندا هەمیشە یەک ناگرنەوە.

* مانەوە لەناو کۆمەڵگای زمانی یەکەمی دەقدا وەرگێڕی بە توانست بەرهەم دێنێت؟

**– کامەران فانی:** بۆی هەیە، بەڵام هەمیشە وانییە. زۆربەی ئەوانەی لە وڵاتانی دەرەوەوە گەڕاونەتەوە، وەرگێڕی باشیان لێ دەرنەچووە. ئاغای خورەمشاهی دەیگوت ئەوەی زیاتر ماوەتەوە کۆڵەوارترە، چونکە فارسییەکەشی لەیادچۆتەوە.

* پێوەندی نێوان وەرگێڕ و وشە چۆنە؟

**– بەهادین خورەمشاهی:** من عاشقی وشەم. بە ڕاستی وشە بۆ من بوونەوەرێکی زیندووە. من ڕێزێکی زۆر لە وشە دەگرم، یانی ئامادەم لەبەر پێی هەستم و حورمەتی بگرم و لەگەڵی وەک بوونەوەرێکی ڕوح لەبەر هەڵسوکەوت بکەم. بۆ من دۆزینەوەی جیاوازی نێوان دوو وشە بایەخێکی لە ڕادەبەدەری هەیە. بە بۆچوونی من وەرگێڕان زانست، هونەر، یان هونەری ناسینی هاوتاکان و هاوماناکانە. بۆ من ئەوپەڕی چێژی ڕوحییە، ئەگەر بۆم دەرکەوێ دوو وشەی هاومانا تۆسقاڵێک پێکەوە جیاوازن.

**– کامەران فانی:** وەرگێڕێک کە جەغزی وشەدانی کورت بێ، قەت ناتوانێ ببێتە وەرگێڕێکی باش، هەرچی وەرگێڕ وشەی زیاتر بزانێت و مێشکی بۆ بانگهێشت کردنی وشە ئامادەتر بێت، بەهێزتر لەگەڵ دەق دەجووڵێتەوە و سەرکەوتووتر دەبێت. زۆرجار شتێک دەخوێنیتەوە، تێدەگەیت و دەزانی دەڵێ چی، بەڵام نازانی چ وشەیەک باش و بەجێیە بۆ وەرگێڕانی، بۆیە دەبێ وەرگێڕ خەریکی ئەدەبیاتی کلاسیکیش بێت بۆوەی وشە بناسێت. ئەوە یەکێ لە بنەماکانی وەرگێڕ و وەرگێڕانە.

* وەفاداری بە دەق لە وەرگێڕاندا چەندە دەبێ وەک بنەما وەرگیرێت؟

**– سەفدەر تەقیزادە:** مەبەست لە وەرگێڕانی نزیک بە دەق وەرگێڕان، بە واتای وشە بە وشە نییە. ئەم دووانە نابێ تێکەڵ بکرێن. وەرگێڕ دەبێ لەگەڵ سەرنجدان بە پێکهاتەی دەقە سەرەکییەکە و نزیک بوون بەو، بە جۆرێک داهێنانیش بکات و وردەکارییەکانی دەقەکە بە نیسبەت چۆنیەتی زمانی دووەم دیسانەوە بنیاد بنێتەوە. خاڵێکی تر ئەوەیە کە وەرگێڕان دەبێ تاموبۆی هەبێ، ئەگەر وەرگێڕێک دەقێکی بە تایبەت ئەدەبی بە وردی وەرگێڕابێت، بەڵام ئەنجامەکەی شتێکی ئاسایی بێت، وەرگێڕانێکی سەرکەوتووانەی نەبووە. وەرگێڕان دەبێ تاموبۆی هەبێت و زاڵ بوون بەسەر ئەم حاڵەتەشدا لە ڕێگەی ئەزموون و کارکردن و تاقەت هێنان و کۆڵنەدانەوە دەلوێ.

**– کامەران فانی:** هیچ وەرگێڕێک سەد لە سەد بە دەق وەفادار نییە. تەنیا خراپترین وەرگێڕەکان دەقەکە چۆنە، ڕاست وای دەگوازنەوە، بەڵام وەرگێڕێک سەرکەوتووە کە ئاستی دەست تێوەردانی سنووردار بێت، واتە دەقەکە نەشێوێنێ. ئەوەش هیچ فورمۆلێکی دیاریکراوی نییە تەنیا بە ئەزموون پێی دەگەیت. هەموو وەرگێڕێک دەبێ دەق و وەرگێڕاوێک پێک بگرێ. نەک هەر دەقی باش، بەڵکو دەقی خراپیش، لە دەقی خراپیش زۆر شت فێر دەبی، ئەگەر دوو وەرگێڕاو لە دەقێکیش دەست خەیت، زۆر باشترە. ئەوەدەم داوەری دەکەیت و خۆت وەرگێڕاوێکی باش دەردەخەیت. کاتێ ڕستەکە دژوارە دەکرێ تا ڕادەیەک دەستی تێوەردەی و لە خۆت مایە

دانێی، بەڵام کە ڕستەیەک لەسەر پێی خۆی بوو، هۆیەک بۆ دەستتێوەردانی شک نابەم. وەرگێڕێک کە پێوەی زیاد دەکات ناشێ زانیاری زیاد کات، بەڵکو تەنیا دەبێ زمانەکە هەڵپەرتاوێ. واتە لە وەرگێڕاندا مافی هەیە جوانی زمان، یان ڕێکارەکانی زمان زیاد کات نەک بابەت. بۆ نموونە ئەگەر نووسراوە تەیموور فلان کاری کرد، نابێ بنووسێ تەیموور لە فلان ساڵدا فلان کاری کرد، دەنا دەبێ لەژێر لاپەڕەکەدا ڕوونکردنەوە بدات. لانی کەمییەکەی وەرگێڕان دەستەواژەیە، پاشان دێتە سەر ڕستە، ئەگەر زەینتان زۆر باشە دەتوانن پارەگرافێک وەرگێڕن، هەرچی یەکەی بچووکتر هەڵبژێرن و خێرا خێرا چاوتان وشە بە وشە بگێڕن، واتە بە قوونە خشکە بڕۆنە پێشێ، وەک کەسێک دەچن کە دەترسێ بکەوێ و دەستی بە شتێکەوە گرتووە. دەبێ مەودای خۆتان لە دەقەکە هەندێک دوورکەنەوە، بۆیە دەبێ یەکەی گەورەتر هەڵبژێرن. لانی کەم ڕستەیەک، یان دوو ڕستە وەرگرن، بیخوێننەوە با بە مێشکتان بکەوێ، ئینجا وەری بگێڕن.

* بەدەر لە دەق، وەرگێڕ چ خەسڵەتێکی تایبەتی پێویستە؟

– **بەهادین خورەمشاهی:** با باسی نۆستالیژی کەلوپەلی نووسین بکەم. ئەگەر کەسێک عاشقی کڕینی کەلوپەلی نووسین نییە و بەپووشە و پاکوون و ئەتیکێت و چەسپە و گیرە جۆراوجۆرەکان کەیف ناکات، من پێم وایە دەبێ فکرێک لە حاڵی خۆی بکاتەوە.

– **کامەران فانی:** وەرگێڕان پیاو نەخوێندەوار دێڵێتەوە. ئەو بڤەی نەخوێندەواربوونەیە کە زۆربەی وەرگێڕەکانی جیهان و لەگەڵیاندا ئێرانیش گیرۆدەین. زۆر کەس لایان وایە، چونکە وەرگێڕەکان بەرهەمی گرینگ وەردەگێڕن، ئەوە ئیتر کەسێکی زۆر خوێندەوارن، بەڵام وانییە، وەرگێڕان کاتی وەرگێڕ زۆر دەگرێ.

ناپەرژێتە سەر خوێندنەوە، دەبێ وریا بی. کە بەرهەمێکتان وەرگێڕا و پاش ماوەیەک سەرلەنوێ چوونەوە سەری، وا هەست دەکەن کارەکە هی خۆتان نییە. لێرەدایە کە دەتوانی بە دیدێکی هەڵەگرانەوە سەیری بکەیت و ڕێکوپێکی بکەیت. ئەوە بۆ فێربوونی زمانیش کەڵکی زۆرە.

* چ جیاوازییەک لەنێوان نووسین و پەیڤیندا هەیە و لە وەرگێڕاندا چۆن کەڵکیان لێ وەردەگیرێ؟

– **نەجەف دەریابەندەری:** ئەوە باسێکی دوورودرێژە، من بە کورتی لێی دەدوێم. بە بڕوای من ئەوەی وەک زمان باسی لێ دەکرێ، زمانی ئاخاوتنە، یانی هەر ئەو دەنگانەی ئینسان لەخۆی دەردەخا تا مەبەستەکەی لە خەڵکی تر بگەیەنێ. ئەوەندە بەسە کە بیهێنینەوە بیر خۆمان هونەری نووسین کەمتر لە ٤٠٠٠ ساڵی تەمەنە. لەمەوپێشتر شتێک بەم ناوە هەر نەبووە. زمانی نووسین وەک لەخۆیەوە دەردەکەوێ شکڵی تۆمارکراوی زمانە ئەو شکڵە بێ گومان لەسەردەم، یان دەڤەرێکی تایبەت دەنرێ، چونکە تۆمارکراوە تا ڕادەیەک نەگۆڕاو ماوەتەوە. تۆمارکەری ئەو زمانە هەر ئەو کەسەیە کە پێشتر پێیان دەگوت میرزا (دەبیر) و ئێستا ئێمە پێی دەڵێین نووسەر. هەندێک لە جیاوازییەکانی زمانی ئاخاوتن و نووسین لە جیاوازییەکانی دوو کردەوەی ئاخاوتن و نووسینەوە سەرچاوە دەگرێ. قسەکەر تەنیا نییە، مەگەر کەسانی وەک من کە جاری وایە لەگەڵ خۆم دەدوێم، نووسەر هەمیشە تەنیایە. قسەکەر تەنیا جارێک ڕستەکەی دەڵێت، نووسەر دەتوانێ ڕستەکەی چەند جار خەت لێدات و سەرلەنوێ دایڕێژێتەوە. قسەکەر ئەگەر دژەباو بئاخڤێ گوێگرەکانی بە هێندی ناگرن، نووسەر ڕەنگە ئەم کارە وەک هونەرێکی تایبەت بە دەستەوە بدات و لانی کەم بەشێک لە خوێنەرەکانی لێی وەرگرن. ئەنجام ئەوەی کە ڕستەکانی زمانی پەیڤین پتر کورت و ڕێزمانەکەی سادەیە، بەڵام ڕستەکانی زمانی نووسین ڕەنگە زۆر درێژە و (نەحو)ەکەشیان زۆر پێچەڵاوپووچ بێت. ئەنجامێکی گرینگتر ئەوەیە کە زمانی پەیڤین نوێنەری دوایین گۆڕانێکە کە لە زماندا ڕووی داوە. بە واتایەکی تر زمانی پەیڤین دینامیزمی زمان پیشان دەدا، بەڵام زمانی نووسین وەک ئاماژەم پێکرد تا ڕادەیەک نەگۆڕە، یانی شکڵی کۆنی زمان، یان تەنانەت جاری وایە شکڵی لە کارکەوتوو و مردووی زمان نیشان دەدا. هەڵبەت زمانی نووسین تەواو نەگۆڕ و وەستاو نییە و بەهۆی کاریگەری زمانی پەیڤینەوە تا ڕادەیەک دەگۆڕدرێ. لەلایەکی ترەوە ڕەنگە زمانی نووسین دەرگاکانی لەسەر زمانی پەیڤین گاڵەدا و لە گۆڕانکارییە سروشتییەکانی زمان بێ بەش بێت. ئەوە شتێکە کە لە مێژووی زمانی فارسیدا ڕووی داوە. ئەوەندەی دەوێ چاوێک بە زۆرێک لە دەقە پەخشانە بەناوبانگەکانی فارسیدا بخشێنین تا بۆمان

دەرکـــەوێ زمـــانی نووسین تا چ ڕادەیەک بۆی هەیە ببیـەستێ. جیـاوازییـەکی تریش هەیە ئەویش زاراوەیە، ئەوەی کە جارجارە دێتە ناو نووسینەوە و دەکرێ ناوی لێ بنرێ زمـــانی پەیڤین- نووسین. بە بیـــرورای من لەسەردەمی ئێمەدا زمانی پەیڤین خەریکی پێشکەوتنە و زمانی نووسین بەرەو دوا دەچێ. لە واقیعدا ئێمە ئێستا لە قـۆناغـێکی دوو زمـانیـداین، قـۆناغی دوو زمـانیش هەمیـشە پێشـەکییـەکە بۆ گوازرانەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.

* کەڵک وەرنەگرتن لە وشە دەرەکییەکان چ سوودێکی بۆ پاڵاوتنی زمان هەیە؟

– **نەجەف دەریابەندەری:** دیارە مەبەست خۆ دوورگرتن لە وشە عـەرەبییـەکانە. جاری وایە هەندێ کـەس هەوڵ دەدەن تەنیـا لە وشـەی فـارسی کـەڵک وەرگرن و بە هیچ نرخـێک ڕازی نین دەست بۆ وشـەی عــەرەبی بەرن. بە بڕوای من ئەوە نەخۆشییە. من پێم وا نییە هەموو وشە عەرەبییەکان دەبێ لە زمانی فارسی دەرهاوێژرێن، ئەوانە غـەنیمـەت و دارایین و دەبێ کەڵکیان لێ وەرگیـرێ. من خـۆم کـاتی نووسین هیچ ناچار نیم بۆ وشـەیەک کـە لە فـارسیـدا هەیە، وشـەی عـەرەبی دانێم، بەڵام لەلایەکی ترەوە زمانی عـەرەبی، بە تایبەتی لە بابەتە فـەلسـەفی و زانسـتیـیەکاندا وەک پشـتیـوانی زمـانی فـارسی وایە، ئەوەش تەنیـا بۆ فارسی وانییە. چاو لە زمانی ئینگلیزی بکەن زۆربەی وشە فـەلسەفی و زانسـتییەکانی لاتینییە. لاتین بۆ ئینگلیزی ڕاست وەک عـەرەبی وایە بۆ فـارسی، پێم وایە نابێ نیگەرانی ئەم بابەتە بن. زمـانی ئێمە شتە ناپێـویسـتـەکـان وەلا دەنێت و ئەوەش ڕەوتێکی باش و پیرۆزە.

* ئێـوە گـوتتـان نابێ لە وشـە مـردووەکـان کـەڵک وەرگرین. لە بابەت وەرگێـڕانی دەقە کۆنەکانەوە دەڵێن چی، ئاخۆ دەکرێ هەر بەو زمانەی ئێستا قنیات بکەین؟

– **نەجـەف دەریابەندەری:** مـەبەسـتم ئەوە نەبوو هەر نابێ کــەڵک لە هەندێ وشــە وەرگــرین، کــە دەڵێین وشـەیەک دەمرێ، واتە ئەو وشـەیە لە مێـشکی ئێـوەدا نامـێنێ، بۆ دۆزینەوەی دەبێ بچن دەقـە کـۆنەکـان و فـەرهەنگی وشـەکـان بپشکنن. من پێم وایە وەرگێـڕاوی وەها دەقـێک دەبێ ڕەنگی کـۆنی هەبێت، بەڵام ئەگـەر بتـەوێ بۆ نموونە بزانی ٥٠٠ سـاڵ لەمـەوپێش بە فـلان شتیـان دەگوت چی و کەڵکی لێ وەرگری، لە ئاکـامـدا وەرگێڕانەکە هیچی لێ دەرناچێ و مانایەک نادا.

**سەرچاوە:**

**(سی سال ترجمه سی سال تجربه- مـهدی افشـار- گفـتگو با بهادین خرمشاهی ١٣٢٤، نجف دریابندری ١٣٠٨، کامران فانی ١٣٢٣، صفدر تقی زاده ١٣١١، چاپ دوم، واژه ارا، ١٣٨٣).**

# مەی و مەستی لە شیعری سۆفیگەری کوردیدا

**محەمەد سلێمان عەباس**

هەر لە سەدەی دووەمی کۆچیدا، مەی لە شیعری سۆفیگەریدا بووە هێما و ڕەمزێکی عیرفانی و چەندین وشە و زاراوەی پەیوەست بە مەی و حاڵەتی مەستبوون لە شیعری سۆفیگەریدا بەکارهاتوون. سۆفییەکان هەمان ئەو وشە و زاراوانەیان بەکارهێناوە، کە لە بواری شیعری مەیگوساری (الخمریات) بەکارهاتوون، کە ئەم جۆرە شیعرانە لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیدا گەشەی سەند، بەڵام سۆفییەکان حاڵەتی مەستبوونیان پەیوەست کردبوو بە (حاڵ و مقامات)ی سۆفیزم.

مەی و شەراب کە لە کولتووری ئاسایی و دابونەریتە باوەڕدارییەکاندا خواردنەوەیان قەدەغەیە و دەبێ شاعیری سۆفی پەنا بەرێتە بەر حاڵەتێک کە پەیوەستە بە بیری سۆفیگەرییانەوە.

مەی شوێنێکی دیاری لە شیعر و کەلەپووری سۆفیزمدا هەیە و لای ئەوان مەی هێمایە بۆ سۆزی بەتین (الوجد)ی سۆفیانە و هەر لە سەرەتاییەکانی سۆفیگەریدا حاڵەتی (الوجد)ی سۆفی بە مەی و حاڵەتی مەستبوون بەراورد کراوە.

ئەو شاعیرانەی گەلانی تر کە پابەندی سۆفیزم بوون، بیروڕاکانیان لە ناو تابلۆی شیعرەکانیاندا دەنەخشاند و بە ئاشکرا ڕەمز و مەسەلە و زاراوەکانی سۆفیزمیان لە شیعرەکانیاندا دەردەبڕی، لەتەک ئەم دەربڕینەشدا گەلێ باسی (مەی) و سەرخۆشی و مەستبوونیان کردووە، ئیدی لە "رابعة العدوية" وە بیگرە تا دەگاتە " جلال الدين الرومي" و " ابن الفارض" و"ئیبن العربي" ئەوانە مەسەلەی مەی نۆشین و مەستییان لە هۆنراوەکانیاندا باس کردووە.

ئەوانەی بەرگرییان لە وڕێنە (شطحات)ی سۆفییەکان کردووە، وای بۆچوون گوایە ئەو وشانەی باسی مەی و مەستی دەکەن، بۆ ئەوەیە تا مرۆڤی ئاسایی لە تاموچێژی دۆستایەتی خودا نزیک بخەنەوە، تا بزانن سۆفییەکان کە وڕێنە دەکەن، بە فەیزی خواوە مەستن، نەک مانای ئەوەیە کە مەی دەنۆشن. واتە مەبەستیان لەو جۆرە ڕەمز و وشانە، مانا ڕواڵەتییەکەی نییە، بەڵکو لە پەنای ئەو مانایەدا مانایەکی مەجازی هەیە، ئەو مانایە ئاماژەیە بۆ مەستبوون بە مەی خۆشەویستەکەیان کە خودایە.

بۆ نموونە " جلال الدين الرومي" دەڵێ:

**الله ساقينا والله خمرنا و الله يعلم اى حب حبنا**

یان " ابن الفارض" دەڵێ:

**شربنا على ذكر الحبيب مدامة**
**سكرنا بها من قبل ان يخلق الكرم**

شاعیرە سۆفییەکان، باسی مەی و مەستی و سەرخۆش



**مەلای جزیری**

بوونیـان کـردووه، لەوانەشە تامیـان نەکـردبێ، حـافـزی شیرازی کە لە وەسفی شەراب و مەستیدا کەس دەسکی لەدوونەگـرتووه، ڕەنگە هەر توخنی شـەراب نەکـەوتبێ، واتە ڕەنگە شاعیری سۆفی ئەوتۆ هەبن کە هەرگیز خۆیان لە قەرەی شەراب و ئافرەت نەدابێ، کەچی شیعری زۆر چاکیان لەم دوو بابەتەدا گوتووه.

شاعیری سۆفی کە باس لە مەی دەکات، کاریگەرێتی ئەو کەلەپووره شیعرییەی لەسەره کە بۆ شەرابی ئاسایی وتراوه، ئەگـەرچی ئیـسـلام شـەرابی تابو کـردووه، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ، کە شیعر بۆ مەی گوتن دوای سەرهەڵدانی ئیسلام پەرەی سەندووه.

ئەگـەر زۆربەی شـاعیـره سۆفـیـیـەکان داوای "مـەی" و "ساقی" یان کردبێ، لەوانەیە حەقیـقـەتی وشەکـەیان لا مەبەست نەبووبێ، وایان پیشانداوه کە ئەوان بۆیە وڕێنە دەکـەن و ناوی مەی دەبەن، چونکە بە مـەیی پەروەردگـار مەستن و "ساقی" چ خودا بێ چ فریشتە و چ پێغەمبەران بن، پیاڵەی مـەی داوه بە دەستیـانەوه، یان مەبەسـتیـان ئەوەیە کە بە خـۆشـەویسـتی خـودا مـەست دەبن و خـاو دەبنەوه و دەیانەوێ لە هۆش خۆ بچن و خۆیان لە زیندانی بەدەنی خـۆیان دووربکـەنەوه و پەرده لە نێـوان خـۆیان و خۆشەویستەکەیاندا لابدەن و بە فـەیزی ئەو شاد ببنەوه، ئەمـە لێکدانەوەی ئەو کـەسـانەیە کـە لە ڕوانگەی سۆفییەکانەوه بیردەکەنەوه. (گ، ڕۆشنبیری نوێ).

کـاتێک کـەسی سـۆفی دڵ و دەروونی پڕ دەبێت لە عیشق و خۆشەویستی خودا و وا هەست دەکات کە زۆر لە خـــودا نـزیک بـۆتەوه، واتە دەگـــاتـە لـوتکـەی خۆشەویسـتی یەزدان، ئەوه بە تەواوی لە ئەودا دەتوێتەوه و ئیـدی هیچ هەسـتکردنێکی بە خـۆی نامـێنێ و لە نێـو زاتی ئەودا ون دەبێت، لەو کاتەدا سۆفی دەچێتە ناو دۆخ و حاڵـەتی مەستبوون. سۆفـییەکان ئەم حاڵـەتەی نەشوه و مـەسـتـبـوونەیان بە ڕەمـز و وشـەی جـۆراو جـۆر دەربڕیوه، وەک: (الغـيـبـة والحـضـور، الـصـحـو والسكر، الذوق والسكر)، هەروەها شاعیره سۆفـییـەکان، هەر لە سەدەی دووی کـۆچیـیـەوه لە شـیـعـرەکـانیـاندا، باسی (مـەی، شـەراب،جـام)یان کـردووه، بۆ نموونە داوود ئەلتـائی (م ١٦٤ ك) لە دێره شیـعرێکدا دەڵێ: (اعطوني صباحا شرابا يقال له شراب الانس، فاليوم عيد اسلمت نفسي للابتـهاج فـيـه)، هەروەها (يحيى بن معاد الرازي)ش کە سۆفـیـیـەکی شـاعیـر بووه، لە نامـەیەکـدا کە بۆ (ابي يزيد)ی نووسـیـوه، تێـیـدا دەڵێ: (سكرت من كـثـرة ماشربت من كأس محبـتـه) لە وەڵامدا (ابي يزيد)یش نامـەیەکی بۆ نووسیـوه، تێیدا دەڵێ: کەسانی تر ئاوی هەموو ئاسمانیان خواردۆتەوه، کەچی هێشتا هەر تینوون و هۆنراوەیەکی بۆ نووسـیـوه، کـە تێـیدا هاتووه، (شربت الحب كاسا بعد كأس فما نفد الشراب و مارويت بعد) واتە سوکر و مـەستبوونی سۆفی حاڵـەتێکە لە حەپەسان و دەهشەت، ئەمە وا لە سۆفی دەکات لە دەوروبەر دابڕێ و هەست بە هیچ نەکـات، جگە لە ئامادەبییەکی یار(خودا). بێ گومان سۆفی ناگاتە ئەو حاڵـەتە ئەگـەر دڵ و دەروونی لێـوان لێـو نەبێت بە عـیـشـق و ئەڤـینی خـودا، واتە مـەسـتـبـوون بەرهەم و بەری خـۆشـەویسـتـیـیـە، هەروەک (الشـبـلي) لەم بارەیەوه، دەڵێ: (ان المحـبـة للرحـمـن سكرني وهل رأيت محبا غير سكران؟)

پێـویـسـتـە لێـرەدا ئـامـاژە بـەوە بکـەیـن، کـە بـە دیـدی سۆفیگەری، شەرابی سۆفیـان، ئەو مەی و شەرابە نییە، کە سـەری مـرۆڤ تەپ دەکـات و هەسـتـەکان خـاو و لاواز دەکـات، بەڵکو بە پێچەوانەوه، دەروون هۆشیار دەکاتەوه و ویژدان زیندوودەکـاتـەوه و ئاسـۆیەکی فـراوان بۆ دڵی سۆفی دەکاتەوه.

(عـبـدالرازق الكاشـاني)، سـەبارەت بە مـەسـتـبـوون (السكر) دەڵێ: مـەسـتـبـوون حـاڵـەتێکی دەهشـەت و

سەرسامبوونە بە بینینی ڕوخساری جوانی یار، لەبەر ئەوەی کاتێک ناخ و دەروونی سۆفی کێشمانی خودا دەبێت، سۆفی دووچاری حەپەسان و واق وڕمان دەبێت لە بەرانبەر یار و ناخ و دەروونی چالاک و شادمان دەبێت، واتە ئەو سەرسامی و دێوانەییەی سۆفی لە ئاکامی جوانی یار پێی دەگات، حاڵەتی مەستبوونە.

پوختەی مەسەلەکە، ئەوەیە کە مەستبوونی سۆفی لە ئاکامی بینینی خودا و دەرکەوتن و تەجەلیاتەکانی خودایە، ئەم حاڵەتەش (حەپەسان و دەهشەت وسەرسامی و بەختیاری و شەیدابوون) لەگەڵ خۆیدا بۆ سۆفی دێنێت، ئەم دیاردانەش عەقڵ لاواز دەکەن و لە کاری دەخەن و چرای عەقڵ دەکوژێننەوە. لەم هۆگربوون و شەیدابوون و سۆزە بەتین(الوجد)ـەی خوداییە، ناخ و دەروونی سۆفی دەگاتە ئەوپەڕی کامەرانی و سۆفی لە بارودۆخی ئاسایی دەردەچێت و دەگاتە حاڵەتی کەمالی ڕوحی و سۆفی ئەم حاڵەتە بە وشە و زاراوەی سەیر و نامۆ دەردەبڕێت، کە بە وڕێنە (شطحات) ناسراوە.

کەواتە مەستبوون: مەستبوونە لە عیشقی خودایی و بێ ئاگابوونە لە تەواوی شتەکانی دەرەوەی مەعشووق، دەکرێت مەستبوون جۆرێکی دیکەی دێوانەبوون بێت، کاتێک عاشقەکان مەستی عیشقی مەحبووب دەبن، ئیدی لە هەموو شتەکانی دەرەوەی ئەو دادەبڕێن و چاویان تەنیا یار دەبینێت و گوێیان تەنیا یار دەبیستێت و زمانیان تەنیا یار دەڵێت و... هەر مەستبوونە وا لە سۆفییەک دەکات لە کاتی دارکاری کردنیدا هەست بە هیچ ئازارێک نەکات. مەستی پڕبوون لە بەزم، سەمای دەروێشانە بەدوای خۆیدا دێنێت.

مرۆڤ بۆ ئەوەی بچێتە نێو دنیای عیشقەوە، پێویستە مەست بێت و چاوی جگە لە مەعشووق هیچی دیکە نەبینێت و عەقڵی ناتەواوی بەرژەوەندیخوازانە بە بادەی عیشقی خودایی پووچەڵ کردبێتەوە.

شاعیری سۆفی کە باس لە مەستبوون دەکات، لای وی دیاردەیەکی گیانیی باڵێیە و مەبەستی مەستبوونێکی خوایی مەعنەوییە، کە لە ئەنجامی بینین و جوانی ڕەهای خواوە پێی دەگات و تووشی سەرسوڕمان دەبێ و لای ئەو مەستی: وەجدە، نەک سەرخۆشی، هەر کە بەو حاڵەتەش گەیشت، ئیدی سروشتی بە تەواوی دەگۆڕێ، ئەم گۆڕانکارییەش لە ئەنجامی هەژانی ناخییەوە و لە ڕێی بینینی جوانی خوداییەوە سەرهەڵدەدا، نەک لە ژێر کاریگەرێتی هۆکاری ماددی و دەرەکیدا.

مەستی لای سۆفییەکان، حاڵەتێکی ویژدانییە نەک زەینی، حاڵەتێکی کەم خایەنی برووسکەییە لە شێوەی ئیلهامدا و شاعیری سۆفی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتە پشت بە بەشێک لە هەمان ئەو زاراوانە دەبەستێ کە پێشتر شاعیرانی دیکە بەکاریان هێناوە، بەڵام لای ئەم بە مەبەستی سۆفییانە.

شەراب لای شاعیری سۆفی پێوەندی بە ڕەزەوە نییە، کەرەستەی سەفەری گیانە بۆ جیهانێکی دیکە، ئەو سەفەرەش بێ سۆز و بەزەیی خودا ساز نابێ، ئەو شەرابە وەک " ابن الفارض " دەڵێ: پێش ئەوەی ڕەز هەبووبێ هەبووە و لە جامی مانگی چواردەدا دەخورێتەوە و خۆر دەیگێڕێ، ئەو شەرابە ڕووناکییە نەک ئاگر، گیانییە نەک جەستەیی، هەرچی بەو شەرابی ئەوینی خوداییە بە تەواوی مەست نەبێ، بە بینینی تیشکی جوانی یەزدانی شاد نابێ. لای شاعیری سۆفی، مەی: سیمبۆلی خۆشەویستی خواییە و ساقی: ڕێبەر، مەینۆش: سالیک و پیری مەیخۆر: قوتب و جام: تیشکدەری جیلوەی خوایی و موتریب: بێدارکەرەوە و گۆرانیش: پلەی پیرۆزییە. کە وابوو کاتێ خانی، دەڵێ:

**ساقی تو بڕێژە جامێ مینا**
**ئاڤا کۆ دکەت زەمیرێ بینا**

مەبەستی لەو شەرابەیە کە چاوی دڵ و دەروون بە بینینی تیشکی جوانی خودایی ڕۆشن دەکاتەوە.

سۆفییەکان نە ڕووبەڕووی واقع دەبنەوە، نە لەگەڵێدا ڕادێن، بۆیە بە هۆی شەرابی عەشقی یەزدانییەوە مەست دەبن و لە جیهانی واقیع دادەبڕێن و لە جیهانی خەیاڵدا دەگیرسێنەوە.

مەستبوونی سۆفیان لە سەرەتاوە بە بێ ئاگایی لە دەوروبەر دەست پێ دەکات، واتە هەستەکانی بۆ سەر دەرەوەی خۆی لەکار دەکەوێ و لە زاتی خۆی بێ ئاگا دەبێ و ئەو حەقیقەتە هەموو بوونی داگیر دەکات و لە خۆی و لە دەوروبەری خۆی دادەبڕێت و وا هەست دەکات ئەو لەگەڵ حەقیقەتێکی ڕەهادا یەکی گرتووە.

غەزالی پێی وایە، حاڵەتی مەستی(السكر) سۆفی دەگەیەنێتە پلەیەک، عەقڵ و هۆش لە گۆڕێ نامێنن و ئەوەی بە زمانیدا بێ دەیلێ، دوای ئەوەی حاڵەتی مەستی سووک دەبێ دەڕەوێتەوە، دەسەڵاتی عەقڵ جێگەی خۆی دەگرێتەوە و سۆفی تێدەگا ئەوەی پێی

گەیشتووە ئاوێتەبوون نەبوو، بەڵکو توانەوەیە لە خۆشەویستیدا.

لای هەندێ لە سۆفییەکان کە تووشی نائومێدی دەبن لە خۆشەویستی مەجازی پەنا دەبەنە بەر خۆشەویستییەک، کە هەتاهەتایە تووشی نائومێدی نەبن، ئەویش خۆشەویستی و عەشقی خودابییە. مەلای جزیری لە شێوەی هەموو سۆفییەکی دیکە، سەر دەکاتە نێو مەیخانەی عەرشی خوداییدا و شەرابی نووری بارەگای یەزدانی دەنێت بە سەریەوە و سەرمەستی بارەگای نووری حەق دەبێت و بە هۆنراوەیەکی پڕ سۆز و بە جۆشوخرۆشەوە و بە دڵێکی پڕ لە ئارەزووەوە دەست دەکات بە ستایشی خودا و دەڵێت:

**ئەول کۆ یارێ دامە، یەک زەڕیەک عنایەت**
**قسمەت مە خەمر و جامە، د د ەفتەرا هدایەت**
**حوسن و جەمالێ جانان نادێرتن تویایان**
**هەرچی نەبت بدایەت اصلا نهن نهایەت**
**عارف حەتی نەنوشی مەی ژ دەست مەی فرۆشی**
**عاتب نەبوو ژ هۆشێ، پەیدا نەکر ولایەت.**

لەم بەیتانەدا جزیری بە جوانی چووەتە نێو فەلسەفەی سۆفێتییەوە، (یار) لێرەدا بە ئیستیلاحی سۆفێتی مەبەست خودایە، هەروەها مرۆڤ کە هاتە نێو مەیخانەی عیشقەوە دەبێت شەرابی عەشقی خودایی بنۆشێت، تا کار بکاتە سەر دڵ و دەروونی و وردە وردە بە هەموو شادەمارەکانیدا بتەنێتەوە، لەگەڵ خوێن و ماسولکەکانیدا لە هات و چوودا بێت. هەندێ لەو ڕەمز و ئیستلاحە سۆفیگەرانەی، وەک: ساقی، مەی، مەیخانە، کونجی مەیخانە، پیری موغان، بادە، شەراب، سوکر... ئەمانە هەموویان دەچنە نێو فەرهەنگی ڕێبازی سۆفیگەرییەوە و بریتین لە ڕەمز و هێما، نەک مەبەستە ڕواڵەتییەکەی، چونکە پیاوانی سۆفی وەک ئاشکرایە ڕێگای خودایان بە دڵ و بەگیان گرتۆتە بەر و دەروونیان لە هەموو گوناه و کینەیەک پاک کردۆتەوە، مەی و مەیخانە و شەرابیش لەو شتانەیە کە ئایینی ئیسلام حەرامی کردووە، لەم ڕوانگەیەوە بادە و شەراب و مەیخانە لە پێش جزیری و سۆفییەکانی تردا، هەر ئەو بادە و شەراب و مەیخانە حەقپەرستییە بووە کە جزیری سەری پێدا کردووە و لە بادەی شەرابی حەقپەرستی لە مەیخانەی خودا پەرستاندا لە دەستی پیری مەیخانە نۆشتووە و سەرمەستی بارەگای یەزدانی بووە، بەر لە (مەلای جزیری)یش ئەم ئیستلاحانە لە شیعری سۆفییەکاندا بەدی دەکرێت. با بڕوانینە ئەم چەند دێرەی جزیری کە ڕاستەوخۆ باسی سۆفێتی دەکات و دەڵێت:

**پیری موغان ژ شیشەیێ دامە سەفینەکی مەی**
**شوکرێ خودێ کو قولزمەک من ژخۆڕا قەبالەکر**
**خفری ب ڕەمز و موعجیزی مەستی مەدی ددینگزی**
**هات پیالەیک ددەست ئەشکرە صەد پیالەگر.**

لەم هۆنراوەدا دەردەکەوێت کە مەی جزیری سەربەخۆ دەستی بە خودا پەرستی و سۆفیگەری نەکردووە، بەڵکو پیری موغان کە ڕێنمایی کردنی تەریقەتە دەستی گرتووە و ڕێگای حەقپەرستی و خۆشەویستی پێ نیشان داوە. لە مەیخانەی عەشقدا شەرابی خودایی پێ بەخشیوە و کردوویە بە پەپوولەی پەڕ و باڵ سووتاوی ئەو مەیدانە، دڵسۆزی و ئاگری بە تینی خۆشەویستی یەزدانی بە هەموو شادەمارەکانیدا هاموشۆی کردووە.

واتە پیری موغان دەبێت بە ئوستادی و سەرمەشقی بادەی مەیخانەی خودا پەرستی و ڕێنمایی دەکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک فێری سلووک و مەقاماتی سۆفیگەری بکات، پیریش لە سەرەتاوە بۆ موورید هەموو شتێکە، هەتا وەکو موورید وردە وردە بە پلەکانی سۆفیگەریدا سەروو ژوور دەبێتەوە، ئەو کاتە ڕەنگە پێویستی بە پیرەکەی نەبێت، هەروەک جزیری دەڵێت:

**سالکێن عەشقێ یەکایەک حەوجە نینن ئەز دبێم**
**جامەیا پیرێ تەریقەتێ سەر ژنک شەهزادەبوو**
**ڕەنگ و ڕەنگ ئەهلێ مەقاماتێ تەریقێ چۆنە سەیر**
**من جەلال و هن جەمال سەرمەیان ئەڤ بادە بوو.**

لەم شیعرەدا جزیری بۆچوونی هەردوو بەرەی ڕوون کردۆتەوە و دەڵێت، چ بە ڕێگای جەمالدا بێت و چ بە ڕێگەی جەلالدا بێت، هەردوو لا هەر هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە (بەقا)، ئەمەش لە ڕێگەی سەرمەستی بادەی شەرابی خۆشەویستی و میهرەبانی خوداوە دەستگیری هەردوو بەرە دەبێت. جزیری پلەوپایەی سۆفییەکان شی دەکاتەوە و جۆری گەیشتن و نەگەیشتنیان دەست نیشان دەکات و دەڵێت:

**ئی بوی عین بقای بادەنۆشی عەشق بوو**
**ئی بوی مەحوی فەنایی عاشقێ بێچارە بوو**
**ئێک ژوان پەروانە بوو سووهت و فیغانەک ژێ نەهات**
**ئێک ژوان تەشبیهـ (گویین)ی ب ئاه و نالە بوو.**

ئەو شیعرە ئەوە دەردەخات، کە ئەوەی خودا دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات و ڕێگای حەقیقەتی پیشان بدات، ئەوە دەبێتە بادەنۆشی مەیخانەی خوداپەرستی و دەگاتە حەقیقەت و لە (بەقا)دا دەمێنێتەوە و یەکێتی بوونی بۆ پەیدا دەبێت.

جزیری لە زۆر لە شیعرەکانیدا باسی مەی و مەیخانە و پیری موغان و شەراب دەکات، کە ئەمانە هەمووی ڕەمز و زاراوەی سۆفیگەرین. لەم چەند دێرەی خوارەوەدا جزیری سۆفی دیسان سەرەتای سۆفیگەری لە مەیخانە و شەرابی حەقپەرستییەوە دەست پێ دەکات و دەڵێت:

**دیسان ژ ئۆێ حالە دل، ساقی وەرن جاما زجاج**
**موشتاق خەمرا ئالە دل، لەو خوش ل ڕۆحی بی مزاج**
**ساقی کو مەهوەش بتن، کاکول ژ شیڤا ڕەش بتن**
**قەرقەف بلا ئاتەش بتن ئەم دل بوی دل کین علاج.**

لێرەدا جزیری لە سەرەتاوە سەردەکاتە مەیخانەی خودا پەرستیدا و شەرابی ئاڵی ڕەنگ ئەرخەوانی دەنێت، بەسەرەوە بۆ ئەوەی زاخاوی مێشک و دڵی بدات، هەست و ئارەزووی نوێ و جۆشدار بخاتە نێو دڵییەوە، شەرابێکی دەوێت لە دەست مەیگێڕێک، کە ڕەنگدانەوەی جوان پەرستی خودا بێت، وێنەی جوانی خواوەند لە وێنە و سیمایدا کۆکرابێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو دڵە ئارەزوومەندە بە پوختەیی و بەو وێنە و ڕوخسار و بادەگێڕ و شەرابی ئەرخەوانی سەرخۆش و مەستی ئەو کۆڕە خواپەرستییە بێت، لەوێوە سەرەو ژوور ببێتەوە بۆ بارەگای خۆشەویستی حەق و بگەنە پایەی فریشتەکان.

جزیری جگەرسووتاوی عەشقی خودایی و ئاوێتەی مەیخانەی کۆڕی خواپەرستان، فەلسەفەی گەیشتن و تەکامول لە سۆفیگەریدا دەردەخات و پێی وایە ڕێگای سۆفیەتی ڕێگایەکی دوور و درێژ و پڕ ئازار و ئەشکەنجەیە، ڕووناککەرەوەی ئەم ڕێگایەش شەرابی خۆشەویستی و عەشقی یەزدانییە، کە دڵ و دەروون و چاوی مرۆڤی سۆفی پێ ڕۆشن دەکات و بۆ بڕینی پلەکانی دیکەی خوداپەرستی ڕێنمایی دەکات.

ئەو خۆشەویستییە ئاگری عەشقی خودایی، زاخاوی دڵ دەدات و ژەنگی گوناح و دەروونی پاک دەکاتەوە و بە شێوەیەکی ڕەها دەچەسپێت، ئیتر جگە لەو خۆشەویستییە هیچ شتێکی دیکە لە دڵ و دەروونیدا جێی نابێتەوە. جزیری سۆفییەکی شارەزا و سووتاوی مەیخانەی شەرابی عەشقی پاکی خودایی بووە، بۆیە لە زۆر شوێندا ڕەمزی شەراب و ساقی و مەیخانە چەند بارە دەبێتەوە، وەک لەم دوو دێرەی خوارەوەدا جارێکی دیکە دێتەوە سەر بادە و شەرابی خۆشەویستی و دەڵێت:

**حتی ب نوورا بادەیی، ڕەنگین نکەی سجادەیی**
**دووری ژ وی شەهزادەیی، دوڕ دانەیا گەردەن ژ عاج.**

لێرەدا مەبەست لە شاهزادە، زاتی حەقە، جزیری وەک شارەزایەکی جیهانی سۆفیزم دەستێکی باڵای لە بواری ڕەوانبێژیدا هەبووە، بۆیە وشەی ڕەنگینی بۆ ڕەنگاندنی سجادەی خوداپەرستی بەکارهێناوە، ڕەمزی شەرابی هێناوە کە ئەویش سیفەتی ئاڵە.

مەلای جزیری مەستی ژیان و مەستی وەجد دەباتەوە سەر یەک (خم)ی سۆفیان و ئەو لە وەسفی (مەی)ـەکەیدا گومان لە جۆری (مەی)دا ناهێڵێت:

**ساقی ژ ئەزەل ب دوو قەدەح بادە ب من دا**
**هەتا ئەبەد مەست و خومار و تەلسم دا**

ئەوە (مەی) پیری سۆفیانەیە لای شاعیر دەروون پاک دەکاتەوە و تەزکییەی نەفس دەکات:

**جامێ عەشقێ پاکێ ڕۆحانی طهورا باطنە**
**ئێ نەنوشی هەر وەما حەتتا ئەبەد ناپاکی رووح**

جزیری وەک زۆر لە سۆفییە مەزنەکانی پێش خۆی لە یەک تاودا(شطحە)یەکی سۆفیاندا، هەموو کۆشش و هەوڵی سۆفیانە لادەداو گەیشتنە پلە بە کارێکی ئەزەلی دەزانێ:

**عاشقێ مەستی ب عەشقی، نییە حاجەت ب مەیی**
**وارێ وارد و ئەحوالی ب ئەو ڕادی کت**
**تە غەرەز ڤێک کەتنا یەک و یەک مورشیدی بت**
**سالک و تاڵبێ ئیرشادێ ب بوغدادی چ کت**

- فەقێی تەیران (کۆتایی سەدەی شازدەم) تەجروبەی سۆفیانەی خۆی دەڕێژێنێتە ناو داستانی (شێخی سەنعان)ـەوە، بە گشتی حیکایەتی شێخی سەنعانەکەی ئەمیش لەوانە جیاناکرێتەوە، کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا نووسراون، بەڵام لە ورد و درشتدا جیاوازی هەیە، ئەنجامیش هەر بە بەرزگرتنی خۆشەوستییە، دانانی خۆشەویستی سۆفیانەیە بە کارێکی دەروونی و دوور لە مەرجی کات و شوێن و پایەی کۆمەڵایەتی و تەمەن و ئایین و بەستنەوەیەتی بە باوەڕی یەکێتی بوون (وحدة الوجود)ەوە.

فەقێی تەیران، لە داستانی (شێخی سەنعان)دا لە چوارینەی " ٢٦" دا، دەڵێ:

**حوبیێ ژخوە نەکە فەریق**
**سەرخوەش ببە تێدا غەریق**
**وێ تو گەهی عەشقا حەقیق**
**وەختێ ڤەخی وێ شەربەتێ.**
هەروەها، لە چوارینەی " ٢٧" دا، دەڵێ:
**گەر فرنەکی فنجان و جام**
**سەرخوەش نەبی دائیم و دام**
**قەت ناگهی ئشقێ تەمام**
**قەنج گوهـ بدە سەر ڤێ خەتێ**
لە چوارینەی " ١٠٤" دا، دەڵێ:
**باتنی کەچ ڤەدخوونی**
**پەردە ژ بەر خوە دهلینی**
**شێخ دخەونێدا دبینی**
**جام و تاسەک مەی ددەتێ.**
لە چوارینەی " ١٤٣" دا، دەڵێ:
**نابهێت ئەو یەک کلامێ**
**ئیلتیفات نەدکر عامێ**
**سەر خوەشێ وێ مەی و جامێ**
**چوویە حالێ حەرقەتێ.**
هەروەها لە چوارینەی " ١٧٧" دا، دەڵێ:
**شێخ گرتیە عەشقا حەقیق**
**مەی خوار ب فینجانا عەقیق**
**ژ دەست ئەوێ نازا شەفیق**
**هەتا گها نهایەتێ.**
سۆفییەکان پێوەندی نێوان جوانی و حەق بە جۆرێک گرێ دەدەن کەوا هەست دەکەی کەسی سۆفی خەسڵەتی جوانی وەک ئامراز و پەیژەیەک بەکارهێناوە بەرەو گەیشتن بە لووتکەی حەق ناسین. تەیران لە چوارینەی " ٤٧٠" دا، دەڵێ:
**رۆهنیا دابوو وجودێ**
**ژ محبەتا شاهێ وەدوودێ**
**ناگەهان شێخ چوو سجودێ**
**مەی ڤەخوار وێ ساعەتێ.**
تەیران لە چوارینەی " ٥٥٦" دا، دەڵێ:
**حالێ ل شێخ رەحمانییە**
**داهوون نەبێن نوقسانییە**
**وی یەک دییە، یەک زانییە**
**دین کر مەیا وەحانەتێ.**
خۆشەویستی لای سۆفی تاسەیەکی دەروونییە بۆ یەکبوون لەگەڵ گشتدا، ئارەزوویەکی دەروونییە بۆ نوقم بوون لە یەکتابووندا، هەروەک (سەهرەوەردی) دەڵێ: عیشق بزاڤێکە بۆ تەواوکردنی زەینی، خوا یەکەم دلبەر و یارە، خودا بە عیشق بوون بەرەو هەڵکشان دەبات.
تەیران لە چوارینەی "٥٦١"یشدا، دەڵێ:
**ئەڤ رەنگ دبێ پێغەمبەرە**
**خەمرا ڤەخواری کەوسەرە**
**شێخ مەستێ بادا ئەکبەرە**
**ئەو مەی ژ وێ مێوێ ڤەتێ.**
کەواتە ئەو مەی و شەرابەی شێخ لە دەستی ئەو نۆشی کردووە، شەرابی رەز نییە، بەڵکو مەی کانی کەوسەرە.
فەقێ تەیران لەم چیرۆکە شیعرییەدا وەستایانە توانیویەتی هەندێ لە رەمزەکانی سۆفیزمی بەکاربێنێ، بۆ ئەوەی لە ئایین دوور نەکەوێتەوە، کۆتایی بەوە دێنێ هەردووکیان لە بەهەشت دەگەنەوە یەکتری و لە ناو ژیانی جاویدانیدا دەمێننەوە.
- هەروەها لە شیعرەکانی (عەلی حەریری)ی شاعیر رەمزەکانی مەی و ساقی بەکارهاتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە رەنگە ئەویش شاعیرێکی سۆفی بووبێت، بۆ نموونە دەڵێت:
**بلا ساقی مەیێ بینی**
**بنۆشم ئەز ب یارانرا**
**دکەربێ جوملێ سالۆسان**
**دەرێ کووپان رەوان کەم ئەز**
پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە (ساقی) لای سۆفییەکان کە مەیان دەداتێ، هاوتا و یەکسانە بە شێخ و رابەر، کە دەستی سالیک و موریدەکان دەگرێت بەرەو حەزرەتی مەزن و باڵێ دەیانبات. هەروەها حەریری لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:
**سەرخوەشا جامێ شەربەتێ**
**دێم شبهێ شەمعا زوڵمەتێ**
**حۆرییا ت باغێ جەننەتێ**
**سەرداری چەندین مەهوەشە.**
هەروەها لە چوارینەیەکی دیکەدا دەڵێت:
**بسکێ ل رۆژێ کرنە کۆم**
**جامێ مەیی هینا ل بۆم**
**ئەوی دکر لازم ڤەخۆم**
**مەستی ژ من جاری دکن.**
- لووتکەی ئەدەبیاتی سۆفیزمی کوردی، لە داستانی

(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠- ١٧٠٧) دایە، لەبەر ئەوەی خانی ڕێبوارێکی ڕێگەی سۆفیگەری بووە، بۆیە تێکڕای داستانەکەی لە چوارچێوەیەکی سۆفیانەدا دادەڕێژێ، کەواتە دەبێ لە تێڕوانینی سۆفییەکانەوە، سەرنجی شیعرەکانی بدرێ. لە هەموو پێوەندییەکاندا خانی ئاگای لەوەیە کە وتەکانی دژی ئایین و دابی سەردەم نەبن، بەڵام لە هەندێ شتدا بە ئەنقەست لادەدا و بیروڕای خۆی دەکاتە مایەی ڕووداوەکان، بۆ وێنە سەرەڕای ئەوەی کە مەی لە ئیسلامدا حەرامە، بۆ خۆی دەڵێ:

**ساقی بدە من شەرابێ گولگون**
**بێ دەنگی دەف و سەدایێ قانوون.**

یان کاتێ باس لە گۆڤەندەکەی تاژدین و ستی دەکات، کە هەردووکیان دەچنە پەردەوەو ئەو مەیەی دەیخۆنەوە شەرابی ڕاستییە، دەڵێ:

**هەر بەنگی یو سەرخۆشی دبۆتان**
**تێک هاتنە چەرخ و باز و لۆتان.**

لێرەشدا سەرخۆش مەی نۆشە و هیچی تر، بەڵام مەی لای خانی وەک شاعیرێکی سۆفی سیمبۆلە بۆ ئەوینی خودایی، هەروەک دەڵێت:

**ئەم عاشق ئەگەرچی مەی پەرستن**
**ئەمما ژ مەیا ئەلستێ مەستن.**

خانی لێرەدا ئاماژەی بۆ ئایەتی "الست بربکم؟ قالوا بلی" کردووە.

خانی هاوزمان لەگەڵ مەی و قەدەح-دا، ئەم وشانەش بەکاردێنێ: " مورشی، تەریق، ئەهلی حال، حەق، شهوود، وجوود، جەلال، تەجەللا"

خانی هەموو داستانەکەی خۆی بە جۆرێک لە سەفەر و گەشتی گیان و جۆرێک لە شهوودی گەیشتنە (مەقام)دادەنێ. هەر لە فەسڵەکانی سەرەتا کە داوای مەی لە ساقی دەکات بۆ ئەوەی وەک مەل بکەوێتە وتن و (ترنم)، کەشف و شهوود بە بەشێک لە نووسینی پاش مەستبوون دەزانێت:

**دا کەشف ببن لمن کەرامات**
**مەشهوود ببن لمن مەقامات**

خانی مەسەلەی پاک کردنەوەی دەروون پیشان دەدات و بناغەی کەشف و ئیشراقی تێدا دەبینێ و شیعری خۆی و داستانەکەی بە وێنەیەکی کەشف دەزانێت، کە سەرچاوەی پاک کردنەوەی دڵە، هەروەک (مەی)ی خودایی بە سەرچاوەی کەشف و ئیشراق و سەرەتای ئیبداع دەزانێت.

باسی مەی لای خانی باسێکی بەسۆز و گەشەدارە، هەرچەندە هەر لە (مەم و زین)ـەکەیدا سێ جۆرە باسی مەی دەبینین، باسێکی تەقلیدیانە بە تایبەتی لە سەرەتای فەسڵەکانیدا، باسی مەی جیهانی، باسی چوونەوە سەر مەی خودایی.

پاش خانی گەلێک شاعیری دیکەمان هەن، کە سەر بە جیهانی تەسەوفن، یان شیعرەکانیان دەچنە ناو ئەدەبیاتی تەسەوفەوە، (مەولەوی) عەبدولڕەحیم تاوەگۆزی یەکێکە لەو شاعیرانە، کە دەبێ لە باسی ئەدەبیاتی سۆفیدا، بەشی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ. مەولەوی لە پاڵ ئەو شیعرانەیدا کە بە گیانێکی سۆفیانە نووسراون، بە کتێبی بە شیعر نووسراوی "العقیدة المرضیة" و "الفضیلة" و چەند کتێبێکی تر کە لە ڕیزی ئەدەبی فێرکاری سۆفیزمدا جێی خۆی کردۆتەوە.

مەولەوی شاعیر و بلیمەت، کە داوای مەی و ساقی کردووە، بۆ ئەوە نەبووە بە هەوای مەی و بیر لێ کردنەوەی خۆی بێ ئاگا بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ویستوویەتی لە دۆخی بێ ئاگاییەوە بەرەو هۆشیاری و زرنگی ببا، ئەو خەمانەی کە لەسەر دڵی پەچەیان گرتووە ڕایان بدات و بیانجووڵێنێ، گومانیشی لەوەدا نییە کە ئەویش بە مانا مەجازییەکەی وشەی مەی و ساقی بەکارهێناون. گوتمان مەولەوی "مەی: بۆ هۆشیارکردنەوە، بەکارهێناوە، نەک بۆ بێ هۆشی، ئەوەتا دەڵێ:

**جەی گۆشە خاستەر نییەن مەسکەنێ**
**ساقی گیان ئامان خومار ئەشکەنێ.**

خومار ئەشکەن ئەو مەیەیە کە مەستیی لادەبات و مرۆڤ هۆشیار دەکاتەوە. یان دەڵێ:

**شادی گەرد خەم چۆن نەدۆ وەباد**
**خەم چۆن ویاگەی شادی نەبۆ شاد**

تا دەڵێ:

**بێ ئەمری فەرمان ئازیز تاوەکەی**
**های دەروێش نەی چی، مەی چی، دەف، مەی، نەی**

دەف و نەی و مەی، بۆ هێنانەوەی یادی یادگارە دێرینەکانیەتی، یادی خۆی و دۆستەکەی، خۆی لێرەدا بە مەجنوون داناوە و ئەویش کە داوای سەردانی لێ کردووە "لەیلە" بە دەف و نەی و مەی لە بنکەی لە یادچوونەوە

دەبزوێن و دەکەونە سەر تەختی یادەکان.

لە کاتێکدا کە مەولەوی دەستە و داوێنی پەروەردگار دەبێ و هاوار دەکات:

**مطرب مەقامێ دەردم ناچارەن**
**ساقیا جامێ دۆست انتظارەن**

مامۆستا (حەمە کەریم هەورامی) سەبارەت بە مەولەوی دەڵێ، ئەگەر مەولەوی وەک پیاوێکی ئاسایی سەردەمی خۆی سۆفی بووبێ، ئەوە مەولەوی ناو هۆنراوەکانی سۆفی نەبووە! چونکە نە سرووشی شیعریی لە ناو شیعرەکانیدا هەیە و نە لە بارەی ڕێباز و مەسلەکی سۆفیزمەوە لەو جۆرە شیعرانەیە.

لەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە لە شیعری سۆفیگەریدا، شاعیر لە کەشێکی ڕووت و ڕاستەقینەدایە، کە شاعیر لە هەموو ڕاستی و بوونەکانی دەوروپشتی خۆی جیادەبێتەوە، مەست بوونی شاعیر، مەست بوونێکە هاوشێوەی حاڵ گرتنە، هاوشێوەی تەنیایی بوون و گۆشەگیریی سۆفیگەرییە. واتە ئەم حاڵەتە هاوشێوەی حاڵ گرتنێکی کاتییە و هاوشێوەی مەست بوونێکی دەروونییە. شاعیری سۆفی کە لە نێو شیعرە هاوسۆزکراوەکەیدا دەژی، کاتێک توانایی دەستبەرداری بوون و دابڕانێکی یەک لایەنەی دێتە پێش لە پێناوی بەدیهێنانی بەدی نەهاتوودا، ئەو دەبێتە سۆفیگەرێکی مەست و عاشق و بەدوای بوونێکی دیکەی خۆیدا دەگەڕێ، کە لە وشەدا بیدۆزێتەوە، سەیر نییە بەهێزترین دەربڕین لێ کردنی سۆفیگەر لە هەستی سۆفیگەریدا، نووسینی شیعر بووە و شیعر ئەو هێزە جۆش سەندوو و شاراوەیەی تێدایە، کە مرۆڤ بەرەو سروشتێکی دیکەی بەرێت.

دەشێ مەی و شەراب تەنیا ناونانێک نەبن لە دەقی شیعری سۆفیگەریدا، بەقەد ئەوەی گەڕانێک بن بەدوای سیفەتەکاندا، کە تێیدا مرۆڤ دەگاتە ئاستێکی تر لە ئامادەیی دەروونی و ناخەکی و دەسەڵاتێکی گەورەتری دەبێ بۆ بەرپەرچدانەوە و ڕەتکردنەوەی لەنگییەکان و خەوشەکانی ژیان.

بۆیە دەشێ مەی و شەراب لای ئەوان ڕزگاربوون نییە، بەقەد ئەوەی وەک ڕێگایەک وایە بۆ ڕزگاربوون. شەراب هەروەک خەونێکی ئارەزوومەندی و هەروەک گەیشتنێکە بە حاڵەتێکی دەروونی و هەستیاری، مەی و شەراب هەر وەک ئاماژەیەکە بۆ بڵێسە و ئاگری شۆڕش و ڕووناککەرەوەی هەستی شاعیر و هەڵسانەوەی کەوتنی جەستەیی شاعیر. دەشێ مەی بەرهەمهێنی عەقڵ بنیاد نانەوەی ڕووخانی ناخەکی مرۆڤ بێت.

مەی و شەراب بەرانبەر بە زات مەودایەکی سۆفیگەرانەی هەیە، ئەو مەستبوونە ناخەکییەی کە هیچ جیاوازییەکی لە مەستبوونی شۆڕشگێڕێک لە ڕووبەڕووبونەوەی زۆرداران نییە، هەر بۆیە مەی و شەراب وەک بڵێسە و وەک ڕووناکی وەک فریادڕەسی دەروونی، دەروشانەوەی پڕ لە تیشکی شۆڕشگێڕیشە، کە لەنگییەکان و نایەکسانییەکان ڕاست دەکاتەوە، شەراب ئاماژەیەکە بۆ شۆڕشی جەستە و عەقڵ و دەروون، شۆڕشی ئەو سۆفیگەرە مەستبووانەی هەموو کۆتی زۆرداران دەڕووخێنن.

هەروەها لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە مەی لە شیعری سۆفیگەریدا هێمایە بۆ عیشق و ئەڤینی خودایی، چونکە ئەم عیشقە هاندەر و هۆیە بۆ گەیشتن بە حاڵەتی (الوجد) و مەستبوون و ونبوون و دابڕان لە کەینوونەت و هەر لە ڕێگەی ئەم ڕەمزەوە سۆفی باسی گەشتە ڕوحانییەکەی نەفس دەکات.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


**١- الرمز الشعري عند الصوفية، عاطف جودة النصر- بيروت، ١٩٧٨، ل ٢٤٤، ٣٥١ ، ٣٥٧، ٣٦٣**

**٢- الشعر الصوفي، عدنان حسين العوادي، بغداد- ١٩٧٩، ل ٢٠٠،**

**٣- تیۆری بنیاتی شاراوە- نەجات حەمید ئەحمەد- ئاراس ، ٢٠٠٨- ل ٤٧٨، ٤٨٢**

**٤- کۆمەڵگە لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، فوئاد مەجید میسری- ٢٠٠٢، ل ٤٢٦**

**٥- شێخی سەنعان، فەقێ تەیران، دەزگای ئاراس ، ٢٠٠٨، ل ٣٤، ٣٥، ٤٧، ٥٤، ٦٠، ١٠٦، ١٢٠، ١٢١**

**٦- گ، هەژان _ژ، ١٤-١٥، ٢٠٠٤، ل ٩٠**

**٧- گ، کوردناسی- ژ، ٢، ٢٠٠٨- ل ١٦٧، ١٦٩,**

**٨- ڕامان، ژ-٤٩، ل ٢١، ٢٢**

**٩- گ، ڕۆشنبیری نوێ، ژ- ١٠٧ ،١٩٨٥، ل٥٥، ٥٩**

**١٠-گ، ڕۆشنبیری نوێ، ژ- ١٢٢، ١٩٨٩، ل ١٢٦، ١٢٧**

**١١- گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ- ١٢٧- ١٩٩١ - ل ٨١، ٨٣، ٨٥، ٨٨،٨٧**

**١٢- گ- بیاف- ژ- ١٦ - ل ٧١**

# تێکستی ژنان
# لە دەفتەرەکانی (یارسان)دا

### «لاپەڕەیەکی نادیار لە مێژووی ئەدەبی کوردی و سەرەتای شیعری سۆفیگەرییانەی ئافرەتان بە زمانی کوردی»

**لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی:**
**نامق هەورامی**
**(٢ - ٢)**

**٢- جەلالە خانمی لوڕستانی ٤٠٦ تا ٤٦٧**

ئەم خانمە شاعیرە خودان ژیانێکی پڕ لە ئەفسانە و ڕووداوی سەرنجڕاکێشە، ژیان و شێوازی لە دایک بوونی شاخۆشینی کوڕی، وەک لەدایک بوونی عیسای کوڕی مریەمە.

لەکتێبی مێژووی وێژەی کوردیدا، سدیق بۆرەکەیی دەڵێت(٤٤): لە سەرەنجامدا هاتووە جەلالە خانم بەیانییەک لە خەو ڕادەبێتەوە و دەچێتە سەر بانیژەی ماڵەکەیان و لەپڕ تیشکێکی خوایی دەچێتە جەستەی ئەو خانمە، بەسەرهاتەکە بۆ دایکی باس دەکات، بەڵام دایکی بەهەند وەری ناگرێت، پاش ماوەیەک نیشانەکانی سک پڕی لە جەلالەدا دەردەکەوێت، ئەم ڕووداوە باوکی زۆر دڵگران دەکات، لە ترسی ئابڕووی بنەماڵەکەیان فەرمان دەدات بە کوڕەکانی بیبەن لە چۆڵەوانییەکدا بیکوژن، جەلالە بەقوڵ بەسراوی دەیدەن بەدەست براکەیەوە بۆ کوشتنی و سەندنەوەی ئابڕووی بنەماڵەکەیان، لەو کاتەدا برا بچووکەکەی بەزەیی بە خوشکەکەیدا دێتەوە و بە براکانی دەڵێت بادەست نەخەینە خوێنی خوشکی خۆمان لەم چۆڵەوانییەدا جێی دەهێڵین تا گیانداری دڕندە دەیخوات.

هەموو براکانی بڕوا بەم قسە دەهێنن، برایەکی نەبێت کە دەڵێت" ئێوە بچنەوە من لە فەرمانی باوکم دەرناچم دەبێت بە خوێنی ئەو ڕیسوایی خانەوادەکەم بکرمەوە" ویستی بەخەنجەر خوشکەکەی بکوژێ، لە غەیبەوە دەنگێک بانگی کرد(خوشکەکەت مەکوژە پاکیزەیە، سکەکەی نووری خوایە و دەبێتە ڕێنوێنیکەری خەڵکی).

براکەی سەرپای لاشەی دێتە لەرزە و داوای بەخشین لە خوشکەکەی دەکات و پێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە و بەسەرهاتەکە بۆ باوکی دەگێڕێتەوە. پاش ماوەیەک کۆرپەیەک لە دایک دەبێت ناوی دەنێن (موبارەک شا) لە هەفتەی یەکەمیدا پیاوێکی خواناس دێتە لای دایکی بە ناوی «کاکەردا(٤٥)» و مژدەی دایە لە داهاتوویەکی نزیکدا کۆرپەکەی دەبێتە ڕێنوێنکەری خەڵکی بۆ بڵاوکردنەوەی هەقیقەت. جەلالە خانم کچی میرزا ئامانای فەرمانڕەوای لوڕستان، لە لوڕستان لەدایک بووە و لە منداڵییەوە کچێکی پارێزگار بووە و زۆر تێکەڵی کۆمەڵ نەبووە و زۆر کاریگەر بووە بە دیمەنە دڵڕفێنەکانی سروشتی ناوچەکە. باوکی ناویەتە بەر خوێندن لای باشترین مامۆستای ئەو سەردەمە، ئەم خانمە جگە لە شیعر لە هونەری موسیقادا مامۆستایەکی کارامە بووە،

به تایبەت لە ئامێری(تەمبوور)دا هەردەم بەدەم زایەڵەی تەمبوورەوە شیعرەکانی خۆی خوێندووەتەوە. وەک شاعیرانی دیکەی ئەو سەردەمە شیعرەکانی بە شێوەی کوردی هەورامی و لە قاڵبی دوو بەیتیدا نووسیوە. ئەو کارەساتەی بەسەر ئەم خانمەدا هاتووە، لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. لە پاش خۆی هەندێک دووبەیتی لێ جێ ماوە و لە کتێبی (دەورەی شاخوشین) تۆمارکراون،کە کتێبێکی پیرۆزە لای ئەهلی هەقەکان. لێرەدا چەند نموونەیەک لە دوو بەیتییەکانی ئەو خانمە شاعیرە بڵاودەکەینەوە لەگەڵ لێکدانەوەی دەقەکان:

**ئەی کاکە ڕدا، سوار دانا**

**ئی فەرمان ئاماجە هەفت ئاسمانا**

**خەلق لوڕستان (وەزۆش) مەزانا(٤٦)**

**پاکەن جەلالەی میرزا ئامانا**

لە بەرگی دووەمی «مجمع الکلام سرانجام اهل حق(٤٧)»دا بەم جۆرە هاتووە:

**کاکە ڕدا، سوار دانا**

**یە حوکمێ ئاما چی هەفت ئاسمانا**

**خەلک لوڕستان بە زۆڵش مزانا**

لەم دوو بەیتەدا ئەو ڕەنگدانەوەیە ئاشکرا دیارە و بووەتە گرێ لای ئەم شاعیرە، لەم دوو بەیتییەدا قسە لەگەڵ کاکەردا دەکات و پێی دەڵێت ئەی سواری زانا و لێهاتوو، فەرمانی دروست بوونی شاخوشین لە هەفت ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و تۆش مژدەت دامێ کە کوڕەکەم ڕێنوێنی کارە، خەڵکی لوڕستان کوڕەکەم (زۆڵ) و خۆشم بە داوێن پیس دەزانن، بەڵام جەلالەی کچی میرزا ئامانا داوێن پاکە. ئەم دوو بەیتییە لە نوسخەکەی (سدیق بۆرەکەیی)دا هەڵەیە، بەڵام لە دەفتەری دەستنووسی «دەورەی شاخوشین(٤٨)»دا نیوەدێری دووەم بەم جۆرەیە.

**خەڵقی لوڕستان بە زۆڵش زانا**

لە سەرەنجامەکەی تەیب تاهیریدا بەم جۆرە نووسراوە:

**ئەی سواری دانا ،ئەی سواری دانا**

**یەی حوکمێ ئاما چەی هەفت ئاسمانا**

**خەڵک لوڕستان بە زۆڵش مەزانا**

**پاکەن جەلالەی میرزا ئامانا(٤٩)**

جە دووە بەیتییێوی تەرەنە ئی شاعیرێ کەمێک ئارامی بە زێڵیدا دێت کاتێک دەبینێت ژن و پیاوی لوڕستان لە دەورەی کوڕەکەی کۆبوونەتەوە و سەری پێ دەسپێرن:

**نە بەرەی شاهی، نەبەرەی شاهی**

**ئاورۆ نیشتەبێم نەبەرەی شاهی**

**مێردان و ژەنان مەشێن وەشاهی**

**پەرێ شاخۆشێن مەدان گەواهی**

دیسان لە نوسخەکەی (بۆرکەیی)دا لەنیوەی دووەمی دێری یەکەمدا هەڵەیەک هەیە کە (نارۆ) واتە ئەمڕۆ و ئەویش ڕاستەکەی (ئارۆ)یە. واتە: ئەمڕۆ ژیانم لەبەردەم دەروازەی شاهدا بوو،بەکامی دڵ تەماشای ژن و پیاوانم دەکرد، کە دەستە دەستە دەچوونە لای (شاخۆشێن)ی کوڕم و بروایان بەو دەهێنا و شایەدی ڕاستییان بۆ دەدا و سەریان پێ دەسپارد.

دیارە وشەی (شاه) بەو کەسانە دەگوترێت لە دۆنی خوداوەندا دەرکەوتوون، کە لە ئاییینی ئەهلی هەقدا خودا حەوت جار دەرکەوتووە(٥٠) بەم جۆرە:

١- خاوەندکار

٢- مەولا عەلی

٣- شاخۆشین

٤- سان سەهاک

٥- قرمزی (شاوەیس قولی)

٦- محەمەد بەگ

٧- خان ئاتەش

بە ئێستەشەوە لەسەر مەزاری سان سەهاکی بەرزنجی نووسراوە (یا شاە هەورامان)

**مەستم جە بادەی ڕۆژی ئەلەست تۆ**

**وەسەن یەک جامێ مەی جەدەست تۆ**

**ئاینەی زێڵم ڕۆشنەن چون مەی**

**چەو بۆن بیەنم مەی پەرست تۆ**

لە لای بەڕێز تەیب تاهیری دێری کۆتایی بەم جۆرەیە:

**جەو بونە بییەنم مەی پەرستی تۆ(٥١)**

واتە: لە بادەی ڕۆژی ئەلەستدا مەست بووم، تەنیا جامێکی دی لەو مەیەم گەرەکە لەدەستی خۆت، ئاوێنەی سۆز و زێڵم ڕۆشنا چوون بادەی تۆ، هەر پۆچی بیێنا مەی پەرستە و تۆ.

**یاران پەرێ بۆ، یاران پەرێ بۆ**

**زاری کەن چەنی بولبول، پەرێ بۆ**

**ئەز ئەو وەڵەنان، ئامام وەلای تۆ**

**ئانە پەیان وێم وەستم چە نۆ**

ئەگەرچی وشەی (بۆ) لەهەورامیدا بەمانای(بۆن) دێت و لە پەراوێزدا بەڕێز تەیب تاهیری لە لاپەڕە ٢٢ لە

سەرەنجامدا بە بۆن لێکی داوەتەوە، بەڵام تا ئاگاداری چیرۆکی گوڵ و بولبولی نێو ئەهلی هەقەکان نەبین مانایەکمان دەست ناکەوێت، چونکە لەمانای بەیتەکەدا بۆ وەک بۆن مانای نییە و ئەگەر بیکەیتە سۆرانی بەم جۆرە دەبێت

**یاران لەبۆ بۆن، یاران لەبۆ بۆن**
**زاریکەن لەگەڵ بولبولدا بۆ بۆن**

لە دێری دوای ئەودا وشەی(وەڵ) بەکار هاتووە و بە گوڵ لێکدراوەتەوە، کە ڕاستییەکەی دەبێت بنووسرێت (ول) کە بە هەورامی بە مانای گوڵ دێت و بۆرەکەیی و تاهیریش وشەکەیان بە هەڵە نووسیوە، بۆیە دەبێت و بە ناچاری بۆ تێگەیشتن لەم دێرە تەواوی چیرۆکەکە بخوێنینەوە کە بەم جۆرەیە:

**گوڵ و بولبول لەبەهەشتدا بوون و لەسەر کانیاوێک دەژیان، گوڵ پەری بوو بولبولیش فریشتە، گوڵ پەیمانی لەگەڵ کانیاوەکەدا بەستبوو مێرد بەکەس نەکات، چونکە دەمێک بوو دڵی لە بولبول چووبوو و نەیدەویست پەیمانەکەی بشکێنێت.**

**ڕۆژێک بە بولبولی گوت کچێک لەسکمدایە و ناوی(بۆ)، واتە (بۆن) م بۆ هەڵبژاردووە، کە کوڕەکەم لەدایک بوو دەیبەخشم بەتۆ، دەبێت تۆش پەیمانی ئەوەم بدەیتێ ئەم ڕازە لای کەس نەدرکێنی.**

**بولبولیش پەیمانی دایە کە ڕازدار و ڕازپارێز بێت و لە دڵی خۆیدا بیهێڵێتەوە .**

**بۆ ئێوارە گوڵ چوویە سەر کانییەکە و پێی گوت" من پەیمانم بە بولبول داوە کە بۆ لەدایک بوو پێشکەشی ئەوی بکەم، کانیش گوتی کارێکی باشت کردووە، چونکە بولبول فریشتەیەکی شایان و پێکەوتووە.**

**ئێوارە گوڵ ژانی بە لەدایک بوونی بۆنەوە دەگرت، بولبول لەخۆشیدا دەستی بە خوێندن و چریکە کرد، گوڵ بەدەم ئازارەوە پێی گوت مەچریکێنە با (با) پێمان نەزانێت، چونکە بیستوویەتی بۆن چ ناسک و نازدار و زەریفە و ئەویش شەیدای بووە، بولبول ئەوەندە سەرمەست بوو ئاگای لە قسەی گوڵ نەما و تادەهات چریکەی بەرزتر دەبوویەوە، لە بولێلی بەیانیدا (با) بەدەم چریکەی بولبولەوە هات و خۆی مەلاس دا تا بزانێت ئەو چریکە پڕ سۆزەی بولبول بۆ چییە.**

**لەو دەمەدا هەستی بە لەدایک بوونی بۆن کرد و بینی بولبول ئەوەندەی چریکاندووە هۆشی لای خۆی نەماوە، بۆیە لەگەڵ لەدایک بوونی بۆن (با) ی شەیدا هات و لە سروە و شنەی پێچاو بردی، کاتێک وەهۆش خۆی هاتەوە لە گوڵی پرسی کوا بۆن؟**

**- مەگەر نەمگوت ئەوەندە مەچریکێنە (با) ی شەیدا هات و بردی .**

**لەو ڕۆژەوە چریکەی بولبول نەوەستا، دیسان دوای ئەوە گوڵ بە بولبولی گوت بەسە مەجریوێنە، بەڵام بولبولی داخ لە دڵ لە چریکە نەکەوت تا هەردووکیانیان لە بەهەشت دەرکردە دەرەوە(٥٢).**

ئەمە وەک پەندێک لای ئەهلی هەقەکان دەماودەم دەگوترێتەوە و ڕەمز و هێمایە بۆ نەدرکاندنی نهێنی ئایینەکەیان بۆ خەڵکی تر، کە لەناو خۆیاندا دەڵێن (سرِ نەکەری فاش)،ئەم چیرۆکە کاریگەری و پاشماوەی لەناو ئەدەبی هەورامیدا ماوەتەوە

**ئەر بولْبوڵ نەبۆش داخێ نەدڵدا**
**مەوانۆ سەحەر نەباخی گوڵدا**

**٣- ڕێحان خانمی لوڕستانی**

ئەم خانمە تەنیا ئەوەندە لەسەر ژیانی هەیە کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە لوڕستان لە دایک بووە و لە تەمەنی لاویدا چووەتە لای (شاخۆشین) بۆ فێربوون و هەر زوو بووەتە یەکێک لە لایەنگرانی (شاخۆشێن-٤٠٦ تا ٤٦٧ ی کۆچی) و پاشماوەی ژیانی وەک زاهیدێک بەڕێنوێنی خەڵک و خواپەرستی بەسەر بردووە. ڕێحان خانم ئەستێرەیەکی دیاری سەردەمی فەرمانڕەوایی (عەییاری)یەکان بووە، کە ئەم بنەماڵەیە لە ساڵی ٣٨٠ تا ٥١٠ی کۆچی حوکمڕانی ناوچەکانی شارەزوور و دینەوەر و کرمانشان و لوڕستانیان کردووە و لە قۆناغی فەرمانڕەوایەتی ئەواندا گەلێک بایەخ بە هونەر و وێژە و فەرهەنگی کوردی دراوە. لە ڕێحان خانمەوە چەندین دێرە شیعری بەرز و پاراو ماونەتەوە، ئەمەش نیشانەی شارەزایی ئەو خانمە لە ئەدەب و زوان و هونەرەکانی شیعردا دەگەیەنێت، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم خانمە تەمەورە ژنێکی لێهاتوو بووە و بەدەم نەوای تەمبوورەوە شیعرەکانی خۆی لە بۆنە ئایینییەکاندا خوێندووەتەوە، ئەمەش نموونەی هەندێک لە شیعرەکانیەتی.

**ئەو ڕۆی ماتیان، ئەو ڕۆی ماتیان**
**بارگەی شام وستەن ئەو ڕۆی ماتیان**
**ئارۆ نیشتەبێم نە کۆشک کیان**

**دیم ئاوی ئەورۆ گەوارا وە گیان**

واتە: بارگەی شاو سەروەرەکەم لە (مانیان) هەڵێداوە ڕووباری (مانیان) یان (مادیان) لە نێوان (کۆدەشت، و مەولاوی خورەم ئاوا) دایە و لای پەیڕەوانی ئەهلی هەق ئەم ڕووبارە پیرۆزە، ئەو ڕۆژە لەسەر کۆشکی ڕەوان و گیاندا دانیشتبووم و ڕووبارەکە کەوتە تافە تاف و باوەڕهێنان بە شاخۆشێن. یان دەڵێت:

**بینایی ڕدا، بینایی ڕدا**
**تۆف ڕووی ماتیان بینایی ڕدا**
**موورو نەخری خێز ئەسمانی ڕدا**
**ئاگادار نەڕاز نیانی ڕدا**

واتە: ئەی کاکە ڕدا (مەبەستی کاکەردای لوڕستانییە، کە یەکەمین کەسە باوەڕی بەشاخۆشێن هێنا و بانگەشەی بۆ کرد تا خەڵکی لە دەوری کۆببنەوە) تۆ تافە تاف و هەڵچوونی ڕووباری مادیانیت ئەو ڕووبارەی لەگەڵ هەڵدانی بارگەی شاخۆشێندا تۆ خرۆشایت و گەواهی و بڕوات پێ هێنا، تۆ باڵندەی بەیانی ئاسمانی شاخۆشینی و ئاگات لە گشت ڕاز و نیازێک هەیە. لە جێگایەکی تردا دەڵێت:

**جە باڵا تایی، جە باڵا تایی**
**ئاما سوارێ جە باڵا تایی**
**خەتایی خۆشێن، خۆشێن خەتایی**
**تێغش مەورۆ نە گاو تا ماهی**

واتە: لە بارەگای باڵاوە سوارێک هاتە سەر زەوی شمشێرێکی بەدەستەوەیە بۆ وەلاتانی (گاوماسی) کە ئەویش شاخۆشێنە. شاعیر دەیەوێت مژدانەی ئەوە بدات، کە شاخۆشێن هاتووە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بەرەو ڕاستەڕێی هەقیقەت و عەقلانییەت ببات و لە چەواشەکاری و خورافە لایان بدات، وەک ئەوە دەڵێن جیهان لەسەر کلکی گایەک وەستاوە و گاکەش لەسەر ماسییەکە و تا دوایی...

**خۆشێن ئەلەست، خۆشێن ئەلەست**
**سەرم جە سەودای تۆ بیەن سەرمەست**
**گوڵ و شەمامەم هەردوو هانەدەست**
**گەواهی مەدەن چ خاس و چ گەست**

لێرەدا ڕێحان خانم وەک بەندەیەکی سەوداسەری مەست، لەگەڵ شاخۆشێندا دەدوێت، کە یەکێکە لە دەرکەوتەکانی خوداوەند لەزەویدا بەپێی بیروباوەڕی ئەهلی هەقەکان، من شەیدا و سەوداسەری ئەو پەیمانەم لە ڕۆژی ئەزەلەوە داوتە بەوەی جیهان بخوڵقێنیت بۆ ئەوەی ڕاستی و پاکی و هەقیقەتی تێدا بڵاوبکەنەوە، ئەوەتا دوو شەمامەکەی دەسم کە ئاماژەیە بۆ جەلالە خانم و کاکە ڕدا، ئەوانیش باوەڕدارن و گەواهیت بۆ دەدەن و سەرت پێ دەسپێرن.

یاگێوی تەرەنە دەڵێت:

**چاگە حازر بی نەحزور یار**
**ئەو حازر مەرکۆ ئاما پەی شکار**
**یاران باوەرۆ پەرێ خاوەندکار**

## ٤- فاتمە لوڕەی گۆران

یەکێک لە ئەویندارانی بابا تاهیری هەمەدانی و دەروێشێکی عاشق بووە، عەشقێک پڕاوپڕ لە مەجاز، تا دوا تخووبەکانی عاشق بوون و سووتاوی ئەوینی دڵ. فاتمە لوڕەی گۆران لە هەمەدان لەدایک بووە و هاوژیانی بابا تاهیرە، لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا وەک لە کتێبی دەورەی شاخۆشێن ئاماژەی بۆ کراوە. فاتمە لەسەرەتای لاوییەوە وەک دەروێشێکی خواناس دەچێتە لای بابا تاهیر بۆ فێربوونی زانست و گەیشتن بە هەقیقەت، بەڵام هەر زوو ئەوینی دڵ بەسەریدا زاڵ دەبێت و بڕیار دەدات بۆ تاوێک لای ئەو پیاوە چۆڵ نەکات، بەڵام ئەم ڕازە لای خودی بابا تاهیریش نادرکێنێت تا جارێکیان شاخۆشێن دێتە هەمەدان و دەچێتە جەمخانەکەی باباتاهیر و لەوێدا فاتمە دەبینێت و لە سووتانی ناخی دەگات، لەوێدا شاخۆشێن مژدەی دەداتێ تا ڕۆژی پەسلان پێکەوە دەبن. لە فاتمە لوڕەوە کۆمەڵێک دێرە شیعری ناسک بەرچاو دەکەوێت کە زۆرتر هەوای عەشقیان تێدایە و کەمتر سۆفیگەرایی.

**گیان پەرێ چێشەن، گیان پەرێ چێشەن**
**هەرکەس تۆ دارۆ گیان پەرێ چێشەن**
**وەنامت سەوگەند(٥٣) دەروون پڕ ئێشەن**
**بێ تۆ گیان و زێل هەمیشە ڕێشەن**

واتە: سەروەرم گیانم بۆچییە، هەرکەس تۆی هەبێت گیانی ناوێت بە ناوی پیرۆزت سوێند دەخۆم کە دەروون پڕ لە ژانە، بەبێ تۆ هەمیشە گیان و سۆزی دڵ پڕ لە ئازار و زامزەدەن. ئەمە سۆزی عاشقێکە بە ڕابەرەکەی دەڵێت گیانم ناوێت، گیان بۆچی باشە، ڕاستە من زیندووم، بەڵام سۆزی عەشق کوشتوومی، ئەگەر تۆ کارێکم بۆ بکەی بگەمە عاشقەکەم دووبارە گیانم وەبەر دێتەوە. لە

جێگەیەکی تردا دەڵێت من (پەیڕەوی یاریم) واتە: پەیڕەو شوێنکەوتەی یارانم و شاخۆشین لە ئازاری دڵ ڕزگاری کردم.

**ڕازداری یاریم، ڕازداری یاریم**
**وەفەرمانی شا ڕازداری یاریم**
**شاهم بەزەیش ئاما وەزاریم**
**ڕازکەرد و دەرمان دەردەکەی کاریم**

واتە: من ڕازدار و پەیڕەوی یاریم بە فەرمانی شاخۆشین و ئەویش بەزەیی بە ناڵە و گریانماندا هات و دەردی کاریی دەرمان کرد. دەکرێت بەمانایەکی گشتگیر بگوترێت کە شاعیر لەم شیعرەی دووەمیدا پاش حاسڵ بوونی مرازەکانی سوپاسگوزاری شاکەی(مەبەست شاخۆشینە) دەکات کە هێندە ڕاستگۆ و بەندەیەکی ڕاست بووە بەکوڵ لە بارەی عەشق و ئێشی دڵ پاڕاوەتەوە و ئەویش بەزەیی بەو گریان و زاری ئەو شەیدا دوو جار دڵ سوتاوەدا هاتەوە و ئەوەی لە ناخیدا بوو بۆی جێبەجێ کردووە، چونکە ڕازداریش بووە نەیتوانیوە ئەوەی لەناخ و دڵیدا هەس بیدرکێنێت، چونکە ڕازدار لەناو ئەهلی هەقدا بەکەسێک دەگوترێت هیچ ڕاز و نهێنییەکی ئایینەکەی نەدرکێنێت، هەربۆیە شەیدابوونی خۆی بۆ باباتاهیر دەرنابڕێت و شای زانا لە ڕازەکەی دەگات و ئاواتەکەی دێنێتە دی.

ئەگەر بەوردی لەم دوو نموونە شیعرە بڕوانین دەگەینە ئەو ڕاستییە ئەم خانمە شەیدایەکی کەمەندکێش کراوی عەشقی ڕێبازەکەی و باباتاهیر بووە و لە نێوان دوو عەشقی بەرانبەردا لەگەڵ سووتان و ئازار و گریاندا ڕووبەڕوو بووەتەوە.

**زێڵ کەران ڕۆشن، زێڵ کەران ڕۆشن**
**یاران وە خوەیشین زێڵ کەران ڕۆشن**

یان دەڵێت:

**یارم ماهمانە،یارم ماهمانە**
**ئانە دوو ڕۆژەن یارم ماهمانەن**
**ماهمانم پادشای هەردوو جهانە**
**سینەم تەختگای شاهی زەمانەن**

لێرەشدا وەسفی شاخۆشین وەک شای هەردوو جیهان دەکات، وشەکانی (پادشا و شا) ئاماژەن بۆ مەقامی شاخۆشین.

جگە لە زمانی کوردی، نموونەی شیعری ئەم خانمە بە فارسی لەبەردەستایە:

**یا شاه هرکس ترا جوید جان را چه کند**
**فرزند عزیز و خانمان را چه کند**
**دیوانه‌اش سازی هردو جهانش بخشی**
**یا شاه دیوانەی تو هر دو جهان را چه کند**

**٥- لزا خانمی جاف**

لزا خانم، یان نسا خانمی جافیشی پێ دەگوترێت لەسەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە شارەزوور لە دایک بووە، پاشان ڕووی کردووەتە لوڕستان و ژیانی لەوێ بەسەربردووە و هەر لەوێش بووەتە یەکێک لە پەیڕەوکارانی شاخۆشین و تا دوا ساتی تەمەنی لەسەر ئەو ئایینە ماوەتەوە، جیاوازی لزا، یان نسا خانم لەگەڵ ژنانی شاعیری نێو سەرەنجامدا لەوەدایە ئەم خاتوونە یەکەمین کەسێکە جگە لە هۆنراوە ئایینییەکانی، پەلی بۆ ناو سروشت کوتاوە و شیعری ناسکی لەو بارەیەوە نووسیوە.

**وەفران بی وەئاو، وەفران بی وەئاو**
**وەهار چون ئاما، وەفران بی وەئاو**
**گوڵ و وەنەوشە هۆرێزان جەخاو**
**پەرێ ئارایش دەشت و کۆف و کاو**

هەستی دەرک کردنی سروشت و هەستی مرۆڤایەتی دوو چەمکی تەواوکەری یەکترن کاتێک مرۆڤ لە ئاست دەرک کردنی شتە سروشتییەکان و وێناکردندا دەستەوەستان بێت، ئەو کات چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت هەستە مرۆڤانەکانیشی لاواز بن و لە دەستیان بدات.

خەسڵەتی شیعری هەورامی بە جۆرێکە ناتوانرێت لەگەڵ سروشتدا دایببڕێت، ئەم نەریتی ئاوێتە بوونە لە زانستی ئەدەبدا ناوی ڕۆمانتیکی لێ نراوە، لێ بەر لەم ناونانە هەورامییەکان خۆیان ڕۆمانتیکی ئەزەلی بوون، چونکە هەمیشە پێچراون بە سروشتەوە و ئاوێتەی بوون، کاتێک لەزەت لە سروشت دەبرێت هەر وەرزێکیان وەک کەڤاڵێک تەماشا کردووە، ڕەنگی گەڵای نیوە سەوز و نیوە زەرد، چیای خاڵخاڵ بەبەفر، ڕەنگرێژی سروشت لە وەرزی بەهاردا، ئەمانە ئەو هێڵ و فیگەر و هارمۆنیایانەن لەتابلۆکانی سروشتدا دەبینرێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەروونی لەسەر نەستی مرۆڤەکان هەیە، ئەگەر لە شاردا دوو خێزانی هاوسێ هەبن یەکێکیان هەورامی و ئەوی دیکە گەرمیانی، دیدگای

جیاوازیان لە حەوشەکەیاندا بۆ پاییز دەبێت، یەکەمیان لەزەت دەبات لە مالّینی گەلاّکان و دووەم بێزار دەبێت، ئەمە ڕەنگدانەوەی دوو سروشتی جودایە لەسەریان.

خۆ ئەگەر شاعیریش بێت، ئەوە بینینەکەی قوولّتر دەبێتەوە، بەتایبەت شتە سروشتییەکان، وەک ئەوەی (وردز وّرس) لای وایە " شتەکان دەبنە خالّقی وشە و زمانیش گلێرەی ئەو وشانەیە کە مرۆڤ لە شتەکانی دەوروبەر دەیانگرێت، بەجەختیشەوە دەڕوانێتە شتە سروشتییەکان، کە دەبنە هۆی ڕسکان و تەشکبەستی زمانێکی پەرداخ(٥٤)"

هەروەسا (ئەلیزابێش درو) پێی وایە " شیعرێک لەسەر سروشت بێت، لە هەموو سەردەمەکاندا جێگەی سەرنجە، ئەگەرچی جۆری سەرنجەکە بەهۆی بەهرەی کەسەکە و تایبەتمەندی سەردەمەوە جیاواز بێت(٥٥)"

لە ڕووی بەهای شیعرییەوە ئەم شیعرە لە ئاستێکی بالاّدایەو بێ دوودلّی دەتوانرێت لە ڕیز و هاوتای شیعری گەورە شاعیرانی کلاسیکی ئەدەبی گۆراندا لێی بڕوانین.

چون بەهار هاتووە بەفرەکان تواونەتەوە، ئەمە کردنەوەیەکی زمانەوانییە بە ڕووی هەندێک واتەی تردا، کە دەیەوێت بیانلّێت، کتومت وەک ئەو شێوەکارە وایە نەخشەی کەڤالّەکەی دەکێشێت بۆ ئەوەی شوێنی فیگەرەکان دیاری بکات، کە بەفر توایەوە کەڤالّەکە نەخشیۆنە، گولّ و وەنەوشە لەخەوی مت بوونی بن بەفردا بێدار دەبنەوە، چونکە دەلالەتی زمان یەکسانە بە بەرهەمی زمان و هەستی زمان و جەستەی دەق(٥٦)، ئەگەر ئەم وێنەیە لەگەلّ دوو وێنەی هاوشێوەی خۆی لای مەولەوی و بێسارانی بکەین، ڕەنگە بتوانرێت قسەی تری لەبارەوە بکرێت.

سەیدی لە شیعری (نەورۆز گولّ خیزان)دا دەلّێت(٥٧):

**مزانی مدۆ زمستان ویەرد**
**تەختی یەخ بەندش هەوا دابەگەرد**

تا دەگاتە ئەوەی دەلّێت:

**وەختەن شای وەهار بکیانۆ خەلاّت**
**سەوزی ئەتلّەس ڕەنگ پەی ڕوی سەربیسات**

مەولەوی تاوەگۆزیش دەلّێت(٥٧):

**وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران**
**نم کەوت نەدیدەش چەن شەو بێداران**

**پەی دلّەی مانیای دەروون مەلالاّن**
**سایە بەستەوە خەیمەی گولاّلاّن**

سەرباری ئەم شیعرە ناسکانە، ئەم خاتوونە لە شیعری ئایینیشدا نموونەی بەرچاوی هەن و هەموویان لەشێوەی دیالۆگدان لەنێوان چەند کەسێکدا، بۆیە لەگەلّ شیعری ئەم خانمەدا نموونەی دیالۆگەکان دەنووسینەوە وەک نیشاندانێک و دواتر تێکستەکانی خۆی دەنووسینەوە.

**- نسا:**

**حەیدەر نازدار،حەیدەر نازدار**
**ئەز چەنی تۆمەن حەیدەر نازدار**
**پەرێ قەبالّە مەکەرە ئینکار**
**نسا ماوەرۆش بگیرە قەرار**

**- حەیدەر:**

**نسای مەست حەق، نسای مەست حەق**
**پەرێ قەوالّە تووەنی مەست حەق**
**وەنازێ خۆشێن شیم ئەو هەفت تەبەق**
**پەرێ قەبالّە ماری ئەو مولەق**

**-نسا:**

**خۆشێنم وە تاز،خۆشێنم وەتاز**
**خۆشێنم خۆشێن خۆشێنم وەناز**
**حەیدەری نازار مەکەری بەیاز**
**پەرێ قەبالّە مەکەری پەرواز**

**-حەیدەر:**

**نسای مەست دین، نسای مەست دین**
**وەناز خۆشێن بگێرە یەقین**
**سەد کە عەورەتی(٥٩) شەمامەت مزوین(٦٠)**
**پەرێ قەبالّە ماری ئەو زەمین**

**- نسا:**

**نسا ئیم نەسەن، نسا ئیم نەسەن(٦١)**
**خواجام خۆشێنا نسائیم نەسەن**
**حەیدەر شەمامە وەتۆ پەیوەستەن**
**سەقام موستەفا دودەرش کەسەن**
**خوەیشینێ بیدار، خوەیشینێ بیدار**
**یا شای بەڕو بار خوەیشینێ بیدار**
**ئەگەر بفەرمای قەبالّە بیار**
**مەلۆ ماوەرۆش نسای ڕەمزیار**

**-حەیدەر:**

**نسای مەست هوو،نسای مەست هوو**
**گولّ و شەمامەم بیەن تانو پوو**

**قەباڵە ماری نەئی تاشێ کوو**
**پەرێ غوڵامان یاران وەش بۆ**
**- نسا:**
**حەیدەر سەراف، حەیدەر سەراف**
**چەندی نە عینە(٦٢) بیم نە گیج تاف**
**ئیسا مەواچان پەنەم کچەی جاف**
**قەباڵە ماری نەتاش و مەساف(٦٣)**
**-حەیدەر:**
**نسای مەست زات، نسای مەست زات**
**گوڵ و شەمامە بییەن وە نەجات**
**بەرە مەوانان نەدەرگای وەنات**
**پەرێ قەباڵە ماری ئەو سەمات**
**- نسا:**
**حەیدەر ناز کێش، حەیدەر نازکێش**
**نەهوزوور شا، پا مەنیەر وەپێش**
**قەباڵەی سڕەن بکەرە ئەندێش**
**بانەزانۆ پێش جە بێگانەو خێش**

ماوەی گفتوگۆی نێوانیان زۆر زیاترە و ئەوەی مەبەستمانە بەرهەمی خودی لزا، یان نسا خانمە.

لەم بابەتەدا چیرۆکی گەیشتن بە هەقیقەت و دەسکەوتنی ئەو سەنەد و قەواڵەیەی کە یاران پێوەی پابەند و ڕازدار بن و نهێنی ئایینەکەیان نەدرکێنن و ئەم خانمە لە دێڕێکدا خۆی بە ڕەمزبار دەزانێت، ئەم نازناوە لەبەر گرنگی تەنیا لە (دایراک)ی دایکی سوڵتان نراوە کە پێی دەگوترێت خاتوو ڕەمزبار.

**٦- مەی زەرد:**

ئەوەی لەبارەی ژیانی ئەم خاتوونەوە هەبێت ئەوەیە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە لوڕستان ژیاوە و یەکێک لە شوێنکەوتووانی شاخۆشین بووە، لە مێژووی وێژەی کوردیدا بە (مەی زەرد) و لە سەرەنجامەکەی لای تەیب تاهیریدا بە (میە زەرد) ناوی هاتووە و لەوە سەرەنجامێکی دەستنووسیشدا کە لەدالآهۆ نووسراوەتەوە بە (می زرد) نووسراوە، بەبڕوای توێژەر ئەم ناوانە خوازراون و سەرەنجام پڕە لەو جۆرە ناوە خوازراوانە، ئەمەش کولتوورێکی دێرینی ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتە، وەک ئەوەی بە زەردەشت دەگوترا (زەردە ئوشترا) یانی خاوەنی وشتری زەرد، ڕەنگە ئەم ناوەش لەوێوە هاتبێت و بە خاوەنی (مەڕی زەرد) ناسرابێت، چونکە لە هەورامیدا بە (مەڕ) دەگوترێت (مەی، یان مەیە).

یان دەکرێت پێوەندی بە(زەردە گڵ)ـەوە هەبێت، چونکە لەبەرانبەردا بۆ خراپەکاران (ڕەشە خاک) هەیە، جگە لەوەش کەسێکی تر لە دەفتەرەکانی یارساندا بەناوی (زەردە بام) هەیە.

شیعری ئەم شاعیرەش وەک ئەوانەی پێش خۆی هەمان ڕیتم و ئاواز و کێشی تێدایە و لەهەمان بازنەدا دەسووڕێنەوە.

**یۆشان هەن نیشان،یۆشان هەن نیشان**
**هەزار سوار ئاما یۆشا هەن نیشان**
**پلیوەش ڕاما جە مانگ و سەیوان**
**سوار شاخۆشێن، گۆش بەرد نەمیان**

**خوەیشین جەبار، خوەیشین جەبار**
**هەزار سوار ئاما یوێشا جەبار(٦٤)**
**جەبار خوەیشینا ئێمەشا شکار**
**وەڕەحمەتەوە بژەندێ دەیار**

**شەهریار سەرمەس، شەهریار سەرمەس**
**وەڕەحمەتەوە بژەندی سەرمەس**
**دیارە بژەندی وەهەی دەس هەی دەس**
**خواجام نەی هوژمت(٦٥) وەنەش نەیۆ گەس**

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەو قسەیەی لەناو ئەهلی هەقدا هەیە، گوایە کاتێک شاخۆشین منداڵ بووە ڕۆمەکان هێرشیان کردووەتە سەر لوڕستان، ماما جەلالە شاخۆشینی کوڕی دەرباز دەکات بۆ جێگایەکی دوور و لەوێش ڕۆمەکان دوایان دەکەون و لەپڕ لە ئاسمانەوە سوارچاکێک پەیدا دەبێت و هەڵمەت بۆ سەر ڕۆمەکان دەبات و لەناویان دەبات، دواتر دەبینن ئەوە شاخۆشینە.

دیارە نیوە دێڕی دووەم مەبەست لە هوژم ئەو هەڵمەتە بێت، چونکە لە ڕووی زوانییەوە هوژم بەمانای هەڵمەت دێت نەک گەورە.

**خۆشێن یا حەی، خۆشێن یا حەی**
**ئامانەن ئامان خۆشێن یا حەی**
**نەسەر تا وەپا دونیات کەردەن تەی**
**خەشمت کافیا هەژمەتت تاکەی**

**یاران گردیمان، یاران گردیمان**
**سەرمان بسپارین وەیار گردیمان**

**پیرو جوان و گەورەو وردیان**
**بکۆشێن پەرێ ڕاگەی پردیان**

**خۆشێن یەک قەوڵ، خۆشێن یەک قەوڵ**
**ئامانەن ئامان خۆشێن یەک قەوڵ**
**خەشمت کافییەن تاکەی مەدەی هەوڵ**
**چەلەبی شەماڵ دنیاش دان جەوەڵ**

دوو دێری یەکەمی ئەم شیعرەش باس لەهەمان بابەت دەکات و دەڵێت تۆ لە زەویدا بوویت و چوویتە ئاسمان و هاتیتەوە سەر زەوی و تووڕەبوونی خۆتت دەرخست و هەڵمەتت بردە سەریان، دیسان هوژمەتی بەکار هێناوە و هەمیشە لە سیاقی ڕستەی شەڕدا تووڕە بوون و هەڵمەت بردن پێکەوە دێن.

سەرباری زوانی شیرینی کوردی هەورامی، بە زوانی فارسیش نموونەی شیعری لەبەردەستا هەیە:

**یا شاه آن گوی تو چوگانش نداند**
**گر کج شد از این میدان بی پایان**
**در حقیقت مزەی گویا نداند**

**٧- دایە خەزانی سەرگەتی:**

خەزان کچی ئەحمەد سەرگەتییە، لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی لە گوندی سەرگەتی هەورامانی باشوور لە نزیک شاری هەڵەبجە لەدایک بووە. لە سەرەتای تەمەنیدا دەبێت ئەحمەدی باوکی کۆچی دوایی دەکات و بەتەنیا دایکی خەریکی پەروەردەکردنی دەبێت، بەڵام هەژاری نایەڵێت ئەو پرۆسەی پەروەردەکردنە درێژە بکێشێت. دایکیشی بڕیار دەدات مێرد بە پیاوێکی تر بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت کچەکەی بە باشترین شێوە بژیەنێت. خەزان لەسەر دەستی دایکی فێری خوێندن و نووسین بووە و دواتر لەلایەن زۆرێک لە زاناکانی ئەو سەردەمە خوێندوویەتی، پاشان بووەتە ژنێکی پارێزگار لەسەر ئایینی یاری.

لە سەرەتای ژیانیدا لەگەڵ «بابا ناوسی سەرگەتی(٦٧)»دا لە ڕکەبەرایەتیدا بووە و لە هەندێک لە شیعرەکانیدا بانگەشەی کوشتنی بابا ناوسی کردووە و وەک ئەوە لەم شیعرەدا دەڵێت:

**شێرە کریا جەور، شێرە کریا جەور**
**نەدەست بلە، مەردەم کریا جەور**
**دادمان ڕەسان نەدەست ئی گەور**

**دەستی وەش ئافات دندانش هزەور**

لێرەدا خەزان کە هێشتا سەری بە ئایینی یاری نەسپاردووە لەگەڵ بابا ناوسدا بەربەرەکانی دەکات و کارەکانی بلە بە جەور دەزانێت،(بلە- مەبەستی بابا ناوسی سەرگەتییە کە ناوی ئیبراهیمە) وەک ناوس خۆی دەڵێت:

**نامەن بلە و شۆرەتم ناوس**
**بابۆم ئەحمەدەن صاحێب جا و کووس**
**پێکانم وەسەر جوقەی پەڕ تاوس**
**ژات ئاسوارەنان چەنی کەیکاوس**

خەزان بانگی کوڕانی دەکات تا دژی ئەم کەسە ڕاپەڕن و دەڵێت "شێرە کوڕان، زوڵم و زۆرمان لێدەکرێت لەلایەن (بلە)وە وەرن بگەنە هانامان وەک شێر هەڵمەت ببەن و لەدەست ئەو گاورە ڕزگارمان بکەن و لەناوی ببەن. ئەم هۆنراوەیە کاتێک لەلایەن خەزانی شاعیرەوە نووسراوە کە دایە خەزان لەبەرەی بیری عەرەبی تازە گەیشتووە بە ناوچەکەدا بووە و بابا ناوسی سەرگەتیش یەکێک بووە لە ڕابەرانی ئایینی یاری. کاتێک خەزان تێدەگات لە دروستی پەیامەکەی بابا ناوس و پەیامەکەی و بنەماکانی و گونجانی زیاتری لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا بڕیار دەدات سەر بسپێرێتە ناوس و ببێتە یەکێک لە یار و شوێنکەوتووانی و وەک یەکێک لە دۆنەکانی خاتوو ڕەمزبار دەرکەوتووە، بەهۆی قاڵبوونەوەی لە زانستەکانی ئەو ڕێبازە دەگاتە پلەی (دایە) کە یەکێکە لە پایەکانی ئایینی یارسان. لە پاش سەرسپاردنەکەی دایە خەزان لەم شیعرەدا دەڵێت:

**تیری وەت کەفۆ دم و دگانا**
**مەردەت زیندەکەرد جە گۆڕستانا**
**یارت گلەودان جە وەر ئاوانا**
**چای خودایوەن هەنش نیشانا**

واتە: تۆ نزیکیت هەبووە کە تیری باوەڕی... ئەو تیرە چەقییە دڵمەوە من مردبووم تۆ لە گۆڕستاندا زیندووت کردمەوە، منت لەلافاوی ڕووباراندا گل دایەوە، تۆ نوێنگەی خوایت و منت ئازاد کرد.

دایە خەزان تا دواساتەکانی تەمەنی لە برەوپێدانی ئەم ئایینەدا بەسەر بردووە و لە کۆتایی سەدەی پێنجەمدا کۆچی دوایی کردووە و لە تەنیشت بابا ناوسی سەرگەتییەوە نێژراوە.

لە دەورەی بابا ناوسدا دیالۆگێکی کراوە بەشێوەی

شیعر لەنێوان یاراندا هەیە و لەنێوان ئەوانەشدا کە بابا ناوس کردوونیەتە ئامانج بۆ ئەوەی بە ڕۆشنایی باوەڕی یاری دڵیان ڕۆشن بێتەوە، کە دایە خەزان یەکێکە لەوانە.

لەنێوان دەورەی بابا ناوس و دەورەی عابدینی جافدا، لە ڕووی بەسەرهات و ستایلی کارکردنەوە هاوشێوەی هەیە، وەک چۆن عابدین بە ڕۆشنایی سوڵتان دڵی دەگۆڕێت و دەسبەرداری ڕابردووی خۆی دەبێت، خەزانیش هەر بەو جۆرەیە، بەڵام خەزان سەرسەختی دەکات تا ئاکام ڕۆشنایی لە دڵیدا دەچەسپێت.

چەندین شیعر لە نێوان خەزان و ناوسدا ئاڵوگۆڕ کراون، ئەوەی لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە شیعرەکانی خەزانە و ئەستەمە بەبێ شیعری ناوس و هاوەڵانی بتوانی شرۆڤەیان بکەیت، بۆیە لێرەدا وەک خۆی دەیاننووسینەوە بەبێ شرۆڤە.

**دەقی یەکەم:**

**ناوس نزاوە،ناوس نزاوە**
**ناوس مەکەرە بێ حەد نزاوە**
**ئەر سەد کە زاتوو خواجات وەبارە**
**مەکەرە ئی ڕەنگ،غەزەو مەشمارە**
**نەی ئەجرو گونای یاران بوویارە**
**ئارۆ دۆستانت نگاە بدارە**
**پەرێ مێهمانات نیات ئتوارە**
**زمستانت کەرد تۆ وە بەهارە**
**دامانت خێزناش پرشنگەو**
**چەنۆ ئاخێزنای گرەی شەرارە**
**خاتر وە مهمان مەشکن چەی دیارە**
**ساڵح(٦٨) و حەمزەت(٦٩) ئامان پەی دیارە**
**مهمانت دۆستەن فەرمان وەردارە**
**ساڵح نەباتەن ساحب تەلارە**
**پەرێ خاترشان مەکەر قەهارە**
**جارێ ئەوشان وەڕا بسپارە**
**ئیمجار هوژمەتت بکەر ئیزهارە**
**کەمان و قەهری تیرت بۆشارە**
**جگەر شەکاکان بکەر دوو پارە**
**شێرۆ کەر وەپەن و ڕازو هارە**
**برەژ گەند و فریز پا قەترەی ژارە**
**سەرگەت و گوڵپت نەوینان چارە(٧٠)**
**وەتۆشان نەکەرد ڕای ئیعتیبارە**
**خجاڵەت مانان فەردا چە سارە**
**دیدەم وە دیدەت وەشیانی شارە**
**ڕمووزم ڕەمزم ڕەوز ڕەزبارە**
**چا سەنگو حەجەر،بیم چا قەتارە**
**ناجەمو ئەلەست بیمان ئیشارە**
**یورتم جەلالەن چاوەرگو دارە**
**ناچشمە نۆشام جام سەلارە**
**نەهەرجا زیایت زۆڵێت وەبارە**
**تانەت مەدەران ئەهل بەد چارە**

ئەمەو دوو دەقی دیکەی درێژ کە لە داهاتوودا لەپرۆژەی کتێبێکدا بڵاویان دەکەینەوە.

**٦- دایراکی ڕەزبار:**

دایراک کچی حەسەن بەگە، ڕەزبار و ڕەمزباریشی پێدەگوترێت، لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی کۆچی لە شاری حەلوان لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە باوکی مامۆستای تایبەتی بۆ گرتووە و پاشان لای مەلایان خوێندوویەتی. دایراک یەکێکە لە ئافرەتە هونەرمەندە خەت خۆشەکان و زیاتر خەریکی خوێندنەوەی کتێبە کوردییەکان بووە وەک دیوانی شاعیران و کەشکۆڵەکان. ئەم ئافرەتە کەسێکی پارێزگار و خواناس بووە، لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا شووی بە شێخ عیسای بەرزنجەیی کردووە و دایکی سان سەهاکی بەرزنجەییە کە نوێکەرەوەی ئایینی ئەهلی هەقە، ڕەزبار جگە لە هونەری خۆشنووسی و شیعردا جێ پەنجەی دیار بووە، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایەکی دڵسۆز بووە لەوانە گوتنەوە و چەندین کچی فێری تەمووره لێدان کردووە، دواجار ساڵی ٧٤٥ی کۆچی لە دێی شێخان کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش بەخاک سپێردراوە.

ڕەمزبار یەکێکە لە ئەڵقەی «هەفت تەن(٧١)» لەدایکی ڕەزبارەوە کۆمەڵێک شیعر بەجێ ماوە لێرەدا هەندێکیان بڵاودەکەینەوە.

**ئەو شۆن ویەردە، ئەو شۆن ویەردە**
**یاران مەگندێ ئەو شۆن ویەردە**
**منەت مەکەردی ئەو کردار کەردە**
**هاوەدەس بنیام کلیل پشت پەردە**
**ها پیرالیەن شەرتش ویەردە**
**نەوقو هەفتەوان نوورش بێگەردە**
**جە ئەزەڵ مێردان سەر پێش سپەردە**

**بنیامین جڵەو شاش جەدەس گرتە**

بەو پێیەی ڕەمزبار یەکێکە لە هەفت تەن و یەکەمین ژنێکە لە کانی گوێزەڵەی بناری شاهۆ جەمی بەستبێت و تێیدا بەشدار بووبێت، بۆیە بەشێک لە پایە و مەرجەکانی ئایینی یاری ئەم خانمە نووسیونی.

لەم شیعرەدا ڕەمزبار مۆچیاری ئەوانە دەکات کە هاتوونەتە نێو ئایینەکەوە و پێیان دەڵێت : ئایینی کۆنتان لەبیر بکەن و ئەوەی کردووتانە (مەبەستی لەوەیە ئەوەی کە ئایینی خۆتان جێ هێشتووە و هاتوونەتە ناو ئایینی ئێمەوە، منەتمان بەسەردا مەکەن و پیر بنیامین کلیلی خۆشبەختی لەلایە و ئەوە پیر ئالییە لەنێوانماندا دەدرەوشێتەوەو هەمووان سەریان پێ سپاردووە و پیر بنیامینیش جڵەوی کاروباری لەدەستدایە).

سەردەمی نووسینی ئەم شیعرە بۆ ڕووتێکردنی بێ شوماری پەیڕەوکارانی ئایینی ئیسلام بۆ نێو ئەو ئایینە نوێیە دەگەڕێتەوە و ڕەمزباریش ئامۆژگارییان دەکات بەوەی ئەم ئایینە بێ جیاوازی هی هەمووانە و ئەوانەی پێش ئێوە هاتن، ئەوەتا لەناو هەفتەوانەدا دەدرەوشێنەوە، مەبەستی لەوەیە ئێوەش بە کرداری خۆتان دەتوانن بگەن بە پایە و پێگەی پیاوچاکان.

**قیبلەگام جەما ،قیبلەگام جەما**
**قیبلەی یارانم پردیوەر جەما**
**کاوەم سوڵتانا یار ئەعزەما**
**ئەزێ پەروانە سوڵتانم شەما**
**بنیامین پیرەن ئەز پێش سوجدەما**
**پیر موسی وەزیر دەس وە قەڵەما**
**موستەفا مەئموور پەی خارو خەما**
**ئەیوەت چون ڕۆحش نەفانی نەما**
**لوا پەی باقی ئەو باغچەو چەما**
**سوڵتان نەعش ئەو مەدفەن کەردش جا**

دیسان بە هەمان شێوە لەم چەند دێرەدا باس لە پایە سەرەکییەکانی وەک جەم وگرنگی پایەی سوڵتان و هەندێک لە یاران دەکات لەوانەش بنیامین کە لەهەر دەورەیەکدا لە تەنێکدا دەرکەوتووە، لەوانەش لەسەردەمی عەلیدا لەتەنی سەلمانی فارسی و لەدەورەی شاخۆشیندا لەتەنی کاکەردای و بنیامین بووە لە سەردەمی سوڵتاندا و خۆی لە بنەڕەتدا جوبرایلە و سان سەهاک بە پیری خۆی هەڵیبژاردووە و سەری پێ سپاردووە.

هەروەها باسی پیرموسی دەفتەردار دەکات کە لەبنەڕەتدا ئیسرافیل بووە و لە دەورەی عەلیدا لە تەنی پێغەمبەری ئیسلامدا دەرکەوتووە، پاشان باسی مستەفا دەودانی دەکات کە لە بنەڕەتدا ئیزرائیل بووە و لە یارانی سوڵتانە و فریشتەی گیان کێشانە و بە مستەفای قابزیش ناوی دەبەن.

**ئامایم جە حەریر، ئامایم جە حەریر**
**عازیز وەی ڕەزمت ئامایم جە حەریر**
**دادام زەرخاتون بابۆمەن ئەمیر**
**پایانەو عیسی تۆمان بی دەسگیر**
**چا گوڵ و بوستان کەردمان عەبیر**
**ئینا مەوانی گەوای ئەزەڵ نویر**
**نا حەجەر زیام نامێم بی مەشیر**
**حەجەر نە ئەزە، ئەز نە حەجەر پیر**
**نامێم دامیا بی نادەیجوور تیر**
**چا سەر ئەندیلت بی نامێم زەڕمیر**
**ئەز پاکم کەرد خاک کێشام نە قەڵبیر**
**خزمەتەو پاکیم ئەوسا بی دڵگیر**
**کەردیم خزمەتەو خاک زەرد بەسیر**
**هەم سوجدەم نەکەرد ئەو هەڕەو هەمیر**
**بیم وەشەریک بنیامین پیر**
**وەرمان گرت بارو لەعنەت زاهیر**
**بنیام ئەلخەناس خاران مەدەوش تیر**
**چاسەر ئەندیلەدا نیامان تەکبیر**
**هەم بیم وە فەرزەند بەشەر بەشیر**
**نامێم بی فەرهەنگ دۆست دڵپەزیر**
**لەفز وەفەرەنگی ئەز واتم تەحریر**
**یورت(٧٢) وە یورت ئامایم پەی وەرەو حوزویر**
**تا زو هوور بیمان چا کوفەو فتویر**
**فاتمە بن ئەسەد مامات بیم چاویر**
**هەم نا کەربەلا چا داوای زەویر**
**عون بن عەلی بیام چا غەدیر**
**فەرزەندوە وێت بیم مەعسووم و فەقیر**
**نەڕای دوو هامتا سەر دام بی قوسویر**
**حەسەن و حوسەین جام کۆی سەیر**
**نەوێمان تابع بەدڵ خو تویر**
**خو تویرمان نەوی چا گردین حاڵە**
**چا لوڕستانت بیم ماما جەلالە**
**دادای ویت بیام چاوەر مەحالە**

**کاوی بیم کێشام بارت ئەو ناله**
**ئەزەنان دامت پەرێ قەواڵە**
**ئیگایش چەی حوزوور شای نوور قاله**
**دایراکەنان شێخ عێسیم ماله**
**ئیگا ڕەمزبارەن عەبدو بێ تاله**

زۆرترین تێکستی ژنان لە دەفتەر و دەورەکانی یارساندا لە ناو ژناندا تێکستەکانی ڕەمزبارن و هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا لە کتێبێکدا چاپیان بکەین.

**٧- حەبیبەی شارەزووری:**

حەبیبە کچی شێخ سەدەردینی شارەزوورییە و ساڵی ٦٨١ی کۆچی لە شارەزوور لەدایک بووە، بەپێی یادداشتی قرندی، حەبیبە لەلاوەتیدا لای باوکی فێری خوێندن بووە و پاشان لای مەلاکانی شارەزوور ڕێزوانی عەرەبی و ئەدەبی فارسی خوێندووە و دواتر لەگەڵ براکەیدا چووەتە (حەلوان) لەوێ بۆ ماوەی دوو ساڵ فیقهی ئیسلامی خوێندووە و پاش دوو ساڵەکە گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و دەبینێت باوکی کۆچی دوایی کردووە. ئەویش ڕووەو هەورامان ڕێگەی گرتووەتە بەر و دواجار لە گوندی (شێخان) گیرساوەتەوە و چاوی بە(سان سەهاکی بەرزنجی) کەوتووە و ئایینەکەی ئەوی قبووڵ کردووە و هەر لەوێ وەک زاهیدێکی ئەو ئایینە خەریکی ڕێنوێنی خەڵک بووە و لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا لە ساڵی ٧٤٩ی کۆچی ماڵئاوایی لە ژیان خواستووە و لە شێخان بەخاک سپێردراوە. لە حەبیبەی شارەزوورییەوە گەلێک شیعری ناسکی سۆفیگەرانە لەبەردەستتان لێرەدا نموونەیان بلاودەکەینەوە.

**ئازیز بنیاما، ئازیز بنیاما**
**ئازیز شەرتمان چەنی بنیاما**
**هاپیرو شەرتی جەگردین جاما**
**سکەی باشڵغمان بەنیام واما**

**بەدەریا وەستەن، بە دەریا وەستەن**
**بارگەی بنیامان بەدەریا وەستەن**
**یوورت گڵێمە کۆڵ چە کەشتی ڕەستەن**
**ها بنیامینا جە کۆی غەم مەستەن**

**ئارامان نیا، ئارامان نیا**
**ئازیز بێ بنیام ئارامان نیا**
**پەی ئادی شادی بەهەشتی بیا**
**نازە و ناخوونمان مەکەرە جیا(٧٣)**

**هاجە کەشتیدا، هاجە کەشتیدا**
**یوورت ڕەمزبار هاجە کەشتیدا**
**سەرافا چەنی خەڵک و ڕەشتیدا**
**عەلەمدار و چەرخ چەو زەشتیدا**

واتە: ئەی ڕابەرە ئازیزەکەم، هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە لەگەڵ بنیامیندا پەیمانمان بەستووە، ئەو پیر و ڕابەری ئێمەیە و هەر بەویش سەر دەسپێرین. بارگەی ڕابەرەکەم لە دەریادایە و لە کەشتیدا ژیان بەسەر دەبات لە شێوەی گڵێم بە کۆڵدا و کەڵپۆسی بەکۆڵەوەیە لە کێوی پەژارەدا مەست بووە. ئەی ڕابەرە خۆ نەویستەکەم، بەبێ بنیامین ئارامان نییە، ئەو بۆ ئێمە شادی و خۆشییە و ڕەمزباریش ئالاهەڵگری ئەو چەرخەیە لە گەشتی ژیاندا و ئێمە لەگەڵ ئەم ئایینەدا وەک (نازە و ناخون) مان لێهاتووە و جیا نابینەوە.

**٨- خاتوو نازداری شیرازی:**

ئەگەرچی مێژووی لەدایکبوونی دیار نییە، بەڵام ساڵی مردنی بە ٧٦٤ی کۆچی دیاری کراوە، هێندە هەیە وەک لە کتێبی مێژووی وێژەی کوردی سدیق بۆرەکەییدا هاتووە «بەپێی یادداشتی قرندی لەئاخروئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شیراز لە دایک بووە(٧٤)». نازدار لەسەرەتای لاوییەوە ئایین کەمەندکێشی دەکات ولای فەقێ و مەلایان دەست دەکاتە خوێندن و زانستە ئایینییەکان دەخوێنێت، پاشان ئاشنای فەلسەفە دەبێت و ئیدی دەیان پرسیار لە ناخیدا چەکەرە دەکەن و خۆی لە شتە خورافییەکان دەرباز دەکات و وەک ژنێکی عەقڵانی بە دوای وەڵامی پرسیارەکانی ناخیدا دەگەڕێت و سەرەنجام ڕێگەی شارەزوور و هەورامان دەگرێتەبەر و دەگاتە گوندی (شێخان)ی مەڵبەندی گەشەسەندنی ئایینی ئەهلی هەق و لەوێ لای سان سەهاکی بەرزنجی دەمێنێتەوە و سەری پێ دەسپێرێت و پاشماوەی ژیانی لە هەورامان بەسەر دەبات و دەبێتە یەکێک لە ٧٢ یارانی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی و دواجار لەساڵی ٧٦٤ی کۆچی ماڵئاوایی لە ژیان دەخوازێت. لە بەیازێکی کۆندا کە لەلایەن (عەلی ڕەزا کرماشانی) بە مێژووی ١٣١٠ کۆچی نووسراوەتەوە، یان بڵێین کۆکراوەتەوە لە بارەی

نازدار خانمەوە نووسراوە (لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا لە شێخان کۆچی دوایی کردووە) بەم پێیە دەکرێت بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٧٠٣ بە ساڵی لەدایکبوونی دیاری بکرێت. شیعرەکانی ئەم خانمە لە بازنەی ئایینی ئەهلی هەقدان، بەڵام خۆی لە هەندێک مەسەلەی فەلسەفی داوە، بۆ ئەو کاتە و بۆ ئێستاش ڕەنگە بە قورس لەسەر هەرکەسێک بکەوێت کە دەم لەو باسانە بدات. لەسەرەنجامدا هەندێک شیعری ئەم خاتوونە هەیە، لێرەدا نموونەیەکیان نیشان دەدەین.

**ئەو یانەی ساری، ئەو یانەی ساری**
**بارگەی شام وستەن ئەو یانەی ساری**
**نمانا جیلوەی جامە عەیاری**
**نیاش مەعریفەت شای خاوندکاری**
**جامەی هەفت تەنان یورتش بۆ جاری**
**نەسیمی بنیام پیر ڕداباری**
**مەنصور بێ داود ڕەهبەری یاری**
**زەکەریا ، موسا پادەفتەر**
**داری تورکە مستەفا کەمان ویقاری**
**یورت ساری بێ زات ڕەمز باری**

ئەگەر بە وردی لەم دەقە ڕابمێنین شاعیر خۆی لە قەرەی هەندێک مەسەلەی ورووژێنەر داوە، کە لەوانەیە لە وەرگێڕانی ئەم دەقەدا بۆ سەر شێوەزاری کرمانجی خواروو هەندێک لە ماناکان وەک خۆیان دەرنەچن، بۆیە پێم وابوو ئەگەر دەستکاری واتە وەرگێڕان بۆ ئەم تێکستە بکەم زوڵمێکی گەورە لە دەقەکە دەکەم و خۆی لە خۆیدا وەرگێڕانەکەی هەندێک دەروازەی ترت بەڕوودا دەکاتەوە.

**یاران یاوەران ڕای حەق ڕاسییەن**
**پاکی و دروستی وردا و خاسییەن**
**هەرکەس وێش ناسا محەمەد ئاسا**
**بێ شک ئا کەسە مەولایچ شناسا**

**8- نێرگس خانمی شارەزووری:**

نێرگس، یان نەرگزیشی پێ دەگوترێت، کچی مەلا شوکروڵڵای شارەزوورییە، لە سەرنجامدا هاتووە ساڵی ٧١٣ کچی لە شارەزوور لە دایک بووە، لای مەلا شوکروڵڵای باوکی زانستە ئایینییەکانی خوێندووە، بەو پێیەی باوکی شاعیریش بووە شارەزایی دنیای شیعری ئەو سەردەمە بووە. نێرگس لە تەمەنی لاویەتیدا دەبێتە هاوسەری (عابیدینی جاف) کە ئەوکات مەلایەکی بەرچاو دیار بووە، بەڵام دواتر عابدین چووە سەر ئایینی یاری و نێرگسیش ئەو ئایینەی وەرگرتووە. کاتێک مەلا عابدینی جاف دەچێتە سەر ڕێ و ڕچەی یاری مەلاکانی شارەزوور زۆر شیعری ئامۆژگاری و هەڕەشەیان بۆ نووسیوە، بۆ ئەوەی واز بهێنێت، مەلا شوکروڵڵا لەنامەیەکی شیعریدا بۆ مەلا عابدینی زاوای دەنووسێت:

**عابدین بە ڕەسووڵ عابدین بە ڕەسووڵ**
**گەواهی و ئیمان بێرە بە ڕەسووڵ**
**مەترسە لە ڕەنگ ئیبلیسی فزووڵ**
**بخوێنە ئایەت قورئانی مەقبووڵ**
**تا لێت ڕەجم بێت شەیتانی مەجهووڵ**
**خودا نیازت بۆ بکات قبووڵ**

بە هەر حاڵ ئەمە وەک نموونەیەک باسمان کرد و ئەوەش بۆ خۆی بابەتێکی سەربەخۆیە. ئەم خانمە شاعیرەمان بە شێوەی جافی شیعری هۆنیوەتەوە و لەگەڵ عابدین جافدا پێشڕەوی ئەم جۆرە شێوازی نووسینەن لە سەرەنجامدا. نەرگس خانم لەتەمەنی ٦٣ ساڵیدا لە شێخان کۆچی دوایی کردووە سەرجەمی بەرهەمەکانی لە کتێبی (دەورەی عابدین) دا پارێزراون، ئەم خانمە شاعیرە خاوەن شێوازێکی جیای نووسینە. جیاواز لەم کێشانەی لەو سەردەمەدا شیعری پێ نووسراوە وەک لەم نموونەیەدا دیارە:

**بۆ پیر پیرە پیرم**
**بۆ ژێر ژێرە پیرم**
**بۆ بیر بیرە پیرم**
**بۆ سیر سیرە پیرم**
**بۆ کوڕ کوڕە پیرم**
**بۆ لەیل لەیلە پیرم**
**بۆ فیل فیلە پیرم**
**بۆ شین شینە پیرم**
**بۆ قین قینە پیرم**
**بۆ جەم جەمە پیرم**
**بۆ خەم خەمە پیرم**
**هەروەک شەمە پیرم**
**شەم ئەچەمە پیرم**
**"نەرگز" گزە پیرم**
**گزە نەزەرە پیرم**

لە جێگەیەکی تردا دەڵێت:

**بادەم یارەو جامم یارە**

**شادیم یارەو کامم یارە**
**بیرم یارە و هۆشم یارە**
**هۆشی چی هەر نۆشم یارە**
**دەربارم بارە زەویم یارە**
**بەرزیم بارەو نەویز یارە**
**"نەرگز" خودا بووە یارم**
**ئیدی بەسە و ئەز ڕزگارم**

یان دەڵێت:

**یارم فەرمووی دروسکاری من**
**بۆ ڕۆژ دوایی هەر زوگار بن**
**ئەگەر بکرێن بۆ شاخاسە**
**ڕاس بن ڕێگە هەر ڕێی ڕاسە**
**ڕازی دڵتان مەدرکێنن**
**هەرگیز نەکەن خۆ بنوێنن**
**لەمەرگ و میر هیچ مەترسن**
**ئەم ڕازە لە گیان بپرسن**
**لەش قاڵبە و هەر بۆ خاکە**
**گیان ئەگەڕێ وەک ئاو پاکە**
**پیاو دەبێت دڵ لە ژین بەردا**
**ئەم چوار چتە ئەبێ سەردا**
**باکی و ڕاستی و نیستی و ڕیدا**
**بکاتە ڕێ ئەمڕۆ و فەردا**
**ڕۆژی دوایی هەقە یاران**
**شام دێتە سەر تەخت وەک جاران**

سەربارى ئەمانە چەندین دەقی تری ئەم خاتوونە لەبەردەستدان، بەڵام بۆ کاتی خۆی لە کتێبێکدا بڵاویان دەکەینەوە.

ئەوەندە هەیە بێژین سەبک و ستایلی نەرگز جیاوازە لەوانەی تر هەم لە ڕووی زمانی نووسین و هەم فۆرم و شێوازەوە.

**٩-زەڕبانووی دەرزیانی (خاتوون):**

کچی یووسف بەگی دەرزیانییە، ساڵی ٧٨٠ی کۆچی لە دێی دەرزیان لە دایک بووە، هەر بە منداڵی مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە تا فێری خوێندن و نووسین بووە، بەپێی پایەی کۆمەڵایەتی و ئایینی خێزانەکەیان خەریکی خوێندنەوەی کتێبی شاعیران و سەرەنجام بووە.لە تەمەنی ٢٠ ساڵدا بووەتە هاوسەری پیرقەنبەری شاهۆیی کە لەدەورانی مورتەزا عەلیدا دۆنی میکایلی فریشتە بووە و لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا کوڕێکیان دەبێت کە ئەوەیش (شاوەیس قوڵی) پێنجەمین دەرکەوتەی خودایی لێ دەرکەوتووە.

پیر قەنبەر لەبارەی خۆیەوە دەبێژێت:

**ئەسلمەن جە کورد، ئەسلمەن جە کورد**
**با بۆم کوردە نان، ئەسلمەن جە کورد**
**من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی کورد**
**سلسڵەی سپای زوحاک کەردم هورد**

زەڕبانوو لە تەمەنی لاویەتییەوە دەستی داوەتە نووسین و چەندین شیعری تەڕ و پاراوی لە پاش خۆی جێ هێشتووە کە لە دەفتەرێکدا بەناوی (دەوری قرمزی) کە نازناوی کوڕەکەیەتی پارێزراوە. زەڕبانوو هەر لەسەرەتاوە نازناوی (خاتوون)ی بۆ شیعری خۆی داناوە، ئەم خانمە ساڵی ٨٤٥ی کۆچی ماڵئاوایی لە ژیان خواستووە.

ئەمەش دوو نموونەی شیعریەتی:

**گردبیەن ڕچوان گردبیەن ڕضوان**
**کارخانەی خواجەم گرد بیەن ڕضوان**
**ئێد ئو سوارەن شێتیش کەرد خەزان**
**نەپەردیوەردا وست وە کەسنەزان**

لێرەدا لەم خانمە ئاماژە بە گەورەیی (باوەناوسی جاف) دەکات کە ڕابەرێکی ئایینی یاری بووە و سەرەتا (دایە خەزانی سەرگەتی) ڕکابەری کردووە و دواتر سەری پێ سپاردووە. یان دەڵێت:

**خواجەم لوتفش کەرد خواجەم لوتفش کەرد**
**وە (خاتوون) خواجەم لوتف و کەرەم کەرد**
**پەخشاش پێم (قوڵی) یانی لوتفش کەرد**
**تا پەسلان خواجەم منەت بارمش کرد**

واتە: خواجە و ڕابەرەکەم کە (بابا ناوسی جاف)ـە لوتفی کرد بە (خاتوون) بەزەیی هاتەوە و (قوڵی) پێ بەخشین کە تا ڕۆژی پەسلان منەت باری کردم.

**١٠- سەمەنی دەودانی:**

سدیق بۆرەکەیی دەڵێت(٧٥):

لە دەورەی بابا جەلیلدا شیعر و کەمێک لەسەر ژیانی هەیە، ئەوەندە باس کراوە لە سەدەی نۆیەمدا ژیاوە و سەری سپاردووە بە باباجەلیل و وەک یار و شوێنکەوتووی ئەو خەریکی کاری ئایینی بووە.

**یا دوڵدوڵ سوار، یا دوڵدوڵ سوار**
**ئامانەن ئامان ساحیب زولفەقار**

**وەناز ئەو وەقت تۆ شیت نە جەببار**
**بنمانە ڕەمزێ باقی ئاشکار**

**ئەوزارت بنما، ئەو زارت بنما**
**تۆ ئومید منی، ئەوزارت بنما**
**ها فرێ کەس هەن کەردەنش تەما**
**من کەسم نییەن تۆمەنی زما**

**١١- خاتوون گوڵێ(٧٦):**

هیچ زانیارییەک لەسەر ژیانی نییە، ئەوەندە هەیە لە سەرەنجامەکەی تەیب تاهیری، لەبەشی کەلامی دەورەی باباناوسدا نموونەی شیعرێکی هەیە و دەڵێت:

**حەرفەو بیجانا، حەرفەو بیجانا**
**ناوس مەواچە حەرفە بیجانا**
**مەشان وە خەڵەت گام وە زیانا**
**مەنی بکەن وەدەم و دگانا**
**تیرت بکەفۆ نە دوو چەمانا**
**تۆ حەرفێوت وات ناموستە جانا**
**کەی خوەرت گلدان چەی هەفت ئاسمانا**
**کەی مردەت وریێزنان چەی قەورسانا؟**
**کەی زەرپێوت شەن سککەت نیانا؟**
**تۆ وەی حەرف وێت مەو وە غورانا**
**پا مەنیەر ئەو بەرز، وی گوفتارانا**
**بەنەیش مەشکنۆ هەزار نیشانا**
**وەرنە وەر دەردت نییەن دەرمانا**
**هەر کە مەنیش کەرد سککەش نارەوانا**
**ماتەڵ مەمانۆ چە پای دیوانا**
**مەواچی ئاواز وەپڕ بەهانا**
**هەرکە خودا بێ ئێدش نیشانا**
**بمانۆ زەربێ چەی ماو زەمانا**
**خوەر مارۆوە وار وە یەک تەکان**
**وەرنە زیاد ماچی پەنەت خەتانا**
**واتە و کردارت بکەر میزانا**
**جەلات وە ئەزێش ڕۆشن بمانا**
**تا کە بگێرێت قایم دامانا**

**دەرەنجام:**

پاش قسە لەسەر ژیان و بەرهەمی ئەو خانمە شاعیرانە، سەرنجی خوێنەران ڕادەکێشم بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە کە وەک دەرەنجامێک پێی گەیشتووین.

١- تەواوی تێکستەکان بە شێوەی هەورامی نووسراون جگە لە دەقی شیعرەکانی"نەرگز خانمی جاف و عابەدین بەشێوەی جافین و دەروێش ئاجاقیش بە شێوەی تورکییە، کە ئەمەش نیشاندەری فەرهەنگ و کولتووری هەڵگرانی ئەو زمانەیە و ئێمە لە ڕووی ڕووکردی زمانەوە دەتوانین ئاستی ڕۆشنبیری و دەرکی فەرهەنگی هەڵگرانی ئەو زمانە و ئەوەی بەو زمانە نووسراوە بکەین، بە واتایەکی دیکە مـتاومی واچمی کە زوان "دابینکەری چەشنی جیهانبینی مرۆڤە(٧٧)"

شێوەی هەورامی هەندێک گرنگیی و توخمی زمانەوانی تێدان لەوانەش وزەی گوتار و کاریگەری مانەوەی لە نەستدا، کە ئەمەش بەندە بە هێزی زوان و توخمەکانی وەک " دەنگ و مۆرفیم و ڕستە و بەیان و...تاد.

هەر ئەم شیرینی زوانییەیە بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی تا قۆناغی تۆمارکردن و نووسینەوە ئەم کەرەستە ئایینی و فەرهەنگی و کولتوورییە بەهۆی ئەزبەرکردنەوە بێتە پاراستن، بۆ ئەمە نموونەیەکی زیندووتر لەبەر چاوانە، ئەگەر سەرنج لە گۆرانییەکانی دەڤەری گەرمیان بدەین دەبینین سەرباری ئەوەی زۆرێک لە گۆرانیبێژ و تەنانەت ئاخێوەران بەو زمانە، شێوەی ئاخاوتنی خۆیان لەبیر کردووە، کە ئەمەش لەناو بەشێکی زەنگنە و باجەلان و ..... تاد دەبینرێت، بەڵام کاتێک قەتار و خاوکەر و ئای ئای و ئەڵڵا وەیسی و گۆرانییەکانی تر دەچڕن، دەچنەوە سەر ئەو شیعرانەی بەو شێوە زوانە نووسراون، ئەمەش نیشانەی کاریگەرییە نەستییەکانی زوانە.

٢- تەواوی دەقەکان لە بازنەی ئایینی ئەهلی هەقدان و لێکدانەوەیان پێویستی بە وردەکاری هەیە، بۆیە ناتوانین بە ئاسانی لەو تێکستانە حاڵی ببین تا شارەزاییمان لەو ئایینە نەبێت، هەربۆیەش هەوڵمان داوە بەو پەراوێزانە کەمێک زانیاری لەسەر ئەو ئایینە بدەین. تا کەمێک ئاسانکارییان بۆ بکەین، هەرچەندە نابێت نووسەر دابەزێتە ئاستی خوێنەر و بەپێچەوانەوە ئەوە خوێنەرە دەبێت سەرکەوێتە ئاستی نووسەر و تێکست.

٣- ئەم تێکستانە و تەواوی تێکستەکانی ناو کتێبەکانی ئەهلی هەق سەرچاوە و گوڕی زوان و فەرهەنگی وەڵێنەمانن و مشیۆ بە چەمێوی بەرێزەوە لێیان بڕوانین و شانازی بە برگە و بابەتەکانیانەوە

بکەین، ئەگەرچی لەگەڵ بیر و بۆچوونیشماندا نەگونجێت، چونکە ئەوە سامانی کولتووری ئەم نەتەوەیەیە و نەک تەنیا هەورامییەکان، یان ئەوانەی بەم شێوە زوانە دەئاخڤن، بەڵکو کورد بەگشتی دەبێت شانازی بەم کولتوورەوە بکات.

٤- ئەگەر تەماشای زەمەنی هەریەک لە ژیانی ئەو ژنە شاعیرانە بکەین، ئەوە قۆناغێکی زێرین بەرچاو دەکەوێت، ئەویش قۆناغی ئایدیایەکی کوردانەی ڕەسەن بووە لەگەڵ برەوسەندنی ئەو ئایدیایەدا، یان ئەو ڕێ و ڕچەیەدا کە لە ڕاستیدا من بە ئایینێکی تایبەتی دەزانم و تەواوی پێکهاتەکانی ئایین لەو ڕێ و ڕچەیەدا هەیە و بەدی دەکرێت،

٥- شیعری کوردی لەو قۆناغەدا، بەتایبەت شیعری ئافرەتانی شاعیر زۆر لەبرەودا بووە، بەڵام وردە وردە ڕووی لە کزی کردووە و لەگەڵ جێگرتنەوەی بە بیرێکی تر. ئەوەی زیاتر هاندەر بوو بۆ من ئەو کارە بکەم وجوودی خودی شاعیرەکان و گرنگی قۆناغەکەیان بوو، ڕەنگە بەسەدان کەسی تر، ئەگەر زیاتر پێ دابگرین و بڵێین ڕۆشنبیرانی ئەهلی هەق زۆربەیان لە ئێمە زیاتر تێکست و دەقی ئەو خانمانەیان بینیوە و بیستووە، بەڵام ئەوان وەک (دەقێکی پیرۆز) مامەڵەی لە تەکدا دەکەن و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوانە و هیچ کەسێکی (کەلام) نووسی نێو ئایینەکەیان بە شاعیر نازانن و ڕەنگە ئەستەمیش بێت بە شاعیر ناوی ببەن. نەک خوانەکردە ئەوان شاعیر بە شتێکی خراپ بزانن، بەڵکو بەو پێیەی ئەوان وەک دەقی ئایینی مامەڵە لەگەڵ ئەو بەیتانەدا دەکەن.

**پەراوێزەکان:**

٤٤- بۆرەکەیی، سدیق: مێژووی وێژەی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، بەرگی یەکەم، لاپەڕە٧٦.

ئەگەرچی ئەم باسە لە دەماودەمی کاکەییەکاندا هەیە، بەڵام لەو ٤ سەرەنجامەی لای منن تەنیا لەوەی سەفی زادە دا ئەم چیرۆکە نوسراوەتەوە

٤٥ – دۆنی پیر بنیامینە

٤٦ – بۆرەکەیی، سدیق: مێژووی وێژەی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، بەرگی یەکەم، لاپەڕە٩٢.

٤٧ – سام الدین تبریزیان، گردآوری و تدوین، جلد دوم، مجمع الکلام سرانجام اهل حق، لا٦١، دەستنووس

٤٨- دەفتەری شاخۆشین -دەستنووسە – لەسەر دەسنووسێکی کۆن ساڵی ١٣٦٨ نوسراوەتەوە

٤٩- طاهری، طیب گردآوری، تحقیق و ویراستە: سرانجام ( دفتر اول) مجموعە کلامهای یارسان، کاکەیی، اهل حق، اربیل، انتشارات اراس، صفحە٢٠.

٥٠ – عەبدوڵلا، نەجاتی: چەند باسێک دەربارەی ئەهلی هەق، وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان ٢٠٠٥، لا٧٩، وتاری ئەهلی هەق- مینۆرسکی.

٥١ – طاهری، طیب گردآوری، تحقیق و ویراستە: سرانجام ( دفتر اول) مجموعە کلامهای یارسان، کاکەیی، اهل حق، اربیل، انتشارات اراس، صفحە٢١.

٥٢ – من ئەم چیرۆکەم لە دەمی خوالێخۆشبوو (عەباس چەمچەماڵی) لە ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری سنە لە کۆنگرەی هەورامان ناسیدا بیست، ناوبراو تەمووره ژەنێکی لێهاتووی ناوچەی کرماشان بوو، ساڵی ٢٠٠٣ لە بەناوی (ئەفسانەی گوڵ و بولبول) لە گۆڤاری ڕامان بڵاوم کردەوە و لەگەڵ ئەوەی لە کتێبی مێژووی وێژەی کوردی بۆرەکەییدا لە بەرگی یەکەمدا هەیە بەراوردم کردووە.

٥٣ – لە سەرەنجامە کۆکراوەکەی تەیب تاهیریدا لە لاپەڕە ٥٠ دا (قەسەم ) نوسراوە و لە سەرەنجامە کۆکراوەکەی سدیق بۆرەکەییدا نوسراوە ( سەوگەند).

٥٤ – مەحموود پوور، ڕەووف: خێزگەی سەیدی و خەرمانەی ئەدەب، نشر احسان، تاران، ٢٠٠٨ م، لا.٦٥

٥٥ – هەمان سەرچاوە، لا ٦٦ .

٥٦ – هەورامی، نامق: زمان سیۆلۆژیا لە (زەڕنە و ئاسۆی)دا، گۆڤاری هەورامان، ژ ٢٠، پایزی ٢٠١٠، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان دەری دەکات، لا ١٠١ .

٥٧ – مەحموود پوور، ڕەووف : خێزگەی سەیدی و خەرمانەی ئەدەب، نشر احسان، تاران، ٢٠٠٨ م، لا.١٢٤

٥٨ –مەولەوی، عبدالرحیم بن سعید معدوم کورد: دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی مەلاعبدالکریم مدرس، چاپی پێنجەم ١٣٨٦، انتشارات کوردستان، سنە، لا ٤٦٧

٥٩ – عورتا شارێکی نزیکی شاری نابلسە لە فەلەستین و لەوێدا گۆڕی عوزەیری پێغەمبەری لێیە لە شوێنێکی ئەوێدا و گوایە گۆڕی یوشعی کوڕی نون و موفەزەڵی ئامۆزای هارون لەوێدان و دەڵێن گۆڕی هەفتا پێغەمبەر لەوێدا هەن – بڕوانە

سەرەنجامەکەی تەیب تاهیری لاپەڕە ٤١
٦٠ – جوان و خۆ ئارایش کردوو.
٦١ –بە ڕووت لێکدراوەتەوە لە سەرەنجامدا، بڕوانە: طاهری، طیب گردآوری، تحقیق و ویراستە: سرانجام (دفتر اول) مجموعە کلامهای یارسان، کاکەیی، اهل حق، اربیل، انتشارات اراس، صفحە ٤١، بەڵام ڕەنگە مەبەستی (ناسوت) بێت کە بەواتەی شوێنی خوداوەن بێت لە دنیای باوەڕهێناندا، یان وەک ئەوەی لە لای محیّدین ابن عربی هاتووە (ناسوت) واتە : جیهانی سروشت و جەستە، جیهانی ماددی، جیهانی نیشتنەوە، بەرانبەر بوون بە فریشتە، جیهانی هەست و بینین، چونکە لە بەرانبەر لاهوت ناسوت هەیە، بڕوانە:
– سعیدی، گل بابا: فرهنگ اصطلاحات عرفانی ابن عربی، تهران، چاپ سوم ١٣٨٧، انتشارات شفیعی، ص ٨٤٧-٨٤٨ .
٦٢ –عەینە گوندێکە نزیک لە خوڕەم ئاوای لوڕستان
٦٣ – چیایەکی نزیکی لوڕستانە، بە مانای ڕێگەی دورش دێت
٦٤ – لە هەندێ نوسخەدا نووسراوە ( یۆشانە جەبار) لە ڕووی هاوسەنگی شیعرەکەوە ئەمەیان دروست ترە.
٦٥ –لای تەیب تاهیری ئەم وشەیە بە ( گەورە) لێکدراوەتەوە، بەڵام زیاتر مانای ( هەڵمەت) دەدات،
٦٦– دفتری پردیوری، بخط خاص علی نوروزی-لا١٨- دەستنووس، بەڕێز بهمن بهرامی لە کتێبخانەیەکی ئەڵمانیا پەیدای کردووە و کۆپییەکی لێگرتووەتەوە لای منە.
٦٧ – ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەد نازناوی (بابا ناوس)، یان ( ناعوس) و بە (بلە)ش ناسراوە و لەسەرگەت ساڵی ٤٧٧ کۆچی لەدایک بووە و خۆی بە نوێنگەی تیشکی خوا زانیوە و گەلێک شوێن کەوتووی هەبوون لەسەر ئایینی یاری بووە و یەکێک لە کتێبە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق کتێبی دەورانێکە بەناوی (دەورەی باباناوس) و گەلێک شیعری خۆی و شوێنکەوتووانی تێدایە.
٦٨ – ساڵح عەربەتی دۆنی پیر مووسایە
٦٩ – حەمزە خورماڵی دۆنی داودە، لە هەندێک شوێندا بەناوی غوڵامی پاک وەتەن خۆی دەناسێنێت.
٧٠ – لە لاپەڕە ٧٧ ی سەرەنجام کە کۆکراوەی تەیب تاهیرییە لە جیاتی سەرگەت و گوڵپ نوسراوە سەرکەت و گۆل پەت .
٧١ – ئەو ناوە بۆ ئەو بازنەیە لەلایەن سان سەهاکەوە هەڵبژێردراوە، هەفتەن هەتا ڕۆژی پەسڵان بەنەمری دەمێننەوە و دەتوانن لە تەنی تردا دەربکەون، ئەوانیش بریتین لە:
(بنیامین، داودی کەوسوار، پیر مووسا، دایراک = ڕەمزبار، مستەفا دەودانی، شا ئیبرایم، بابا یادگار)
٧٢ – دۆن.

٧٣ – سدیق بۆرەکەیی بە هەڵە نووسیویەتی ( تازە و ناخوونمان ) لەبری ( نازە و ناخوون ) بڕوانە:
بۆرەکەیی، سدیق: مێژووی وێژەی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ١٩٧.
٧٤ – بۆرەکەیی، سدیق: مێژووی وێژەی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢٣٩.
٧٥– بۆرەکەیی، سدیق: مێژووی وێژەی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٤١٣.
٧٦ – طاهری، طیب گردآوری، تحقیق و ویراستە: سرانجام ( دفتر اول) مجموعە کلامهای یارسان، کاکەیی، اهل حق، اربیل، انتشارات اراس، صفحە ٨٥.
٧٧ – شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا..- نووسین و لێتوێژینەوە:عادڵ محەمەد پوور-لەبڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان-٢٠٠٨ سلێمانی- چاپخانەی بابان- لا١٣٦.

# بەها و بایەخی هونەر

**تەها ئەحمەد ڕەسوڵ**
**(سلێمانی)**

ئەگەر هەوڵ بدەین هونەر وەک کۆپیکردنەوەی سروشت لێک بدەینەوە هەروەک تێڕوانینی ڕیالیزمییەکان و سروشتییەکان و تەنانەت ڕاستەقینەخوازەکان، یان وەک کارێکی خواوەندییانەی شێوازئامێز بێت کە (شیللەر) و (سبنسەر) و ئەوانی تر دەیبینن، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە کار و کردەیەک بێت وەک (ڤالێری) دەستنیشانی دەکات کە هەموو شێوازەکانی کارکردنە، ئەوە (ئالن) بە پیشە و دروستکراو پێناسی دەکاتەوە، واتە پیشە و پیشەوەر.. هەرچی (ئالتۆسێر)یشە وەک فەیلەسووفێکی بنیادگەری و وروژێنەری یەکەمی تیوری نوێی هونەر، بە چالاکییەکی بنیادگەرانە وەسفی دەکات.

ئەوەی وای کردووە هونەر لە چالاکییە مرۆییەکانی دیکە نەچێت، بۆ ئەو خەسڵەتەی دەگەڕێتەوە کە ناوێنەییە، لەبەر ئەوەی هونەر بە سادەیی خۆیەوە هونەرێکی منداڵانە و سەرشێتانەیە و گۆڕانخوازە و لە ئاستێکی باڵا و نموونەییدا ڕاستی و ڕاستەقینە تێدەپەڕێنێ، ئەو ڕاستییەی لە هونەردا خۆی دەنوێنێ تەنیا ڕاستییەکی پوخت و ڕووکەش نییە، هێندەی ڕاستییەکی ڕێکخراو و خوڵقێنراوە، هەموو شتەکان لە هونەردا دەکەونە نێو پێوەندییەکی نوێوە، هەمان ئەو شتانە ناگەیەنن کە لە سروشتدا بوونیان هەیە، بەڵکو هونەریش وەک مەعریفە دەکەوێتە شیکردنەوە و شرۆڤەی بوونەکان و کارلێک و پێوەندییەکانیان یەکالا دەکاتەوە.. پەیکەرێک لە کارەکانی (ڕۆدان) دا، یان ئەوەی پێی دەوترێت (ڕەنگێک) وا لە هونەر دەکات شتێک لە سوریالی نزیک بێتەوە نەک ببێتە شتێکی ناواقیعی، بەڵام هەرگیز بە ڕەهایی وای لێناکات ببێتە ڕاستییەکی ڕووت و ڕووکەشانە، چ شتێک لەو پێناوەدا مەدلوولێکمان پێنابەخشێت وەک نیگارەکانی (ڕۆد) لە تابلۆی (ڕۆیشتنی پیاو) و (مارشالی شمشاڵ) دەماندەنێ، یان تابلۆی (پێشبڕکێی ئەپسن) ی چیریکۆ، لەم سێ تابلۆیەدا دەبینین هەمان ڕاستی لەنێو دوو کەوانەدایە، چونکە مرۆ هەرگیز بەشێوازی (ڕۆیشتنی پیاو) نەڕۆیشتووە کە قاچەکانی جێگیر لەسەر زەوی بن بێ ئەوەی یەکێکیان لەوی دیکە بەرزتر بێت، سەرباری ئەمەش دەتوانین ئەو پیاوە ببینین کە دەڕوات هەروەک دڵنیاییمان لە بینینی ڕۆیشتنی ئەسپەکاندا، لەکاتێکدا ئەو ئەسپانەمان نەبینیوە زگیان لە زەوی بخشێ و پەلی پێشەوەیان لە هێڵێکدا درێژ ببنەوە لەگەڵ پەلی دواوەیان، ڕۆدان سەرنجی شەش هەڵەی ئەنقەستی لە شێوەی کارەکتەرەکەی ڕۆد داوە، شەش جووڵەی ناڕاستەقینە کە زۆر هەڕەمەکین بەبەراورد بە سکێچی ئەو

ئەفسەرەی بە یەک قاچ بازی داوە، تابلۆی (شمشاڵ) ی ڕۆد پڕە لە هەڵە و کەموکورتی و ڕاستییەکی زۆرترمان ناداتێ لە واقیعی ڕاستەقینە، هەر بۆیە نابێتە کارێکی ڕیالی، کۆنتریش (ئەرستۆ) وتوویەتی: شیعر ڕاستی زۆرتری تێدایە وەک لە مێژوو.

پەیکەر ڕاستی زۆرترە وەک لە قاڵب و بۆتە، نیگارکێشانیش لە فۆتۆگراف، هونەری وێنەگرتنی فۆتۆگرافی نابێتە هونەر گەر وێنەگرەکە لە بەڕێوەبەری پرۆسەکەوە نەبێتە داهێنەرێکی ڕاستەقینە، چونکە سەرلەنوێ بنیادنانەوەی جیهان بە هەموو مانایەکی خۆیەوە خولقاندنە، پێویستە لێرەدا بیرۆکەیەک جێبەجێ بکەین تاوەکو لەبارەی هونەرەوە بدوێین، واتە بە میکانیزمێکی نائاگایی کە ئامێرێک ئەنجامی دەدات و چ هزرێکی نییە، ئەمە بە هونەر ئەژمار ناکرێت، تەنانەت بەرهەمێکی کەمتریش لە هونەر، ڕەنگە پیشەسازی و تەکنیک بگەیەنێت، لە هەردوو بارەکەشدا بەرانبەر بە هونەر دەبینەوە، (ئەندرێ مالرۆ) لە موزەخانەی خەیاڵیدا دەڵێت: هونەر ئەو شتەیە کە شێواز دەبەخشێتە فۆرم و شێوەکان، لەڕاستیدا گرنگ نییە کاتێک دەڵێین هونەر گواستنەوە و هێمایە، یان هەڵاتن و تێپەڕاندنە، چونکە هەمیشە گواستنەوەی واقیعێکی پوختە بۆ جیهانێک سەرووتر لە ڕاستی، کە لە بوونێکی سەربەخۆدا دایدەمەزرێنێ، چەندە هەبوونی شتەکان وەک خۆیان کەمتر بینەوە لە نیگارکێشاندا بەهای هونەرییان زۆرتر دەبێت، هەربۆیە هونەرمەندیش پێویستە واقیع تێپەڕێنێ تاوەکو ڕاستی بچنێتەوە. دەتوانین بڵێین هونەر بەخشینی ڕێباز و ئاراستەیە بە واقیع، باڵانومای بوونە و ئەفراندنی شێوەکانە لێیەوە، نەک بوونی خۆیان، واتە بەرهەمهێنانی جوانی لە بوونەوەرێکی ئاگا و هۆشمەندەوە بەپێی وتەکەی (لالند).

## بەها و پێگەی هونەر

لە ساڵی ١٨٩٦ دا (تۆلستۆی) سی لاپەڕەی کتێبەکەی (بەهای هونەر) ی بۆ قسەکردن و پێناسەی هەمەجۆری هونەر تەرخان کردووە، بۆی دەرکەوت ڕاستگۆ نەبووە لە دەستنیشان کردنیدا، هەربۆیە پێناسێکی دیکەی پێ بەخشی کە دەڵێت: چالاکی هونەری لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە کەسێتی لە ناخیدا هەستێک ئامادە دەکاتەوە کە پێشتر ئەزموونی کردووە، وەختێ ئەو هەستە



**شیللەر**

ڕۆدەنێ، یان دروست دەکات ئیدی دەیگەیەنێتە ئەوانی تر، وەلێ سەرباری گرنگی ئەو پێناسەیەش دەڕژێتەوە نێو ئەو پێناسانەوە کە خۆی بە ناڕاستگۆ ناویان لێدەنێت. پرسیارکردن دەربارەی بەهای هونەر پرسێکە زۆرینەی بیرمەندان هەوڵیانداوە وەڵامێکی شیاوی بدەنەوە کە تاوەکو ئێستا هەمووانی قایل نەکردووە، ئەمەش بەپێی بۆچوونەکەی هێربرت ڕید.

(ڕیچارد) ئەم گرفتەی بەسەرکردۆتەوە و بە زمانەوە گرێی داوە، پێی وایە ئامرازی ئاخاوتن وەرچەرخانی بەخشیوەتە نێوان ئێمە و ئەو شتە ڕاستەقینانەوە کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، ڕەخنەگرانیش چەمک و زاراوەی زمانەوانی بەکاردەهێنن و شتە بابەتییەکان و کاریگەرییەکانیان لەسەر وەرگر تێکەڵ دەکەنەوە، بۆ ئەوەی بە ڕوانینی وردی ڕەخنەگران سودمەند بین، پێویستە جیاکارییەک لەنێوان سیمای شتەکان و ئەو ئەزموونە خودییانەیان بکەین کە بەرهەمی دەستگیرکراون لە شتەکانەوە، بەداخەوە زۆرینەی نووسینە ڕەخنەییەکان ئەو دوو ڕەگەزە تێکەڵ دەکەنەوە، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کاتێک دەڵێین ئەو تابلۆیە جوانە نەک بڵێین ئەزموونێکمان دەداتێ کە بەهای دیاریکراوی خۆی هەیە، ئەگەر هێمایەک بدەینە بەخششی هونەریی و بە (أ) ناوی بهێنین، کاریگەرییەکەیشی ببێتە (ب)، هەروەها ئەو نێوەندەش بۆ وەرگر (ج) بێت، پێویستە بڵێین (أ)

بەرهەمی (ب ج) دەگـەیەنێت، ئەگـەر وریا نەبین ئەوە بروامەند دەبین بە پێزانینی (أ ج) کە ئەمەش هەڵەیەکی زمانەوانییە.

هەرچەندە ڕیچارد پێناسـەیەکی نوێ و دیاریکراو بۆ هونەر دادەڕێژێت، بەڵام بەرەو ئەو هەڵەیە دەمانبات کە لە پێناسـەکـەیدایە، ئەگـەر بگەڕێینەوە سـەر پێناسـەکـەی تۆڵستۆی دەبینین ئەو دەربارەی ئەو هەستانە دەدوێت کە هونەرمەند ئەزموونی کردوون و گەیشتوونەتە ئەوانی تر، ئەوانیش ئەزمـوونی دەکـەن بێ ئەوەی ئاماژە بەو شـتـە بابەتییـە بدەن کـە لەمـیـانی کـاری هونەرییـەوە هزر و هەسـتـەکـان گـوێزراونەتەوە، هەر بۆیە دەتوانین بڵـێین تۆڵسـتـۆی پێناسـەکـردنی هونەری لەبیـر کـردووە.. لە پێناس و ناسنامـەی هونەریدا پێـویسـتـە هونەرمـەند و وەرگـر وەلا بنێین و لەو بابەت و فـۆرمـە وردبینەوە کـە یەکـەم خـولقـاندوویەتی تاوەکـو کـاربکاتە سـەر دووەم.

هونەر وەک (سـوزان لانگەر) دەیبـینـێ: داهێنـانی شێوەگەلێکە کە شیاوی پێزانین و هەستکردن دەبنەوە بەو پێیـەی گـوزارشتن لە ویژدانی مـرۆیی، هەربۆیە دەبێـتـە بابەتێک و لە هونەرمـەند و ڕەخنەگـر جـیـادەکـرێتـەوە کـاتێک بڵـێین (فـۆرمـێکە بۆ پێزانین و دەرککردن) ئەو شـێـوەیەش ئەو بوونەیە کـە کـارە هونەرییـەکـە لە خـۆی دەگرێت، ئەمەش هەموو ئەو شتەیە کە کارە هونەرییەکان تێیدا بەشدار دەبنەوە. کاری هونەریی وەک شێوە هەستی پێدەکرێت و هیچ کـارێکی هونەریی ڕاسـتـەقـینە بوونی نییە لە بنەڕەتدا کار نەکەنە سەر هەست و پێزانین، بەڵام ئەوە چییـە کـە فـۆرمی هونەریی لە فـۆرمـەکـانی دیکە جیادەکاتەوە؟!

(نۆبلەر) لە پێناسەکردنی هونەردا دەڵێ: (بەرهەمێکی مرۆییە بە لێهاتوویی و کارامەییەوە کەرەسەکانی تێدا ڕێک دەخرێت تاوەکو ئەزموونێک ببەخشن). شێـوەی هونەریی بەو ڕێکخـسـتنە جـیـادەکـاتەوە کـە دەبێـتـەوە خەسڵەتێک کە ئەرستۆش پێشتر جەختی لێکردۆتەوە: جـوانی، ئیـدی جـوانی بوونەوەرێکی زیندوو بێت، یان شـتـێک بێت لە چەند بەشـێک پێکهـاتبێ، بۆ ئەو سیستمە دەگەڕێتەوە کە لەنێوان بەش و یەکەکاندا بوونی هەیە.

ئەو ڕێکخـسـتنە دەبێت لەسـەر بنەمـای ڕەگـەزەکـانی هاوسـەنگی و چوونیـەکی و ڕیتم بێت، هەروەک (ئۆگدین) پێی وایە کە ڕەگەزی سەرەکین و ئەو سیستمە دەخولقێننەوە، (هێربرت ڕید) پێی وایە فۆرمی هونەریی سـەرکـەوتوو ئەوەیە وەک سیـسـتـمی ئەرکـەکـانی ڕێک خـرابێت بە باشـترین شـێوە، کـە مـاتریالی بەکـارهاتوو و هێزی بنیادەکەی تێیدا یەک دەگرنەوە.

ئێـسـتـا بەرەو ئەو هونەرمەندە دەگەڕێینەوە کە وەڵامـان نابوو، بۆ ئەوەی چەمکەکان ئاوێتەی یەکدی نەکەین، ئەو دێت و فۆرمێکی هونەری ڕێک دەخات، یان دایدەڕێژێ و هەمـوو ئەو ڕێکخـسـتـنەی بە جـۆری کـەسێـتـییـەکـەیەوە پەیوەسـتـە. ئەفـلاتوون پێـشـتـر ئامـاژەی بەوە داوە کـە چوونیـەکی و گونجان، یان نەبوونیـان لە نیگارکێـشـان و هەمـوو پیـشـەکـاندا هەیە و نائامـادەیی پێـوەندی نێـوان خەسڵـەتەکان پەیوەست دەبێـتـەوە بە شێوازێکی ناجۆر، یان کەسێتییەکی خراپەوە، بوونیشیان بۆ کەسێتییەکی بوێر و هاوسەنگ دەگەڕێتەوە کە دەتوانێت گوزارشت لەو خەسڵـەتانە بکات، یان بە مـانایەکی تر هونەرمـەند ئەو فۆرمە ڕێکخراوانە بەرهەم دێنێ کە پەیوەست دەبنەوە بە دەروونی ڕێکخراوییەوە، ئەمەش ڕید جەختی لێدەکاتەوە وەختێ دەڵێت: تاقە شێواز و شەقڵێکی هونەریی نییە، تاوەکو هەموو مرۆیەک ملکەچی ببنەوە، بەڵکو زۆر جۆرە شـەقـڵـی هونەری هەیە بەپێی چەشن و شـەقـڵـە هەمـەجۆرەکـانی مـرۆڤ. لێـرەدا بۆ ئەوەی ئەو پرسـیـارە بکەین کە ئەو پاڵـنەرانە چین وەها لە هونەرمەند دەخوازن فۆرمەکان ڕێک بخات و بە شێوەیەکی باش پێشکەشی بکات؟ ڕید وای دەبینێ کـە سـیـسـتـم لەخـۆیدا خـەیاڵ دەورووژێنێ و باڵاترین ئەندێشـەش بەشـێـوەیەکی دیاریکراو ئەوەیە کە بایەخ بداتە داهێنان لە چوونیەکی و گونجاندندا، هەموو ئەمانەش خۆیان لە دەربڕینی موزیک و تەلارسازی و نەخشەسازی و هونەری نیگارکێـشـانی ئەبسـتـراکـتدا دەبینێـتـەوە، لەم هونەرانەدا تۆکـمـەیی و سیـسـتمێک دەبینینەوە کە لەگەڵ ئارەزووی ئاگاییـمـان هاوتەریب دەبنەوە لە کـۆپیکردنەوەی بنیـادی کـامـڵـی گەردوون بە لاساییکردنەوەیەکی نائاگاییانە.. هونەرمەند لە دیدی ڕید فـۆرمـەکـان وەک بنیـادێکی گـەردوونی و پێکهـاتەی دەروونی خـۆی ڕێک دەخـات و لە هەردوو بارەکـەشـدا لاسایی، یان شـتـەکـان نائاگـاییـانە کـۆپی دەکـاتەوە هەروەک ئەوەی بە پاڵـنەری ڕەمـەکی لاساییکردنەوە ئەو کارە ئەنجام بدات کـە ئەمـەش لای ئەرستۆ (سروشتی ناخمانە).

واتای ئەو هونەرەی ئێـسـتـا جـێبـەجـێی دەکـەین لە



نیتشه

زمانەوانی و ئاخاوتندا نەگەیشتۆتە ئاکامی خۆی تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم، بەڵکو هونەر پەیوەست دەبووەوە بەو مانا گشتییەی لە ڕیشە لاتینییەکەدا هاتووە art کە مانای (دەستڕەنگینی و لێهاتوویی) دەبەخشێت، ئیدی هەر دەستڕەنگینییەک بێت لە پیشەکان و پیشەوەریدا، وێڕای مشتومڕی بەردەوامیش دەربارەی مانای هونەر کە لە بۆتەیەکدا جێی بکاتەوە، ناسنامە و پێناسەی ئەکادیمییانە هێشتا بە (بەرهەم) گرێی دەداتەوە، یان لێهاتوویی پیشەوەریی لە داڕشتنی ناسنامەیەکی ئاشکرادا.

فەرهەنگی بەریتانی هونەر بەوە دەناسێنێ کە وێناکردن و لێهاتووییە بۆ خولقاندنی بەرهەمی جوان، یان داڕشتنی ئەزموونی ئاگایی و هۆشمەندی، یان خولقاندنی دۆخگەلێک کە هەستی جوانی دەبەخشن، هەرچی فەرهەنگی ئینکارتایە تێیدا هاتووە کە هونەر بەرهەمی چالاکی و داهێنانی مرۆییە کە ئامرازە ماتریالی و ناماتەرییەکان بەکاردەبات بۆ گوزارشتکردن لە بیرۆکە و هەست و سۆزی مرۆیی. ئەگەر هەموو ئەم پێناسانە بڕژێنەوە ناو مەرجێکی تەکنیکی، ئەمانە و زۆری لەم چەشنەش نەیانتوانیوە مشتومڕ و قسەوباس لە ناوەڕۆک و ناسنامەی هونەر کۆتایی پێ بهێنن، واتە پێودانگەکانیش دیسانەوە بەر چەندین پرسیار دەکەونەوە و دردۆنگی دەنێنەوە بەوەی پێوەر و بنەما و قەوارەی لێهاتوویی دەخەنە ژێر پرسیارەوە لە بەرهەمهێنان و بەخششەکاندا، لە دواجاریشدا بڕیاردان دەخەنەوە بەر ڕەخنە کە چۆن و بە چ شێوەیەک بڕیار لەسەر بەرهەمی هونەریی دەدەن و بە چ شتێکەوە گرێی دەدەنەوە، مەرجەکان تاووتو دەکەن و شوێنکات بە جۆری پێودانگ دەلکێننەوە و بڕیارەکانیش کە کاریگەرییان هەیە لە بیرکردنەوەی سەردەم و چاخەکاندا، ئایا هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە هونەرمەندانەوە، یان وەرگران و ڕەخنەگران و مێژوونووسانەوە! یان دەروونناسان و کۆمەڵناسان و پسپۆڕانی سەرهەڵدانی میللەتەکان و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و فەرهەنگیان! هەموو ئەم پرسانە ئاماژە بەو ڕاستییە دەدەنەوە کە سەخت و ئەستەمە پێناسێکی تەواو بۆ هونەر دابنرێ تاوەکو هەموو بیروڕاکان ڕازی بکات، لەبەر ئەم هۆکارە گەوهەرییانە مەسەلەکە ئاڵۆزبوون بەخۆوە دەبینێ:

**یەکەم:** ملکەچبوونی بەهای هونەر و هونەرمەندان بۆ پێودانگە خودییەکان زیاتر لەوەی ملکەچی پێوەرە گشتییەکان بننەوە.

**دووەم:** ملکەچبوونی پێودانگە خودی و بابەتییەکانیش بۆ کاریگەرییە شوێنکاتەکان، هەروەها ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەکان و قۆناغی گەشەسەندنیان.

**سێیەم:** ملکەچبوونی کایەی هونەری بەرانبەر بە فراوانبوون و گۆڕانکاریی ئاراستە و میتۆدە بەردەوامەکان.

واتای هونەر سەرباری لێهاتوویی و دەستڕەنگینی مانای دیکە بەخۆوە دەبینێت، لەوانە (فۆرمەلەکردن و ڕەنگڕێژکردن) کە ئەمەش زیاتر لە هەموو واتاکان بە هونەرە جوانەکانەوە بەند دەبێتەوە، ئەم زاراوەیە لەلایەن یەکەمین ئەکادیمیای هونەرەوە جێبەجێ کرا کە ساڵی ١٦٤٨ لە پاریس دامەزرا، فاکتەری گەڵاڵەکردنی ئەم چەمکەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە هونەرە جوانەکانی وەک نیگارکێشان و پەیکەرسازیی و تەلارسازیی لە هونەر و پیشەکانی دیکە جیابکاتەوە، ئەمەش لە ئیشکالیەتەکە ڕزگاری نەبوو، چونکە هەن سەرلەنوێ هونەرە جوانەکانیش جیادەکەنەوە لە هونەرە جوانە پراکتیزەییەکان، لەبەر ئەوەی لە پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ هەریەکەیان پۆلێنکاریی تایبەتی بۆ دەکرێت و بەپێی پێگەکەیان دەکەونە ئەو پۆلێنکارییەوە، لەم پۆلێنکارییەشدا دەکرێت تایبەتمەندیی هونەرە جوانەکان بە

دەربڕینی خودی و ئەفراندنی هونەرمەندان لێک بدرێتەوە کە ویستە هزری و دەروونییەکانی کۆمەڵگە ڕەنگ پێدەدەنەوە، ئەمەش لەگەڵ پیشەکانی دیکەدا جیاوازە و خاوەنی کردەیەکن بۆ پێداویستی و بەکارهێنانەکانی مرۆڤ، لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەشدا هونەری ڕیکلام دێتە کایەوە کە بازاڕ دروستکردن دەگرێتەوە و جووڵەی بازرگانی بەدەردەخات، وەلێ چەمکی هونەریی پوخت پەیوەست دەبێتەوە بە دەربڕینی کەسێتی هونەرمەندەوە و لەگەڵ سەرهەڵدانی (سەرنجخواکان - ئیمپریشێنیزم) دێتە کایەوە کە لە دوا چارەکی سەدەی نۆزدەمدا سەری هەڵدا ئەمەش لەو دیدگایەوە کە هونەرمەند ئەو نیگارەی دەکێشا وەختێ دەکەوتە ناو هزر و مێشکییەوە، نەک تەنیا ئەو وێنە و دیمەنانەی دەهاتنە پێش چاوی، واتە نەخشاندنی ئەو سەرنجانەی لەمەڕ جیهانی چواردەوری هەیبوو.

سەرباری پۆلێنکارییەکانیش دیسانەوە دانانی دیوارێکی ئاسنین ناگەیەنێت لەنێوانیان، بەڵکو پێکدا دەچنەوە و کارلێکیان هەیە لەگەڵ یەکتردا، چ هەولێکیش نامێنێ بۆ جیاکردنەوەیان تەنیا بیروڕای خودی و کۆششی کەسێتی نەبێت، چەمکی دەربڕینی خودی لە ناخ و هەست و سۆزی هونەرمەند دەشێت بڵێین چەمکێکی ڕێژەییە، تەنانەت ئەگەر ئازادییەکی تەواویش فەراهەم بکرێت بۆ دەربڕین، چونکە هونەرمەندی سەربەست بەشێوەیەکی نائاگا گوزارشت لە ئەقڵی گشتی و ڕۆشنبیری و نەریت و شوێنگەکان دەکات.

مشتومڕەکان دەربارەی هونەر بەرەو ئەو بیرۆکەیە دەڕۆن کە ناکرێت هونەر لە واتایەکی خودیدا قەتیس بکرێت، بەڵکو تەواوتر ئەوەیە هونەر وەک سیستمێکی چەمکە جۆربەجۆرەکان دابنرێ و لایەنە جیاوازەکان بەسەر بکاتەوە، ئینجا پێکەوەیان ببەستێتەوە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی دیدگایەکی دیکە بەوەی هونەر ببێتەوە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بوون و پێگە و شەرعیەتی بۆ سیستمە کۆمەڵایەتییەکان بگەڕێتەوە، بەتایبەتیش ئەو سیستمانەی دەسەڵاتی هونەر دەخەملێنن وەک موزەخانە و هۆڵەکانی نمایشکردن و ڕەخنەگران و مێژوونووسان و ڕۆژنامەنووسان، ئەم دیدگایەش بەرەو دوو ڕوانینی جیاوازمان دەبەن، کە یەکەمیان دەمانگەڕێنێتەوە بۆ فەلسەفەی تۆڵستۆی کە پێی وایە تەنیا وەرگر دەتوانێ بڕیار بدات لەسەر هونەر بەبێ مەرامی هونەرمەند و هەوڵ و ماندووبوونەکانی، مەبەستیش لە وەرگر لێرەدا ئەوە ناگەیەنێ وەک تاک تەماشای بکەین ئەوەندەی ئەقڵ و ویژدانی دەستەجەمعی جەماوەر دەگرێتەوە، بەها و بایەخی هونەر بە ئاستی ئەو کاریگەرییە دەستنیشان دەکرێت کە کاری هونەری لەسەر سۆز و هەست و سەرنجی ئەوانی دیکە دایدەنێ، سەبارەت بە دیدگاکەی تر بۆ فەیلەسووفی ئەمریکی (جۆن دیۆی) دەگەڕێتەوە لە کتێبی (هونەر وەک ئەزموون) کە ساڵی ١٩٣٤ بلاوی کردۆتەوە و جەخت لە ڕۆڵی یەکەمی مەرام و ئاراستەکانی هونەرمەند دەکاتەوە، نموونەکە لەسەر ئەدەب دێنێتەوە و دەڵێت: نووسراوێکی ئەدەبی ڕەنگە هەر قەسیدەیەکی شیعری نەبێت کە شاعیرێک دەیخاتە بەردەم خوێنەران وەکو قەسیدەیەک، بەبێ ڕوانینی شاعیرانی دیکە و دامودەزگا ئەدەبییەکانیش دەشێت ئەو نووسراوە ببێتەوە سەرەتایەک بۆ ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی، ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک وەها بیەوێت، لەبەر ئەوە ئێمە مامەڵە لەگەڵ هەمان بەرهەمی ئەدەبیدا دەکەین کە دوو بەرگ دەپۆشێت، نەک بەو پێیەی خەسڵەتە هونەرییەکان دەبنەوە ناسنامەکەی، بەڵکو بەو پێیەی کە دەخوازرێت وەها بکەوێتەوە، ئەم دیدگایە هێزێکی تری هەیە و بە چالاکییەوە کاردەکات وەختێ بیخەینەوە سەر مەرام و مەبەستەکانی هونەرمەندەکە، یان ئاستی ناوبانگ و پێگەی لە نێوەندی هونەریدا. دەتوانین ئەمە ببینین کە پڕاوپڕ بەسەر نێوەندی هونەر و ئەدەبی نوێدا دەسەپێت.

مشتومڕ سەبارەت بە بایەخی هونەر چەندین گۆشەنیگا و بۆچوونی دیکە بەخۆوە دەبینێ، دیدگایەکی تر توێژەری ئەمریکی (مۆنرۆ بیرسلی) هەیەتی و لە کایەی ئیستێتیکادا کاردەکات، بڕوای وایە ئەرکی هونەر و ئەو ڕێچکەیەی لێیەوە سەرهەڵدەدات دەبنەوە پێودانگ بۆ ئاستی هونەری کاری هونەری، هەموو ئەوانەش کە مەرجی هونەری پوخت دادەنێن پێیان وایە پیشە و بەهای شتە بەکارهێنراوەکان لە هونەر دابماڵرێن و بچنە بۆتەی هونەری پراکتیزەییەوە، هەرچی تیوری ئابوورییە تێربوون و ڕازیبوون و چێژوەرگرتن بە هونەرەوە دەبەستنەوە و پاساو بۆ بەرزبوونەوەی نرخی بازرگانی کارە هونەرییەکان دەهێننەوە لە بازاڕەکاندا، دەتوانین دوورتریش بڕۆین و بەهای ئەو بەکاربردنە لە قایلکردنی هەست و سۆزی کڕیارەکاندا دەستگیر بکەین، کە لووت بەرزی و

خۆگیڤردنەوە دەخاتە دڵیانەوە کاتێک پارەیەکی زۆری خۆیان بۆ کڕینی ئەو شاکارانە تەرخان دەکەن، تەنانەت ئەگەر نەشتوانن لەو هونەرە بگەن، یان ڕێزی تەواو لە بەهای ئەو هونەرەش بگرن کە دەکەوێتە نێو دەستیانەوە، بەهای ئەو شێوە بەکاربردنە بەو پێوەرە لێک دەدرێتەوە کە تاچ ڕادەیەک ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان سەردەخات.

ساڵی ٢٠٠٤ وەختێ لە مەزادێکدا لە شاری نیویۆرک تابلۆی (منداڵێک پایپ دەکێشێت ١٩٠٥) ی پیکاسۆ بە ٧٠ ملیۆن دۆلار فرۆشرا، هەر دوای چەند ڕۆژێکی تر لەهەمان مەزاددا بە بڕی ١٠٤ ملیۆن دلار فرۆشرایەوە، (بیب کارمل) پسپۆڕ لە هونەری پیکاسۆ دەربارەی ئەوە وتی: ئەم ڕووداوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە بەهای بازرگانی هونەریی لە بازاڕدا هیچ پێوەندییەکی بەو کارە هونەرییەوە نییە کە بەهای هونەریی خۆی هەیە. ڕەخنە و سەرنجی دیکەش هەیە لە جیاکردنەوەی بەهای هونەری و نرخی بازاڕ، وەک ئەوەی بەها شتێک بێ و نرخیش شتێکی تر بگەیەنێت، یان بەکارهێنانی هونەر وەک هۆکارێک بۆ چارەسەرکردن و شیکردنەوەی سایکۆلۆژی، یان وەک هۆیەکیش بۆ پێوەندیکردن و گوتاربێژی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فاکتەری پەروەردەیی و فێرکاری.

## سیماکانی هونەر

لێرەدا وا پێویست دەکات هونەر وەک چالاکییەکی مرۆیی لە بواری کۆمەڵایەتی و بەراوردکردنی بە زانست جیا بکەینەوە، چونکە هونەر جیاواز لەو زانستەی، گرنگی بە دۆزینەوەی ڕاستییەک دەدات لە سروشت و مرۆڤدا، دێت و تیشک دەخاتە سەر ڕاستییە خودییە هەمەچەشنەکان بەپێی جیاوازی هەست و نەستی هونەرمەندان و ئەو ژینگە و دەوروبەرەی تێیدا دەژین. زانست زەمینە بۆ ئەقڵ خۆش دەکات تاوەکو شیکردنەوەی لۆژیکی بکات، بەڵام هونەر ڕوودەکاتە هۆشیارکردنەوە و زەمینە خۆشکردن بۆ بەهێزکردنی توانابییەکانی هەست و ڕوانین و سۆسەکردن (الحدس). زانست ئاراستەیەکی دیاریکراوی هەیە بۆ شیکردنەوەی ڕاستەوخۆی شتەکان و جێگیرکردنیان، وەلێ هونەر ئاراستەی جۆراوجۆر دەگرێتەبەر کە سەنتراڵێک نابەخشێتە شرۆڤەکردن و خوێندنەوەی سنووردار و ناڕاستەوخۆ کاری خۆی دەکات. لە زانستدا شرۆڤەکردن بۆ هەموو کەسێک نییە جگە لە زانایانی پسپۆڕ و شارەزا نەبێت لەو بوارەدا کە ئەوەش بەپێی ئەزموون دەستگیر دەکرێت، بەڵام بەشداریکردن و کارلێک لەگەڵ کاری هونەری و خوێندنەوەی بۆ هەموو کەسێک واڵایە، بۆ بەشداریکردن و خوێندنەوەی چ مەرجێک بۆ ئەزموون و ڕاهێنان دانانیت، چونکە هونەر دیالۆگ ساز دەدات لەگەڵ هەستی بینەراندا بە جیاوازی بیروڕا و زانیاری و مەعریفە و ڕۆشنبیرییان، هەر بەو پێیەش ناکرێت هونەر بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵک دابرێژرێ و بێتە بوونەوە.

## ڕەگەزە سەرەکییەکانی کاری هونەری

هونەرمەندی شێوەکار ئامرازی تایبەتمەندی بۆ دەربڕینی هونەری و بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکەی هەیە، وەکو هێڵ و ڕەنگ و فۆرم و ساو و ڕووناکی و سێبەر و و فیگەر و بۆشایی و هاوسەنگی و پێوەرەکان و بینگە و چەندین شتی دیکە، دەکرێت بەو شێوەیە بڕوانرێتە ئەو ئامرازانە کە پێکەوە ڕەگەزەکانی کارێکی هونەری دەخەمڵێنن، واتە لەم ڕیزبەندییەدا:

**بابەت و بیرۆکەی کاری هونەری:** خەملاندن و گردکردنەوەی هەموو ئەو شتەیە کە توێژینەوەی هونەری و مشتومڕی لەسەر دەکات چ لای خۆیەوە چ لای وەرگر.

**خەملاندن و دامەزراندنی هونەری:** هەڵهێنجان و ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی بابەتی هونەرییە، هەروەها دەستنیشانکردنی سیستمی کارلێکی نێوانیان، ئەوەش لەڕێی هاوسەنگی و کاری هەرەمەکییەوە.

**ڕووپۆشکردنی هونەری:** دارشتنی لایەنە هەڵبژێردراوەکانی بابەتەکەیە، بەتایبەتیش ئەوانەی پێویستیان بە لێزیادکردنی خەڵەتاندنی هونەرییە وەک پێکداچوونی شێوەکان و گەمەی سێبەر و ڕووناکی، یان چەماندنەوە و ڕۆچوون و بینگەی ئەندازەیی بۆ ئەوەی ئەو فۆرمانە ئامادە بکات کە سێ لا و دووریان هەیە لە ڕووبەرێکی دوو لادا.

**دەربڕینی هونەری:** دامەزراندنی جۆری گوزارشتکردنە لە کاری هونەریدا، وەک جووڵە و خێرایی و هێز و تینی هێڵەکان، یان چینی ڕەنگەکان و کارلێکیان پێکەوە، تۆنی ڕووناکی و سێبەر و لێدانی فڵچە و ئەو ساو و پاشماوەیەی جێی دەهێڵێت، هەروەها ماتریالی ڕووبەر و

ساوەکەی و ڕادەی هەڵمژینی ڕەنگەکان.

**ڕووتکاریی هونەری:** ڕەگەزی گۆڕینی واقیعیەتی شتەکان بەپێی وەرچەرخان و گۆڕینی ڕواڵەتی شتەکان و گەڕانەوە بۆ بنیادی یەکەمیان لەمیانی دامەزراندنی سیمای شێوەکان کە لە دنیادا بوونیان هەیە.

**شێوازی هونەری:** ڕێگەی هەڵبژاردنی هونەرمەند بۆ ئەو شێوە و شەقڵەی کە تێیدا ڕەگەزە شێوەکارییەکان یەک دەگرن و یەکتر تەواو دەکەن، ئیدی هەڵبژاردنی تەواوی خودی بێت، یان ڕەچاوکردنی ڕێبازێکی هونەری دیاریکراو، یان لاساییکردنەوەی شێوازی هونەرمەندێکی تر، یان لەسەر ئاوێتەکردنی هەموو ئەو شتانە دامەزرابێت.

## تۆڵستۆی و بایەخی هونەر

لێرەدا ئەگەر سەرلەنوێ بۆ ڕوانینەکەی تۆڵستۆی بگەڕێینەوە، واتە بۆ وتاری (هونەر چییە؟) کە ساڵی ١٨٩٧ بلاوی کردۆتەوە، تێیدا بنەما سەرەکییەکانی فەلسەفەی هونەر و لایەنی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو، ئەمەش بۆ ئێستاش هێشتاکە یەکێکە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی شرۆڤەکردنی چەمکی هونەر، تۆڵستۆی بایەخی بە مشتومڕی زۆرینەی تیورە ئیستێتیکییەکان داوە کە تا ئەو وەختە لەگۆڕێدا بوون و سەرهەڵدانیان بۆ سەدەکانی نێوان هەژدەم و نۆزدەم دەگەڕایەوە، ئایدیالی و چەمکی ڕێژەیی توندیان بۆ لایەنەکانی ڕاستی و باشی هەبوو، تۆڵستۆی هەڵوێستەکەی ئەفلاتوونی جێبەجێ دەکردەوە کە داهێنانی بالای بەخشیوەتە لاساییکردنەوەی سروشت، ئەم هاتووە و ڕژاوەتە ناو ئەو ڕاستییەی کە ئەزموونی هونەری پەیوەست بە ئەزموونی سۆز و عاتیفەی هونەرمەندەوە دەبێتەوە کە پێشکەشی بینەرانی دەکات، هەر بۆیە بە پێویستی داناوە کە پێوەندییەک لەنێوان هونەرمەند و هونەردۆستاندا هەبێت، پاشان بایەخدانیش بە چۆنێتی ئەو پێوەندییە، چەندە هونەرمەند بتوانێ بە شێوازی لێهاتوو کار بکاتە سەر ڕاکێشانی هەست و سۆزی بینەران پێز و تینی ئەو هونەرە دەستنیشان دەکرێت، چەمکی تۆڵستۆی بۆ هونەر لەو چالاکییە مرۆییە تێپەڕناکات کە کردەیەکی ئەفراندنە لەمیانی گواستنەوەی ئەزموونەکان بە زمانی سۆز و میهر و ئاخاوتن لەگەڵ ویژدانی ئادەمیزاددا، ئەوەش بە ئامرازێک کە لەگەڵ هزر و بیروباوەڕی باو و ڕوحی سەردەمدا بگونجێت، دەکرێت لایەنە سەرەکییەکانی فەلسەفەکەی تۆڵستۆی بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە:

**یەکەم:** ڕەتکردنەوەیەکی ڕەهای خوێندنەوە و ڕاڤەکاریی میتافیزیکیانەی هونەر، بەتایبەتیش ڕەتکردنەوەی مەسەلەی تەنیا چێژبەخشین لە هونەردا، ئەو میتودە جێبەجێ دەکات کە هونەر دەکاتە مەرجێک لە مەرجەکانی ژیانی مرۆیی و یەکێک لە بنەما سروشتییەکانیش لە کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵ و دەوروبەرەکەیدا.

**دووەم:** جەختکردنەوە لەوەی هونەر چالاکییەکی ئاگایانەی مرۆییە لەمیانی گواستنەوەی ئەزموونی هەست و سۆزی هونەرمەند بۆ ئەوانی تر لەڕێی بەرهەمی هونەرییەوە، کە وەها پێویست دەکات وەک گەیاندنێکی ڕۆشنبیریی بکەوێتەوە، بەم لۆژیکەش دەکرێت وەها لە هونەر تێبگەین کە پرۆسە و هۆکارێکە بۆ گەیاندنی ئەزموونی ئاگایانەی هونەرمەند بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی، بەهۆی جیاوازیش لە ئەزموونەکاندا، سەرکەوتنی هونەر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەزموونەکان، ئیدی ئەزموونی ڕاستەقینە بن، یان لە خەیاڵەوە سەرچاوەیان گرتبێت.

**سێیەم:** جەختکردنەوە لەوەی هونەر ئامرازێکە بۆ ئاوێتەکردنی هەست و بیری مرۆیی، کە ئەمەش وا دەکات بەردەوامی لەخۆبگرێت پێ بەپێی ژیان و پێشکەوتنی، ئەگەر دیالۆگ و گۆڕینەوەی ئەو هزر و هەستانە نەبێت لەنێوان خەڵک و وەچەی نوێدا، ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێتە سەر ژیانی جەنگەڵ. بەم پێیە بوونی هونەرەکان و کارلێکیان، هیچیان لە زمانەکان کەمتر نییە لەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵدا هەیانە، بەڵکو نائامادەیی هونەر و سستبوونی دەبێتە ئیفلیجکردنی کارلێکی پۆزەتیڤانەی مرۆیی و ڕێ بۆ تەنیایی و گۆشەگیری و نانەوەی توندوتیژی خۆش دەکات.

**چوارەم:** دانانی پێودانگی بنەڕەتی بۆ جیاکردنەوەی هونەری ڕاستەقینە لە هونەری ساختەکاری بۆ ئەوەی توانستی هونەرمەند لە وەشاندن و بەخشینی هەست و سۆزەکانی بەوانی تر بەدەرکەوێت، واتە ئاوێتەکردنی ڕوحی هونەرمەند لەگەڵ وەرگر و تێکەڵبوونی هەستی وەرگریش لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، هەموو ئەمەش ڕۆڵ لە دەستنیشانکردنی بەهای هونەر لە ئاستی تایبەتمەندیی زمانی خودی دەگێڕێ کە لە هونەرەکەدا بەرجەستە بووە،

هەروەها ئاستی روون و ئاشکرایی ئەزموونەکە و پێگەیشتنی، رادەی راستگۆیی هونەرمەند وەختێ گوزارشتی لێوە دەکات.

**پێنجەم:** جەختکردنەوە لە پێویستبوونی مامەڵەکردنی کۆمەڵگە لەگەڵ هونەردا بەشێوەیەکی ئەقڵانی، واتە ئەو پانتایی و رووبەرەی چالاکییە هونەرییەکە خولقاندوویەتی نەک زێدەڕۆیی لە پیشاندانی ئەو شوێنگە و پێگەیەی هەیەتی، واتە بچووک بکرێتەوە یان گەورەتر بکرێت و بەرەنگاری ببنەوە و بکرێتە شتێکی کەم بایەخ، بەمەش هونەر بایەخەکەی لەدەست دەدات و هیچ مانا و کاریگەرییەکی نامێنێ.

## بەها و پێگەی هونەر لە دیدی فەیلەسووف و بیرمەنداندا

## بەهای هونەر لای هیگڵ

هیگڵ (١٧٧٠- ١٨٣١) فەیلەسووفی ئایدیالی رەهای ئەڵمانی، هونەر لە روحی رەها جیا ناکاتەوە و پێی وایە روح بیرۆکەیەکی رەهایە و بنەرەتی بوونە، هەمیشە لە پەرەسەندندایە و لە سێ سیمادا دەگاتە پێزانینی خودی خۆی، یەکەم لە ئایینندایە و لەمیانی رامان و قوولبوونەوەوە خۆی دەناسێت، دووەم لە فەلسەفەدایە و روحی رەها لەرێگەی تێگەیشتنەوە دەگات بە خۆی، هەرچی سێیەمیشە لەمیانی هونەرەوەیە و بە مەعریفە ئەوە ئەنجام دەدات، بۆ ئەمەی دوایی هیگڵ سێ ئامانجی سەرەکی لەپێش چاو دەگرێت کە پێویستە هونەر گوزارشتی لێوە بکات، دەڵێت: باشترین شت کە ببێتە ئامانجی هونەر ئەوەیە گوزارشت بێت لە شێوە و فۆرمی خواوەند، ئەگەر ئەوەش ئەستەم بێت، ئەوە بە دەربڕینی روح دەگاتە گوزارشتکردن لە خواوەند.

هیگڵ پێگەیەکی یەکسان دەداتە هونەر و لەپاڵ ئایین و فەلسەفەوە دایدەنێت، بە چالاکییەکی ئاماژەبەخش وەسفی دەکات کە بەخشین و بەدەرخەری روحی رەهایە، ئامانجی هونەر گەیشتنە بە بیرکردنەوەی رەها کە لە ئەزەلەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە شوێنگەیەکدا بوونی هەبووە و هەیە، بەو پێیەش هیچ بابەت و بیرۆکەیەک نە لە ئێستا و داهاتوودا وەرناگرێت ئەوەندەی بیرۆکەیەکە لە رابردوودایە، هەر بۆیە روحی رەها هەمیشە دەڕوانێتەوە دواوە.. هونەر لای هیگڵ شێوەیەکی تایبەتی ناگەیەنێت لە شێوەکانی مەعریفە و زانینی جیهانی ماتریالی، بەڵکو شێوازی ئەو مەعریفە خودییەیە کە روح هەیەتی و بە سێ پلەی پێشکەوتن بیرکردنەوەی رەها دەستگیر دەکات، بەم شێوەیە دەستنیشانی شێوازەکان دەکات کە لە گەوهەردا چ لە شێوە و ناوەرۆکدا لەیەکتر جیاوازن.

**یەکەم:** هونەری هێماخوازی: لەم چەشنەدا هێما و ئاماژە لەنێوان فۆرم و ناوەرۆکدا گۆڕانی تێدەکەوێ و چوونیەک نابنەوە، فۆرم لەپێش ناوەرۆکەوەیە و هونەری رۆژهەڵات و بەتایبەتیش میسری نموونەی ئەم هونەرە سیمبۆلییەن.

**دووەم:** هونەری کلاسیکی: لەمەدا هزر دەربڕینی هاوشێوە وەردەگرێت، بەواتای فۆرم و ناوەرۆک یەکسان دەبنەوە، هونەری گریکی گەیشتۆتە پلەی کامڵبوون و مەحاڵە هونەری هەر قۆناغێکی تر بەو ئاستە کامڵە بگاتەوە.

هونەری رۆمانسی: هونەری چاخەکانی ناوەڕاست و هونەری نوێ دەگرێتەوە لە موزیک و شیعر و نیگارکێشان و دەقی ئایینی و فەلسەفی، لەم هونەرەدا بایەخ بە شێوە و فۆرمی لەکیسچوو دراوە لەپێناوی سەربەستی ناوەرۆکدا.

دواتر شیکردنەوەکەی هیگڵ لەسەر هونەر بەگشتی رادەوەستێتەوە، بەڵکو تێپەڕاندنیشی بۆ پەیکەرتاشین و نیگارکێشان کە چۆن هەریەکەیان خولقاندنی هونەری دەکەن و گوزارشت لە بیرکردنەوە و روح دەکەن، هیگڵ هونەری تەلارسازی بەرز دەنرخێنێ کە ئەویش هونەرێکی سیمبۆلی و هێماخوازییە کە تێیدا فۆرم دەکەوێتە سەرووی ناوەرۆکەوە و دەبێتە سەرەتای هونەری راستەقینە. هەرچی پەیکەرتاشینە لای هیگڵ ئاستێکی بەرزی هەیە و پێی وایە بالاترین فۆرمە لە هونەردا، چونکە وەک ناوی لێناوە دەرخستنی روحی سەربەست و ئازاد بەروونی و ئاشکرایی بەتایبەتی لە پەیکەری فیگەری مرۆڤدا، سەرباری ئەوەی هیگڵ سیمای وردی ژیان و روحی تێدا نابینێتەوە، وەلێ هونەری پەیکەرتاشین جێگەیەکی تایبەتی لە هونەری کلاسیدا داگیرکردووە، لە هونەری رۆمانسیزمدا جەخت لە نیگارکێشان و موزیک و ئەدەب دەکاتەوە، پێی وایە نیگارکێشان توانستی دەربازبوونی لە بۆشایی و قەبارەی فیگەرە ماتریالییەکان هەیە، هەروەها گوزارشتکردن لە هەست و نەستی هەمەچەشن و نەخشاندنی رووداوە درامییەکان، هەرچی موزیکیشە هیگڵ لای وایە توانستی ئەوەی هەیە تەواو لە بۆشایی دوور بکەوێتەوە،

ئەوەش لەڕێی دەنگ و ئاوازەوە و دەچێتە ناو ژیانی ناوەکی و سۆزداری، هەر بۆیە دەبێتەوە شێوەیەک لە هونەری ڕۆمانسی.

دەربارەی شیعر بینینی هیگڵ وایە لە توانایدایە وێنای هەموو شتێک بکات لەمیانی چوونیەکی ئاخاوتن و پەیڤەکانەوە، ئەویش ملکەچی بنەماکانی هاوسەنگی و ڕیتمی موزیکی دەبێتەوە، لەم ڕووەوە سێ جۆری شیعر دەستنیشان دەکات. **یەکەم:** شیعری داستانییە کە لەگەڵ شێوەکاریدا تەبا دەبێتەوە و مێژووی میللەتان و کارەکتەران دەگێڕێتەوە، **دووەم:** شیعری سۆزدارییە کە دەربڕی هەستی ڕوحی و سۆز و میهرە، ئەم شیعرە بەتەرزی موزیک کاریگەریی دەخاتە سەر هەستی ناوەکی مرۆڤ، **سێیەم:** شیعری دراماتیکییە کە لای هیگڵ پێکەیشتن و یەکگرتنی شیعری داستانی و سۆزدارییە، لەمەدا قۆناغی وەرچەرخان لە ئاییندا گەڵاڵە دەبێ و بیرکردنەوەی ڕەها لەمیانی وێناکردنەوە بەدەست دەخات.

## چەمک و بەهای هونەر لای نیتشە

هونەر لە فەلسەفەی نیتشەدا بە پلەی یەکەم دێت و زۆر بەگەرمی سەری دەکاتەوە، لە لەدایکبوونی تراژیدیادا دەڵێت: لەم کتێبەدا دەستەواژەیەکی سەخت دووپات دەبێتەوە و جیهان چ پاساوێکی بۆ نامێنێتەوە جگە لە دیاردەیەکی هونەری و ئیستێتیکی نەبێت. لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێت: لەبەر ئەوەی ژیان لەسەر ڕواڵەت و هونەر و وەهم و گۆشەنیگا و هەڵە ڕاوەستاوە. هونەر لای ئەو چالاکییەکی میتافیزیکییە.

هونەر دروستکردنی ڕواڵەتە و ئەو سیما و ڕواڵەتەش لای نیتشە نمایشکردنی ژیان نییە، بەڵکو خودی ژیانە، ڕواڵەت ڕاستییە لەبەرئەوەی جگە لەو خەسڵەتەی ناتوانێت بوونی هەبێت، ڕواڵەت نە ساختەیە و نە وەهم و سێبەری ڕاستی وەک ئەفلاتوون پێی وایە و شاعیرەکان لە کۆمارەکەیدا وەدەردەنێت، لەم دیدەوە نیتشە دێت و ئەفلاتوونییەت ئاوەژوو دەکاتەوە، باس لە هونەرمەندی فەیلەسووف دەکات لەبری فەیلەسووفی تیوریی و هونەریش لەوە تێدەپەڕێنێ کە چالاکییەکی تایبەتی هونەرمەند بێت، بەڵکو بە کردەی هونەرمەند دەگۆڕێتە سەر دیدگای ژیان. نیتشە چەمکێکی دیکە دەبەخشێتە هونەر کە لە بازنەی ئیستێتیکا دەردەچێت و دەبێتە چالاکییەکی میتافیزیکی زیاتر لەوەی تەنیا چالاکی هونەرمەند بێت. بۆ تێپەڕاندنی میتافیزیک تەنیا لەڕێی هونەرەوە دەکرێ و میتافیزیکی نوێ دێنێتە کایەوە. هونەر دەبێتە کلیلی سەرەکی نیتشە بۆ زاڵبوون بەسەر نەبوون و پووچگەراییدا.

تیورە هونەرییەکەی نیتشە تەواو بەرانبەر بە بۆچوونی ڕۆمانسی دەوەستێتەوە، ئەوەی لە هونەردا داهێنان دەکات هونەرمەند نییە، بەڵکو خودی ژیان خۆیەتی، بێ گومان ژیانێکی نابووت و زەبوون نا، بەڵکو ژیانێک کە ئیرادەی هێز گەوهەرەکەی بێ و بڕژێتە ناو هونەرمەندەوە، ئەویش دێت و بە زمانی ئەو قسە دەکات، پێی وایە چەندە هونەرمەند لە خودی خۆی دووربکەوێتەوە و ڕۆبچێتە ناو ژیانەوە لە چەمکی ڕاستەقینەی هونەر نزیکتر دەبێتەوە، ڕۆمانسییەت وەها لە هونەرمەند دەخوازێت بێتە سروشت و گۆرانی بۆ بڵێت، لەو کردەیەشدا لە خودی خۆی جیانابێتەوە، ئەو هونەرەی ئیرادەی هێز دەیجووڵێنێ لە ڕوحی تراژیدیا نزیکتر دەبێتەوە، لێرەدا نیتشە بەرەو تراژیدیای گریکی دەگەڕێتەوە و لای وایە باڵاترین نمایشی هونەرە، بەمانای سەرهەڵدانی ڕوحی تراژیدیا لای گریکییەکان بەر لە هاتنی سوکرات کە تراژیدیای بەرەو ئاقاری مشتومڕ و کێشمەکێش بردووە، بڕوای وایە ئەو مشتومڕە یەکەمین نیشانەی ئەو نەخۆشییە بووە کە ئێسکی ڕۆشنبیریی یۆنانی کلۆر کردووە.

نیتشە لای وایە ڕوحی تراژیدیا و مەرگەسات سرووش و ئیلهامی هەموو هونەرێکی مەزنە، نیشانەی دروستیی هونەرە بێ ڕۆچوونە نێو درامی و ڕۆمانسییەتەوە، بەڵکو ڕزگارکەری هێزی سروشتیشە، پاشان شرۆڤەیەکی سیمبۆلی ئەفسانە یۆنانییەکان دەکات تاوەکو بیگەیەنێتە خوێنەر، بەڵکو هێماخوازیش سەراپا فەلسەفەکەی نیتشە دەتەنێتەوە، هەموو ئەو واتایە لە (دیۆنیزۆس) گرد دەکاتەوە کە هێمای خۆشنودی و خۆشییە، یان هێمایەک بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ بەرەو ڕەچەڵەکە سروشتییە ئاژەڵییەکەی کە لەمێژە لەکیسی داوە.

موزیک بە بۆچوونی نیتشە فۆرمێکی باڵای دەربڕینە لە ڕوحی تراژیدیا، لە میلۆدی و هارمۆنیا و ئاوازیدا هەڵچوون و باری دەروون وەردەگیرێت کە بە ئاخاوتن و دیالۆگ ناکرێت، چیتر ئەو هەستانەش بە بیرکردنەوە و مشتومڕ و لێکدانەوە نایەنە ئەنجام. نیتشە مەبەستی لەوە نییە کە موزیک گەیەنەر و وەرگێڕی بیرکردنەوە

بێت، چونکە ئەوە سیمایەکی دیکەی ئاخاوتن و دیالۆگە کە گۆرانی و ئۆپێرا هەیانە، موزیک لە دیدی نیتشەدا ئەو شتەیە کە ڕووبەڕووی سامناکیمان دەکاتەوە، لەمەشدا ئەو ڕوحە تراژیدییەی گریک بەرجەستە دەکاتەوە یان لەو ڕەهەندانەدا کە سەرلەنوێ بووژاونەتەوە بەهۆی موزیکی ئەڵمانییەوە لەسەر دەستی هەریەک لە (بتهۆڤن) و (ڤاکنەر).

موزیک باشترین شێوە و فۆرمێکی دەربڕینخوازییە کە هەست و نەست کۆدەکاتەوە، هەرچی مشتومڕ و کێشمەکێشە بۆشایی خستۆتە نێوانیانەوە نەک نزیکبوونەوە، لەبەر ئەوەی موزیک فۆرمێکی دەربڕینی زیاتر سەرەتاییە دەوەستی ئەوە دێت بۆ سروشت و بەرەو ترس و سامناکیمان بباتەوە.

### چەمک و بەهای هونەر بە بۆچوونی هایدگەر

هزر و شیعر، یان هونەر لای هایدگەر کار، یان تێپەڕاندنی میتافیزیکە، پێی وایە میتافیزیک بوونی لەبیر بردووینەوە و ئەوەی دەمانباتەوە بۆ نیشتیمانی بوون، هونەرە هایدگەر وەختێ باس لە شیعر دەکات بەمانایەکی فراوان بەکاری دەهێنێ و هونەر دەگرێتەوە، شیعر لای ئەو کردەیەکی تایبەتمەندی شاعیران نییە بەتەنیا، بەڵکو هەموو هونەرمەندێک لەبنەڕەتدا بەهەق شاعیرە.

هایدگەر پێی وایە هونەر گەڕانێکە بۆ دۆزینەوەی (بوون). بایەخی هونەر لەوەدایە کە بوون بەدەردەخات و ڕاستی دەدرەوشێنێتەوە، بەم مانایەش ئەوە ناگەیەنێت لەگەڵ بوون و ڕاستیدا بببێتەوە واقیع و کۆپی بکاتەوە، ناکرێت لەدەرەوەی هونەر خۆیدا بەدوای ڕاستی هونەردا بگەڕێین، بەڵکو ڕاستی هونەر لە گەوهەر و خودی هونەردایە، هونەر بەدەرخەر و بەرجەستەکردنی جیهانێکە کە جیهانی خۆیەتی و ڕاستییەکیش کە ڕاستەقینەی خۆیەتی. هونەر بەڕێوەبەر و هەم پاسەوانی بوونە، هونەرمەندیش هیچ ناکات جگە لەوەی بوون نمایشی دەکات و دەیبەخشێت، چ شتێکیش لای خۆیەوە داناهێنێ، بەڵکو زمانێکی گونجاو دەدۆزێتەوە بۆ ئەو بانگهێشتەی بوون. دیدگاکەی هایدگەر گەلێک ئاڵۆزە و بەرەو قووڵبوونەوە دەڕوات، وەلێ دەتوانین بەوە پوختی بکەینەوە کە بەخشینی زمانێکە، هەروەها دامەزراندنی شتەکانە دیسانەوە لە بووندا، بەمانای دامەزراندنی بوون.

### چەمکی هونەر لە دیدی جۆرج سانتیانا

جۆرج سانتیانا فەلسەفەی هونەر بە فەلسەفەی سروشت، یان ڕێبازی سروشتی ناودەبات و پێودانگەکەی لە ئایدیالییەکی بابەتیانە بەدەر نییە، هونەر دابەش دەکات بەسەر چەند ڕەگەزێکدا کە ئەوانیش ماتریاڵ و فۆرم و گوزراشتن، بەواتای ماتریاڵ و هەستی دەرک پێکردن. ماتریال ڕەگەزێکی ئیستێتیکایە و کاریگەرییەکی زۆری لە ئەنجامدانی دۆخی ئیستێتیکادا هەیە، شێوە و فۆرمیش هەستکردنە بە جوانی و بنەماکانی دەرککردنی تێدایە کە ئەمەش بایەخی ئەوتۆی لە هونەردا هەیە، هەرچی دەربڕین و گوزارشتکردنە کۆمەڵێک کاریگەریی ورووژاندنە کە دەچنە سەر ناوەرۆکی جوانی، هەر کارێکی هونەری دەلالەتێکی ویژدانی تایبەتی هەیە و بەپێی یادەوەری و تێکەڵبوونیان لە مێشکی وەرگردا گۆڕانیان بەسەردا دێت.

### دیدگای ژان پۆل سارتر بۆ هونەر

ئەم فەیلەسووفە بوونخواز و وجودییە هونەر وەها شی دەکاتەوە کە گەمەی ڕەتکردنەوە بێت کە هەندێ جار نائاگایی دەشێوێنێ و لە هەندێ کاتی تریشدا ئاگاییش دەگرێتەوە. ئەمەش بەرهەمێکی زیندووە و هەوڵی گوزارشتکردن دەدات لە جیهانی هەست و شتە دیاریکراوەکانی نێو ئەقڵ و واقیع و دەیانخاتە ناو جیهانێکەوە کە ناکۆتا و بێ سنوورە، یان نائاگایی و ناماقوڵییەوە، هونەر کردەیەکی خودییە و پەیوەست دەبێتەوە بە خودی هونەرمەند و وەرگرەوە، کاری هونەری مرۆ لە کۆت و پێوەندەکان و چەپاندن ڕزگار دەکات.

هونەرمەند لای سارتر ئەو مرۆڤەیە کە لە ناوەوەیدا بەشێوەیەکی ورووژاو و هەڵچوو دەرک بە پارادۆکسی جیهان دەکات، هەر بۆیە لەو پرۆسەیەدا تا ڕادەی هیستریا ڕەتی دەکاتەوە، پاڵنەرەکانی ئەو ڕەتکردنەوەیە لە چاوگی ئازادییەکانی ناوەوەی دێن و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە جیهانێکی نوێ بۆ زۆرینەی خەڵک بخوڵقێنێ کە جیهانی ناواقیعی و ناماقووڵییە.

### فرۆید و هونەر

دەروونشیکارێکی وەک سیگمۆند فرۆید پێی وایە هونەر لە ئەقڵی ناوەکی و نائاگاییەوە سەرچاوە دەگرێت،

لەو گریپانەوە کە چەپێنراون و لەبنەڕەتدا بۆ ڕەمەکی سێکسی دەگەڕێنەوە. کاری هونەری ئەزموونی دەروونیی هونەرمەندن. هەرچی هونەرمەندیشە لای فرۆید کەسێکە بەسەر ناخی خۆیدا داخراوە و زۆر لە دۆخی نەخۆشێکی دەماریی نزیک دەبێتەوە، کارە هونەرییەکانیشی ئامراز و هۆکارێکن بۆ دەرپەڕاندنی ئارەزووە سێکسییە خەفەکراو و چەپێنراوەکانی.

## یۆنگ و چەمکی هونەر

گۆستاف یۆنگ هونەر بە پرۆسەی دەربرینەکانی پێکهاتەی هونەرمەند لێک دەداتەوە کە بە شێوازی تایبەتی دەریان دەبڕێت، ئەوانەش دەربڕینی نائاگایین لە ئاکامی ئەو قۆناغانەی تێیدا ژیاوە و هونەرمەند دێت سەرلەنوێ دەیانگەڕێنێتەوە، یان بۆیان دەگەڕێتەوە و ملکەچی پێکهاتەکانی نائاگایی دەستەجەمعی دەبنەوە بەپێی ویست و پێداویستییەکانی ئەو سەردەمەی تێیدا دەژی.

## هنری برگسۆن و هونەر

هنری برگسۆن هونەر وەک چاوێکی میتافیزیکی پشکنەر لێک دەداتەوە، هەروەک ئەوەی هەستکردنێکی ڕاستەوخۆ بێت دەرفەت ببەخشێتە خاوەنەکەی کە ڕۆبچێتە ناو گەوهەر و ناوەوەی ژیانەوە، لای ئەم هونەر توانستەکانی دەرککردنە تا ئەوپەڕی، لەپێناوی بینینێکدا کە ئێمە توانایی ئەو بینینەمان نییە. پێزانین و دەرککردن لای برگسۆن هەستکردنێکی براگماتییەو دەڵێت: ئێمە تەماشا دەکەین و وا دەزانین دەبینین، گوێ دەگرین و وا دەزانین دەبیستین. لەبەرئەوە ئاگایی و هەستەکان لەڕاستیدا هیچی وا نابەخشنە مرۆڤ تەنیا وێنەیەکی سادە و ساکار نەبێت کە لە جیاوازی و وردەکاری بەدەرن.

برگسۆن وا پێناسەی هونەرمەند دەکات کە مرۆڤێکە بە هەست و بیر لەدایک دەبێت و کەمتر ئاوێتەی ژیان و خۆشگوزەرانی دەبێت، وەختێ سەیری شتەکان دەکات وەک شتێکی سوودبەخش تەماشایان ناکات، واتە بەبێ ئامانجێکی سوودمەندانە لێیان دەڕوانێت، هەر بۆیە دەبنە نیگارکێش و هونەرمەند و هەموو هونەرمەندێک لە بوارە جیاجیاکانی داهێناندا، نموونە لەسەر نیگارکێش و هونەرمەندان (ولیەم تێرنەر) و (کۆرۆ) دێنێتەوە، کە توانیویانە لە سروشتدا دەرک بەو لایەنانە بکەن کە هەستەکان تێیاندا قووڵ بوونەتەوە، ئەم دوو هونەرمەندە بایەخی تەواویان لە ئاشکراکردن و دەرخستنی ئەو لایەنانەدا چڕکردۆتەوە کە پێشتر سروشتمان وەها نەبینیوە.

برگسۆن چالاکی هونەری بە حاڵەتی ڕووتکاری و داماڵین دەبەستێتەوە، واتە دوورکەوتنەوەی هونەرمەند لە ژیانی ئاسایی، پێی وایە گەر هونەرمەند بتوانێت تەواوێک لە شتە سوودمەندەکان دابڕێ، یان چ سوودێک نەبینێتەوە لە هەر دیدگایەکیدا، ئەوە لەبەردەم هونەرمەندێک دەوەستینەوە کە جیهان پێشتر بەخۆیەوە نەیبینیوە، ئەو هونەرمەندەی خاوەنی توانستی ڕامان و بینین و گەڕانە.

سەبارەت بە داهێنان برگسۆن لای وایە سەرەتا لە زەیندا دەخەملێت، بیرۆکەیەک لە شتێکی سادەوە پەیدا دەبێ و لە هەموو وێنەیەکی ماتریالی بێ بەشە، هونەرمەند کار لە فۆرمەلەکردنی ئەو بیرۆکەیەدا دەکات لەڕێی نەخشاندنی گشتییەوە کە وەک گشتێک وێنەیەکی کۆتایی بداتە بیرۆکەکە، دەتوانین بڵێین کاری هونەری لە شتێکی بچووکەوە سەرهەڵدات و دەبێتە زەینی، پاشان بەرجەستە لە گشتەوە بۆ بەش و یەکەکان. خەملاندن و کێشانی هێڵی گشتی بۆ بیرۆکەکان شتێکی سەرەکین، هونەرمەند لە دەسپێکەوە بۆ کۆتایی وەک خۆی نامێنێتەوە و دەشێت زۆربەی کات دوا وێنە تەواو پێچەوانەی دەسپێکی کاری هونەری بکەونەوە.

## بۆچوونی دیکارت بۆ هونەر

هونەر بەلای دیکارتەوە کارێکی ڕێژەیی خودییە و بەپێی فەلسەفەکەی پێودانگی ڕەها بۆ جوانی ناکرێت، بەڵکو لەو ڕووەوە جوانی دەستنیشان دەکرێت کە هەمووان تارادەیەکی زۆر لەسەری کۆک بن.. بەر لە دیکارت هەریەک لە باسکاڵ و مۆنتی وتوویانە کە پێناسەی جوانی لای هندییەکان و چینی و ئەوروپاییەکان جیاوازی بەخۆوە دەبینن. دیکارت جوانی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە کە ئەوانیش جیهانی هەستەکانن لەگەڵ جیهانی ئەقڵ و زەین و پشکی زۆرتریش بەر هەست دەکەوێت، هەستکردن بە جوانی بۆ قۆناغی نێوەند دەگەڕێتەوە لە چێژوەرگرتن کە ئەقڵ و هەست ڕۆڵی تێدا دەبینن. بڕیاردان و پێوەری جوانی ملکەچی ئەنجامی سەرسامبوونی چێژوەرگرانە کە بەدەر دەبێت لە خەسڵەتی بابەتیانە و ڕێژەیی دەکەوێتەوە، ئەوەش دوو لایەنی هەیە

کە زێدەڕۆییە لە ورووژاندن و کارتێکردنی هەستی جوانی، یان کورتی لەو کارتێکردنەدا. ئەوەی هاوسەنگی دەبەخشێتە هەست و ئەقڵ ئەو پێودانگەیە کە بۆ جوانی دەیکەین، لای دیکارت ئەقڵ و هەست پێکەوە کاردەکەن و ملکەچی بنەما ئەقڵییەکان دەبێتەوە.

## بۆچوونی هۆگارت دەربارەی هونەر

ولیەم هۆگارت جەخت لە گەڕانەوە دەکات بەرەو سروشت و پێی وایە سروشت ئەو دەرفەتەمان پێدەبەخشێ کە بەهای جوانیی بناسین، گەڕان بەدوای بەهای ئیستێتیکادا لەڕێی بەراوردی نێوان کارە هونەرییەکان نییە بەیەکتری، یان پشت بەستن بە وتەزای فەیلەسووفەکان ئەوەندەی بۆ بەراوردکردنی ئەو بەخششە هونەرییانە دەگەڕێتەوە لەگەڵ سروشتدا.

هۆگارت ڕوانینی وایە کە گەیشتن بە جوانیی پێویستە هەنگاوی یاسا و ڕێساکانی سروشت هەڵبگرێت، هەربۆیە پێی وایە سروشت پێوەرێکە کە جوانی پێ دەپێوین، ڕەسەنایەتی دەبەخشێتە سروشت و بانگهێشتمان دەکات تا هەموو شتەکان لەودا بەراورد بکەینەوە، پاشان دەستنیشانی چەند فاکتەرێکی کاریگەر دەکات کە سروشت هەیەتی و دەبنەوە سەرچاوەی دەرککردنمان بە جوانی، لەوانە: چوونیەکی: ئەمەش لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی نێوان یەکە و بەشەکانی کاری هونەرییە بۆ دیاریکردنی واتای جوانی، پێی وایە دەبێتەوە بنەڕەتی بڕیاردان لەسەر شتەکان چەندە جیاوازیش بن و هۆکاری یەکلاکەرەوەیە و پێی وایە چوونیەکی و هاوسەنگی نێوان یەکەکان پێویستە لە هونەردا هەبێت بۆ دەستنیشانکردنی مانای جوانی، هۆگارت نموونەی هونەری تەلارسازی دێنێتەوە و دەڵێت بۆئەوەی بمەوێت تەلارەکە جوان بێت، دەبێت لە نەخشەسازییەکەیدا ڕەچاوی یەکسانی و هاوسەنگی و چوونیەکی لەنێوان گەورەیی شێوەکەی و گەورەیی بەشەکانیدا بکەم. هەمەچەشنی: مەبەست لێی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نییە و پێویستە ملکەچی هێڵکارییەکی دیاریکراو بێتەوە، هەروەها باس لە سادەیی و ئاڵۆزیش دەکات لەو بارەیەوە.

## بەهای هونەر لای کروچە

سەرباری ئەوەی کروچە بەگشتی لە (فەلسەفەی ڕوح)دا مەسەلەکانی ئایین و سیاسەت و ئابووری و فەلسەفە و میتافیزیکیای بەسەرکردۆتەوە، وەلێ ئەو ناوبانگەی ئەم فەیلەسووفە ئیتاڵییە هەیەتی (١٨٦٦-١٩٥٢) لەبنەڕەتدا بۆ ئەو نووسینانەی دەگەڕێتەوە کە دەبنە تیوری هونەر و ئیستێتیکا، بەتایبەتی و بەشێک لە بیروبۆچوونە گشتییەکەی، وێنەیەکی ئایدیالی لە فەلسەفەی ڕوحدا خەملاندووە کە قەرزاریاری (هیگڵ) دەبێتەوە، هەرچەندە لەسەر فەلسەفەکەی هیگڵ داینەمەزراندووە. کروچە یەکێکە لەوانەی بەتوندی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی فەلسەفەکەی هیگڵەوە، واتە (ئایدیالی ڕەها) کە پلەی یەکەم دەبەخشێتە هزر و پێش ماتریالی دەکاتەوە، ئەمەش وێڕای بڕوامەندیی تەواوی کروچە کە پێی وایە چ فەلسەفەیەکی دیکە لەدوای فەلسەفەکەی هیگڵەوە سەرهەڵنادات، بەڵکو وەک کۆتاییەکی هزری فەلسەفی لێکی دەداتەوە، ئەم هەڵوێستە ئایدیالییەی وای لێ کردووە بۆچوونەکانی هیگڵ هەڵبگرێت لە فەلسەفەی ڕوحدا، یان دیدگای بۆ تێڕوانین و ئیستێتیکا بەشێوەیەکی گشتی.

کروچە ڕوح بە بوونێکی ڕاستەقینە و تاک و تەرا دەبینێتەوە، هەرچی بوونە ماتریالییەکەشە (سروشتییەکە) دەرەکییە و لە دروستکراو و پێکهاتەی ئەقڵ، ئیستێتیکای لای کروچە بوارێکە بۆ شرۆڤەکردنی بالابوونی ڕوح لە هەموو لایەکییەوە، ئەو بالابوونەی ڕوح گوزارشتی لەخۆی کردووە لە نموونەی بچووک و بەرجەستەدا، بەم پێیە ئیستێتیکا هەموو چەشنەکانی گوزارشتکردن لەخۆدەگرێت، تەنیا بیرکردنەوەی لۆژیکی نەبێت، هەرچی پەیوەستیش دەبێتەوە بە چالاکییەکانی ڕوحی مرۆ (تاک) لەمیانی زانستدا خۆی دەخاتە ڕوو کە مەعریفەی هەموو ئادەمیزادە و لەڕێی هەڵهێنجانەوە بەدەستی هێناوە، یان لەڕێی خەیاڵ و ئەندێشە و زەین ڕوونییەوە کە مەعریفەی خودی و گشتی و شتەکان و پێوەندییەکان لەخۆدەگرێت. ئەو پێی وایە ئەو مەعریفەیە یان وێنە بەرهەم دێنێ، یان چەمکەکان دەخوڵقێنێ، لەلایەکی تریشەوە چالاکی ڕوحی لەمیانی (کار)ەوە خۆی بەدەردەخات و دەبێت بە دوو بەشەوە: یەکەم ئابوورییە و بۆ شتە خودییەکان تێدەکۆشێت، دووەمیش مۆراڵییە و ئامانجی بۆ ویستی گشتییە. چالاکی ڕوحی چوار ئاست و پلەی هەیە. پلەی یەکەم ئیستێتیکایە. لەم ئاستەدا ڕوحی ڕەها دەردەکەوێت و لە تاکدا خۆی

دەنوێنێ، پلەی دووەم لۆژیکییە، سێیەم سەروو بەرژەوەندییە (ئابووری)، هەرچی چوارەمیشە خێر دەگرێتەوە کە مۆراڵ دەگەیەنێت. کروچە شوێنگەیەکی نەبەخشیوەتە ئایین هەروەک هیگڵ کردوویەتی، لە سێ پلەی ڕوحدا کروچە ئایینی بە فەلسەفەوە بەستۆتەوە و ڕەهایی دەخەملێنێ، ئەمەش بۆ ئەو فاکتەرە دەگەڕێتەوە کە کروچە بڕوای بە ئایین و نەمریی ڕوح نامێنێ و بانگەشەی ئازادی ئیرادە دەکات، هەروەها بۆ پێشخستنی چێژی هونەری و بەپیرۆزکردنی جوانی، ئەم بانگهێشتە وەک دانانی بڕوامەندییە بە ئیستێتیکا لەبری ئایین، پاساوەکەی کروچە ئەوەیە کە ئایینەکەیان نەریتێکی هزرییە و لە میللەتە دواکەوتووە سەرەتاییەکانەوە بۆیان مابێتەوە و هەرچی ئایینەکەشیانە کەلەپوورێکی هزرییە و لە دەروونی خۆیانەوە وەریان گرتووە.

کروچە لە ژیانی هزریدا بایەخێکی ئەوتۆی داوە بە هونەر و ئیستێتیکا و کتێبێکی تایبەتی لەو کایەیەدا هەیە، باشترین نووسینی کتێبی (جوانی)یە کە ساڵی ١٩٠٢ بڵاوی کردۆتەوە، کروچە پێگەیەکی باشتر دەداتە هونەر زیاتر لە زانست، لەبەرئەوەی هونەر جوانیمان پێ دەبەخشێت. هونەر لای ئەو نمایشێکی بەرجەستەیە بۆ ئاگایی لە وێنەیەکی زەینیدا و یەکێکە لە ڕوخسارەکانی چالاکی ڕوحی، بۆیە پێی وایە: هەڵەیە بڕوا بەوە بکەین کە جوانی لە سروشتدا هەیە، سروشت وەک شێوەیەکی داتاشراو دەتوانێت لە یادەوەریماندا وێنەیەکی جوان دروست بکات، وەلێ شتێک نییە کە مرۆڤ وەک پەیڤ درکاندبێتی، چونکە وێنەی زەینی دەربڕینێکی سەرکەوتووە و جگە لە کارێکی هونەریی شتێکی دیکە نییە، گوزارشت و ئیستێتیکا یەک شتن و بە دوو پەیڤی جیاواز دەریان دەبڕین.

سەبارەت بە بەهای هونەر کروچە بە پێزانین و سۆسەکردن (الحدس) دایدەنێت، هەروەها ناسنامەی ڕامان و هاتنە پێش چاو و نمایشکردن و شتی دیکەی بۆ زیاد دەکات، کە ئەمانەش ئەو شتانەن خەڵکی دەیڵێن دەربارەی هونەر، لای (زەکەریا ئیبراهیم) ڕوانینەکەی کروچە بۆ هونەر پشت لەم خەسڵەتانە دەکات: **یەکەم:** پێوانە: کە دیاردەیەکی فیزیکییە و ئەمەش نەشیاوە، هونەر ڕاستییەکی ڕوحییە و ناکرێت پێوانە بکرێت. **دووەم:** سوودمەندی: بەواتای بۆ دەستگیرکردنی چێژ و دوورکەوتنەوە لە ئازار. کروچە ئەو پێناسەیە ڕەت دەکاتەوە کە هونەر بۆ چەمکی چێژ بگەڕێنێتەوە، هونەر وەک ڕوانینێک بەمانای ڕامان و مەعریفەیەکی هەڵهێنجراو، کروچە هونەر و چێژ پێکەوە نابەستێتەوە. **سێیەم:** مۆراڵی: ئەم خەسڵەتە بەسەر کاری هونەریدا لای هونەرمەند، ئەگەر ئیرادەی خێر و خۆشنودی سیفەتێکی مرۆڤی باش بێت، ئەوە سیفەتی هونەرمەند نییە، کروچە هونەری خستۆتە دەرەوەی مۆراڵەوە، وەلێ بڕواشی وایە کە هونەرمەندیش وەک مرۆڤە و ناچێتە دەرەوەی سوڵتانی مۆراڵەوە، هەر بۆیە هونەرمەند دەبێت هونەر وەک پەیامێکی پیرۆز جێبەجێ بکات، کروچە هونەری ئاراستەکراو ڕەت دەکاتەوە. **چوارەم:** مەعریفەی وێنەیی: خاسیەتێکی ئایدیالییە لە هونەردا کە سۆسەکردن لە مەعریفە جیابکاتەوە، بەواتای مەعریفەی هونەریی لە مەعریفەی ئەقڵی، هەر بۆیە کروچە هونەر لەبەرانبەر زانست دادەنێت.

کروچە لە تیورە ئیستێتیکییەکەیدا وای دەبینێ کە سوودمەند و شیاویشە بەسەر زمانیشدا پراکتیزە بکرێت، لەبەرئەوەی زمان نێوەندێکە بۆ گوزارشتکردن لە خود، کروچە دەڵێت: هەموو جۆرە بەکارهێنانێکی زمان لەخۆیدا شیعرە، بۆچوونەکانی کروچە دەربارەی ئیستێتیکا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر میتودی جوانیناسانی ئەوروپا و ئەمریکا هەبوو، وێڕای ئەمەش ئەم بیرمەند و فەیلەسووفە هەڵوێستی سیاسیانەی بەرهەڵستکاری بەرانبەر بە جەنگ و دیکتاتۆریەتی فاشی مۆسۆلینی هەبوو.

## بەهای هونەر لای سوزان لانگەر

فەیلەسووفێکی ئەمریکاییە (١٨٩٥- ١٩٧٥) بایەخی بە هونەر و فەلسەفە و لۆژیک داوە، هەروەها ئیستێتیکا و زمان، سەرباری ئەمەش توێژینەوەی کردووە لەسەر تیوری فۆرمە سیمبۆلییەکانی (ئارنست کاسیرێر) فەیلەسووفی ئەڵمانی و دواتریش کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر میتودە فەلسەفییەکەی جێ هێشتووە لەبارەی هونەرەوە، سوزان لانگەر وەها دەڕوانێتە هونەر کە یەکێک بێت لە چالاکییە سیمبۆلییەکان و هێمایەک لە ئەفراندنی مرۆڤ. کاری هونەریش وەک وێنەیەکی سیمبۆلی ویژدانی ئادەمیزادە، هەر بۆیە هونەر ئەفراندنی ئەو فۆرمانەیە کە شیاوی دەرککردنن بەو پێیەی ئەو

فۆرمـانە گـوزارشـتـێک بن لە ویژدانی مـرۆیی، ئەوەی مـرۆڤ دەرکی پێـدەکـات لە هونەردا پێـزانینی شـێـوە و فـۆرمـە، چەمکی فـۆرم و وێنە ڕۆڵێکی ئەوتۆ دەگـێـڕن لە پێناسەکردنی هونەردا، کاری هونەری ئەگەر بیێتە شێوە و وێنە، ئەگـەر وێنەش بەرهەمی خـەیاڵ و ئەندێشـە بێت وەک وێنەیەکی کاری ئەدەبی، ئەو وەختە کاری هونەریش ڕواڵەتێکی هەستی لەخۆدەگرێت کە دەرک بکرێت، لای لانگەر کاری هونەری هێـمایەکی خـوازراو و وێنەیەکـە گوزارشت لە شتێک دەکات، جیاوازیش لەنێوان وێنە و شتێکی ڕاستەقینەدا جیاوازییە لە ئەرکەکانیاندا.

سـوزان لانگەر ڕێبـازێکی سـیـمـبـۆلی لە هونەردا دەدۆزێتـەوە، چونکە پێی وایە مـرۆ خـۆی لە جـیـهـانی هێـمـاکـاندا دەژی و تەنیـا بە بیـرکـردنەوەی زمـانیـیـەوە ناوەستێـتەوە، یان بوارێکی زمانەوانی پوخت و ڕووت، پرۆسەی بەهێماکردن لای مرۆڤ تەنیا لە هونەر و زمان و ئاخـاوتندا خـۆی نابینێـتـەوە، بەڵکو بەرەو خـەون و ئەفسانە و خورافات و سرووتی ئایینی و میـتافیـزیکا و ئاخـاوتن و ڕواڵەتەکـانی دیکەی چالاکی مـرۆیی درێژدەبێـتـەوە. لانگەر شـرۆڤـەیەکی سـیـمـبـۆلیـانە دادەمـەزرێنێ و بەسـەر هونەر و مـوزیکدا پراکـتـیـزەی دەکـات، بەڵکو وەها مـامـەڵە لەگـەڵ تەواوی هونەرەکانیشدا دەکات کە سیمبۆلێکی نمایشکاری بن، نەک ئامـاژەبەخش، مـەبەسـتی لانگەر لە هونەردا کـە داهێنانە بەو واتایەیە کە ئیزافەکردنی شتێکی نوێیە کە پێـشـتـر بوونی نەبووە، یان لە چ شـتـێکەوە هونەر دادەهێنرێت، لانگەر لە وەڵامی ئەوەدا پێی وایە هونەر ئەو شتانە دادەهێنێ کە شیاوی دەرککردن بن، ئەمەش لەمیانی سۆسەکردن و خەیاڵەوە دێتە ئاراوە و هەموو ئەو فۆرمانەش کە بەرهەم دێن گوزارشتن لە ویژدانی مرۆیی و لە نائاگـاییـەوە سەرچاوە دەگرن، هونەر سیـمـبۆلێکە بۆ ویژدانی مـرۆڤ و ئەرکـەکـەشی ئەوەیە ئەو چالاکی و هەسـتـانە دەردەبڕێت کـە پێـوەندییـان بە ئەقڵ و ئاوەزەوە نییە.

بەو ئاراسـتـەکـردنەی لانگەر بۆ تیـورەکـەی ئاسـیـرێری دەکات (فۆرمە سیمبۆلییەکان) تیورەکەی خۆی دەخاتە ڕوو لە ڕۆڵـی هونەر بـۆ گــواســتـنەوە و دەربڕیـنی چالاکییەکان کە دەشێت بە زمان نەوترێن و بگۆڕێنە سەر شـێـوە و وێنەکـان، نموونەی ئەمـەش ئەفـسـانەکـان و سرووتەکانە، وێنەی سیمبۆلی نمایش دەکەن و ئەو ویژدانە ڕەنگ پێـدەدەنەوە. لایەنی دەروونی و سایکۆلۆژیش لای هونەرمـەند ڕۆڵێکی ئەوتۆ دەگـێـڕێت کـە نائاگـاییـانە ویژدانی ئاوێتـەی کـارە هونەرییـەکـە دەکات و ئەو وێنانە بەرهەم دێنێ کە خەسڵەتی ڕاستەقینەی مرۆیین.


**سەرچاوەکان:**

**١- الفن خبـرة، جـون ديوي. ت: زكـريا ابراهيم، قـاهرة - بيروت ١٩٦٣.**

**٢- التربية عن طريق الفن، هربرت ريد. ت: عبدالعزيز توفيق جاويد، قاهرة ١٩٩٦.**

**٣- قضايا الابداع الفني، جمعة حسين، بيروت ١٩٨٣.**

**٤- فلسفة الجمال والفن عند هيجل، عبدالرحمن بدوي، قاهرة ١٩٩٦.**

**٥- مـعنى الفن، هربرت ريد. ت: سـامي خـشـبـة، قـاهرة ١٩٩٨.**

**٦- مشكلة الفن، زكريا ابراهيم، قاهرة ١٩٥٢.**

# بەراوردێک لەنێوان گوڵی خوێناوی گۆران و ئەمینی میرزا کەریم-دا

**عومەر سالح بەگ**
**(بریتانیا)**

پێش ئەوەی باسێک لە هەڵسەنگاندن و بەراوردی نێوان [گوڵی خوێناوی]ی گۆران و ئەمینی میرزاکەریم-دا بکەم، دەمەوێ ئەوە بۆ خوێنەران ڕوون بکەمەوە کە [ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی] ئەمینی میرزا کەریم کە تەمەنی نووسینی لە چڵ ساڵ پترە، چۆنم دەست کەوت؟

ساڵەکانی حەفتا لە بەغدا خوالێخۆشبوو [جەلال کۆچەر]م ناسی، زۆربەی کات پێکەوە بووین. جەلال کۆچەر دەنگی خۆشبوو چەند گۆرانییەکیشی لە ئێزگەی کوردی بەغدا تۆمار کردبوو، هەر لەوێش، واتە لە ئێزگەی کوردی بەغدا، ئەندامی گرووپی کۆرسی گۆرانی کوردی بوو.

جەلال کۆچەر مرۆڤێکی دڵپاک و دڵسۆز و بەوەفا بوو، هەژار و کوڕە هەژار بوو، بە هەموو توانایی هەوڵی دەدا خۆی پێ بگەیەنێ و بەری ڕەنجی دەستی خۆی بخوا، بەڵام وەک دەڵێن مرۆڤی هەژار و بێ پشتوپەنا بە دەگمەن دەگاتە ئاواتەکانی. جەلال کۆچەر هەشتاکان هاتە سلێمانی و ژنی هانی و خێزانی پێکەوە نا.

وەک بۆیان باس کردم لە نەوەدەکاندا کاتی نەهامەتی و نەبوونی باڵی ڕەشی بەسەر هەمواندا کێشابوو، ئەمیش لە وەرزێکی زستاندا بە هیوایەک بەرەو کوردستانی ئەودیو [کوردستانی ئێران] بەڕێ دەکەوێ، لە ڕێگا دەکەوێتە ناو زریانێکەوە و سەرما و برسێتی بواری نادا و لاشەی لەگەڵ شەختە و سەرما ئامێزی یەک دەبن و کڵووی بەفری سپی دەبێتە کفنی و لەوێدا گیانی پاکی بە ڕۆژانی نەهامەتی و نەبوونی و چەرمەسەری خۆی دەسپێرێ و ماڵئاوایی یەکجاری لە ژیان دەکات.

مخابن.. ئەو مرۆڤە پاک و بێگەرد و دەنگ خۆشە، ئەو مرۆڤە دڵ پڕ لە ئاواتە، نە کەس وەک پێویست ناسی و نەکەس یارمەتی دا و نە کەسیش یادێکی کردەوە، ئەو مرۆڤە وەک دەیان و سەدانی وەک خۆی چووە خانەی لەبیرکراوانی ئەم گەلەوە. هەزاران سڵاو لەو مرۆڤ و هونەرمەندە نەفس بەرز و دڵ پاکە،.

لە ساڵەکانی حەفتادا جەلال کۆچەر ئەم ئوپەرێتەی ئەمینی میرزا کەریم-ی دامێ بۆ ئەوەی سەیری بکەم و چی پێویست دەکا بۆی دەستنیشان بکەم تا ئامادەی بکات و وەک ئوپەرێتێک بۆ تەلەڤزیۆنی کەرکووک پێشکەشی بکات.

جەلال کۆچەر لە سەرەتادا زۆری بیر لێ کردەوە، دوا کات پێکەوە نەخشەیەکمان بۆ پێشکەش کردنی ئەم ئۆپەرێتە دانا، بەڵام لەوکاتەدا خەمی سەرەکی نەبوونی کچ بوو، ئەو لەو بڕوایەدابوو کە ناتوانێ ئەو هەموو کچە بۆ ئەو ڕەشبەڵەک و هەڵپەڕکێیە وا بەو جوانییە ئامادە بکات، وەک لە ناوەرۆکی دەقەکەدا دیارە.

هەرچەندە من لەو کاتەدا ئەو خاڵە دژ بە یەکانەی ناو



گۆران

ئۆپەرێتەکەی ئەمینی میرزا کەریم و شیعرەکەی گۆرانم بۆ ڕوون کــــردەوە، بەڵام ئەو ئەوەندە بە تاســــووق بوو لە پێشکەش کـردنی ئەم ئۆپەرێتـە، تەنانەت گـوێشی بەو خـاڵانەی منیش نەدا کـە بۆم ڕوون کـردبووەوە، لەوکـاتە هەر ئەوەندەی وت ئێــمـە لە کـاتی پێـشکەش کـردنی ئۆپەرێتەکەدا، کـەمێک ئاڵوگۆڕی تێدا دەکـەین لەگـەڵ دەست کارییەکی ورد تا هەمووی یەک دەخەین.

ســاڵان هاتن و ســاڵان چوون ئەم [ئۆپەرێت]ـە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی بە ئەمانەتەوە لەلای من مایەوە.

لەو مــــاوە دوورودرێژەدا ئەم باســــەم لە بارەی ئەم ئۆپەرێتـەوە نووسی، بەڵام بوارێکی وام بۆ نەڕەخسـا کـە بڵاوی بکەمـەوە و بیـخـەمـە بەر دیدەی خـوێنەرانی ئازیزەوە.

ئەوەبوو ساڵی پار سەردانی بارەگای گۆڤاری ڕامان-م کـرد و لەگــەڵ برای زێدەخـۆشـەویست کـاک ئازاد عەبدولواحید باسی ئەم [ئۆپەرێت]ـەم بۆ کـرد، ئەویش زۆر هانی دام شــتـێکی لەبارەوە بنووسم و لەســەر لاپەڕەکـانی ڕامان-ی خۆشەویست بڵاوی بکەمەوە. لە ڕاسـتـیدا ئەم داوایە بووە هاندەرم و بۆ کـەرەتێکی تر بە نووسینەکەمدا چوومەوە، لەگەڵ کـەمێک دەستکاری و بژارکـردندا، ئەمـەی وا لەبەردەسـتـدایە پوخـتـەی ئەو نووسینەیە، هیوادارم جێی ڕەزامەندی هەمووان بێ.

ئەوەندە مـاوە بیـڵێم، مـەبەسـتم لە بڵاوکردنەوەی ئەم [ئۆپەرێت]ـە تـەنیـا ئەوەیە، ئەم بەرهەمـە پایە و پلەی هەرچی بێ، بەڵام وەک مـێـژوو نرخی خـۆی هەیە. تا ئەمـیش وەک بەڵگەیەکی مـێژووی ئەدەبی، نەچێـتـە گۆشەی لەبیرچوونەوەوە، وەک وەفایەکیش بۆ هاوڕێی کۆچ کردووم [جەلال کۆچەر]ی دەنگ خۆشی لەبیرچوو.

لێـرەوە ئەم نووسـینە پێـشکەش دەکـەم بە سێ کـۆچ کردووی ئازیز- گـۆرانی نەمر- ئەمـینی مـیرزاکەریم-ی شانۆنووس- جەلال کۆچەری دەنگ خۆش.

* * *

ئەگەر چاوێکی ورد بە دیوانی گۆراندا بگێڕین زۆر لە بابەتی ئۆپەرێت و شیعری شانۆییـمـان بەرچاو دەکەوێ کە گۆران بە دەستی خۆی ناوی [ئۆپەریت، یان شیعری شـانۆیی] داونەتێ(١)، بەڵام بۆ ناوی [ئۆپەرێت، یان شیعری شانۆیی] بە شیعری [گوڵی خوێناوی] نەداوە کە ئەمە، واتە [گوڵی خوێناوی] هیچی لەو شیعرانەی ئەو ناوانەیان وەرگرتووە، کەمتر نییە ئەگەر بە هێزتر و جـوانـتـر نەبێ، خـۆی لەخـۆیدا ئەمـە پێـویسـتی بە وردبینییەکی باش هەیە، کـە لێرەدا شـوێنی ئەو باسـە جـێی نابێـتـەوە و بۆ داهاتوو و بۆ قـەڵەمی بە پێـزی دڵسۆزانی ئەم بوارەی بەجێ دێڵین.

بەڵام بابەتەکــە لای ئەمــینی مــیـرزا کــەریم بۆتە [ئۆپەرێت] ناوونیـشـانی بابەتەکـەی وا نووسـیـوە. ئۆپەرێتی(٢) گوڵی خوێناوی- شیعری گۆران- دیالۆگ و ئامـادەکـردنی بە نووسین: ئەمـینی مـیـرزا کـەریم- [بەداخـەوە لەسـەر بابەتەکـە سـاڵ و ڕۆژی نووسـینی نەنووسـراوە] کـەواتە لێـرەدا یەکـەم جـیـاوازی نێـوان بابەتەکەی گۆران و ئەمینی میرزا کەریم ئەوەیە.

لای گۆران بابەتەکە شیعرە، شیعری گوڵی خوێناوی لای ئەمینی میرزاکەریم، بابەتەکە ئۆپەرێتە، ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی.

پێش ئەوەی بێــینە ســەر بەراوردکــردنی هەردوو بابەتەکـەی- گۆران و ئەمینی میرزا کەریم- با هەردوو دەقەکە وەک خۆی چۆن نووسراون بیانخەینە ڕوو بۆ پتر شارەزا بوونی خوێنەر، لەگەڵ پوختـەیەکی زۆر کورت لە چیرۆکی خۆماڵی فۆلکلۆری کوردی [لاس و خەزاڵ].

**یەکەم: لاس و خەزاڵ**

خەزاڵ(٣) پەلپ لە [لاس]ی خۆشەویستی دەگرێ بۆ ئەوەی بچێ لە [چل پلەی عومان] گوڵی سووری بۆ بێنێ ئەم تاقیکردنەوەیە کە لەلایەن [خەزاڵ]ـەوەیە تا بزانێ [لاس] چەندی خۆشی دەوێ.

لاس ناچارە بچێ بۆ [چل پلەی عومان] گوڵی سووری بۆ بێنێ تا خۆشەویستەکەی دڵنیا بکا لەوەی کە بە دڵ خۆشی دەوێ. کاتێ لاس دەکەوێتە رێ بۆ [چل پلەی عومان]- تا لەوێ گوڵی [شۆرانی- سووری] بۆ بێنی، پێش ئەوەی دەستی بە گوڵی [شۆرانی- سوور] بگات تیری دوژمن دەیپێکێ، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کە کاتێ [خەزاڵ] دەڵێ:

چی بکەم ئەوەش دەبێتە خەم، ئەمن بابان وێرانی پێیان گوتم گوڵی شۆرانی هەن لە چل پلەی عومانی چراو لالەت ناوێ سەر بەخۆڕایی هەتا سبحەیانی

**لاس دەڵێ:**

یا خەزاڵ بزانە چۆن کارانت بۆ پێک دێنم، یان سەری خۆم دادەنێم، یان گوڵی شۆرانت بۆ دێنم.

لاس لەسەر بەڵێنی خۆی بەردەوام دەبێ و شوێن هەواوهەوەسی خەزاڵ دەکەوێ و لە رێگا تیری دوژمن دەیپێکێ.

هەمان مەرگەساتی نێوان شیعری [گوڵی خوێناوی]یە، ڕوو دەدا. هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە بیرۆکەی شیعری گوڵی خوێناوی- گۆران- لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی [لاس و خەزاڵ]ـەوە وەرگیراوە.

**دووەم: دەقی شیعری گوڵی خوێناوی(٤)- گۆران**

کوڕ:

بڕوانە: **شاییە، چۆپییە، لەو ماڵە،**

**گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە!**

**زەرد و سوور تێکەڵ بوون، ژن و پیاو، هەرایە،**

**لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە!**

**سا توخوا، خێراکە، بابڕۆین، دەست بگرین،**

**بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین!...**

کچ:

**گوڵ نەبێ بۆ سەرم: ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ،**

**نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!**

کوڕ:

**کچ لە ڕێی جوانیتا، کچ لە ڕێی جوانیتا،**

**کچ لە ڕێی نێو نیگای هاتوچۆی کانیتا،**

**پاییزە، گەڵای دار ڕژاوە، باغ ڕووتە،**

**گوڵ کوانێ گوڵ لێوی بە بزە پشکووتە!...**

کچ:

**گوڵ نەبێ بۆ سەرم: زەرد چەپکێ، ئاڵ چەپکێ،**

**نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!**

**بتدایە دڵ بە من، بە هەموو مەعناوە،**

**دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە!...**

کوڕ:

**[دەڕوا لەبەر خۆیەوە بە گۆرانی دەڵێ]:**

**باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە،**

**خێڵی دوشمن دەورەی داوە،**

**ئەڕۆم: ڕێگام لێ گیراوە،**

**ناڕۆم: چاوکاڵ لێم تۆراوە!**

**[بەرە بەرە لە دێ دوور دەکەوێتەوە]:**

کوڕ:

**بە باغچەی پاشادا گەڕام، خوارووژوور؛**

**زەرد هەبوو، بۆم چنیت، چنگ نەکەوت گوڵی سوور،**

**نازانم ئەمجا دێیت بۆ شایی و هەڵپەڕکێ؟**

کچ:

**نایەم، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ!**

کوڕ:

**[یەخەی مراخانی ترازان]:**

**ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی؟.**

کچ:

**هەی هاوار! تفەنگی دوشمنیش پێکاتی؟**

**ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم؛**

**با بگریم بۆ دڵێ، بۆ گوڵێ دۆڕانم...**

**سێیەم: ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی(٥)**

شیعری... گۆران

حیوار و ئامادەکردنی بە نووسین

ئەمین میرزا کەریم

**شانۆگەرییەک لە تابلۆیەکدا**

ئەکتەرەکان:

١- ڕۆستەم.



**ئەمینی میرزا کەریم**

٢- خونچە.
٣- نازێ.
٤- هۆمەر.
٥- کۆرس بۆ هەڵپەڕکێی شاییەکە.

**دیمەن:** دێیەکە لە دێیەکانی کوردستان. خانووی جووتیارە هەژارەکان لە پاڵ چیاکەدا بە یەکا چوون.. لە دوورەوە ڕووبارێک دیارە شین دەچێتەوە، ڕێگایەکی باریک لە دەشتایی نزیک ڕووبارەکە ئەنجا لا دەدا بۆ دەرەوەی شانۆکە- بەو مەبەستەی کە ڕۆستەم چوو بۆ گوڵی سوور ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر بەرەوماڵی پاشا، «ئاغای دێیەکە» بچێتە ئەودیو شانۆکەوە-

**ڕۆستەم:** (لە قووڵایی شانۆکەوە دروێنە دەکا)

[مۆسیقای کوردی لەگەڵ کردنەوەی شانۆکەدا بەرز دەبێتەوە]

**خونچە:** (لەگەڵ نازێدا، هەریەکەیان کوڵێ چیلکەیان ناوە بەسەر شانیان و بە قاقای پێکەنینەوە بەرەو خانووەکان دەڕۆن)

**نازێ:** (دەوەستێ)

خونچە.... خونچە... ئەها ئەوە ڕۆستەمە

**خونچە:** (دەوەستێ و لا دەکاتەوە)

خۆیەتی... ئەزانێ ماندووبووم با نەختێ دانیشین.

**نازێ:** ئای لەم فێڵبازە!! بۆ ڕۆژانی ڕابردوو، ماندوونەبوویت!!

**خونچە:** بۆ نابێ ئەمڕۆ ماندووبم؟ نەخۆشم...

**نازێ:** با ئەبێ ئەمڕۆ ماندووبیت... ئەزانم کوێت ئێشێ... دڵەکەیە... دڵ...

**خونچە:** ئۆی بەزیاد نەبێ... چیت بیستووە؟

**نازێ:** هیچ... بۆ شتێ هەیە؟!

**خونچە:** توو سەری ئووفەی برات؟

**نازێ:** ئەوەی ڕاستی بێ، وەکو ئەڵێن تۆ و ئا ئەو ڕۆستەمە دڵتان وا بەیەکەوە...

**خونچە:** کێ پێی وتی؟

**نازێ:** کچی مامەم... خۆشی دڵی وا بە کوڕەکەی خالۆیەوە...

**خونچە:** خوا ئەزانێ... ئێ... ئەی ... ئەوەی دڵی هەبێ داوای دڵێکی تر ئەکات، ئەی تۆ؟...

**نازێ:** ئەی گوایە من بێ دڵ ئەژیم؟!

خونچە کەواتە دڵداریت بەلاوە شوورەیی نییە؟

**نازێ:** ئای کە خۆشە!! چەند خۆشە دووکەس یەکتریان خۆشی بوێ؟!.

**خونچە:** بەڵام خۆشەویستییەکی دڵسۆزانە، بە جۆرێک دڕندە و دڕکەکان نەتوانن لەیەکتریان بکەن.

**نازێ:** بۆ کەس شک ئەبەیت ببێتە دڕکی نێوان تۆ و ڕۆستەم؟

**خونچە:** (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ)

ئەی چۆن!!... هۆمەری پیاوی ئاغا، ماوەیەکە داوام ئەکا و ڕقم لێیەتی و هەرگیز شووی پێ ناکەم.

**نازێ:** ئێ.. ئێ.. ئەیناسم... سەر و فەسالی خواتەوە. نەکەی شووی پێ بکەیت.

**خونچە:** ئەو دڵەم ئەبەمە ژێرگڵ و شوو بەو چڵکاوخۆرە ناکەم.

**نازێ:** ئەی ئافەرین.

**خونچە:** لاوێکم خۆش ئەوێ بە ئارەقی نەوچەوانی خۆی ماڵ و منداڵی بژێنێ سەربەرزانە.

**نازێ:** ژیانی خزمەتکاری کەی ژیانە؟! مردن چاکترە...

**خونچە:** لاوێکم خۆش ئەوێ ئازابێ و لە شێر سڵ نەکا، لە پێناوی خۆشەویستیمان قوربانی بدا، ئەمەش لە

ڕۆستەما بەدی دەکەم، لەژێر تاقیکردنەوەشمایە... ئەوسا بەڵێن بێ ئەنجامم هەر چۆن بوەستێتەوە شووی پێ ئەکەم.

**نازێ:** ئای... خۆ درەنگە... دوای نیوەڕۆش شاییەکەیە با بڕۆین خۆمان بگۆڕین و بچین- دەی با بڕۆین-

**خونچە:** دڵخوازەکەشت لەوێ ئەبێ؟!.

**نازێ:** لەبەر ئەو نەبێ، چۆن ئەچم.

**خونچە:** تۆ بڕۆ... من ئەمەوێ ڕۆستەم ببینم.

**نازێ:** ئەڕوات.

**ڕۆستەم:** (سەر هەڵدەبڕێ و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و داسەکەی بەدەستەوەیە).

**خونچە:** (لە شوێنی خۆی دادەنیشێ).

**ڕۆستەم:** (هاوار دەکا).

خونچە... خونچە...

**خونچە:** (ئاوڕی بۆ ئەداتەوە، بە دەست ئیشارەتی بۆ دەکات کە بێت بۆ لای).

**ڕۆستەم:** (بەرەو لای خونچە دێ).

[لەگەڵ هەنگاوونانی ڕۆستەمدا جۆری مۆسیقاکە دەگۆڕێ... دەبێ بە دەنگی زوڕنایەکی بەتەنیای خاو... بەردەوام دەبێ تاکو ڕۆستەم دەگاتە لای خونچە، ئەنجا دەنگی زوڕناکە کز دەبێ) خونچە لە کەیەکەوە لێرەیت؟

**خونچە:** چاوم لێت بوو... لەگەڵ نازێدا بووم، ئەو ڕۆیشت و من مامەوە بۆ ئەوەی چاوم پێت بکەوێ..

**ڕۆستەم:** ئەوەندە منت خۆش ئەوێ؟ من هەمیشە ئارەزووی بینینت ئەکەم... کەی بێ بەیەک بگەین؟!.

**خونچە:** منیش بەهیوای ئەو ڕۆژەم.. هۆمەرە گەڕ بۆتە مار و ئالاوەتە ملمان.

**ڕۆستەم:** گەر ئازا بیت گەڕی وا هیچ نییە.

**خونچە:** لەسەر ئازایەتی و دڵسۆزی تۆش وەستاوە! ئەمڕۆ شایی خاڵۆی نازێیە.

[دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا لەسەر ئیقاعی هەڵپەڕکێیەکی کوردی بە بەرزی لێ دەدرێ].

**ڕۆستەم و خونچە:** [هەردووکیان پشت دەکەنە دانیشتووان و لە جێی خۆیان دادەنیشن و سەیری هەڵپەڕکێیەکە دەکەن، لە قووڵایی شانۆکەدا ڕەشبەڵەک دەست دەگیرێ و هەڵدەپەڕن.

دوای نەختێ هەڵپەڕین، وردە وردە دەنگی دەهۆڵ و زوڕناکە کز دەبێ، بەڵام هەڵپەڕکێیەکە دەمێنێ بە شێوەی (ڕۆینە) زۆر ناکێشێ لەسەر ئیقاعی هەڵپەڕکێی ڕۆینە لێ دەدرێ بە خاوی.

هەڵدەسنەوە و ڕوو دەکەنەوە یەک(٦)].

هۆمەر: «بەلایاندا، بە تفەنگەکەیەوە تێپەڕ دەبێ و سەر ڕادەوەشێنێ». (٧)

«(مۆسیقای گوڵی خوێناوی دەست پێ دەکا)».

ڕۆستەم: بڕوانە شاییە چۆپییە لەوماڵە.(٨)

دەهۆڵە زوڕنایە شمشاڵە.

«تا دەگاتە ئەوەی کە کچەکە دەڵێ:

**خونچە:** گوڵ نەبێ بۆ سەرم زەرد چەپکێ سوور چەپکێ.(٩)

نایەم بۆ زەماوەند نایەم بۆ هەڵپەڕکێ.

**ڕۆستەم:** «بەیتەکانی خۆی تەواو دەکا و تا دەگاتەوە سەر کچەکە.. کە خۆنچەیە و دەڵێ... گوڵ نەبێ بۆ سەرم». (١٠)

**خونچە:** دواجار کە دەڵێ گوڵ نەبێ بۆ سەرم...).

**ڕۆستەم:** (بەو ڕێگایەدا دەڕوا کە دەستنیشان کراوە تا لەچاو ون دەبێ).

**خونچە:** دادەنیشێ و پشت دەکاتە بینەران، چاوەڕوانی ڕۆستەم دەکا کە چەپکە گوڵی زەرد و سووری بۆ بێنێ).

«هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا گەرم دەبێتەوە».

«دوای نەختێ دەنگی تەقەی چەند تفەنگێک دێ».

**ڕۆستەم:** «دەردەکەوێ و دەستی لەسەر سنگێتی».

«دەنگی دەهۆڵ و زوڕناکە دەوەستێ و ئەوانەی هەڵدەپەڕین، لە جێگای خۆیان دادەنیشن و سەر دەنێنەوە».

«مۆسیقای گوڵی خوێناوی بەردەوام دەبێتەوە».

**خونچە:** «بەرەو پیری ڕۆستەم چەند هەنگاوێک دەنێ».

**ڕۆستەم:** «شیعرەکە کۆتایی پێ دەهێنێ و دەکەوێ».

**خونچە:** «خۆی دەدا بە سەریا و بە شیعرەکەوە سەری دەخاتە سەر ڕانی و وردە وردە پەردەکە دادەکشێتەوە». (١١)

## کۆتایی

گەر ئێمە بە وردی سەرنج بدەینە دەقی [گوڵی خوێناوی] گۆران دەبینین بیرۆکەکەی لە چیرۆکی

فۆلکلۆری کوردییەکەی [لاس و خەزاڵ] وەرگرتووە، وەک وتمان بیرۆکەکە هەمان بیرۆکەیە، چ لە بارەی (ناوەرۆک و کێشمەکێش و ڕێڕەوی چیرۆکەکە).

بیرۆکەکە لە گوڵی خوێناوی گۆراندا [خۆبەخت کردنە لەپێناوی خۆشەویستی پاکدا]، هەروا کێشمەکێش لە [هانینی گوڵی سووردا بۆ ڕازی کردنی دڵی دڵدارەکەی]، ڕێڕەوی چیرۆکەکەش هەمان ڕێڕەوە، ئەوەش لە [پەڵپی کچە بۆ گوڵی سوور و ڕۆیشتنی کوڕ بۆ هانینی گوڵی سوور].

ئەمانە دەقاو دەق لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی (لاس و خەزاڵ)دا دووبارە بوونەتەوە.

بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێین [گۆران] بیرۆکەی گوڵی خوێناوی لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی [لاس و خەزاڵ] وەرگرتووە.

## بەراوردێک لەنێوان هەردوو دەقەکەی گۆران و ئەمینی میرزا کەریمدا

دەمەوێ ئەوە بڵێم کە کاتێک ئۆپەرێتی ئەمینی میرزا کەریم دەخوێنینەوە، هەست بە پەلە پەلێک دەکەین لە کاتی نووسینی بابەتەکەدا کە ئەمە وای کردووە نووسەر بکەوێتە چەند هەڵەیەکی زەقەوە کە لە شوێنی خۆیدا باسیان دەکەین.

بەلای منەوە ئەمینی میرزا کەریم ئەم ئۆپەرێتەی لەسەر داوای کەسێک نووسیوە و بە پەلەش نووسراوە، لە ڕاستیدا من وای بۆ دەچم کە لەسەر داوای خودی [جەلال کۆچەر] بووبێ، بۆیە جەلال کۆچەر ئاوا گرنگی پێ دەدا و بە ئاواتەوە بوو کە زوو وەک ئۆپەرێت لە تەلەڤزیۆنەوە پێشکەشی بکات.

**خاڵی یەکەم:** بیرۆکەی هەردوو دەقەکە.

وەک وتمان بنەمای بیرۆکەی بنچینەیی لای گۆران هەمان بیرۆکەی بنچینەیە کە لە چیرۆکی [لاس وخەزاڵ]دایە. کە ئەویش [قوربانی دانە لە پێناوی خۆشەویستیدا]. بنەمای بیرۆکەی بنچینەیی لای ئەمین میرزا کەریم، ئەگەر ئێمە بێین [بیری بنچینەیی- گوڵی خوێناوی گۆران] لە ئۆپەرێتەکە داماڵین و وەک پەردەیەکی شانۆیی سەیری بکەین [کە دواتر ئەم بابەتە بەجوانی ڕوون دەکەینەوە] دەبینین بنەمای بیرۆکەی بنچینەیی ئەمیش هەمان بیرۆکەیە کە لای گۆران و چیرۆکی [لاس و خەزاڵ] هەیە کە ئەویش [قوربانی دانە لە پێناوی خۆشەویستدا].

**خاڵی دووەم:** کێشمەکێش لە هەردوو دەقەکەدا، لای گۆران کێشمەکێشی لەنێوان داگیرکەر و بەرگریکاردایە، ئەوەتا کاتێ کوڕ دەچێ بۆ باغچەی پاشا بۆ هانینی گوڵی سوور، گوللەی دوژمن دەیپێکێ.

کێشمەکێشی لای ئەمینی میرزا کەریم، کێشمەکێشە لەنێوان ئاغا و پیاوانی ئاغا و جووتیاراندا، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کاتێ کوڕ [ڕۆستەم] دەچێ بۆ باغچەی ئاغا تا گوڵی سوور بێنێ، بە گوللەی پیاوی ئاغا [هۆمەر] دەپێکرێ.

کێشمەکێش لای ئەمین میرزا کەریم، کێشمەکێشە لەنێوان ئاغا و پیاوانی ئاغا و جووتیاراندا، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کاتێ کوڕ [ڕۆستەم] دەچێ بۆ باخچەی ئاغا تا گوڵی سوور بێنێ، بە گوللەی پیاوی ئاغا [هۆمەر] دەپێکرێ، دەبینین [کێشمەکێش] لەنێوان گۆران و ئەمینی میرزا کەریمدا دوو کێشمەکێشی لە یەک جیان.

**خاڵی سێیەم:** ڕێڕەوی دەقەکان

ڕێڕەوی دەقەکان چ لای گۆران چ لای ئەمینی میرزا کەریم یەک ڕێڕەوە، ئەویش بە [چوونی کوڕ- ڕۆستەم بۆ هانینی گوڵی سوور بۆ ڕازی کردنی دڵی دڵدارەکەی]، لێرەوە دێینە سەر شیکردنەوەی ئەو خاڵە لاوازانەی لە هەردوو دەقەکەدا هەیە.

**یەکەم:** گۆران بۆ خۆی لە شیعری گوڵی خوێناویدا کەوتۆتە نێو هەڵەیەکی زەقەوە، ئەوەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە کاتی کوڕە دەیەوێ بچێ بۆ باغچەی پاشا و گوڵی سوور بێنێ و دەڵێ:

**باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە**
**خێڵی دوشمن دەورەی داوە**

کاتێ گوێمان لەم ڕستانە دەبێ، لەوە تێدەگەین کە دوژمن چوار دەوری باغ و ماڵی پاشای داوە و هاتووە بۆ داگیرکردنی، [کوڕ]یش یەکێکە لە ئەندامانی ئەو گەلەی لەژێر سایەی پاشادا دەژی، دواجار بۆمان دەردەکەوێ کە [کوڕ] بە گوللەی دوژمن دەپێکرێ،.

لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدا و خۆی قوت دەکاتەوە و پێمان دەڵێ: باشە کاتێک دوژمن و پاشای وڵات لە شەڕدابن و دوژمن هاتبێ تەختی پاشا و خاک و ئاوی

ولآت داگیـر بکات، ئەی ئەم ئاهەنگ و هەڵپـەڕکێ و شاییە لەپای چی؟

دەکرێ کـاتێک ولآت لە شەڕ مەترسی داگیـرکـردندا بێت، گەل بێ خەم و بێ باک لە شایی و لۆغاندا بێت؟

وەک لەوەوبەر باسمـان کرد، چونکە گـۆران کـتـومت بیرۆکەی بنچینەیی لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی (لاس و خەزاڵ) وەرگرتووە تەنیا هاتووە [چل پلەی عومان]ی بە باغچەی پاشا گۆڕیوە، هەمان کارەساتی مەرگەساتی [لاسی] لە شیـعـرەکـەیدا دووبارە کـردۆتەوە، هەمـان گوللەی دوژمن کە [لاس] دەپێکی [کوڕ]یش لای گۆران دەپێکێ، جیـاوازی نێـوان ئەم دوو دەقـە تەنیـا لە [شـوێنەکـەیاندایە]. لە چیـرۆکی فـۆلکلۆری [لاس و خەزاڵ]دا شوێنی [چل پلەی عومان]ـە لە شیعری گوڵی خوێناویدا شوێن باغـچـەی پاشایە، بۆیە لێرەدا گۆران کـەوتۆتە هەڵەیەکی گـەورەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ڕەچاوی بینادرامیـیەکەی چیرۆکی فۆلکلۆری [لاس و حـەزاڵ]ی نەکـردووە، لەبەر ئەوەی ئەم چیـرۆکـەی وەک پێویست نەخوێندۆتەوە و بینادرامییەکەی لە مێشکی خۆیدا بە تەواوی گەڵاڵە نەکردووە، دەتوانم ئەوەش بڵێم وەک چۆن ئەمـینی مـیـرزا کـەریم لە کـاتی نووسـینی ئۆپەرێتەکەیدا دەقی شیعرەکەی گوڵی خوێناوی گۆرانی نەک نەخـوێندۆتەوە، بگرە لە بەردەسـتـیشی نەبووە، بە هەمان شێوە لەو بڕوایەدام گۆرانیش نەک دەقی چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی [لاس و خەزاڵ]ی نەخوێندۆتەوە، بگرە دەتوانم بڵـێم ئەمـیش بە هەمـان شێـوە لە کـاتی دانانی شیعرەکەیدا لەبەر دەستی نەبووە، بۆیە کەوتۆتە ئەو هەڵە گەورەیەی کە لە شیعرەکەیدا ڕووی داوە.

**دووەم:** هەمـان هەڵەی گـۆران لای ئەمـیش دووبارە بۆتەوە بەوەی ئەمـیش وەک وتمان لەبەر نەخـوێندنەوەی شیعری گوڵی خوێناوی- گۆران لە کاتی نووسینەکەیدا کەوتۆتە هەڵەی زەقەوە، بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونەمان ئەو دوو دێڕە شیعرەی گوڵی خوێناوی گۆرانە تەنیا ئەم دوو دێڕە شیـعـرەمـان لە ئۆپەرێتـەکـەدا بەرچاو دەکـەوێ کـە هەمـووی بە هەڵە نووسراوە، [تکایە بگەڕێڕەوە بۆ دەقە بڵاوکراوەکەی ئۆپەرێتی ئەمینی میرزا کەریم کـە لەگەڵ ئەم نووسینەدا بڵاوکراوەتەوە].

ئەوەتا ئەمـینی میـرزا کـەریم لە ئۆپەرێتـەکـەیدا بەبێ ئەوەی ئاگای لێ بێت، دوو بیرۆکە و دوو کێشـمەکێشی جیا لەیەکی لەگەڵ یەک کۆکردۆتەوە کە هیچیان لەگەڵ ئەوی کـەیاندا ناگـونجێن، بۆیە من لێـرەدا دەڵێم لە یەک چیرۆکدا یەک کەسایەتی کە لای گۆران [کوڕ]ـە و لای ئەمـینی مـیرزا کـەریم [ڕۆسـتـەم]ـە و هەردووکـیـان یەک کـەسایەتین، ناکرێ ئەم کـەسایەتییـە لە لایەک بچێ بۆ باغچەی پاشا بۆ هانینی گوڵی سوور و دوژمن بیپێکێ وەک گۆران نەخشـەی بۆ کێشـاوە، لەلایەکی دیکەوە کە بچێت بۆ باغچەی ئاغا بۆ هانینی گوڵی سوور و پیاوی ئاغـا [هۆمـەر] بیـپـێکێ وەک ئەمـینی مـیـرزا کـەریم نەخشەی بۆ کێشاوە، ئەم دوو نەخشەیە، ئەم دوو بۆچوون و ئەم دوو کردارە- یەک دژی یەکن- ئیـتـر چۆن دەتوانرێ لە دوو توێی قـەوارەی کـاریکدا کـۆ بکرێنەوە؟، کێشـمـەکێش هەروەها وەک لە پێشەوە وتمان لای گۆران لەنێوان داگیرکەر و دوژمندایە و کوڕ- بە گوللەی دوژمن دەپێکرێ، بەڵام لای ئەمینی میرزا کەریم وەک لەمەوبەر وتمان کـێشـمـەکـێشی لەنێوان ئاغا و پیـاوانی ئاغـا و جوتیـاراندایە، کێشـمەکێشی چەوسانەوەی ئاغا بۆ ژێر دەستەکانی [جووتیار] [ڕۆستەم] بە دەستی پیاوی ئاغا [هۆمـەر] دەپێکرێ، من لێـرەدا تەنیـا پرسـیـارێ دەکـەم، ئەمـینی مـیـرزا کـەریم بە چ پێـوەرێ هاتووە ئەم دوو کێشمەکێشە لە یەک جیایەی لە قەوارەی نووسینەکەیدا کـۆکـردوونەتەوە؟ ئەم هەڵانە بە زەقی لە نووسـینەکـەی ئەمـینی مـیـرزا کـەریمدا دیارن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دەڵێم ئەگـەر بهـاتایە ئەمـینی مـیـرزا کـەریم دەقـە شـیـعـرییـەکـانی گـوڵی خوێناوی گۆرانی بە تەواوی لە ئۆپەرێتەکەیدا بنووسیایە و لەگەڵیدا و لە شوێنی خۆیدا بۆ گـونجـانی لەگـەڵ دەقـەکـەی خـۆیدا دەسـتکاریـیـەکی هونەری چەند ڕسـتـەیەکی ناو شـیـعـرەکـەی بکردایە [باغـچـەی پاشـا و دوژمنی]یە [ئاغـا و پیـاوی ئاغـا- هۆمـەر] بگۆڕیایە، ئەوکـات کـارەکـە دەقـاودەق پوختـە دەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیگۆڕیوە، یان ئامـاژەی بۆ گۆڕینی نەکردووە، ئەو هەڵانەی دروست بوون کە باسمان کرد.

لەگـەڵ ئەمـانەشـەوە بەلای منەوە- ئۆپەرێتی گـوڵی خوێناوی ئەمـینی مـیـرزا کـەریم وەک دەقـێکی مـێـژووی ئەدەبی بۆ کەسێکی وەک ئەوی شانۆنووس، بەها و پلەی خۆی هەیە.

پەراوێزەکان:

١- ئەگەر ئێمە بە وردی چاوێک بە دیوانی گۆراندا بگێڕین دەبینین: شیعری- گوڵی خوێناوی، ئاهەنگێک لەناوڕان، ئەنجامی یاران، لەم شیعرانەدا چەند ئەکتەرێک و کۆرسێک بەشدارن، لە هەمووشیاندا [گوڵی سوور] بە مانای خۆی هاتووە.

بەڵام گۆران- بێ لە ناوی [شیعر] شتێکی کەی نەداونەتێ.

ئەنجامی ئەژدەهاک]ی لە خانەی [ئۆپێرا] داناوە

بەڵام ئەم شیعرانە هەرچەندە کورتیشن، بەڵام بە [شیعری شانۆیی] داناون و لە سەرەتادا دەڵێ پەردە هەڵکشاو لە کۆتاییدا دەڵێ پەردە داکشاو سەرەتا باسی شانۆ و پێداویستییەکانی دەکات،

شیعرەکانیش، دوشمنمان مێشوولە، شیوەنی دارستان، ماستاو، وڵاتی ئاوا، جۆقی یۆنسکۆ، موحاکەمەی مام چەوەندەر، نق و جق، خۆزگەی هەژار، لەم بارەیەوە تۆژینەوەیەکم نووسیوە بەناوونیشانی [شیعری شانۆیی کوردی].

٢- وشەی [ئۆپەرێت]، چ لای گۆران، چ لای ئەمین میرزا کەریم بە دوو وشەی جیا نووسراون.

لای گۆران [ئۆپێرا]یە

لای ئەمینی میرزا کەریم [ئۆپەرێت]ە، بۆیە من وەک چۆن خۆیان نووسیویانە هەروا دەینووسمەوە.

٣- گۆران- لە شیعری گوڵی خوێناوییەکەیدا - پاشکۆی عیراق- هەینی ١٩٩٢/١/١٧ ئیسماعیل ڕۆژبەیانی.

٤- سەرجەم بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، دیوانی گۆران، محەمەد مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، ١٩٨٠.

٥- ئۆپەرێتی- گوڵی خوێناوی- شیعری گۆران- حیوار و ئامادەکردنی بە نووسین- ئەمینی میرزا کەریم،

شانۆیەک لە تابلۆیەکدا، دەستنووس بەدەستوخەتی ئەمینی میرزا کەریم، قەوارەکەی ١٧×٢١سم، لەسەر کاغەزێکی بێ خەتی زەردباو نووسراوە، ژمارەی لاپەڕەکانی (٩) لاپەڕەیە، لەسەریەک دیوی نووسراوە.

[بە داخەوە مێژووی ڕۆژ و ساڵی نووسینی بەسەرەوە نییە]، بەڵام بەپێی زانیاری خۆم لە ساڵەکانی ١٩٧٠دا نووسراوە.

٦- تا ئێرە ئەم ئۆپەرێتەی ئەمینی میرزا کەریم چیرۆکێکی شانۆیی سەربەخۆیە، بەهیچ شێوەیەک پێوەندی بە شیعری گوڵی خوێناوی- گۆران-ەوە نییە و باسیشی نەکردووە.

٧- لێرەدا ئەمینی میرزا کەریم دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە ئەوەی تەقەی لە (ڕۆستەم) کرد [هۆمەر]ی پیاوی ئاغا بوو.

٨- ڕاستی دەقە شیعرەکە بەم شێوەیەیە. بڕوانە: شاییە، چۆپییە، لەوماڵە، گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە!.

٩- ڕاستی دەقە شیعرەکە بەم شێوەیەیە.

گوڵ نەبێ بۆ سەرم: ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ،
نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!.

١٠- تکایە بگەڕێوە بۆ دەقە شیعرییەکەی گوڵی خوێناوی گۆران.

١١- ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی لای ئەمین میرزا کەریم لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە نووسەر دەنووسێ.

[مۆسیقای گوڵی خوێناوی دەست پێ دەکا].

# عومەری خەییام
# (شاعیری زانایان و زانای شاعیران)

**جەلال زەنگابادی**
**لە عەرەبییەوە: حەمە کەریم عارف**
**(سلێمانی)**
**(١ - ٢)**

"عەجایەب!
من چ خزمەتێکی سوڵتان دەکەم؟!
دەبێ ئاسمانان هەزار ساڵ بە ژانەوە بن و ستێران لە خولگەکاندا لە هەڵکشان و داکشاندا بن، تا لەم ئاشەدا دەنکە دانەوێڵەیەکی میناک عومەری خەییام دەرچێت و لە شارانی حەوت نهۆمی ئاسمان و گوندانی حەوت دۆڵانی زەمیندا سەرقافڵەیەکی کاروانی حیکمەتی وەک من پەیدا ببێ! بەڵام ئەگەر خەواجە سەرات دەوێ، ئەوە دەتوانم لە هەر گوندێکی دەڤەری کاشاندا دە دانەت لەو خەواجانە بۆ بێنم!"

خەییام بەو جۆرە بەرسڤی خەواجە کاشانی (دیواندار و گەورەی دەستوپێوەند و خولامانی دەربار)ی دایەوە، چونکە خەواجە ئەوەی بەزۆر دەزانی بۆ خەییام، کە مەلیکشای سەلجوقی مووچەیەکی تایبەتی بۆ بڕیبۆوە، جا نەک هەر مووچەکەی بەزۆر دەزانی، بگرە بەم پرسیارەش تووڕەی کرد:

– "تۆ چ خزمەتێکی سوڵتانی جیهان دەکەی، تا ساڵانە دە هەزار دینارت بداتێ؟!"

هەر کە سوڵتان ئەم حیکایەتەی بیست، گوتی:

– "ئوباڵ وەئەستۆم خەییام ڕاستی گوتووە"

بێ گومان ئەمە حاڵی فلیڤانانە لەنێو هاوڕەگەزانی خۆیدا، بەڵام شکۆ و جاویدانی بۆ گرگنانی فووتێکراو و زەبەللاحکراوان نییە، بەڵکو بۆ بلیمەتانی ڕاستەقینەیە میناک: مەعەڕی، خەییام و دانتی...تاد

دیارە هیچ شاعیرێکی ڕۆژهەڵاتی، نەمازە چوارینە بێژە ئێرانییە نێودارەکانیش مینا: ئەبوو سەعید ئەبوو لخەیر (٩٦٧-١٠٤٩ز)، بابا تاهیری هەمەدانی (١٠٠٠-١٠٧٥)، شێخ عەبدوڵڵا ئەنساری (١٠٠٥-١٠٨٨)، میهستی گەنجەوی (١٠٩٦-١١٨١)، بابا ئەفزەڵی کاشانی (١١٨٥-١٢٥٦)، جەمالەددین سەلمان ساوجی (١٣٠٠-١٣٧٦)، بگرە بە هەر هەموویانەوە، لەماوەی ئەم سەد و پەنجا ساڵەی دواییەدا بەقەد خەییام (١٠٢١-١١٢٣) نەبوونەتە جێگەی بایەخی پاچڤەوانان و باسکاران لە سەرانسەری جیهاندا، تەنانەت کار گەییە ڕادەیەک خەریکبوو کەڵە نووسەر و شاعیرانی ناوازەی ئەوروپا وەک: دانتی (١٢٦٥-١٣٢١)، سێرڤانتیس (١٥٤٧-١٦١٦)، شەکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦)، گوێتە (١٧٤٩-١٨٣٢) و پێشبینی بەنێوبانگ (پزیشک و شاعیر) نوستەر ئادامۆس(١٥٠٣-١٥٦٦) بخاتە بەر سێبەر.

ئاری... پاش کەشفکردنەوەی خەییام وەک شاعیر لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمدا، پاشان بەتایبەتی لەنیوەی

دووەمی ئەو سەدەیە، بە فەزڵی وەرگێڕانەکەی فیتزجیراڵد، چوارینەکانی خەییام بۆ دەیان زمانی زیندووی جیهان، کە ژمارەیان خۆی لە پەنجا زمانی ئەوروپایی دەدا هاتنە وەرگێڕان، جگە لە زمانێن ڕۆژهەڵاتی، تا زمانی ئیسپرانتۆش! تەنانەت بە خەتی (برێل)ی تایبەت بە نابینایانیش پەخش کران، سەرباری بەوەش لە هەر زمانێکدا چەند جارێک پاچڤەکراوە، بە ڕادەیەک کە تیراژی چاپی چوارینەکانی خەییام جگە لە ئینجیل ئیدی تیراژی هەموو کتێبە بەناوبانگەکانی جیهانی بەزاندووە! هەڵبەتە کارەکەی فیتزجیراڵد (وەرگێڕانی ئازادی چوارینەکانی خەییام) دەنگدانەوەیەکی جەماوەریی میللی بێ وێنەی پەیداکرد و چووە قووڵایی ویژدانی هەڵگرانی کولتووری ئەنگلۆساکسۆنییەوە، بگرە هەندێکیان وەکو پەندو قسەی نەستەق کەوتنە سەر زاران. لەم بارەشەوە لە پێشەکی چاپی (پنگوین)ی چوارینەکانی خەییامدا وا هاتووە: ".. وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام لەلایەن فیتزجیراڵدەوە، بەناوبانگترین وەرگێڕانی ئەدەبییە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، تەنانەت بەناوبانگترین و جەماوەرترین وەرگێڕانی وەک وەرگێڕانەکەی (هۆمیرۆس)ی (شابمان)ـە یا وەرگێڕانەکەی (ئۆڤید)ی (فۆڵدینگ) نەگەیشتۆتە هاوتای.

هەڵبەتە وەرگێڕانەکەی فیتزجیراڵد ئاوێتەی تانوپۆی زمانی ئینگلیزی بووە و بۆتە بەشێکی جیاوە نەبووی ئەو دەستەواژە و ئیدیۆم وقسە نەستەقە ئینگلیزییە باوانەی کە پەندئاسا بەسەر زارەوەن و دەگوترێنەوە، بە ڕادەیەک چاپی ساڵی **١٩٥٣**ی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد لەکۆی ئەو (١٨٨ پەند و ئیدیۆمە)ی کە لە خۆی گرتووە (٥٩ چوارینەی تەواوی خەییامی) تێدایە، واتە ڕێژەی چوارینەکان دەبنە سێیەکی پەندەکانی ئەم تۆمارە. دیارە ئەم ڕێژەیە لە ڕێژەی ئەو گوتە و پەندانە زیاترن کە لە کتێبی پیرۆز و شەکسپیر وەرگیراون"! لە هەمان پێشەکیدا هاتووە کە شاعیری مەزن جۆن کیتس گوتوویەتی، ئەگەر بەکەشتی سەفەربکات پێی خۆشترە (وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام)دەگەڵ خۆیدا بەرێت تا وەرگێڕانی (هۆمیرۆس)ـەکەی شابمان! هەروەها دەڵێن سەربازانی ئینگلیز لەساڵانی هەردوو جەنگی جیهانیدا چوارینەکانی خەییامیان دەگەڵ خۆدا دەبرد.



**خەییام**

هەروەها زۆرجار ئەپراهام لینکۆڵن (١٨٠٩-١٨٦٥) سەرۆکی ئەمریکا بەر لەنووستن چوارینەکانی خەییامی دەخوێندەوە، فلادیمێر پۆتینی سەرۆکی ڕووسیاش لەم خووەدا لە لینکۆڵن دەچێت.

مارتن لۆتەر کینگ (١٩٢٩-١٩٦٨) پێشەوای زنگییانی ئەمریکاش لەگوتارێکیدا قسەی خەییامی (وەرگێڕانی فیتزجیراڵد) بە نموونە هێناوەتەوە:

**"خەییام ڕاستی گوتووە:**
**- دەستی قەدەری ڕۆیشتوو دەنووسێت و**
**هەر دەڕوا و ناگەڕێتەوە نیوە دیرێک ڕەش بکاتەوە"**

ئەمەش پاشماوەی چوارینەکەیە:

**"بگرە هەرچەندیش خواپەرست و ژیر بیت**
**هەموو فرمێسکت وشەیەک ناکوژێنێتەوە"**

دەقە فارسییەکەشی بەم نیو بەیتە دەست پێدەکا:

**"از رفته قلم هیچ دگرگون نشود"**

واتە:

**"لە نڤیسینی خامەدا هیچ ناگۆڕێ"**

جا بەم جۆرە خەییام لەچاو گەورە شاعیرانی ڕۆژهەڵاتدا، شۆرەت و ناوبانگی جیهانگیری سەیری پەیداکرد، ئەگەرچی ئەحمەد حامید سەڕاف پێی وایە کە خەییام "لە ئەبوو عەلا و موتەنەببی و ئیبن ڕوومی و ئەبوو نواس و حافز و سەعدی و خاقانی و نیزامی بلیمەتتر نەبووە، بەڵام خەییام لەوانە بەختەوەرتر بووە، کە خەڵکانێک پەیدابوون قەدری ئەدەبەکەیان زانی و پێیاندا هەڵگوتووە، دنیاش تاڵ و نسیبە"

هەق وابوو مامۆستا سەڕاف ناوانی فیردەوسی و ناسر خۆسرەو و مەولانا جەلالەددینیشی بهێنابایە، دەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونەکەی دروست نییە، چونکە بەخت و تاڵح هۆی سەرەکی شۆرەتی جیهانگیری خەییام نەبووە، هەرچەندە بەخت تارادەیەک پێویستە، بەڵام هۆیەکی لاوەکییە، چونکە خەییام بەتێکڕا کارەکانی نەک هەر ناودارێکی ئێرانی - ئیسلامی - ڕۆژهەڵاتی مەزنە، بەڵکو لە ڕیزی گەورەترین ئەو ئەدیبە ناوبراوەن. جا ئەگەر بەکۆی هەموو بەرهەمەکانی هەڵسەنگێنرێت و لە بواری شیعریشدا، ئەگەرچی قەوارەی دیوانەکەی بچووکە، ئەگەر بەهای حزووری شیعریی لە زۆربەیان بەرزتر نەبێت، ئەوە لە هەندێکیان کەمتر نییە، میناک خودانێن هەندێ دیوانی بچووک لە ئەدەبیاتی جیهاندا: لاوتسی (سەدەی پێنجەم، یان شەشەمی پ.ز) لە شیعر و هزری چینیدا، خۆرخێ مانریکی (١٤٤٠-١٤٧٩) لە شیعری ئیسپانیدا و ڕامبۆ (١٨٥٤-١٨٩١) لە شیعری فەرەنسیدا.

ئەمەیان لە ڕووی پایەی ئەدەبییەوە، کەچی سەبارەت بە پایەی هزری، فاکتەرێکی سەرەکیتر و جەوهەری هەیە، کە لە هەموو ئاستەکاندا بەندیوارە بە ژینگەی ئەورووپییەوە، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا، ئەویش ئەو ژینگەیە بوو کە ناڤەرۆکی چوارینەکانی خەییامی پەسەندکرد و لە هەمێزی گرتن و هەڵیمژین ئەمما هەڵمژین !

لەو سەدەیەدا ئەورووپا هەڵکشانێکی شۆڕشگێڕانەی مۆدێرینستی بەخۆوە دەبینی، کە لەدوای پاشەکشەی سیاسی قەڕاڵستانەکانیدا و لە هەڵکشانی کەڵکەڵەی عیلمانییەت و قانگڵەبوون و داکشانی دەسەڵاتی ئایینیدا بەرجەستە دەبوو... ئەوە بوو باهۆزی شۆڕشێن: سیاسی، ئەدەبی، هونەری، زانستی، ئابووری و هزری هەڵیکرد، گەشترین نموونەشمان بڵاوبوونەوەی تێز و هزرەکانی: مارکس و داروین، فرۆید و پێشەنگانی فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزمە.

سا نهێنی فەزڵی خەییام، سەبارەت بە ڕەواجدانی زمانی فارسی لە ئاستی جیهاندا، ڕەنگە لە فەزڵی ئەو شاعیرە ئێرانییە نێوبراوانە زیاتر بێت و لەمەدایە کە چوارینەکانی هەم سووک و خۆشدەستن بۆ وەرگێڕان و هەم پڕ بەهان لە ڕووی ناڤەرۆکەوە. هەڵبەتە ئەو پاچڤانەی کە دەقە فارسییەکەیانی لەگەڵدایە، بوونە مایەی ئەوەی سەرنجی ڕۆڵەکانی میللەتانی دی بۆ زمانی فارسی ڕاکێشن و بکەونە منەی ئەدەبیاتی ئێرانی و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بەو ئیحتوبارەی کە گەورەترین دەروازەیە بۆ ژیاری ئێرانی، جا ئەمەش بووە هۆی ئاشنایەتی و هاوسۆزی و دۆستایەتی دەگەڵ ئێرانییەکاندا و لە دەرەنجامدا دەکاتە بەرزکردنەوەی ناوی نیشتمانەکەی خەییام، واتە ناوی ئێران. ئەگەر وا نییە ئەدی بۆچی (بۆ نموونە) زانستگەی فلۆرەنسا لە ئیتاڵیادا پەیکەرێکی قوتی بۆ کراوە؟ یەکێکی تریش لە بوخارێستی پێتەختی ڕۆمانیا؟ بۆچیش سالانە خەڵکانێکی بیانی زۆر (بەتایبەتی ڕۆشنبیران) لە نیشاپوور سەردانی گڵکۆی دەکەن... تاد؟!

بەڕاستی و دڵنیاییەوە ئێژم خەییام بەدیوانە چکۆلەکەی (لە گەورەترین کۆشیعری هەڵبژاردەیدا هەر هەزار بەیتێکە) ڕۆشنبیران و ڕۆشنبیریی هەموو نەتەوە و گەلەکانی جیهانی لێکدی نزیک کردۆتەوە، لەم ڕووەوە تەنانەت کتێبە پیرۆزەکانیشی بەزاندووە!مەگەر لەم مەیدانەشدا چوار- پێنج ئەدیبێکی جیهانی دیکە هاوتای بن مینا: دانتی و شەکسپیر و سێرڤانتس...تاد

هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین غەیاسەددین ئەبولفەتح عومەر کوڕی ئیبراهیمی خەییامی نیشاپووری (زانای شاعیران و شاعیری زانایان) بە بەڕاستی و ڕاستەقانی، چونکە: زانا، فەیلەسووف، گەردووناس، پزیشک، نووسەر و شاعیر بوو.

* * *

هەندێک بەهۆی نازناوەکەی کە (خەییام) ـە، ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە ڕەنگە (عومەر ئیبراهیم) بەڕەسەن و نەژاد عەرەب بووبێت، دیارە ئەمە بەڵگەیەکی یەکجار سست و لاوازە، چونکە ئەم نازناوە هێمایەک

نییە بۆ تیرە، یان تایفەیەکی عەرەبی، یان بۆ گوندێک، یان شارۆچکەیەک، یان شارێکی عەرەبی، بەڵکو هێمایە بۆ ئەوەی کە لەوەیە باوکی عومەر، یان باپیرەی خێوەت سازێکی بەنێوبانگ بووبێت و ئیدی ئەم نازناوە بەسەر عومەردا براوەتەوە. لەوەشە هەر بەخۆی حەزی لێکردبێت وەکو شانازییەک بەئەسڵوفەسڵی زەحمەتکێشی خۆیەوە و هەڵیبژاردبێت، هەروەها تاقە ئاماژەیەک بۆ کوردبوونی نەژادی خەییام ڕایگرتم، ئەویش ئەم گوتەیەی شاعیر و وەرگێڕ مەلا خەلیل مشەختییە (١٨٩٧-٢٠٠٧): "خەییام کوردێکی نیشاپوورییە، لە کوردەکانی خۆراسانە" لە پێشەکی پاچڤەی چوارینەکانی خەییامدا بۆ سەر زاراڤەی ئەدەبی (کرمانجی سەروو)، بۆیە کەوتمە جوستوجۆ و چوونە بنجوبنەوانی ئەم ئاماژەیە میناک ئەگەرێک، چونکە کورد لەپێش سەردەمی میدیاوە لەخۆراسان و دەوروبەریدا هەبوونە و لە هەردووک سەردەمێن ئەمەوی و عەبباسیدا، تەنانەت لە سەردەمی تازەشدا، لە مەیدانە ڕۆشنبیریی و سیاسییەکاندا زۆر کەڵەمێرد و نێوداری کورد ڕەچەڵەک لەو دەڤەرەدا هەڵکەوتوونە مینا: شاعیر بەسسام کوردی خارجی (م: ٨٧٨ ز)، شاعیر ئەبوو حەسەن لۆکری (لە کۆتاییەکانی سەدەی دەیەمدا مردووە)، ئەبوو موسلم خۆراسانی (بهزادان ڤنداد هرمز)، بەرمەکییەکان، ئەبومحەمەد عەبدوڵڵا زۆزانی (م: ١٠٣٩ز) و پاشایانی کورت...خۆ ئەگەر ئاماژەیەک بۆ عومەری خەییام بە نێو (عومەر ئەبهەری) کراوە دروست بێت، ئەوە دەشێت بگوترێ خەییام بەڕەسەن کوردە، چونکە ئەبهەرییەکان کوردن، ئەمە و جگە لەوەی کە خەییام سوننی مەزهەبە و نێوی (عومەر)ە، بەڵام نە باسکاری گەورە عەبدولڕەحیم سەجادی لە ئینسیکلۆپیدیاکەی خۆیدا (شاعیرانی کوردی فارسی زمان/ بە فارسی)، نە دکتۆر صدیق بۆرەکەی لە فەرهەنگەکەیدا (فەرهەنگی ناودارانی کورد / بە فارسی) و نە بابا مەردۆخی ڕوحانی لە (مێژووی ناودارانی کورددا، کە سێ بەرگە/ بە فارسی) ناوی عومەری خەییامیان تۆمار نەکردووە، کەواتە تا ئێستا هیچ بەڵگە و قەواڵە و سەنەدێک نییە بۆ دروستی ئاماژە تاقانەکەی خوالێخۆشبوو مەلا مشەختی. هەر بۆ ئاگاداریش دەڵێم زۆربەی ئێرانییەکان فارس نین، چونکە فارسەکان هەر لە دێر زەمانەوە تا ئێستا لە ڕووی ژمارەوە نزیکەی سێیەکی ئێرانییەکان پێکدێنن.

میناک چۆن ڕاوبۆچوونی جیاواز و هەڤدژ سەبارەت بە ڕەچەڵەکی نەتەوەی خەییام هەیە، هەمان جیاوازی و هەڤدژی دەربارەی ساڵانی لە دایکبوون و مردنی خەییام هەیە، بگرە زاگەکەشی، کە گوتراوە لە گوندی شمشاد لە بەلخ، یان گوندی بسنکی سەر بە ئەسترئاباد لەدایک بووە، بەڵام وێڕای ئەوەش ڕای زۆرینە بەلای ئەوەدا دەکشێت کە لەدایکبوون و مردنەکەی لە شاری نیشاپوور بووە، ئەو شارەی کە لە سەردەمە بەراییەکانی ئیسلامیدا یەکێک لە مەڵبەندە کولتوورییە گەورەکان بووە، بە ڕادەیەک دەڵێن پتر لە چوار هەزار ئەدیب و زانا و حەکیمی تێدا هەڵکەوتووە و چالاکی خۆیان تێدا کردووە، کەچی هەندێک لە شاعیران زەمیان کردووە، لەوانە: ئەبوحەسەنی ئەسترئابادی و مەعنی شەیبانی.

* * *

خەییام لە نیشاپوور لای ئیمام موەففەقی نیشاپووری (؟!) و ئیمامی حەرەمەینی جوەینی (م: ١٠٨٥ز)و ئەبوحەسەنی ئەنباری (؟!) خوێندوویەتی و زۆری لە زانستەکانی خۆی هەڵێنجاوە. پاشڕا بۆ تەواوکردنی خوێندنی (جەبر) ڕووی کردۆتە (سەمەرقەند) و هەر لەوێش لە گەردوونناسی و ئەستێرەناسی و بیرکاریدا ناوی دەرکردووە و ئەستێرەی بەرزبۆتەوە بەو ڕادەیە کە "خاقان شەمسولملووک لە بوخارا زۆری ڕێز دەگرت و لەسەر تەخت دەگەڵ خۆیدا دایدەنا" بەپێی (نوزهەتو لئەرواح و ڕەوزەتو لئەفراح)ی شارەزووری. دوای ئەوە جەلالەددین مەلیکشا (م: ١٠٩٢) لە ساڵی (١٠٧٤)دا ناردوویەتی بەشوێنیا و لەگەڵ چەند زانایەکی تردا، لە ساڵی (١٠٧٩) دا تەکلیفی کردووە، کە چاکسازی ساڵنامەی ئێرانی بکات و ڕوانگەیەکی گەردوونناسی لەئیسفەهاندا دابمەزرێنێت. بەگوتەی شارەزووری، مەلیکشا "حەساوی هاودەم و هاونشینانی خۆی بۆ دەکرد"

هەروەها ناوی خەییام لە چەند سەرچاوەیەکی سەنگین و پڕ ئیحتوباری دیکەدا بەڕێز و شکۆوە هاتووە، لەوانە: (خەریدەتو لقەصر)، (مرصادو لعیباد)، (تاریخ جهانگشای)، (تاریخ گزیدە)، (نزهەتو لمەجالس) و (مونسو لئەحرار) و لە چەند شوێنیکی تردا کۆمەڵێک لە کەڵە پیاوانی ئەو سەردەمە گەواهی باوەڕپێکراو دەدەن

لەسەر پایەبەرزی و شکۆداری خەییام لە بوارێن زانست و ئەدەبیاتی سەردەمی خۆیدا. ئەبوقاسمی زەمەخشەری (م: ١١٤) ئاماژەی بۆ موناقەشەکانی دەگەڵیا کردووە و بەیهەقی (١١٠٦- ١١٧٠ز) لە پەسەندیدا گوتوویەتی گەورەترین و باشترین قورئان خوێنی زەمانی خۆی بووە و دەشگێڕنەوە کە ئەبوحامیدی غەزالی وانەی فەلسەفی لێوەرگرتووە و لە زانستی ئاخاوتندا موناقەشە و گێنگەشەی دەگەڵدا کردووە.

خەییام بەڕێز و حورمەتێکی کەم وێنەوە ناو دەبرا: (ئیمام)، (حوجەجەتو لحەق وەلیەقین)، (غەیاسەددین)، (نەصیرووددین)، (شای حەکیمان)، (فەیلەسووفی جیهان)، (پیری شکۆمەند)، (مەزنی تەحقیقکاران)، (ئەدیبی ئاوەزمەندی سامدار)، (گەردوونناسی گەورە) و (دەستوور = پلەیەکی هاوتای وەزیر بووە) و هەردووک شاعیری مەزن خاقانی (١١٢٠-١١٩٩) و عەتتاری نیشاپووری (م: ١٢٣٠ز) بەڕێز و شکۆوە ناویان بردووە.خاقانی لە لاوانەیەکیدا بۆ مامی (کافی الدین عمر عوسمان) ناوی هێناوە، کە خەسڵەت و سیفەتە چاکەکانی ژماردووە، بەتایبەتی حیکمەت و دادپەروەرییەکەی:

**"ز ان عقل بدو گفته که ای عمر عوسمان**
**هم عمر خیامی و هم عمر ختاب"**
**"..بۆیە ئاوەز پێی وتووە ئەی عومەر عوسمان**
**تۆ هەم عومەر خەییامی و هەم عومەر خەتتاب"**

جا بە حوکمی پایەی بەرزی و شکۆمەندی خەییام، شاعیری سۆفی بەنێوبانگ سەنائی غەزنەوی (م: ؟ ١١٣٠ یان ١١٥٠ز) لە نامەیەکدا پەنای بۆ بردووە و داوای لێکردووە کە لەو کێشەیەی دەربازی بکات، کە بەهۆی شاگردێکییەوە تووشی هاتبوو، کە خولامێک بڕێک پارەی لە سەڕافێک دزیبوو، بە زەبری لێدان دانی بە دزییەکەیدا نابوو، بەڵام بۆ خۆپەڕاندنەوە گوتبووی گوایە بڕە پارەکەی داوەتە شاگردەکەی سەنائی و شاگردەکەی سەنائیش بۆ خۆ دەربازکردن وتبووی کە پارەکەی داوەتە سەنائی مامۆستای! بۆیە سەنائی ڕەوشی بەو ئۆیینە گڵاوە زۆر تێک چووبوو، بەڵام دەرەنجامی ئەم حیکایەتە نازانرێت.

* * *

ئەوەی شایەنی باسە دەربارەی مێردمنداڵێتی خەییام، ئەوەیە کە وەزیری ناوداری سەلجووقیان نیزامولمولک حەسەنی تووسی (١٠١٨- ١٠٩٢) و حەسەنی سەباح (١٠٣٧-١١٢٤) پێشەوای فیرقەی ئیسماعیلیی باتینی و حاکمی قەڵاتی ئەلەمووت (هێلانەی داڵاش) لە منداڵێتی و خوێندنیدا لای ئیمام موەففەقی نیشاپووری لە قوتابخانەی خوراسانی ئەوسا، هاوڕێ و هەڤاڵی بوونە، کەچی هەندێک لە باسکاران حیکایەتی هەڤخوێندن و برادەرایەتییان لەو سەردەمە و ئاکام و ئەنجامی دواتری چارەنووسی هەریەکەیان بەحیکایەتێکی لاواز و نادروست لە ڕووی مێژووییەوە دەزانن، بێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ ئەو سەرچاوە مێژووییە باوەڕپێکراوانەی پێشەوە بکات، هەموو بیانوویەکیان تەنیا لەمەیە کە نیزامولمولک لە نەسلێکی پێش نەسلی خەییام و حەسەن سەباح بووە، بگرە وەسیەتنامەکەی نیزامولمولک کە ئەم زانیاریانەی تێدا هاتووە و لە کتێبی (ڕەوزەتولصەفا)ی محەمەدی کوڕی مەحموودی بەلخی میری خواند (م:١٤٩٧) تۆمارکراوە، بەساختە و دەسکرد دەژمێرن. لە کاتێکدا هەندێ باسکاری دی ئەم حیکایەتە بەدروست دەزانن، بە مەرجێک ئەگەر عومەر خەییام و حەسەن سەباح نزیکەی سەد ساڵ زیاتر ژیابن، کەچی ئەوەش مەحاڵ نییە، چونکە زۆر ئەدیب و زانا و هزرڤانی تەمەن درێژ لە سەردەمە کۆنەکاندا ژیاون.

بەنۆڕینی بەندە ڕاوبۆچوونی ئەمانەی دوایی دروستترە، چونکە سەرچاوە و بەڵگەی زۆری لەسەرە، وێڕای مێژووی لەدایکبوونی خەییام و سەباح، هەندێک لەمێژوونووسان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە خەییام لەسەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا (چارەکی یەکەمی سەدەی یازدەی زایینی) لەدایک بووە، هەروەها (یان ڕیبکا) ڕۆژهەڵاتناسی چیکی و باسکارانی دیکەش ئەوەیان تۆمارکردووە کە خەییام لە دەوروبەری ساڵانی (١٠٢١ز) لەدایک بووە کە بەلامەوە لە ڕاستییەوە نزیکترە، چونکە خەییام بەخۆی بەڕاشکاوی گوتوویەتی لە قوتابیانی ئیبن سینا(٩٨٠-١٠٣٧)بووە و ناوەڕۆکی هەندێک لە نامە فەلسەفییەکانی ئەوە دەسەلمێنێت، جگە لە ئاماژەی زۆربەی مێژوونووسان بۆ ئەم زانیارییە و نامە گۆڕینەوە و شیعر گۆڕینەوە لەنێوان خەییام و شێخ ئەبو سەعید ئەبولخەیر (٩٦٧-١٠٤٩) و مێژووی لەدایکبوون و مردنی گەلێک لە هاونەسلان و

هاوچەرخانی خەییام و پێوەندی هەندێکیان لەگەڵیدا، ئەگینا چۆن سەرۆکایەتی لیژنەی هەموارکردنی تەقویمی جەلالی و ڕوانگەی ئیسفەهان لەنێو کەڵە زانایانی ئەو سەردەمەدا بەخەییام دەسپێردرا؟! ئایا دەبێ هەموو ئەو گەواهی و بەڵگانەی کە لە زۆربەی کۆنترین و ڕەسەنترین سەرچاوەکاندا هاتووە و ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن، بەدرۆ بخەینەوە و بەساختە و دەستکردیان لەقەڵەم بدەین، هەر بۆ ئەوەی ئەو ئەگەرە ڕەت بکرێتەوە کە خەییام نزیکەی سەد ساڵ ژیابێت، لەکاتێکدا هەندێک لەمێژوونووسان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە لەگینە خەییام (١٢٠ساڵ) ژیابێت؟! دیارە ئەمە دوور نییە، چونکە خەییام زانا و پزیشک بووە و زانیویەتی چۆن مدارای تەندروستی خۆی بکات و جەستەی خۆی لە بەدکاری کوشندەدا بەفیڕۆ نەدات. ئاری خەییام هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە قەدری تەمەن بزانرێت، چونکە هەرچەندیش درێژبێت هەر کورت و سنووردارە، جگە لە گەواهی هەموو هاوساڵ و هاوچەرخەکانییەوە، بە ناحەزەکانیشەوە، لەسەر ڕەوشت پاکی و ڕەفتارجوانی خەییام.

بەندە بۆ دەست نیشانکردنی ساڵی لەدایکبوونی خەییام دەوروبەری (١٠٢١ز)م پێ ڕاستترە و پێم وایە قوتابی ئیبن سینا بووە و پێوەندی دەگەڵ پیری سۆفی ئەبو لخەیر و شاعیر ناسر خوسرەودا (١٠٠٣- ١٠٨٨ز) هەبووە و بەخۆی مامۆستای عەینو لقوزاتی هەمەدانی (١٠٩٦- ١١٣٠) و چەند ناودارانی دیکەش بووە، دەنا مەحاڵە گەنجێک لە تەمەنی بیست ساڵیدا بێت، یان کەمێک لە سەرووی سی ساڵ بێت بتوانێ ئەو نامە زانستی و فەلسەفییە نایابانە بنووسێت و سەرۆکایەتی کۆمەڵێک زانایانی گەورە لە پرۆسەی هەموارکردنی تەقویمی ئێرانی بکات؟! بەڵگەشم ئەمەیە کە ئەو جۆرە نووسین و چالاکییانە بەبێ ڕۆشنبیریی و ئەزموونێکی سی- چل ساڵی نایەتە بەرهەم، چونکە ئەمە وەکو هۆنینەوەی شیعر نییە، کە زیاتر پشت بە بەهرە و سۆز دەبەستێت و دەشێت هەندێ لە بلیمەتەکان لەتەمەنی مێردمنداڵیدا شیعری زۆر جوان دانێن، چ جای تەمەنی دوای گەنجیش، بەڵام تەنانەت شیعرەکانی خەییامیش ناوەرۆکێکی فەلسەفی قووڵی ئەوتۆیان لەخۆ گرتووە کە زادە و هەڵقووڵاوی ئەزموونی دەوڵەمەندی ژیان و ڕۆشنبیرییەکی قووڵ و فراوانی ئەوتۆن، کە لەلای گەنجێک نییە. ئەمە و خەییام بەدڵنیایی برادەری قازی ناودار ئیمام ئەبو نەسر محەمەد کوڕی عەبدلڕەحیمی نسەوی بووە (کە قوتابی ئیبن سینا بووە) و زۆر بە ڕێزەوە دەگەڵ خەییامدا بە چەند بەیتی شیعر دواوە و تکای لێ کردووە وەڵامی چەند پرسیارێکی بداوەتە، جا خەییام وەڵامی بە (رسالة في الكون والتكليف) لە ساڵی (٤٧٣ ک- ١٠٨٠ز) داوەتەوە و تێیدا بەڕاشکاوی وتوویەتی "ئیبن سینای مامۆستام" هەڵبەتە ئیبن سینا لە ساڵی (١٠٣٧)دا کۆچی دوایی کردووە، سا لەگینە مێژووی لەدایکبوونی قوتابییەکەی (واتە عومەر خەییام) لە دەوروبەری ساڵی (١٠٢١ز) دا بێت.

لێرەشدا دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و قووڵ دەتوانین بڵێین مێژووی مردنی عومەر خەییام لە دەوروبەری (٥١٧ ک = ١١٢٣ز) یە و هەر لێرەشدا پێویستە ئێستێک لەسەر هەڤدژی ئەو بۆچوونانە بکرێت کە لەمەڕ مێژووی ژیانی زۆربەی ئەدیبان و زانایان و هزرڤانان هەیە، کە بەم جۆرەم تۆمارکردوون (؟...) یان لەسەر نادیاریی ئەم جۆرە مێژووە مەزەندەئامێزانە هەیە درێغییەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو مێژوونووسانە کە بەکۆڵ و مشوورخواردنێکی بێ وێنەوە دادەبارینە سەر تۆمارکردنی مێژووی ژیانی خەلیفە و شا و سوڵتان و میر و فەرماندە سوپاییەکان، تەنانەت مێژووی خەتەنەکردنیشیان فەرامۆش نەدەکرد! بگرە ژمارەی کەنیزەک و خولامە خەسێنراوەکان و ئاژەڵەکانیان و کەوچکە زێڕینەکانیان و سەنگ و کێشی تاجە زێڕینە نەخشکراوەکانیان بە گەوهەریش تۆماردەکرد! سەرباری ئەوەش هێرشی زۆر توندیان دەکردە سەر ناحەز و نەیارانیان و تانەوتەشەریان لێدەدان، کەچی سەبارەت بەئەدیب و زانا و فەیلەسووف و هونەرمەندان، دوا کەس بوون، کە ئاوڕیان لێدەدانەوە، مەگەر ئەمەیان، یان ئەوەیان پێوەندییەکی بەتینی دەگەڵ ئەم حوکمڕانە، یان ئەو وەزیرەدا هەبایە! خۆ خەییام بەخۆی نموونەیەکە لەو حاڵەتە، کە ناویان دەگەڵ خاقان شەمسولملووک و سوڵتان مەلیکشای سەلجووقیدا هێندراوە، کە بۆ هەموارکردنی تەقویمی ئێرانی و دامەزراندنی ڕوانگەی ئیسفەهان هێنرابوو، لەسەر پێشنیازی وەزیرە ڕووناکبیرەکەی خۆی نیزامولملکی هاوڕێی خوێندنی سەرەتایی خەییام لە نیشاپووردا.

چونکە باوەڕم وایە کـە مـێــژووی ژیانی ناوداران بایەخـێکی یەکـجـار گـەورەی هەیە لە دەرخـسـتن و ڕوونکردنەوەی ئەم گـۆشـە، یان ئەو پێـچـە نادیارەی دیمەنێن مێژوو، بۆیە هەر لەم کتێبەدا، خووئاسا لە هەموو دانراو و وەرگێڕانەکانمدا بایەخی فرەم داوەتێ، ئەگەر ئەم جۆرە بایەخدانە باو ببایە، ئێستا لە زۆر هەڵەو پەڵە و سەرەگێژێکە و تەنگوچەڵەمان دەربازدەبووین.

* * *

خەییام بۆ ماوەیەکی درێژ بە ئارامییەکی بەرچاو لە سایەی قەڕاڵستانی سەلجووقیدا ژیا، بەتایبەتی لە پەنای هاوڕێ خەمخۆرە دڵسۆزەکەی نیزامولمولکی وەزیری ڕۆشنبیر و دەستڕۆ و دەسەڵاتداری سەلجووقی. ئەو وەزیرەی کە بەپێی قسەی سمێلجا: "شەیدای بیرۆکەی دەوڵەتێکی هێزدار بوو. بە هەموو شێوەیەک کاری بۆ دامەزراندنی دەکرد. پێدەچێت باوەڕی وابووبێ کە ڕۆشنبیریی و زانست زەمینەی چەسپینی کۆڵەکە و پایەکانی قەڕاڵستان خۆش دەکەن، بۆیەش بە چاولێکەریی ئەندامانی ماڵباتی دێرینی بەتلیمۆس هەوڵی دەدا زانایان بێنێتە ژێر سا و پەنای خۆی" بگرە "بە خۆیشی نووسەر بوو، لە ئەدەبیات نامۆ نەبوو، کتێبێکی داناوە بەناوی (سیاسەتنامە/ ژیاننامەی پاشایان) کە هەمەلایەنی زۆر سوودبەخشە، وەک سەرمەشق و ڕابەر بۆ ڕاهێنانی سوڵتانە کەم ئەزموونەکان (.......) واش دیارە داوای لە زاناکانی کردبوو، نەمازە لە خەییامی هاوڕێی، کە لەم کارەدا بەشداری بکەن" جا چونکە خەییامیش بە پێی ئاماژەی قفتی" باوەڕی بە سیاسەتی مەدەنی لەسەر یاساوڕێسای یۆنانی هەبوو" ببووە باشترین هاوکاری بەرنامەی هاوڕێی تەمەنی نیزامولملک.

بەو جۆرە خەییام لە کەشوهەوایەکی لەبار تارادەیەکی بەرچاو، چالاکییەکانی خۆی نواند و هەوڵ و کۆششە زانستییەکانی بوونە تەواوکەری هەوڵ و کۆششەکانی زانای گەورە ئەبوو ڕەیحانی بیرونی (م:١٠٤٨) بگرە بەرهەمەکانی لە بواری بیرکاریدا بوونە بناغەی پەرەسەندنی بیرکاری لە ئەوروپای سەدەی نۆزدەمدا و لەوەیە پێشتریش. هەندێک لە بەرهەمە بەرجەستەکانی بریتی بوون لە: دانانی سیستمێکی نوێی ژمارەیی بەرینتر لە سیستمە گریکییە باوەکە، کە لە مێژە کاری پێ دەکرا، بێجگە لە داهێنانی ڕێچکەیەکی گرنگ بۆ دەرهێنانی ڕەگی ژمارەکان و چارەسەرکردنی کێشەی سێ جاکردنی جەبری بۆ یەکەم جار، هەروەها تەقویمی (زیگی جەلالی، کەبەناوی جەلالەددینی مەلیکشای سەلجووقی چێ کرا) خەییام بەشدارییەکی فرەی تێدا کردبوو، زۆر لە تەقویمی جولیانی وردتر بوو، بگرە لە ڕووی وردییەوە زۆر لە تەقویمی گریکۆری کە تا ئێستا کاری پێ دەکرێت نزیک بوو. خەییام لە دامەزراندنی ڕوانگەی ئیسفەهانیشدا، کە ناوی نابوو (ماڵی ستێران) ڕۆڵی بەرجەستەی هەبوو، بەڵام لەدوای مردنی مەلیکشا ئیدی کاری پێنەکرا و ڕاوڕووتکەران تاڵان و وێرانیان کرد. ئیدی بارودۆخی گشتی بەرەبەرە کەوتە شێوان، خەییامیش ماوەیەک پاش کوژرانی داڵدەدەر و خەمخۆرەکەی نیزامولملک و دەرمان خواردن کردنی مەلیکشا و زەبری سەوداکردنی حوکمڕانانی دوای ئەوان، ناچاربوو ئیسفەهان (پایتەختی سەلجووقییەکان) بەجێ بهێڵێت و بۆ نیشاپووری زێدی خۆی بگەڕێتەوە و بە گۆشەگیری بژێت تا (١١٢٣) کە کۆچی دوایی کرد و لەوێ بەخاک سپێردرا. ئیدی گۆڕەکەی چەند سەدە فەرامۆش کرا تا لەسەرەتاکانی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، لەساڵی (١٩٦٢ز) دا بەنەخشە و دیزاینێکی زۆر جوان لە لایەن ئەندازیاری بەتوان هۆشەنگ سەیحوون (١٩٢٠-) مەزارگەیەکی شایستەی خەییام دروست کرا، کە هەموو ڕەمزەکانی بیرکاری و فەلەک و شیعری تێدا ئاوێتەکرد.

* * *

باسکار و پاچڤەوانی لێهاتوو ئەحمەد حامید سەڕاف، بە زەبری پشکنین و گەڕان و تاووتوکردنی تێروتەسەلی بارودۆخی مێژوویی سەردەمی خەییام، ئەگەرچی بەشێوەیەکی نابابەتیانە پشتی بەستووە بە سەرچاوە باوە نەیارەکان دژ بە بزاڤی ئیسماعیلییە، توانیویەتی دۆخی سەردەمی خەییام بەم جۆرە دەستنیشان بکات:".. لەوەی پێشەوە بۆمان دەرکەوت کە خەڵکی ڕەشوڕووت نادیار بوونە، کەچی سوڵتان و میرەکان بایەخیان بەزانست و زانایان داوە و ڕەفتاری پیاوانی ئایین خراپ بووە، خەییام و ئیمامی غەزالی ئەم توێژە بە شێوەیەکی واقیعی و ڕاستەقینە وەسف کردووە"

سەردەمی خەییام لەباری سیاسییەوە لە کوڵ و جۆشدا

بووە، پڕ بوو لە ڕووداو و لێقەومانی گەورە: داڕووخانی دەوڵەتی بووەیهی (٩٣٢-١٠٥٥)، دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجووقی (١٠٣٧-١١٥٧)، هەڵگیرسانی جەنگی خاچپەرستی (١٠٩٦-١٢٩١)، بووژانەوەی بزاڤی ئیسماعیلییەی نزاری (١٠٩٠-١٢٥٦) مینا بزووتنەوەیەکی ئێرانی شۆڕشگێرانە لە پۆشاکێکی ئایینیدا دژی حکومڕانی خیلافەتی عەبباسی (عەرەبی) و حوکمڕانی سەلجووقیانی تورکی بێگانە، لەپێناو خۆبوونی ئێراندا دەخەبتا. جا چونکە بزووتنەوەی ئیسماعیلییە وەک (خورەمییە) و(سەربەداران) چالاکی خۆی ڕادەپەڕاند دژی هەردووک دەسەڵاتێن هاوپەیمانی سەلجووقی و عەبباسی، بەو ئیحتیبارە کە هەردووک دەسەڵاتی هاوپەیمانی سەلجووقیان و عەبباسیان (سوننی) بوون، لەلایەن زورناژەنانی پرۆپاگەندە و بانگەشەی عەبباسیان و سەلجووقیان و مێژوونووسانیانەوە، گەلیک ناوونائۆرەیان لێنرا وەک کافر و خوانەناس و ئیباحییەتخواز و لایەنگری (قەرمەتیان) و نۆکەری خیلافەتی فاتیمییان (٩٠٩-١١٧١) لە میسردا، بگرە ئەفسانە و نەقڵ و حیکایەتی خورافیانەی ئەوتۆیان سەبارەت بە ئیسماعیلییەکان تەنیبوو، کە تەنانەت لە نێو ئەوروپاییەکانیشدا بە (حەششاشان) و (پیاوکوژان) ناویان ڕۆیشتبوو، لە کاتێکدا زۆربەی پیاوانی ئایینی خەڵکانێکی موونافیق و واعیزی ماستاوچی سوڵتانان بوون و لە پشتیوانی کردنی ستەمکاران و سەرکوتکردنی ئازادیخوازاندا و فیقهبازان (بە ئاشکرا چاکەخواز و ژێراوژێر بەدکار بوون) و لە هەمان کاتدا شمشێری تێکوفرانیان دژی ئەدیبان و هزرڤانانی ئازاد ڕادەوەشاند، تەنانەت لە هیچ پیلانێک دژی هاوڕێ بلیمەتە درەوشاوەکانی خۆیانیش نەدەپرینگانەوە، کار گەیشتبووە ڕادەیەک کە خەڵکانی وەکو ئیمام ئەبو حامیدی غەزالی، سڵیان لێدەکردنەوە و خۆیان لە گێچەڵیان دەپاراست، ئەو غەزالییەی کە دیاردەی زۆربوونی شەرعزانانی ساختەی بە مەبەستی سوودی خۆپەرستانە لە زانستی شەرعدا دەستنیشان کرد و زۆری پێ سەیربوو کە زانستی فیقە بەسەر زانستی پزیشکیدا پەسەندتر بێت و هۆیەکەی دەستنیشان کردبوو، کە "پزیشکی ڕێگە خۆش ناکات بۆ گەیشتن بە سەرپەرشتیاری ئەوقاف و سەروەسیەتی و دەستگرتن بەسەر ماڵی هەتیوان و وەرگرتنی پۆستی دادڤانی و حکوومەتی و پێشکەوتن بەسەر هاوتایان و زاڵبوون بەسەر نەیاراندا!"

هەروەها لەنێو سۆفییەکانیشدا خواپەرستانی ڕیاباز و زۆر کەسی بوودەڵە و هیچ لەبارا نەبوو و مشەخۆر هەبوون. دەگێردرێتەوە کە خەڵکانی ناوداری زۆر گەورەش، لە شەڕی دەسیسە و پیلان و داو و تێکوفران بێ وەی نەبوون مینا: ئیبن سینا، عەبدوڵڵا ئەنساری و شەهرستانی، کار گەیشتبووە ئەوەی کە (بەناو زانایەک) لە زانایانی تاریکی و واعیزانی سوڵتانان قایل نەبێت کە فیردەوسی مەزن لە گۆڕستانی تووسدا بنێژرێت، بەو بیانووەی کە (قرمتی) و لایەنگری فاتیمییەکانی میسر و دژی خیلافەتی عەبباسییەکان بووە! شایەنی باسە کە خەلیفەی عەبباسییەکان لە ئاخرئۆخری قۆناغی ئاوابوونی دەسەڵاتیاندا مەرایی (شیعە) دەیلەمییەکان و سوڵتانە سەلجووقیەکانیان دەکرد، تەنیا لەبەر ئەوەی لەسەر مینبەران و لەخوتبەکانیاندا ناویان دێنان و ناویان لەسەر دراوان دەنەخشاندن، ئیدی ئەمەیان بە ئیعترافێکی گەورە بەخیلافەتە ڕواڵەتییەکەی خۆ دەزانی ! کەچی ململانێ و کێشمەکێش دەگەڵ فاتیمییەکانی میسر و ئیسماعیلییەکانی ئێراندا، لە پێناو مانەوەدا بوو. بۆ زانینیش خەییام لە یەکێک لە نامە فەلسەفییەکانیدا (ئیسماعیلییەکان) بە عەودالانی حەقیقەتی فەلسەفی دەژمێرێت، ئەگەرچی هەندێک بەگومانن کە لە دانانی خەییام بێت، بەڵام زۆربەی باسکاران بە کاری خەییام لە قەڵەمی دەدەن، چونکە خەییام لەژێر کاریگەری بۆچوونە هزرییەکانی (ئیخوانو لصەفا)دا بوو، کە (ئیسماعیلی بوون) و قوتابی (ئیبن سینا) ی فەیلەسووفیش بوو، کە لە ئیسماعیلییە باتنییەکان بوو، یان لەژێر کاریگەری بۆچوون و هزریاندا بوو.

بە هەرحاڵ.. بارودۆخی کولتووری تاڕادەیەک گەشاوە بووە، ئیدی ئەمە سروشتی نەشوما و پەرەسەندنی کولتوورە، کە لە هەر شوێنێک کێشمانکێشی هەڤدژەکان گەرم بێت، کولتوور گەشە دەکات و ئەگەر گەرمی کێشمانکێش دابمرکێت، گەشبوونی کولتووری دادەمرکێتەوە و سست و خاو دەبێتەوە. جا لەو ڕۆژگارەدا پتر لە سەدوهەشتا شاعیر، نووسەر، زمانەوان، مێژوونووس، جوگرافیازان، نووسەر و دانەر لە بوارێن

سیاسەت و کارگێڕی و پزیشکایەتی، ژیاننامەنووسی هەمە جۆر، هەڵکەوتبوون و ناویان دەرکردبوو. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ قوتابخانە (نیزامییەکان) بکرێ کە نیزامولمولکی وەزیری رووناکبیری سەلجووقی لە ئیسفەهان، نیشاپوور، بەلخ و بەغدا دایمەزراندبوون و بودجەیەکی ساڵانەی (٦٠٠,٠٠٠) هەزار دیناری بۆ تەرخان کردبوون.

ئەمانەش لە شاعیرە عەرەبی زمانە بەرجەستەکانی سەردەمی خەییامدا بوون: ئەبوو موزەفەری ئەبیوەردی (م:١١١٣ز)، توغرائی (م: ١١١٩)، باخەرزی (م:١٠٧٥) ئیبنو لشبلی بەغدادی (م:١٠٨٠). لە نووسەرە بەناوبانگەکانیش: ئەلقاسم بن عەلی لحریری (١٠٥٤-١١٢٢). بەرجەستەترین شاعیرانی فارسی زمانیش ئەمانە بوون: قەتران تەبریزی (١٠٠٩-١٠٧٢)، موعەززی (١٠٤٨-١١٢٥)، سەنائی غەزنەوی (م: ١١٤٥)، مەسعود سەعەد سەلمان (١٠٤٦-١١٢١)، عوسمان موختاری (م: ١١١٨)، ئەبو مەعالی رازی کوردی (م:١١٤٦)، رەشیدی سەمەرقەندی (؟!)، لامیعی دهستانی (؟!). ئەمانەش دیارترین هزرڤان و فەیلەسووف و زانایانی هاوچەرخی خەییام بوون: محەمەد کوڕی محەمەد حوسەینی بەغدادی (١٠١٤-١٠٨٧)، ئیمام ئەبوحامید غەزالی (١٠٥٨-١١١١)، ئەبوحەفسی نەسەفی (م:١١٢٤)، ئیمام ئەبولحەسەن عەبدولغەففاری نیشاپووری (١٠٥٩-١١٣٤)، یووسف کوڕی ئەییووب زاهید (م:١١٤٠)، ئەبولقاسم زەمەخشەری (١٠٧٥-١١٤٤)، شەهرستانی (١٠٨٦-١١٥٣)، ئیمام مووەففەقی نیشاپووری (؟!)، ئەبولمەعالی ئیمامولحەرەمین (م:١٠٨٥)، عوسمان جەلالی هەجویری (م:١٠٧٢)، ئەبولفەزلی بەیهەقی (م:١٠٧٧)، ئەبوحاتەم ئەسەفزاری (م: ١١٢٠)، مەیموون نەجیب واستی (م: ١١٢٠)، عەبدولرەحمان خازنی (م: ١١٥٥)و، هیبەتوڵلا ئیسترلابی (م:١١٣٩).

هەڵبەتە عەینولقوزاتی هەمەدانی (١٠٩٦-١١٣٠) و عەرووزی سەمەرقەندی (م:١١٧٤) لە شاگرد و قوتابییە بەرز و دیارەکانی خەییام بوون و لەوەیە عەرووزی پێشترین کەسێک بێت کە بەفارسی باسی خەییامی کردبێت، هەروەها کەسانێکی دیکەش باسیان کردووە لەوانە: نەجمەددین ئەبوبەکر رازی (م:١٢٤٧)کە بە "دەهری وێڵی مەیدانی گومڕایی" وەسفی خەییامی کردووە! نەک هەر ئەوەندە، بگرە هەندێک لە توندڕەوان مەحکوومیان دەکرد و دەیانبوغزاند و گەلەکۆمەیان لێدەکرد و بە زەندیق تۆمەتباریان دەکرد، کار گەییە ئەوەی خەییام لە ژیانی خۆی بترسێت و زمان و قەڵەمەکەی خۆی لغاو بکا، (قفتی) گوتەنی: "بەمەبەستی خۆپاراستن، نەک دینداری چووە حەجێ" و دەڵێن بۆ ماوەیەکی نادیار لە بەغدا ئاکنجی ببوو.

سەیروسەمەرەی هەڤدژیانە لە هەڵوێستی باسکاران و توێژەرەوانان و زانایانی کۆنی ئێرانی و عەرەبە، کە هەمیشە ستایشی خەییامی (زانا)یان کردووە و خەییامی (شاعیریان) نەک هەر فەرامۆش کردووە، بگرە بەر هێرشیان داوە و شیعرەکانی بەئەژدیهای ژاردار زانیوە! ئەگەرچی لەلایەن هەندێ لە سۆفیانی دوایی ستایش کراون و بەکارهێنراون، لە حاڵێکدا ئەحمەد رامی شاعیر گوتەنی خەییام "مەگەر تا ئێستا هەر لە چوارینەکانیدا ژیابێت"!

*   *   *

میناک هەر پیاوێکی مەزنی خودان کەسایەتییەکی کاریزمی، گەلێک حیکایەتی ئەفسانەیی، لە دەوری خەییام تەنراوە، چ لەلایەن دۆستانییەوە و چ لەلایەن ناحەزانییەوە، هەڵبەتە ئەوانەی خۆشیان دەویست خەرمانەیەکی پیرۆزیی رەهایان لە دەوری چێ کردووە و ناحەزانی بەر قەمچی نەفرەتیان داوە، کەچی بە دەگمەن یەکێک لایەنگری حەقیقەتخواز بابەتییانە باسی کردبێت...خۆ ئەگەر بەوردی لەو قسانەی قازی یووسف قفتی (١١٧٢-١٢٤٨) لە (مێژووی حەکیمان)دا دەربارەی خەییام کردوونی رابمێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە چ هەڤدژییەکی لەمەڕ هەڵسەنگاندنی خەییامدا کردووە، چ ناهەقییەک لەلایەن مێژوونووسێکەوە کراوە، کە دەبوایە بابەتگەرا و بێ لایەن بوایە: "پێشەنگ و ئیمامی خۆراسان و دانای رۆژگارە. زانستی یۆنان دەزانێت و دەڵێتەوە. خەڵکی بۆ یەکتاپەرستی و دینداری هان دەدا، بە پاکژکردنەوەی جموجوڵی لەش بۆ پاکژبوونەوەی دەروونی مرۆڤایانە. پابەندی سیاسەتی مەدەنییە لەسەر یاساورێسای یۆنانی بوو. سۆفیانی ئەم دواییە هەندێ لە رواڵەتێن شیعرەکانی پەسەند کردن و گواستیانەوە ناو

تەریقەتەکەی خۆیان و لە کۆڕ و خەلوەتگەکانی خۆیاندا باسیان دەکرد، کەچی لەناخدا مارێن گەزندەی شەریعەتە و مایەی کۆتوبەندی باوەڕە! کاتێک خەڵکانی زەمانی وی کەوتنە تانەوتەشەرە لە دینی و نهێنییەکانیان ئاشکرا کرد، لە خوێنڕشتنی خۆی ترسا و جڵەوی زمان و قەڵەمەکەی گرت و بەمەبەستی خۆپاراستن نەک دینداری چووە حەجێ، بەڵام هەندێ نهێنی ناخی ناپاکژی دەربڕی. کاتێ گەیشتە بەغدا، هەندێ لە پەیڕەوانی لە زانستی کۆندا، ویستیان ببیبن، وەلێ پەشیمان ئاسا نەک وەک هاودەمێک دەرگای لەڕوو داخستن. کە لە حەجیش گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی، دەچووە پەرستنگە و هێمان هەر نهێنییەکانی دەشاردەوە، ئەو نهێنیانە کە هەر دەبوایە ئاشکرا بن. لە زانستی ئەستێرەناسی و پەندیاریدا بێ هاوتا بوو، لەم بوارانەدا بە نموونە ناوی دەهێنرایەوە، گەر پاک و بێ گەرد بوایە!..."

ناهەقی سەبارەت بەخەییام گەییە ڕادەیەک زێدەباری هەندێ لە بێگانان، هەندێ لە توێژەرانی هاونەژادی ئێرانی خۆیشی نکوڵی لە شاعیریەتی بکەن، بەڵێ هەندێ گوماندارن کە خەییامی زانا و فەیلەسووف خودانی ئەو چوارینانەی بێت کە دراونەتە پاڵی و حاڵی وەک حاڵی کەڵە شاعیران هۆمیرۆس و شەکسپیر!ئەمەش بە بیانووی هەبوونی چەند شاعیرێکی دیکەی بچووک و گومناو بەنازناوی (خەییام، یان خەییامی)ـەوە: عەبدوڵڵا خەییامی مازەندەرانی (م: ٣١٠ک = ٩٢٢ز)، ئەبو ساڵح خەییامی بوخاری (م:٣٦١ک=٩٧١ ز)، خەڵەفی کوڕی محەمەدی کوڕی ئیسماعیل خەییام (م: لەسەدەی پێنجەمی ک = ١١ز)، مەزهەبودین محەمەد کوڕی عەلی خەییامی (م:٦٤٢ک =١٢٤٤ز) و عەلائەدین عەلی کوڕی محەمەد کوڕی ئەحمەد کوڕی خەڵەف خەییامی خۆراسانی (م:پێش سەدەی هەشتەمی کۆچی =١٤ز)

*   *   *

هەڵبەتە بەهۆی لێکچوونی نازناوەکەوە لەگینە هەندێ چوارینەیان درابێتە پاڵ عومەر خەییام، کەچی پێچەوانەکەی دروستترە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی بەئیحتیوبار ناوی (عومەر ئبراهیم خەییام) یان دەگەڵ دەیان چوارینە و چەندین پارچە شیعر بەهەردک زمانێن عەرەبی و فارسی بردووە و تۆمارکردووە، کەچی هاونازناوانی خەییام، شتێکی ئەوتۆیان نییە، بگرە لە ئاستی ڕۆشنبیریی فرەلایەنی عومەر خەییامدا نەبوونە، تەنانەت شیعرەکانیان ئاسایی بووە و چوارینەیان کەم بووە و نە لە ڕووی فۆرم و نە لە باری ناڤەڕۆک و ماناوە لەئاستی چوارینە ڕەسەنەکانی عومەر خەییامدا نین و زێدەباری گەڕان و پشکنینی زۆرم هیچ ئاماژەیەکم بەرچاو نەکەوت کە چوارینەیەکی ڕەسەن، یان ناڕەسەنی خەییام درابێتە پاڵ یەکێک لەوانە، بە پێچەوانەش، کەچی دەیان چوارینەی ڕەسەن و ناڕەسەنی خەییام دراوەتە پاڵ شاعیرانی دیکەی گەورە و ناودار و بە پێچەوانەش. هۆیەکەشی ئەوەیە کە باشترین شاعیر لەو هاونازناوانەی خەییام ناگاتە ئاستی شاعیرێکی پلە چواری ناو ئەدەبیاتی ئێرانی.

# ڕەهەندەکانی فەلسەفەی ئاکار

**د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی ئاداب)**

**(١ – ٢)**

١– ئاکار بە ناوەرۆک و ڕوخسارەوە، کەرەسەیەک بووە لەو کەرەسانەی کولتوور کە هەر لە سەردەمی پەیدابوونی فەلسەفەی یۆنانەوە (٦٠٠ بەر لە لەدایک بوونی یەسوعی مەسیح) کێشەو بەرەی لەسەر بووە، ئایا ئەو بابەتە بە لقێکی فەلسەفە دابنرێت، یان خۆی لەخۆیدا ئەوەندەی فەلسەفە بەماڵ و موڵکی خۆی دادەنێ، ئایین و سیاسەتیش هەمان شت لە بارەیەوە دەڵێن؟! بۆیە سەیر نییە گەر بگوترێ: ئەگەر ئایین لە بابەتی ئاکار داببڕێ و لە سیاسەتدا شتێک بەناوی ئاکارەوە نەمێنێ تا چەند ئەو سروشتە گەوهەرییەی خۆیان دەمێنێ؟ وەنەبێ لەو کایەیەدا ڕەوشی فەلسەفە جیاوازتر بێ!

ئەو کێشە جەنجاڵ لەسەرە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئاکار توندوتۆڵ بەکرداری ژیانی مرۆڤەوە بەندە. بە درێژایی مێژووش بە هەردوو لایەنی ئارێ و نارێ، پۆزەتیڤ و نەگەتیڤی پرۆسەی پەرەسەندنی ژیانەوە، جا ئایا لە دیاردەدا، یان لە فاکت و هەڵکەوتدا بەرجەستە بووبێ بە ئاشکرا و بێ چەند و چۆن ئەو ڕاستییە ڕوون بۆتەوە کە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە چوارچێوەی ئامرازەوە بووە بە ئامانجی ڕەنگ بۆڕێژراو و کۆششی لەپێناودا کراوە، لێرەوە، چونکە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا بەبێ کۆنترۆڵکردنی جۆری کرداری مرۆڤ ناشێ و لە کردن نایەت، هەر سێک بابەتی فەلسەفە و ئایین و سیاسەت لە دوو بەرەدا، هەریەکە بەپێی ئامانج و مەبەستی دیاری خۆی سەرگەرمی پەنابردنە بەر ئاکاربوون، بەهۆی پاوانکردنی ئاکارەوە هەر لەسەرەتاوە لە بارەی خواستی ئازاد، کە خەسڵەتی بە مرۆڤ کردنی کرداری مرۆڤە، لەگەڵ دابونەریتی (Habit) پەسند کراوی کۆمەڵایەتی



**کانت**

و بەهاکانی ژیان هەڵوێست بنوێنن، بەڵام کەسیش لاری لەوە نییە کە ئایین و فەلسەفە و سیاسەت، ئەگەرچی لە چوارچێوە گشتییەکەدا خەسڵەتی دیاردەی کۆمەڵایەتییان پێ ببڕێ، ئەوە هەریەکەیان لە تایبەتمەندییەکەیاندا لە یەکتری جیاواز و سەربەخۆن! ئیتر چۆن ئەو بابەتە بەیەکەوە کۆی کردوونەتەوە و کۆیان دەکاتەوە؟! دەکرێ سێ بابەتی جیاواز لە ئامراز و ئامانجدا، کەرەسەیەکی دیاریکراو لەنێوان جەنجاڵی جیاوازی سەرتاپاگیری نێوانیان پێکەوە بیانهێنێتەوە؟

٢- ئاکار لێرەدا لە بەرانبەر وشەی عەرەبی (ئەخلاق) و چەمکی لاتینی Ethic بەکارهاتووە. بەلای ئێمەوە تا ئەو سەردەمەش لقێکە لە لقە گرنگەکانی فەلسەفە و هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە. ئەگەر بە تایبەتی لە هەندێک لایەنی هەندەکی ئەو لقە چاوبپۆشرێ، دەتوانرێ بگوترێ ئاکار کۆشش دەکات لە چوارچێوەی فەلسەفەدا بەوەی هەلومەرج و ڕەوشی لە ئارادا بوو، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، هزری لەبەرچاو بگیرێ، وەڵامی ئەو دوو پرسیارە بداتەوە:

**یەکەم:** بۆچی دەبێ مرۆڤ پابەندی چەند بنەمایەک بێت کە لەنێو خەڵک و گەلانەوە بە بابەتی ئاکار ناودەبرێن؟

**دووەم:** دەبێ ئەو بنەمایانەی کە پێویستە کرداری مرۆڤ، پێیانەوە بەند بێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا چۆن بن؟

- ژیان و کرداری مرۆڤ بە فرە ڕەنگییەکانیانەوە، بە خۆشی و ترشییەوە، بە کڵۆڵی و بەختەوەرییەوە، بە دڵخۆشی و ئازارەکانیانەوە بابەتی سەرەکی توێژینەوەی ئاکارن، بۆیە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبووە کە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی بابەتی ئاکارەوە کۆششی وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە کراوە:

- ئەگەر بەختەوەری خولیاو ئاواتی هەرە گرنگی ژیانی مرۆڤ بێت(١)، پێویستە مرۆڤ چ بکات بۆ ئەوەی بەو بەختەوەرییە بگات؟ پێویستە ئەوانی دیکە (نا من) چۆن بن بۆ ئەوەی نەبنە مایەی تێکدانی بەختەوەرییەکەم و کوسپ نەبن لەسەر ڕێگادا؟

ئەو دوو پرسیارە دوو خاڵی لێدەکەوێتەوە کە دەستیاوی هەردووکیان توندوتۆڵ بەیەکەوە بەندن:

**یەکەم:** مەبەستی کردار و ئەو ئامرازانەی دەستەبەری بەدیهێنانی ئەو مەبەستە دەبن، کراون و دەکرێن بە بابەت و کەرەسەی پرسیار و پرسیارەکەش شێوە و شێوازی کێشەی هەیە، هەموو کێشەیەکیش خوازیاری چارەسەرکردنە.

**دووەم:** لە خاڵی یەکەمەوە دەکەوێتەوە، ئەگەر کرداری مرۆڤ بابەتی سەرەکی توێژینەوەی ئاکار بێت، چ جۆرە کردارێک لێرەدا مەبەستە؟ ئەو کردارە چ مەرجێکی تێدابێت؟

٣- ئەگەر کرداری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بابەتی سەرەکی ئاکار بێت، وا پێویست دەکات پێودانگێک لەبەردەستدا بێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کردارە، ئینجا بزانرێ بەچی لە کرداری تر جیا دەکرێتەوە.

کردارێک دەکرێ بابەتی ئاکاربێت ئەگەر ئەو سێ مەرجەی تێدابوو:

**یەکەم:** ئەو کردارە دەبێ ئازاد بێ بەبێ گوشار و تۆبزی مرۆڤێکی ئازاد کردبێ. لە خواستێکی ئازادەوە کەوتبێتەوە.

**دووەم:** کردارەکە دەبێ بە ئاشکرا مەبەست و ئامانجێکی دیار و ئاشکرای هەبێ. کردارێکی بێ ئامانج هیچ کاتێک بەلایەکدا ناکەوێ و نازانرێ و ناتوانرێ هەڵبسەنگێنرێ و بڕیار لە بارەیەوە بدرێت.

**سێیەم:** دەبێ کردارەکە هەر لە سەرەتا و دەستپێکەوە

ئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە، چونکە بەهۆی ئەو ئەنجامەوە کردارەکە هەڵدەسەنگێنرێ. لە بابەتی فەلسەفەی ئاکاردا نیازی چاک و بەد هیچ ڕۆڵی نابێ و بەهەند وەرناگیرێ و ناخرێتە نێو خانەیەک لە خانەکانییەوە.

کەوابوو جۆرە کردارێک دەبێتە بابەتی ئاکار کە هەر لە سەرەتاوە سروشتی ئازادی هەبێ بۆ ئەوەی بکەر و خاوەنەکەی بەڕاستی بچێتە ژێر باری ئەو ئەنجامەی بە چاکە، بە بەد لێی دەکەوێتەوە. ئەو کردارەش ئەگەر مەبەستێکی تایبەتی نەبێ و ئەنجامێکی بەچاک بەخراپ، لێ نەکەوێتەوە، ناکرێ بەهیچ بارێکدا هەڵبسەنگێنرێ.

ئامانجی کرداری مرۆڤ هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤی هۆشیارەوە لە ڕەوشێک بەدەر نەبووە کە بە هەموو زمانەکانی جیهان و لەنێو هەموو گەل و میللەتێکدا بە بەختەوەری دادەنرێ. کەوابوو ئەو بەختەوەرییە چییە؟ خۆی لەخۆیدا ئامانج و دوا ئامانجە، یان ئامراز و ڕێگا خۆشکەرە بەرەو ئامانجێکی دیکە کە بەدوایدا بێت؟

ئەو بەختەوەرییە پێوەندی بە چێژ و خۆشی و ترشی و ئێش و ئازارەوە چییە و چۆنە؟!

ئەگەر بەختەوەری ئامانجی سەرەکی ژیان بێ، دەبێ خۆی لەخۆیدا ئامانج و دوائامانج بێ و ناکرێ ئامرازی بەدیهێنانی ئامانجێکی تر بێت، هەروەها دەبێ لە کردارێک کەوتبێتەوە کە پاڵنەر و فاکتەرەکەی ئاسایی و سروشتی بێگەرد و بەهیچ بنەمایەکی باوەڕی ئایینی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی پابەند نەبێ، چونکە ئەو دووانە پێکەوە، یان هەریەکەیان بەجیا بە پشکێک لە فاکتەر و پاڵنەر و دەسەڵاتی دەرەکی (دەرەوەی خودی مرۆڤ) دادەنرێن و پابەند بوون پێیان لە ئازادی کردارەکە کاڵ دەکاتەوە. ئەو بۆچوونە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەرکی فەلسەفەی ئاکار دانانی یاساکانی کردار و ڕەفتاری مرۆڤ و پێوەری هەڵاواردنی چاکەکاری لەبەدکارییە، پێوەرێک سنووری کات و شوێنی هەندەکی و تایبەتی ببەزێنێ و بچێتە نێو پاوانی ڕەهاوە: ئەو سنوور بەزاندنە ئەوە ساغ دەکاتەوە کە:

- بەها ئاکارییەکان خەسڵەتی جێگیر و نەگۆڕن و لەنێو خودی کردار و ڕەفتاری مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێن.(٢)

- ئەو بەهایانە بایەخی خۆیان لەخۆیاندایە و پەکیان لەسەر لایەنێکی دەرەکی نەکەوتووە، پابەند و پەیوەستی سوود و قازانجی تایبەتی و ئارەزووی تاکەکەسان نین.

- ئەو دوو خاڵە لەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە، بابەتی ئاکار ئەگەرچی لە چەند بنەما و پێودانگێکی هەڵسەنگاندنی کرداری مرۆڤ بەلای چاکەکاری و بەدکاریدا پێکهاتووە و دەبێ خەسڵەتی هەمەکییان هەبێ وەک ئەوەی لە هەموو جێگا و سەردەمێکدا پێویستە ڕێزی مرۆڤ بگیرێ، بە یەک چاو و یەکسان تەماشای تاکە کەسانی ئەندامانی کۆمەڵگا بکرێت، بێ ڕێزی و سارد و سووکی پێ کردن و ئازاردان بە پێچەوانەی بنەماکانی ئاکارەوەن، بەڵام لەچوارچێوە تایبەتییە- هەندەکییەکان، ئەو بنەما و پێودانگە خەسڵەتی بەپێی هەلومەرجی لە ئارادا بوو لە سەردەم و جێگای دیاریکراودا ڕێژەییان پێ دەبڕێ؛ چونکە خۆیان لە خۆیاندا ڕەهەندێکی مێژووییان هەیە و هەرگیزاو هەرگیز لە پڕیشکی پرۆسەی پەرەسەندنی نەسرەوت و بەرەوپێشچوونی قۆناخە یەک لە دوای یەکەکانی مێژوو بە دوور و دەر نەبوون، بۆیە ئەگەر لە چوارچێوە گشتییەکەدا ڕەهابن، لە چوارچێوەی تایبەتیدا ڕێژەییەکە یەخەیان دەگرێ و بەری نادات، ئەگەر لە هەموو کات و شوێنێکدا داد و ئازادی هەر داد و ئازادی بن، ئەوە بەپێی ڕەوش و هەلومەرجی تایبەتی گەلان ئەو داد و ئازادییە بەرگ و کاڵای لۆکاڵیان لەبەردابووە.

٤- پشت ئەستوور و بەپێی ئەو بنەمایانەی پاساومان دان، ناکرێ کولتووری پێش فەلسەفە بە بابەتی ئاکار دابنرێت، بۆیە بە باوەڕی ئێمە، کەرەسەی فەلسەفەی ئاکار لە چوارچێوەی فەلسەفەی یۆنانیدا بە تایبەتی دەکرێ، دەستپێکەکە ئەگەرچی سادە و ساکاریش بێتە بەرچاو، سۆفستاییەکان بەو جیهاندیدە پوختەی ڕەنگیان ڕشتووە و بوو بە مایەی ئەو هێرشە تواناکارەی بەردەوام کراوەتە سەریان، دەستپێشخەری ئەو دەستپێکە بوون.

## سۆفستاییەکان

١- ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە، دووبارە و سێ بارەکردنەوەشی هیچی لێ کاڵ ناکاتەوە کە ناکرێ چالاکی- ڕێبازێکی هزری- ژیری لەو ڕەوشە کە بووەتە هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و ئایینی ئەو زەمینەی سەردەمی خۆی کە تێیدا چەکەرەی کردووە و شین بووە و هاتۆتەبەر، جیابکرێتەوە و داببڕێ.



**ئەفلاتوون**

ئەویش لەلای خۆیەوە، دوورە پەرێز نەوەستاوە، بەپێی توانایی کردەکی لە ئارادابووی خۆی کاری لە ڕەوشەکە کردۆتەوە، ڕێگای بەرەو هەلومەرجێکی دیکەی دواتری خۆی خۆش کردووە.

ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە ئاکارەوە هەیە، بە هەمان پێودانگ و پێوەر، ئەگەر بە دیسپلینێکی زانستی ڕێکوپێک سەرنج بدرێت و دابنرێت، لە ناوەرۆک و ڕوخساردا، بە بابەت و میتودەوە، کاتێک خەت و خاڵ دەدات و دەردەکەوێ ئەگەر هاتو:

**یەکەم:** ژیانی گەلێک- میللەتێک، پشت ئەستوور بە بنەماکانی ئاکار، بە ئاستێکی بەرز و بڵند و شکۆمەندی پەرەسەندن و گەشەکردن گەیشتبێ و قۆناغی پێش خۆی، دوای شەنو کەوکردنی تێپەڕاندبێ.

**دووەم:** تاقیکردنەوەیەکی بە پیت و پێز و بە بڕشت، دوای پوختەکردنی هەردوو دیاردەی «ساتمەکردن و هەستانەوەوە) و سوود لێوە وەرگرتنیان لەلای تاووتو کرابێ و بووبێ بە بنەمایەکی تیورییانە و هاندەری کرداری ئەمڕۆ و دوارِۆژی بێت.

**سێیەم:** ئەگەر بێتو چەند هۆکارێکی پاڵنەری جیاواز و هەمەجۆر، لە سنوورێکی ڕەنگ بۆ ڕێژراوی میتودەییدا بێت، بنە مایەی ئەوەی لە سروشت و گەوهەر و پێکهاتەی ڕاست و دروست و بەرەو ئامانج ئاراستەکراوی ژیانی کەسێتی گومان بکرێت، لەو هەنگاوەوە کە پوختەی بنەماکانی بابەتی ئاکار بەرجەست دەبێت، ڕووبەڕووی دابونەریتی بۆماوە دەبێتەوە، ئەو ئەنجامە دەکەوێتەوە کە لەسەر داروپەردوو، لەسەر بنج و بنچینەی ئەو گومانە میتودەییەوە دەکرێ دەربارەی ڕەگوڕیشە و ئامانجی ژیانی ئاکارەکی بە هەموو بەها فرە ڕەنگییەکانیەوە، چەندین وێنە و پێکهاتەی نوێی Ges-taltung ئاکار ڕەنگبڕێژرێن و دەستگیر بن.

٢- ئەگەرچی لە ڕەوشی ئاساییدا چالاکی بەسەر بردنی کاروباری سادە و ساکاری ڕاستەوخۆی ژیانی ڕۆژانە لەپێش بیرکردنەوە و (هزر) بێت، هەروەها کاروکرداری مرۆڤ لە پێش دارِشتنی چەمکە تیورییەکانەوە بن، بەو واتایە چەمک کە بەشێکە لە پرۆسەی پەتی (ئەبستراکت) کردن بە پلەی دووەم دێت، ئەگەرچی ئەو پرۆسەیە لە ئاستێکی باڵا و بەرزتردایە، ئەوە هەمیشە، لە هەموو سەردەم و جێگایەکدا بیردەکاتەوە، جڵەوی خەیاڵ و ئەندێشە شل دەکات و لە شەققەی باڵ دەدات و دادەهێنێ، ئینجا هۆکارە ناوەکییەکانی کردار لە چوارچێوەی بیرۆکەی پەتیدا دادەڕێژێ. کاتێکیش دەستی بەو ئەبستراکت کردنەی بیرۆکەکان دەگات، ئەو هێز و توانایییە پێویستەی دەبێ کە جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر چالاکییە ڕاستەوخۆییە کردەکییە پراکتیکییەکەی(٣) و لە چوارچێوەی بەها کارپێکراو و پەسند کراوەکاندا لە سۆنگەی ئاکارییەوە کردارەکان هەڵبسەنگێنێ، ئەو پرۆسەیە لە سەرەتادا لە چوارچێوەی پرسیاردا ڕەنگی دەڕێژدرێ، ئینجا لە پرسیارەکە کێشەیەک دەخرێتەوە، کێشەکە هەوڵی چارەسەر بۆ دۆزینەوە دەدرێ. لەو ڕەوشەدا ئەو هەلومەرجانە دەستەبەر بوون کە زەمینەی ئەو باخەیان خۆش کردووە کە گوڵی گوڵزاری سۆفستاییەکان تێیدا پشکوتووە.

ئەو داناو فەیلەسووفانەی پێش سوکرات سەرگەرمی توێژینەوە و شرۆڤەکردنی بنەمای گەردوون و بوون و سروشت بوون. لە قۆناغی دواتردا سۆفستاییەکان دەرکەوتوون و پشتیان کردۆتە کاروباری شرۆڤەکردنی بنجوبناوانی جیهان و بوون و ڕوویان کردۆتە کێشە و بابەتی ڕەوشی مرۆڤ لە جیهاندا، بۆیە دەکرێ بگوترێ کە ئەو ڕێبازەی بە سۆفستایی ناودەبرێ، سەرەتای ڕێبازی مرۆڤپەروەری بووە،(٤) ئەگەر جاران سروشت

پرس و کێشە بووبێ لەلای ئەوان مرۆڤ خۆی بە تایبەتی و ژێر بەگشتی بوون بەکێشە و هەوڵی یەکلایی کردنەوەیان دراوە. هەلومەرجێکی سەرنج ڕاکێش زەمینەی ئەو گۆڕان و وەرچەرخان و بارگۆڕینەیان دابین کردووە و دەستەبەری بوون.

٣- ڕەوشی سیاسی ئەو سەردەمەی یۆنان، لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی پێش زایین، دوای ئەوەی لەشکری ئیمپراتۆریەتی فارس شکاوە و لەشکری یۆنان بەسەریدا زاڵ بووە، ئەو سەرکەوتنە گورو تەوژمێکی بەهێزی بە بەر مرۆڤ و کۆمەڵگای ئەوسای یۆناندا کردووە و جێ دەست و کاریگەری لەسەر کەلەپووری شارستانی و کولتوور و ڕەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی بەجێ هێشتووە.

ئەو کاریگەرییە بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش لە هەردوو پاوانی ئایین و سیاسەتدا دەرکەوتووە:

**یەکەم:** لە خاڵی یەکەمدا بڕوا بە بنەماکانی ئایینی باو و بۆماوە لاواز بووە، ئەوی جاران بە پیرۆز و پاک دادەنرا، بووە بە مایەی ڕەخنە لێ گرتن و بەچاوی گومانەوە سەرنج بدرێ. دوای ئەوەی فەلسەفە بە تەواوەتی هزری ئەفسانەیی لاواز کردووە، هەوڵ دراوە هۆی بلاوبوونەوەی ئایین و بڕوا بوون بە موعجیزە بەوە لێک بدرێتەوە کە ترس لە دیاردە زەمینی و گەردوونییەکان هۆی باوەڕهێنان بە ئایین و خواوەندەکان بووە. لە ئەنجامی ئەو توێژینەوە بوێرەدا دوو بڕیار دراوە:

- ئەوی لە جیهاندا ڕوو دەدات هۆکاری سروشتی هەیە و بە هیچ جۆرێک پێوەندی بە خواستی خواوەندەکانەوە نییە. ئەو بڕیارە دەستێکی توندی لە ئایینی یۆنانییەکان وەشاندووە و لاوازی کردووە.

- ئەو ڕێنماییانەی لە ئایین و دابونەریتەوە سەرچاوەیان گرتووە وا دانراون کە کۆسپ و تەگەرەن و سنوور بۆ هۆکارە پاڵنەرە سروشتییەکانی مرۆڤ دادەنێن و پاوانەکەی تەنگەبەر و تەسک دەکەنەوە، هەربۆیە ئاسایی بووە کە فەیلەسووفەکان، بە تایبەتی سۆفستاییەکان هەوڵیان دابێ ئەو هۆکارە پاڵنەرانەی ڕەنگی ژینی مرۆڤیان ڕشتووە بکەن بە چەند ڕێنمایی و بنەما و ڕێسای پەتی و ئەبستراکت،(٥) ئەمەش هەنگاوێکی بوێرانەیە لەسەر ڕێگای زانستی ئاکاردا هەڵگیراوە.

- لە کایە و پاوانی ڕەوشی سیاسیدا، جۆرە ڕژێمێکی دیموکراتی بە واتای ئەو سەردەمە جێگیر بووە، ئەو هەلومەرجە دەرفەتی بۆ هاووڵاتی ئاسایی ڕەخساندووە لە ژیانی سیاسیدا بەشداری بکات و سەرگەرمی سەرکەوتن بێ بۆ بەدەست هێنانی پلەو پایەی سیاسی لە ئیش و کاری دەوڵەت و کۆمەڵگادا. لێرەوە ڕۆڵی سۆفستاییەکان بەدەرکەوتووە، چونکە خوێندەواری و وتار خوێندنەوە لەو بارەیەوە ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە. سۆفستاییەکان خۆیان بە مامۆستای وتار Rhetorik داناوە و بە پارە خەڵکیان فێرکردووە چۆن لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و قانوون و دادگاکاندا بەهۆی قسەکردن و وتار خوێندنەوەوە سەربکەون!

٤- سۆفستاییەکان Sophist قوتابخانەی تایبەتییان نەبووە مامۆستای فێرکار بوون بۆ ئەو مەبەستە پارەیان وەرگرتووە، لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە و لە مەڵبەندێکەوە بۆ دەڤەرێکی تر چوون و گەڕۆک بوون. بە پێچەوانەی فەیلەسووفەکانی پێش خۆیانەوە، لە جیهاندیدەکەیاندا بایەخیان بە مرۆڤ داوە، بە چاوێک تەماشایان کردووە کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە هەڵوێستی دیار و کردار و ڕەفتاری تاکەکەسی خۆی هەیە و دەینوێنێ، جگە لەوەش خۆی لەخۆیدا گەوهەرێکی کۆمەڵایەتییە.

ئەو بۆچوونەیان خەسڵەت و تایبەتمەندی بەرچاوی پێ بەخشیون و لە ڕێبازەکانی دیکە جیای کردوونەتەوە(٦) بە باوەڕی شارەزایان ئەگەرچی ئەو وتار و خوێندنەوەیە پتر بەلای بابەتی سیاسیدا دەچێ، بەڵام ناکرێ لە کەرەسەی ئاکار دوور بخرێتەوە، چونکە دەکرێ لە دوو ڕوانگەوە هەڵبسەنگێنرێ:

**یەکەم:** بیروبۆچوونێک لەمێشکدایە دەکرێ پشت ڕاست بکرێتەوە و پتر لە جاران جێگیر بکرێت، یان لاوازی و کەموکورییەکانی دەربخرێ و هەوڵ بدرێت لە جێگاکەیدا، دوای ساغ کردنەوەی بێ کارییەکەی، بیروبۆچوونێکی دیکە دابنرێ.

**دووەم:** دەکرێ وتار خوێندنەوە ڕۆڵی نالەبار بگێڕێ و ئەنجامی پێچەوانە و چەواشەکردنی لێبکەوێتەوە! بەپێی سەرچاوەکان گورگیاس، دووەم ڕابەری ڕێبازی سۆفستایی گوتوویەتی، وتار و قسەکردن ڕۆڵی تەفرەدان و بێ هۆشکردن دەگێڕن(٧).

جۆری دووەمیان دەستبەرداری ئەرکی سەرەکی خۆی دەبێ کە دەبوو وەک پارێزەر بێ لەبەردەم دادوەردا، بەڵام لە جیاتیان ڕۆڵێکی دیماگۆژکی تەفرەدەر دەگێڕێ و دەکرێ ئەو ڕۆڵە ناوی پروپاگانتەی لێ بنرێت.

٥- بابەتی ئاکار لە جیهاندیدی سۆفستاییەکاندا پشکی شێری بەرکەوتووە، پشت ئەستوور بەو قسەیەی پرۆتاگۆراس کردوویەتی: «مرۆڤ پێودانگی هەموو شتێکە، هی ئەوەی هەڵکەوتن، هەن و هی ئەوەی ناهەڵکەوتن، نین.» (٨)

- ئەو دەستەواژەیەی ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە، دەکرێ بە بنەمای ڕێژەیی ئاکار دابنرێت. ئەگەر بەو پێیە شت چۆن بۆ من دەربکەون چۆن پەیان پێ بەرم بۆ من ئاوەهان و بۆتۆش چۆن بێنە پێش چاوت ئاوەهان، هەردووکیشمان مرۆڤین و پێودانگین، کەوابوو بە هەمان پێوەر دەبێ هەرکەسە (تاک) لەلای خۆیەوە پێودانگی هەڵسەنگاندن و بایەخدان بە بنەماکانی ئاکاریش بێ. ئەو ئەنجامە چی لێدەکەوێتەوە و چی دەگەیەنێ؟! ئایا پشت ئەستوور بەو دەستەواژەیە دەکرێ مرۆڤ باسی ڕاستی (هەقیقەتی) بابەتی بکات؟ دەکرێ هەر تاکە مرۆڤە لەلای خۆیەوە یاسا و بنەماکانی ئاکار و (ڕاستی) تایبەتی بەخۆی هەبێ؟

٦- ئەوی دەکرێ لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگوترێ و بخرێتە پارسەنگی بابەتی ئاکارەوە، لە تیوری زانین- ئەگەر بشێ ئەو وشەیە دەربارەی ئەو سەردەمە بەکاربێت- ڕێبازی خوێتی Subjektivism لێدەکەوێتەوە، ئەو ڕێبازە دان بە بوونی ڕاستی بابەتیدا نانێ و هەرکەسە بە هەمان ماف و پاساودانەوە دەکرێ بەبۆچوونی خۆی ئەوە بڵێ کە دەیەوێ و ئەو بروایە پەسند بکات کە دەیخوازێ. لە لۆژیکدا دوو خاڵ دەبنە کێشە:

- بنەمای بێ ناکۆکی پەکی دەکەوێ و هیچی تر بڕ ناکات، چونکە هەموو ڕایەک هەموو بۆچوونێک بەپێی قسەکەری پرۆتاگوراس ڕاست و دروست دەبێ.

- بڕیار (حوکم)ی Das Urteilen هەموو تاکێک کە دەیدات لەلای خۆیەوە مافی ئەوەی دەبێ خۆی بەڕاست دابنێ، چونکە وەک هەموو بۆچوونە خودییەکانی هەر تاکێک دەبێ- بەو پێیە- ڕاست بێت. بۆ نموونە ئەگەر دەستەواژەیەکی لەنێو خۆیدا ناکۆک پێشکەش بکرێت دەکرێ هەمیشە کەسێکی دیکە دەستەواژەیەکی لەنێو خۆدا ناکۆک لە بەرانبەریدا دابنێ و قووت بکاتەوە، پاساو هێنانەوەکەشی وەک ئەوەی پێشوو دەکرێ لافی ڕاستی و دروستی لێبدات.

ئەگەر لە چوارچێوەی ئیپستمۆلۆژیدا، بەو پێیەی مرۆڤ سەرپشک و پێودانگی هەموو شتێک بێت، هەموو بیروبۆچوونی تاکەکان بە هەمان ڕادە و ئاست دروست بن، لە کایە و بواری ئاکاریشدا ئەو ڕێژەییە- مرۆڤ پەروەرییە دەستبەکار دەبێت:

مرۆڤی تاک، تاکەکەس دەبێ بە پێوەری بڕیاردان. چاکەکاری چییە و بەدکاری چییە و بەچی لە یەکتر هەڵدەوێردرێن؟ بەو پێیە بەهاو بنەما و ڕێساکانی ئاکار ڕێژەیی دەبن لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و لەکات و جێگا و قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێن و شتێک نامێنێ پێی بگوترێ بنەمای ڕەهای ئاکار کە لە هەموو سەردەم و کۆمەڵگایەکدا بگونجێ و کاری پێ بکرێ و پشتی پێ ببەسترێ!

ئەو پرسیارەی ئەم هەڵوێستە لە مێشکدا دەیوروژێنێ، دەربارەی بنەماکانی ئاکار و داد و دادپەروەری و هێز و دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەبێ! دەبێ سۆفستاییەکان چۆن ئەو لایەنە، بەپێی بنەما بەناوبانگەکەیان، لێک بدەنەوە؟! بنەماکانی ئاکار چ کەس و لایەنێک دایناوە؟ مەبەستی دانانی ئەم بنەمایانە دەبێ چی بن.

گومان لەوەدا نییە کە تیوری داد و دادپەروەریی توندوتۆڵ بە بابەتی هێز و دەسەڵاتی سیاسییەوە بەندە و پێوەندییەکی دەستیاوی بەیەکەوە گرێیداون، هیچیان بەبێ ئەوی تریان نابن و گۆڕانی یەکێکیان بە هەمان شێواز لەوی تریشیاندا بەدیار دەکەوێ و بەرجەستە دەبێ. ناکرێ لە سایەی سیستمێکی سیاسی نادیموکراتی و ڕژێمێکی حوکمڕانی دیکتاتۆردا چاوەڕوانی دادو دادپەروەریی بکرێت.

٧- بەپێی سەرچاوەکان سۆفستاییەکان بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبووە، هەڵوێستیانی لە فەیلەسووفەکانی پێش خۆیان و سەردەمی دەست بەکاربوونیان هەڵاواردووە. ئەو جیاوازییەش دابڕانێکی گەورە و کەلەبەرێکی بەرینی لەنێوان ئەوان و فەیلەسووف و سیاسەتمەدارانی هزرمەند و دەستبەکاردا دروست کردووە. ئەو جیاوازییە لە بۆچوونیاندا دەربارەی چاکەکاری و

بەدکاری، دەسەلات، چینی هەژار و دەوڵەمەند و دابونەریت و پراکتیزەکردنی دەسەلاتی سیاسیدا ڕەنگی داوەتەوە.

– لە کۆمەڵگای مرۆڤدا چین و توێژی جیاواز هەیە، هەندێک دەسەلاتدار و ئەوانی تر بێ دەسەلاتن، مرۆڤی هەژار و هی دەوڵەمەند و دەست کورت و دەست ڕۆیشتوو هەیە. هۆی ئەو جیاوازییە بەلای سۆفستاییەکان دەبێ چی بێت؟!

ڕابەرانی ئەو ڕێبازە وای بۆچوون کە سروشت ئاسا هەندێک کەس لە هی تر بەهێزتر و زیرەک و ئازاتر و دەست ڕۆیشتووتر بوون، لەوەتی دنیا و ژین هەیە ڕەوشەکە هەروا بووە: دەسەلاتدار و بەهێز و تواناییەکان سروشت ئەو بەهرەیەی پێ بەخشیون، بۆیە دەبێ لە بێ دەسەلات و لاواز و بێ تواناییەکان دەست ڕۆیشتووترین. ئەوەش مافێکی ڕەوای خۆیانە، چونکە ئەو دەسەلات و هێزە وای کردووە شایستە و شایانی ئەو پلەو پایە بن! هەربۆیە لاواز و بێ دەسەلات و هیچ لە دەست نەهاتووە بەندە و کۆیلە و ڕەش و ڕووتان (ئەوان بە گەجەر و گوجەر ناویان دەبەن Die Pobel) بێ پسانەوەو وچاندان کۆشاون ئەو ڕەوشە بگۆڕن! ئیتر بۆ ئەو مەبەستە پەنایان بردۆتە بەر بنەما و ڕێوشوێنەکانی ئاکار و سەرگەرمی ئەوە بوون قانوون (یاسا) دابهێنن بۆ ئەوەی خۆیان لە بەرانبەر دەسەلاتدار و بەهێزان بپارێزن(٩) مرۆڤی سۆفستایی بە تەواوەتی لەو باوەڕەدا بووە، بەهاو ڕێسا و قانوونەکانی ئاکار لە چەند دەستەواژە و بنەمایەکی داڕێژراوی دەسکردی دەستی کەسانێکی دیار بەولاوە نین کە بۆ مەبەستی تایبەتی دانراون و پابەند نەبوون پێوەیان سنووری ئاکار نابەزێنێ. ئەگەر مرۆڤی تاک لە هەموو شتێکدا، لە بوون و نەبووندا سەرپشک بێت، پێودانگی هەڵسەنگاندن و بریاردانیش هەر خۆی ڕۆیان دەنێ، بۆیە ئاسایی دەبێ ئەگەر بەهاو قانوون و دابونەریت پیرۆزی ڕەها لە دەست بدەن و بەپێی کۆمەڵگا و سەردەم بگرە لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی تر بگۆڕێن و بنەمای ڕێژەیی بیانگرێتەوە.

لە هەموو کات و شوێن و قۆناغێکدا، لە هەموو کۆمەڵگایەکدا جیاوازی و تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاکەرەوەی ڕەگەز و نەتەوە و کۆمەلایەتی هەبووە و هەیە و هەردەشمێنێ، ڕاستە هەر ئەو جیاوازییەیە گەوهەری بوون و ژیان دووپات دەکاتەوە، گومان کردنیش لە سنووری دیار و دەستنیشانکراو (میتودەیی) ڕەوایە و پاساو دەدرێ، بەلام گومانی ڕەها کە بنەماکانی ئاکار بگرێتەوە، خۆی لەخۆیدا پێشێل کردنی بنەماکانی ئاکارە و سنوورەکەی دەبەزێنێ و ئەنجامی چەواشە و پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. دروستە هەلومەرجی جیا شتی جیا دەهێنێتە کایەوە، بەلام تەنیا کەشوهەوای ئازاد و ئازادی– سەربەستی دەستەبەری دەرخستنی بەهای ڕاستەقینەی مرۆڤ دەبن. پێشێل نەکردنی ئازادی کەسانی تر و ڕێزگرتن لەو بەهایانەی بەپێی بنەما و ڕێسای کۆمەلایەتی ڕەنگرێژراون لە ئازادی خۆی کەمتر نین!.

### ئەفلاتوون

١– ئەگەر بەلای سۆفستاییەکان گومان لە بنەمایەکی هەمەکی جێگیری ئاکار کرابێ و لاواز و نەداران بۆ سوود و قازانجی کەسی خۆیان و دژ بە دەسەلاتداران، یاساکانی ئاکاریان ڕۆنابێ، ئینجا ئەوەی جاران بە چاکەکاری تەماشاکرابێ، لە چەند بەدکارییەکی پەردە پۆشکراو بەولاوە شتێکی تر نەبن، دەبێ هەڵوێستی ئەفلاتوون چی بێ و لەو بارەیەوە چۆن بووبێ؟!

چاکەکاری بەرانبەر وشەی (خێر)ی عەرەبی کە خەسڵەتی گەوهەریی کرداری مرۆڤە، ئیتر وەک چەمک، یان وەک بابەت سەرنج بدرێت هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانییەوە تاوەکو سەردەمی فەیلەسووفی ترانسندێنتالی ئەڵمان (ئیمانوێیل کانت) لە سەدەی هەژدە، چەمکی ناوەندی و سەرەکی فەلسەفەی ئاکار بووە، ئەو چەمکەش هەر لە سەرەتاوە توندوتۆڵ بە چەمکی بەختەوەرییەوە پەیوەست بووە.

ئایا ئەو بەختەوەرییە کە ئامانجی گشتی چالاکییەکی ژیانە، خۆی لە خۆیدا بوونێکی سەربەخۆی هەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە کەسێکی تری نا مندا هەست بە بوونی بکرێت، یان ڕەوشێکی دەروونییە و بەبێ بوونی مرۆڤی بەختەوەر، بوونی نابێت؟! ئایا ئەو بەختەوەرییە کە ئامانجی کاری ئاکاریشە لە دەرەوەی کارەکەدایە، لە ئەنجام و دەرکەوتەکانیدایە، یان کاری ئاکاری ئامانجەکەی لەنێو خۆیدایە و لەخۆیدا پاساوی خۆی تێدایە و بایەخەکەی ناوەکییە؟!

ئەگــەر مـــرۆڤ ســـەرنج بدات و لە بابەتی ئاکـــار وردبێتــەوە، دەبێ دوو بابەت- خـاڵ لە یەکـتـری جـیـا بکرێتەوە:

**یەکـەم:** کـاری ئاکـارییـانە، ئیـتـر ئەو کـارە بەهۆی پاڵنەری سروشتییەوە کرابێ، یان کارێک بێ، پشتی بە یاسـا و بنەمـا گشـتی و ڕێسـاکـانی ئاکار بەسـتـبێ و لەگەڵیاندا بێتەوە.

**دووەم:** بڕیار (حـوکم)ی ئاکـاری کە دەربارەی کـارەکە دەدرێ و دەردەکرێ، ئەو بڕیارە کە پتر لە دەستەواژەیەکدا کارێک ئارێ، یان نارێ دەکات بەبێ ئەوەی لە سروشتی کارەکە و ئەو ئەنجامەی لێی دەکەوێتەوە بگۆڕێ هەمیشە لەو دوو جۆر بەولاوە نەبووە:

– جـۆری یەکـەمی ئەو بڕیارانە پشـتـیـان بە ئایین و باوەڕ، یان بە دابونەریتی کـۆمـەڵایەتی بەسـتـووە. ئەو پشت بەستنە لەبەر تەنگ کردنەوەی ئازادی هەڵبژاردن و تەسک کردنەوە و سنوور بۆ دانانی بەولاوە شتێکی دیکە نییە، کە دەگوترێ ئەو کارە دەکرێ بکرێ و ئەوی تریان ناشێ و نابێ بکرێ (حـــەڵاڵ و حـــەرام)، ئەگـــەر بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنیش بژمێردرێ لە چوارچێوەی دەرفـەتی هەڵـبـژاردنی ئازاد دەچێـتـە دەرەوە و دەبێت بە فـرمـان. فـرمـانیش لە هەمـوو کـایە و بوارێکدا لەگـەڵ ئازادیدا نایەتەوە!

ئایین، دابونەریتی کۆمەڵایەتی لەژێر هەر ناوێکدا و بە هەر پاساوێک ڕێوشوێن و ڕێسای کارکردن دابنێن، هەر بە دەسەڵاتی دەرەکی دەرەوەی خودی مرۆڤ دادەنرێن و لە سەپاندنی ڕێ و شوێن و کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ بە تاک و کـۆ و کـۆمـەڵـگا بەولاوە شـتـێکی تر نییـە و نیـازێکی دیکەیان نیـیـە، ئینجا ئەو ڕێ و شـوێننانە هەرلایەک دایینێن گومـانکردنە لە توانایی هێـزی ژیری مـرۆڤ و بە کەم زانینیەتی، ئەو هەڵوێستە، باوک سالاری دێنێتەوە یاد، ئەو ڕەوشـە لەو سـەردەمـەدا بەهیچ بنەمـایەکی قانوونی و کۆمەڵایەتی و ژیر و لۆژیک پاساو نادرێتەوە!

– جـــۆری دووەم ئەو بڕیـارانەی دەربارەی کــــردارە ئاکارییەکانی مرۆڤ دەدرێن، پشت بە چەند بنەمایەک دەبەستێ، ئەو بنەمایانە لافی ڕەهایی و کارایی لێدەدەن و گوایە پەکیـان لەسەر کات و شوێن نەکەوتووە و ئەگەر گـۆڕان هەمـوو شـتـێک بگرێتـەوە، ئەوان لێی بەدەرن و ناگۆڕێن.

٢- بە هەر جۆرێک هەڵوێستی سۆفستاییەکان لە جیهاندیدەکەیان بە گشتی و لە کایەی ئاکاردا بە تایبەتی لێک بدرێتەوە، ڕەوشێکی نوێ لە یۆنانی ئەو سەردەمە هاتە کـایەوە، کـاریگەرییـەکی بەرچاوی لەسـەر ژیان و هزرو بیری خەڵک بەجێ هێشتووە، بە تایبەتی لەو سێ خاڵەدا:

**یەکەم:** پاشەکشێ کردنی ڕۆڵ و دەسەڵاتی لە سنوور بەدەری ئایینی ئەوسای یۆنان لە ژیاندا.

**دووەم:** ڕێکخـسـتنی کـاروباری ڕۆژانەی سـیـاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگاو دەوڵەت و لێکدانەوە و شرۆڤـەکردنی ڕێوشوێنەکـانی ئاکـار بەبێ پەنابردنە بەر ئایین و پشت بەستن بە دۆگم و بنەماکانی.

**سێیەم:** بەو پێیەی مرۆڤ پێودانگی هەموو شتێکە، ئەوەی هەیە و ئەوەی نیـیـــە، ژیر و لۆژیک بوون بە شائامرازی چالاکی بیروهزر و پەیڕەو کراون.

شاکاری «کۆماری» ئەفلاتوون نموونەیەکە ئەو ڕەوشە بە تەواوەتی بەرجـەسـتـە دەکـات. ئەو بەرهەمـە پەروەردە، سیـاسـەت، هزری کۆمـەڵایەتی و بابەتی ئاکاری کردووە بەناوەڕۆک و کـەرەسـەی توێژینەوە. تێـیـدا مـرۆڤ و دەوڵەت لەگـەڵ یەکـتری بەراورد دەکـات و بابەتی ئاکـار لەگەڵ سیـاسـەت دەخاتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە. دەوڵەت و مرۆڤ پێوەندییـەکی توندوتۆڵی دەسـتـیـاوی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە، بگرە ژیانی کۆمەڵایەتی وای کـردووە ئاکـار، کـە کـرداری مـرۆڤ دەکـات بە کـەرەسـەی توێژینەوە، بەشێک بێت لە سیاسـەت و لێی دانەبڕێت. ئەگەر ئاکـار کـاروباری کردەوە و ڕەفـتـاری مرۆڤ (تاک) ڕێک بخـات، ئەوە سـیـاسـەت کـاروباری بەڕێوەبردنی (حوکمڕانی) ئەو کۆمەڵگایە کە مرۆڤی تاک ئەندامێتی جێبەجێ دەکات. لێرەوە ئەگەر دادپەروەریی لە دەوڵەتدا مەبەستی سەرەکی و دوائامانجی سیاسەت بێ، ئەو دوا مەبەستە لەگەڵ مەبەستی سەرەکی ژیانی مرۆڤدا دێتەوە و دەگـونجێ. کـەوابوو دەبێ دوا مـەبەست و ئامـانج لە ژیانی مرۆڤدا بەبۆچوونی ئەفلاتوون چی بێت؟ ئامانجێک خـۆی لەخـۆیدا ئامـانج بێت نەک ئـامـراز بێ بەرەو ئامانجێکی دیکە!؟

ئەگەر چاکەکاری لەخۆیدا بابەتی سەرەکی ئاکار بێت، ئەو چاکـەکارییـە بەهیچ جۆرێک لە چەمکی بەختـەوەری جیا ناکرێتەوە و بەختەوەریش خۆی دوا ئامانجی ژیانی

مرۆڤە، ژیانی مرۆڤ بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە ئیتر هی هەر تاک و کەسێک بێت، لە کۆبەکی سەرجەم و تێکڕای ڕووداو و چاوەڕوانی و هیــوا و ئاوات و چەند هۆکــاری کــاریگەر کە بە چەند چاکەکــارییــەکەوە بەندن، بەولاوە نییــە، بەڵام ئەو شــتـە چاکــانە چەند جۆرن و بەپێی ئەو ئەنجامەی لێیــان دەکەوێتــەوە و لێیــان چاوەڕوان دەکرێ جیاوازن؟ ئەفلاتوون گوتوویەتی:

ئەو شــتــانەی پێیــان دەگــوترێ چاکە و چاکــەکــار، سێ جۆرن:

– هەندێکیــان لەخۆوە بەبێ گوێ دانە ئەو ئەنجامــانەی لێیان دەکەوێتەوە چاکە و چاکەکارن.

– هەندێکی دیکە، جــۆری دووەم بۆ خــۆی لەخــۆیدا، ئینجا بەهۆی ئەو ئەنجامانەی لێیان دەکەوێتەوە بە چاکە و چاکە کار ناودەبرێن وەک زانین و دیتن و لەشساغی.

– جــۆری ســێــیــەم(۱۰) وەک وەرزش و پزیشکی و هونەری سوودبەخش

جۆری یەکەمــیان بەرانبەر دادپەروەرییە لە دەوڵەتدا و بەرزترین چاکــەکــارییــە، چونکە ئامــراز نیــیــە بەرەو چاکەکارییەکی بەرزتر و خۆی لەخۆیدا ئەو چاکەکارییە خوازراوەیە.

بەختەوەری دوا ئامانجی ژیان و کرداری تاک و مرۆڤ، بەڵام مرۆڤیش لەلای خۆیەوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزەو وەک دەوڵەت چۆن لە چینی جـــیـــاواز پێکهـــاتووە و دادپەروەرییەکەی لەوە دەکەوێتەوە تا چەند هەر چینە ئەو ئەرکە ڕادەپەڕێنێ کە سروشت ئاسا پێی سپێردراوە و تا چەند هەمــاهەنگی و تەبایی و هاڕمــۆنی لەنێــوان ئەو پێکهاتە جیاوازانەدا هەیە.

مــرۆڤ خــۆی لە سێ هێــز پێکهــاتووە و هەر هێــزە چاکەکاری تایبەتی خۆی هەیە و لەخۆیدا سەربەخۆیە و لە هەمــان کــاتدا پێــوەندی دەســتــیــاوی ئۆرگــانی لەنێــو هەرسێکیاندا هەیە و هەماهەنگی و هاڕمۆنی و تەبایی و پێکەوە گــونجــانیــان دەســتــەبەری ژیانی ئاکــاری و بەخــتــەوەری دەبێت. بیــرۆکــەی «پێکەوە گــونجــان» کــە ئەفلاتوون بە مەرجی بەختەوەری مرۆڤی داناوە، دەکرێ لە دوو ڕوانگەوە سەرنج بدرێت:

– لە لایەکــەوە جــۆرە گــوێڕایەڵی و ملکەچیــیــەک بەرجەستە دەکات، ملکەچی هێزی خوارەوە بۆ سەرەوە و گوێڕایەڵی کردنی فرمان و ئەرکەکانی.

– ئەوی تریان پێکەوە گونجانی هێزەکان و تەواوکردنی یەکتریان.

هێزەکانی پێکهاتەی دەروونی مرۆڤ بەو جۆرەن:

– هێزی ژیر، چاکەکارییەکەی دانایی و ژیرییە.

– هێــزی تووڕەبوون، چاکــەکــارییــەکــەی ئازایەتی و بوێرییە.

– هێزی زاوزێ، چاکەکارییەکەی داوێن پاکییە.

هەریــەکــێک لەو چاکــەکــارییــانە Tugend ڕێنمــایی هێــزەکــەی خــۆی دەکــات و لە توندڕەوی و بەلاڕێگادا ڕۆیشتن دەیپارێزێ. بەو پێیە ئەگەر ئەو چاکەکارییانە لە ئەرکی ســەرشــانیــانــدا ســەرکــەوتن، ئەوە هێــزی زاوزێ ملکەچی هێزی تووڕە بوون دەبێ و ئەو هێزەش گوێڕایەڵی ژیر و دانایی دەبێ. ئەو پرۆســـــیە دەســـــتـــــەبەری جێگیرکردنی هەماهەنگی و تەبایی و نەزم و گونجان لە دەروونــدا دەبێ و مرۆڤ بە بەختەوەری شاد دەبێ.

ئەگــەر هاتو ئەو هێــز و ئەندامــانەی لەشی مــرۆڤ بە تەواوەتی ئەرکی پێ سپێردراویان جێبەجێ کــرد، ئەوە مــرۆڤــیش دەتوانێ ئەرکی ڕاســتــەقــینەی ســەرشــانی ڕاپــەڕێنێ و دادپەروەرانە ڕەفــتــار بکات(۱۱). ئەوەیە مــەبەســتی ئەفــلاتوون کــە بەخــتــەوەریی و دادپەروەریی بەیەکەوە گرێ داوە و دادی لەوەدا دیوە کە هەرکەسە ئەو پلەوپایە و ئەرکەی پێی سپێردراوە، جێبەجێی بکات و هەوڵ نەدات پایە و مــەڵبــەندی خۆی بگۆڕێ. ئەگەر هاتو دانایی و ژیریی و ئازایەتی و داوێن پــاکی کــــە ســێ چاکەکاری گەوهەری مرۆڤن، پێکەوە گونجان و تەبابوون، هەماهەنگ بوون دوا ئامانجی ژیان کە بەختەوەرییە دێتە دی.

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە بەختەوەری ڕەوشێکی دەروونی مــرۆڤی بەخــتــەوەرە و بەهیچ جۆرێک ناکرێ بە دەر و جــیــا لە هەلومــەرجی ئەو ڕەوشە ســەرنج بدرێت، ئەوی لە بیارەکــەی ئەفــلاتووندا دەردەکــەوێ، لە چاوی ئەمـــڕۆدا نائاســـایی دێتـــەبەرچاو ئەوەیە: بەچاوێک تەمــاشــای مــرۆڤ کــراوە کــە ئامــرازێکە دەکــرێ کــۆنتــرۆڵ بکرێت و بەپێی مەبەست بە ڕێگادا ببرێ، ئینجا ئازادی و بەختەوەریی و دادپەروەری بۆ دەستەبەر بکرێ. لێرەدا هیــچی تر مرۆڤ بە واتا گــشتــیــیەکەی مەبەست نابێ و دەبێ بە ئامراز، ئامرازێک کە بەپێی نەخشــەی ڕەنگ بۆ ڕێژراو، پێشیانە بەکاردەهێنرێ.

ئەو بۆچوونەی لەو جیهاندیدە ئایدیالیستییە دوور لە هەڵکەوتی لە ئارادابوو، وێنا کراوە پتر بەلای ڕۆحانیەتی سۆفیگەریەتیدا دەشکێنێ کە لە دەریای ئایینیدا نقوم بووە. بە کەم زانینی جیهانی بەرهەست و ڕووکردنە جیهانی ئایدیا و سەرووسروشت، گەواهی ڕاستی ئەو قسەیەمانە.

## ئەرستۆتالیس

١- شاکاری «ئاکاری نیکۆما خوس» شان بە شانی بەرهەمی بێ وێنەی سەردەمی خۆی «ئاکاری ئویدیمۆس» ئەو دوو سەرچاوە لەبن نەهاتووەن جیهاندیدی و فەلسەفەی ئاکاری مامۆستای یەکەم لێوەیان هەڵقولاوە.

لە سەرەتای ئاکاری نیکۆما خوسدا ئەرستۆ گوتوویەتی:

«هەموو هونەرێک، هەموو توێژینەوەیەکی ڕێکوپێکی ژیرەکی، هەموو کاروکردەوەکانمان، هەموو مەبەست و ئامانجێکی ئاکاریی وا دەردەکەوێ مەبەستەکەیان شتێک بێ لە چاکەکاریی کە ئارەزوو و حەزی پێگەیشتنی دەکەین.» (١٢)

ئەگەر چاکەکاری مەبەست و ئامانجی هەموو کار و کردەوە و چالاکییەک بێ، ئەو چاکەکارییە چییە و چۆن پێناسە دەکرێ؟ چەند جۆری هەیە؟ ئایا ئەو چاکەکارییە خۆی لەخۆیدا ئامانجە، یان ئامرازێکە ڕێگا بەرەو ئامانجێکی دیکە خۆش دەکات کە خۆی لەخۆیدا دوا مەبەستە؟

ئەو چاکەکارییە ناکرێ خۆی لە خۆیدا دوا ئامانج بێت، چونکە هەر کارو چالاکی و هونەرێک مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە پزیشکی ئامانجێکی هەیە بریتییە لە دەستەبەربوونی لەشساغی، جیایە لە ئامانجی جەنگی کە سەرگەرمی داگیرکردن و سەرکەوتنە، ئابووری مەبەستیەتی سامان و ماڵی دنیا بەدەست بهێنێ. کەوابوو چاکەکاری و مەبەستەکان بەپێی کاروچالاکییەکان جیاواز و فرە ڕەنگن، بۆیە ناکرێ دوا ئامانجی مرۆڤ بن.

ئەگەر ئەو چاکەکارییە تاک و هەندەکییانە نەکرێ دوا ئامانج بن، گومان لەوە ناکرێ کە چاکەکاریی بەرز هەیە هەموو ئەو چاکەکارییانە لەخۆیدا کۆ دەکاتەوە و دەیانگرێتەوە. ئایا ئەو چاکەکارییە بەرزە حەز و ئارەزوو و چێژە Lust یان بابەتێکی دیکەی لەسەروو ئەو چێژەوەیە کە لەنێو هەموو گەل و نەتەوەکاندا بە بەختەوەری Gluck دادەنرێ و ناودەبرێ؟ پێوەندی ئەو بەختەوەرییە بە ئاکارەوە و بە بابەتی ئاکارەوە کە کردەوەی ئازادی مرۆڤە چییە و چۆنە؟

## ناوەڕاستی زێڕین

٢- لەلای خۆیەوە ڕاستییەکە دەرفەتی هیچ ئەگەر و گومانێک نادات کە چێژوەرگرتن بەشێکی گرینگی بەختەوەرییە و لە هیچ کات و شوێنێکدا بەختەوەری بەبێ چێژ وەرگرتن نابێ و لە هیچ سەردەم و شوێنێکدا بەختەوەری لە ئێش و ئازارەوە نەکەوتۆتەوە. بە قسەی مامۆستای یەکەم، پشت ئەستوور بەو بۆچوونە، دەکرێ لە سێ لاوە سەرنجی چێژ بدرێت:

**یەکەم:** هیچ کاتێک ناکرێ چێژ و حەز چاکەکاری باش بێت.

**دووەم:** هەندێک چێژ چاکن، بەڵام بەتێکڕایی خۆی بەدکارییە.

**سێیەم:** چێژ تا ڕادەیەک باشە و چاکە، بەڵام باشترین نییە(١٣).

خاڵی یەکەم ناکرێ چێژ بێت، بەڵکو ئەمە ئێش و ئازارە. چێژ کە لەجیاتی وشەی(لەزەت)ی عەرەبی بەکارهاتووە، هەمیشە چاک و چاکەکارییە، چونکە هیچ ژیرێک لەو باوەڕەدا نابێ کە ئێش و ئازار بێت و چێژی لێ وەربگرێت، بۆیە دەبێ ڕێتێچوونی سێیەم پەسند بکرێت کە چێژ تاڕادەیەک باش و چاکەکارییە، بەڵام باشترینی چاکەکارییەکان نییە. باشە ئەگەر بێتو چێژ بە پێچەوانەی ئێش و ئازارەوە بێت و خۆی لەخۆیدا بەجۆرێک لە جۆرەکان چاکەکاری بێت، چاکەکاری خۆی لەخۆیدا چییە؟ چاکەکاری لەخۆیدا بەختەوەرییە. دوو جۆرە چاکەکاری هەیە:

- چاکەکاری ژیر.
- چاکەکاری ئاکار.

چاکەکاری دووەم کە بابەتی ئەم نووسینەیە لە جیاتی وشەی «فەزیلەت»ی عەرەبی و وشەی ئەڵمانی Tu-gend بەکارهاتووە، بریتییە لە بابەتێکی ناوەڕاستی دوو بەدکاریی کە یەکێکیان زیادەڕۆیی و ئەوی دیکەیان کورت هێنانە(١٤). بۆ نموونە ئازایەتی ئەگەر

بەچاکـەکـاری دابنرێت لە ناوەڕاسـتی دوو بەدکـاریدا (ڕەزیلەت)ی یەکـێکیـان هەڵەشـەیی و ئەوی دیکەیان ترسنۆکییە.

٣- مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە ئەرک و فرمانی دیاریکراوی کــەوتۆتە ئەســـتـــۆ، ئۆباڵی چالاکی دەستنیشـانکراو دەکێشێ، مافی تایبەتی خۆی هەیە، ژیانیشی ئامـانجی تایبـەتی هەیە کـە بریتـیـیـە لە «بەختەوەری». ئەو بەختەوەرییە لەلای هەموو کەسێک خـۆی لەخـۆیدا دوا ئامـانجـە و ئامـراز نیـیـە بەرەو ئامـانجێکی باڵاتر، لە هەمـوو کـۆمـەڵگا و سـەردەم و جێگایەکدا ئەگـەرچی بەپێی زمـانە جیـاوازەکـان ناوی جیـای لێنرابێ، هەمـیـشـە سـەرمـەشـقی مـەبەست و ئامـانجـەکـانی ژین بووە. ئەو ئامـانجـە باشـتـر ڕوون دەبێتەوە، ئەرستۆ گوتەنی، ئەگەر سەرنجی پێکهاتە و بەشەکانی ژیان بدرێت.

ژیانی مـرۆڤ بە بۆچوونی مـامـۆسـتـای یەکـەم لە سێ پشکی سەرەکی پێکهـاتووە، ئەگەر هەریەکەیان بەجیا و سـەربەخـۆ سـەرنج ڕابکێشـن، ئەوە لەدوایین دەرکـەوتن یەکەیەکی تۆکمەی یەکڕەنگی بەرجەستە دەکەن:

**یەکـەم:** ژیانی هەسـتـەکی. نزمـتـرین ئاست و پلەی ژیانە، چونکە تەنیا هەر چێژ وەرگرتن و خۆشی بە ئامانج دادەنێ.

**دووەم:** ژیانی سیـاسی و کۆمـەڵایەتی، مـەبەسـتی ئەو لایەن و پشکە پلەوپایە و هێز و دەسەڵاتە.

**سێیەم:** ژیانی ژیرەکی، ئەمە لە خۆیدا ژینی چاکەکاری و بیـرکـردنەوە و ڕامـان و سـەرنجـدانە بەبێ ئەوەی مـەبەســـتـێکی دیاریکراوی هەبێت، ئەوە ژینی ئەو کـەسـانەیە کە داناو ژیرن و بەخـتـەوەریشن. بەپێی ئەو دابەش بوونە دەبێ سێ جۆر بەختەوەری هەبێ:

- بەختەوەری هەستەکی.
- بەختەوەری سیاسی.
- بەختەوەری ژیرەکی کە بەرزترین ئاستی بەختەوەری مرۆڤە. مرۆڤیش لە خۆیدا بوونەوەرێکی ژیر و دانایە.

- ئاکـاری بەخـتـەوەری گـەوهەر و پوخـتـەی ئەو جیهاندیدەی ئاکارە کە مامۆستای یەکەم ڕەنگی ڕشتووە و لە سێ خـاڵدا بەرجـەسـتـە بووە کـە لەناوجـەرگـەی کۆمەڵگای ئەوسای یۆنانەوە سەرچاوەی گرتووە:

**یەکەم:** مـرۆڤ سـەرپشکە، بەدەست خۆیەتی بیـەوێت بەختـەوەر بێت، یان نا. هەر خۆی بەخواستی خۆی بڕیار دەدات ئایا چاکە بکات، یان بەدکار بێت!

**دووەم:** بابەتی ئاکار بەوەدا خۆی لە بابەتەکانی دیکە هەڵداوێری و جیادەکاتەوە، کە بە تەنیا زانینی چاکەکاری بەس نییـە بۆ ئەوەی مـرۆڤ پیـاوی چاک بێت. ئەمـەش ڕەت کـردنەوەی قـسـەکـەی سوقراتە کە گـوتبـووی: زانین چاکەکارییە و نەزانین بەدکارییە!(١٥).

**سێـیـەم:** دوا ئامـانجی ژیان و کـرداری ئاکـارییـانە، کـردارێک شـایسـتـەی ئەوە بێت خـەسـڵـەتی ئاکـاریی پێبەخشرێ ئەوەیە: مرۆڤ خۆی لەخۆیدا و بەخواستی خۆی چاک و چاکەکار و کار ڕاست بێ(١٦).

**بابەتی ئاکار لە قۆناغی هیلینستیدا**

وشـەی هیلینسـتی لە بەرانبـەر وشـەی هێلیندا بەکـاردەهێنرێ. هەردوو وشـەکـە یۆنانین و ئاماژە بە دوو قـۆناغی فـەلسـەفـە و کـولتـووری تاڕادەیەک لەیەکـتری جیاواز دەکەن.

هیلینی بە فـەلسـەفـەی یۆنان دەگـوترێ تاوەکـو دەست پێکی هێـرشـەکـانی ئەسکەندەری مـەکـدۆنی بەرەو ڕۆژهەڵات. لەو قـۆناغـەدا دەکـرێ باسی فـەلسـەفـەی بێگەردی یۆنان بکرێ کە جێ دەستی هیچ جۆرە کولتوور و فەلسەفەیەکی بیانی تێدا نەبووە، بەڵام هیلینستی بەو قۆناغە دەگوترێ کە بەهۆی هێرشەکانی ئەسکەندەرەوە فەلسەفەی یۆنان تێکەڵاوی ئەفسانە و داستان و ئایین و «کـولتـووری» ڕۆژهەڵات بووە. لە ئەو قـۆناغـەدا کـە فەلسەفەی یۆنان تاڕادەیەک سروشتە ڕەسەنەکەی خۆی لە دەست داوە چەند خـاڵ و تایبـەتمەندییـەک سـەرنج ڕادەکێشن دەکرێ بەو جۆرە پوخت بکرێنەوە:

ئەگـەر هێرشـەکـانی ئەسکەندەر بەرەو ڕۆژهەڵات لە دە ساڵدا ئاسیـای بچووک (تورکیـای ئێسـتا) و سـوریا و میـسـۆپۆتامیـا (عیـراقی کراو بە عـەرەب و کوردسـتـانی باشوور) ئێران، ئەفغانسـتان، پاکسـتـان، سەمەرقەند، تاجیکستـان و بەشێک لە میسر (کە شاری بەناوبانگی ئەسکەندەرییـەی دروست کـردووە و بەنـاوی خـۆیەوە ناونراوە) و داگیرکردنی بەشێک لە هیندستان و لە زۆر مـەڵبـەندا زمـانی یۆنانی کـردبێ بە زمـانی فـەرمی و کــولتــووری ئەو وڵاتانەی تێکدابێ، ئەوە لە وڵاتی یۆنانیش ئەنجامی ئەو هەڵمەتانە کەمتر کاریگەر نەبوون

و بگرە سەرتاپا هەلومەرجی ئابووری و سیاسی و ئایینی و کولتووری و هزری (بیری) وڵاتەکەیان گۆڕیوە.

لە کاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتدا ئایینی بەربڵاوی زەردەشتی دەستێکی جەرگبڕی لێوەشێنرا، ئاڤێستا سووتێنرا، کەچی لە هیچ دەڤەرێک لەو ناوچانە کولتوورێک بە زمانی یۆنانی سەری هەڵنەداوە و گەشەی نەکردووە. بە پێچەوانەوە لاوازبوونی زەردەشتی زەمینەی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لەناوچەکەدا خۆش و لەبار کردووە، بەڵام لە وڵاتی یۆنان خۆیدا ئەوی پێوەندی بە بابەتی ئاکار و ژیانی ڕۆژانە و کولتوورییەوە هەیە، پڕیشکی ئەو گۆڕانانەیان پێ هەڵپڕژاوە و لە چەند خاڵێکدا ئەو جێ دەستە بەرجەستە بووە:

- لەلایەکەوە هەست و تەوژمی گۆشەگیری و تاکڕەوی بووە بە تایبەتمەندی و سروشتی بەرچاوی مرۆڤی هزرمەند و ڕووناکبیر لەو سەردەمەی یۆناندا.

- سنووری هەستی نەتەوەیی کاڵ بۆتەوە. مرۆڤ هەستی بەوە کردووە کە ژیان فراوان و پانو بەرینترە و جیهانیش لە یۆنان گەورەترە، بۆیە تاکی یۆنانی بەپێچەوانەی پێشووەوە وای داناوە کە ئەندامی جیهانێکی بەرینی بێ سنوورە. ئەو ڕەوتە بە یۆنانی بە کۆسمۆپۆلیتی (Kosmopolit) واتە مرۆڤی جیهان ناوبراوە.

- بابەتی بەختەوەری بە هەڵسەنگاندنی جیاواز و لە جیهاندیدی جۆراوجۆرەوە بووە بە خولیای سەرەکی خەڵک لەو قۆناغەدا. لێرەوە ئەوەندەی لە توانایدا بووە کاروباری ژیانی ڕۆژانە، چێژوەرگرتن لەخۆشییەکانی ئەمرۆی ژیاندا بەو پێیەی چۆن ئەوکاتە مرۆڤ ژیانی بەسەر بردووە و لە ژیان تێگەیشتووە، بەهەند دانراون و بایەخیان پێ دراوە.

- لە هەموو ئەو خاڵانە گرینگتر، بە تایبەتی لە کایەی کولتووردا، لەجیاتی ئەوەی لەو قۆناغەدا فەلسەفەی یۆنان کار لە کولتووری ڕۆژهەڵات بکات، ڕەوشەکە بەلایەکی دیکەدا کەوتەوە: باوەڕی ئایینی، سۆفیگەرێتی ڕۆژهەڵات و زوهد و تەقەشوف) پشت کردنە خێروبیر و خۆشی جیهان و ژیان لە یۆناندا بڵاوبوونەتەوە و لە ژیان و کردار و نووسینی هزرمەند و ڕووناکبیران ڕەنگی داوەتەوە. لە ئەنجامدا گەشبینی یۆنانی پاشەکشەی کردووە و نائومێدی و ڕەشبینی ڕۆژهەڵات بڵاوبۆتەوە و پەلی کوتاوەتە نێو هەموو بوارەکانی ژیان و کولتوورەوە.

**ڕێبازی ستۆوا**

١- ڕێبازێکی گرینگی فەلسەفەی دوا قۆناغی پیادە ڕەوەکانە (ئەرستۆ و شاگردەکانی) ستۆوا خۆی Stoa وشەیەکی یۆنانییە بەرانبەر بە وشەی (دیواق)ی عەرەبی و داڵانی کوردی بەکارهاتووە، ئەو داڵانە کە ناوی ڕێبازەکەی تۆمار کردووە لەناوی ئەو جێگایە کەوتۆتەوە، کە ڕابەرەکەی زینو (٣٤٢-٢٧٠ پ.ز) وانەی تێدا گوتۆتەوە.

ستۆوا لەجیهاندیدە گشتییەکەیدا دەکرێ بخرێتە خانە مەتریالیستی (ماددی)یەوە. مەتریالیزم لایەنێکی سەرەکی فەلسەفەیە، لە چوارچێوەی تیوری زانین و میتافیزیکدا لە دوو لاوە چالاک بووە.

- بەرانبەر بە دۆگم و باوەڕ و ڕێوشوێنەکانی ئایین هەڵوێستی دیار و ئاشکرای هەبووە.

- بوون بەگشتی و جیهان بە تێکڕایی بەهۆی تاکە بنەمایەک لێکدەداتەوە و شرۆڤە دەکات. ئەو ئەرکە لە دوو بەرەدا جێبەجێ کراوە:

**یەکەم:** گێڕانەوەی فرە ڕەنگی و هێنانەوەی هەمەجۆری بۆ سەر یەک ڕەنگی و دارشتنی لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا کە ببێ بە بنەمایەک و بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکردن پشتی پێ ببەسترێ.

**دووەم:** دەستنیشانکردنی تاکە کەرەسە و بنەما و هەوێنێک کە سەرچاوەی پەیدابوون و کەوتنەوەی هەموو شتێک بێت.

بەو پێیە ستۆوا وای بۆ چووە کە بوونی مەتریالیستی (ماددی) تاکە بوونی ڕاستەقینەیە، ئەوی ماددە نەبێت نابوونە و ئەوەی بە ڕاستی هەبووە و هەیە لەش و ماددەیە! ئەو بۆچوونە بە تەواوەتی ڕەنگی لەسەرتاپای جیهاندیدەکەی ئەو ڕێبازەدا داوەتەوە، لە بنەماکانی ئەو ئاکارەی ڕەنگی نەخشەکەیان ڕشتووە کاری بەرچاوی کردووە و ئەنجامی سەرنج ڕاکێشی لێکەوتۆتەوە. کێشەی کردەکی ئاکار، بنەماکانی بەختەوەری مرۆڤ و ئارامی و ئاسوودەیی دەروون و سەر ڕەحەتی، ئەو بابەتانە بوون کە سەرگەرمی لێکۆڵینەوەیان بووە(١٧).

٢-مرۆڤ لەلای ستۆوا جیهانێکی بچووکە بەرانبەر بە جیهانێکی گەورە کە بەگەردوون ناوبراوە. بەختەوەری دوا

ئامانجی مرۆڤە، هی هەموو کردارێکیەتی Telos کە واتا ئەو بەختەوەرییە لەخۆیدا چییە و چۆنە؟ چۆن مرۆڤ بەدەستی دەهێنێ و پێیدەگات؟!

لە وەڵامی ئەو دوو پرسیارەدا دروشمی سەرەکی ئەو ڕێبازە دەردەکەوێ:

- جیهان لە هەموو شتێکیدا، لە گۆڕان و بەرەوپێشچوونیدا، لە پەیدابوون و لەناوچوونیدا پابەندی یاسایە و هیچ جۆرە لادانێک لەو پابەندبوون و قانوونە نییە، چونکە بنەمایەکی ناچارییە. مرۆڤ لەخۆیدا بوونەوەرێک، گیانلەبەرێکی ژیرە، بۆیە دەبێ «لەگەڵ سروشتدا تەبا بێت» (١٨) ئەو تەباییە لەوە بەولاوە شتێکی دیکە نییە کە دەبێ مرۆڤ بەپێی قانوونەکانی بوون ڕەفتار بکات و کردارەکانی لەگەڵ ئەو بنەمایەدا گونجاو بن و بێنەوە. بەپێی سروشت بگونجێت و بژیەت. قانوونەکانی سروشت لە خۆیاندا قانوونەکانی ژیرن، بۆیە گونجان لەگەڵ سروشتدا گونجانە لەگەڵ بنەماکانی ژیر، ئەو گونجان و تەباییەش لەخۆیدا چاکەکارییە و پێچەوانەکەشی بەدکارییە! ئیتر ئەو سروشتە مەبەست هەڵکەوتی دەوروبەر بێت، یان سروشتی ناوەکی- ناخی مرۆڤ خۆی بێت، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ و کاڵ ناکاتەوە، ئەوی لێرەدا پێویستە سەرپشک بێت و پەیڕەو بکرێت و ژیر Logos خۆیەتی! ژیر خۆی بنەما و هۆکاری هەموو چاکەکارییەک و هاندەریشیەتی، چاکەکاری لە بەختەوەری کە لێوەی کەوتۆتەوە بەولاوە نییە.

- پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە سنووربەزێنن. هەست و سۆز و ئاواتیش هیچ ڕادە و تێربوونیان بۆ نییە، بەڵام ئەو ڕەوشەی بۆ مرۆڤ دێنە پێشەوە لەگەڵ ئەوەی لە ناخی دەروونیدا پەنگ دەخۆنەوە و ئاواتی بەدیهێنانیان دەخوازێ پێکەوە ناگونجێن، بۆیە سەیر نییە کە بەهۆی شارەزابوون لە زوهد و پشتگوێ خستنی دنیا و ژیانی ڕۆژانە و خەمساردی بەرانبەر ئەوەی لە ئارادایە و لە ڕۆژهەڵاتدا باوبوون، یۆنانییەکان بەگشتی و ستۆوا بە تایبەتی سوودیان لێ وەرگرتبێ و پەیڕەویان کردبێ و ئەمە بووبێ بە مایەی ئەوەی بەختەوەری، چێژتنی خۆشی و خێروبێری ژیان و جیهان (دنیا) بە بارێکی نالەبار (نێگەتیڤ) لێکبدەنەوە. ئەو لێکدانەوە نالەبارە (سلبییە) بە دوو جۆر ڕەنگی بۆ ڕێژدراوە:

**یەکەم:** چاکەکاری (فەزیلەت) بەوەدا دەردەکەوێ خاوەنەکەی بە چ نیازێک کردوویەتی؟ ئەگەر مرۆڤ ویستی کارێکی چاک بکات و بە نیازی پاک و چاک کردی و هەوڵی بۆدا، بەڵام نەیتوانی تێیدا سەرکەوتووبێ و نەگەیشتە ئاکام، ئەوە کارەکەی هەر بەچاکەکاری- بەپێی ئەو نیازەی لێ هێناوە- دادەنرێ.

**دووەم:** ئەوەندەی مرۆڤ بۆی بکرێت و بتوانێ دەسەڵاتی بەسەر دەروونی خۆیدا بشکێ، با چێژتنی خۆشییەکانی ژیان کەم بکاتەوە و ڕێگای دەمارگیران و گرژبوون و هەڵچوون نەدات. خۆ ئەگەر نەیتوانی دەوڵەمەند بێت، با نەهێڵێ دەست کورت و هەژار بێت، ئەگەر چاکەی لە دەست نەهات، با بەدکار نەبێ! ئینجا کۆشش بکات ئێش و ئازاری ژیان کەم بکاتەوە.. ئەمە جۆرە سەربەخۆییەکی دەروونی و ئارامی دابین دەکات و دەستەبەر دەبێ. مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە کە لە ناخی دەروونیدا، لە دڵیدا ئازادە، ئەو کارە دەکات کە ژیر و لۆگۆس ڕێی نیشان دەدەن(١٩).

ئەوەیە گەوهەر و پوختەی ئاسوودەیی و ئارامی دەروون کە لە جیهاندیدی ستۆوا (ڕیواقیدا) بە بەختەوەری نالەبار (نێگاتیڤ) ناوبراوە.

## ڕێبازی ئەپیکور

١- ئەپیکۆر (٣٤١- ٢٧٠ پ.ز) بە ڕابەر و دامەزرێنەری ئەو ڕێبازەی فەلسەفە دادەنرێ و ناوەکەشی بووە بە ناوی ڕێبازەکە. ئەو ئاراستە فەلسەفییە جیهاندیدێکی فرەڕەنگی لە ئاکار و هزری کۆمەڵایەتی و لۆژیک و فیزیک پێکهاتوو ڕەنگ ڕشتووە. ئەپیکور لەو باوەڕەدا بووە کە ژیان لەخۆیدا ئامانجی دیار و ئاشکرای هەیە، ئەو ئامانجەش لەخۆیدا بەختەوەرییە و لەوە بەلاوە شتێکی تر نییە، بەڵام ئایا ئەو بەختەوەرییە چییە؟ پێوەندی بە چێژ و چاکەکارییەوە چییە و چۆنە؟ کامیان ئامرازن و ڕێگا خۆشکەرن بۆ ئەوی تریان؟ هیچ گومان لەوە ناکرێ کە ئاسوودەیی و ئارامی و دڵنیایی ناخی دەروون ئاوات و ئامانجی هەموو مرۆڤێکی ژیرە، چێژتنی خێروخۆشی و دوورکەوتنەوە لەئێش و ئازار و ترس و دڵەڕاوکێ بە پشتیوانی چاکەکاری ڕێگا بۆ ئەو ڕەوشەی سەر سووکی و بێ وەیی ئازار کەم کردنەوەیە خۆش دەکەن، بۆیە سەیر نییە کە ئەو ڕێبازە پاساوی پێویستی

و بایەخ و گرینگی چێژ بداتەوە. ئەو پاساودانەوەیەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو فەلسەفەیە چێژ و خۆشی بە چاکەکاری و ئێش و ئازار بە بەدکاری دادەنێ. ئەو ئەنجامەش کە لەو بڕیارە دەکەوێتەوە ئەوەیە کە ئەپیکور وای داناوە: چاکەکاری بایەخەکەی لە خودی خۆیدا نییە، بەڵکو لەو چێژەدایە کە لێوەی دەستگیر دەبێ و دەکەوێتەوە(٢٠)، ئەمەش دووخاڵ دووپات دەکاتەوە:

**یەکەم:** هەموو چێژ و خۆشییەک چاکەکاری و باشە، ئەگەر ئێش و ئازاری لێنەکەوێتەوە، ئەگەر ئازاری لێکەوتەوە دەبێ بە بەدکاری و دەبێ مرۆڤ دەستبەرداری ببێ.

**دووەم:** ئەگەر ئێش و ئازارێک چێژ و خۆشی لێکەوتەوە، دەبێ پەسند بکرێت.

چێژ و خۆشی درێژخایەن هەمیشە بەختەوەری لێدەکەوێتەوە، بەڵام ئەو چێژ و خۆشییە دووجارن: هەندێکیان پێوەندییان بە هەستەکانەوە هەیە و بەچێژی هەستەکی ناودەبرێن و ئەوانی دیکە ژیرەکی و گیانین، بەڵام جۆری دووەمیان، بە بۆچوونی ئەپیکور دەخایەنن و بەردەوام دەبن، بۆیە دەبێ مرۆڤ هەوڵ بدات دەستی بەسەر (نەفس) و دەروونی خۆیدا بشکێ و کۆنترۆڵی حەز و ئارەزوو و هەستییەکانی لەشی بکات، چونکە ئەو جۆرە چێژە درێژ خایەن نییە و بەردەوام نابێت ڕەوشێکە لە سات و کاتی تێنەپەڕدا لەش هەستی پێ دەکات.

٢- بەختەوەری دوا ئامانجی ژیانە، چونکە خۆی لەخۆیدا ئامراز نییە بەرەو ئامانجێکی دیکە، چاکەکاریش ڕێگا خوشکەری ئەو بەختەوەرییەیە، بەڵام ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی ڕەوشی ئەو ئامانجە دەشێوێنن!

ئەپیکور لەو باوەڕە دابووە ئایین کە ترسی مەرگ و مردن دەخاتە دڵی مرۆڤەوە، سەرچاوەی سەرەکی(٢١) ئەو دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەیە کە بەختەوەرییەکە تێک دەدات و چەواشەی دەکات، بۆیە دەبێ مرۆڤ لە دوو لاوە بەرەنگاری ئایین و ئەنجامەکانی ببێتەوە:

**یەکەم:** ساغ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵک دڵنیابن و دڵیان ئاو بخواتەوە و ئاسوودە و ئارام بن کە خواوەندەکان بە هیچ جۆرێک خەمی مرۆڤیان نییە! هیچ بە تەنگ چارەسەری کێشەکانی ژیانی مرۆڤەوە نین، چارەنووس بەلایانەوە گرینگ نییە. خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە، خواوەندەکان لە خەمی مرۆڤدا بوونایە، نەدەبوو ئەو هەموو بەدبەختی و هەژاری و نەخۆشی و جەور و زوڵم و زۆرداری و بێ دادی لە ژیان و جیهاندا هەبوونایە(٢٢).

**دووەم:** هیچ هێزێکی سەروو سروشتی ناتوانێ کار لە چارەنووسی مرۆڤدا بکات، خۆی دەتوانێ بڕیار بدات و سەرپشکە ئایا بەختەوەر بێت، یان نا، بەختەوەریش لێرەدا لە ئازادی ناخی دەروون و هێمنی و ئارامی و ئاسوودەیی دەروون بەولاوە شتێکی دیکە نییە(٢٣).

بە باوەڕی ئەپیکور، ترسی مردن پاساو نادرێتەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ زیندوو بێت مردنەکە نەهاتووە و پێویست ناکات بترسێ، ئەگەر مردنەکەش هات، ژیان نامێنێ و مرۆڤ هیچی دیکە هەست بە هیچ ناکات(٢٤) و هەموو شتێک کۆتایی دێت.. ئیتر بۆ مرۆڤ لە مردن بترسێ؟!

ئەو پرسیارەی لێرە بە مێشکدا دادێت دەربارەی ترس و نیگەرانی مردن ئەوەیە: ئەو ترسە لە ئێش و ئازاری مردنەکەیە، یان لەوەیە کە لەدوا مردنەوە دێت؟! وەڵامەکە بە هەر لایەکدا بێت بە هیچ جۆرێک لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە و بابەتەکە کاڵ ناکاتەوە کە مردن خۆی لەخۆیدا گرێ کوێرەیەکە لە کردنەوە نایەت. چۆن مرۆڤ نەترسێ و تووشی دڵەڕاوکێ نەبێ و نیگەران نەبێت؟! مردن بە هەر لایەکدا لێک بدرێتەوە، پاشەڕۆژی نەزانراو و تەمومژاوی، کۆنترۆڵ نەکرانی دواڕۆژ، پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە و ئەو کێشە و بەرەو تەنگوچەڵەمانەی لە کۆمەڵگا و دەوروبەردا ڕوو دەدەن و دێنە پێشەوە ئەگەر نەبنە مایەی ترس و نیگەرانی لەبەردەم مردندا، ئەوە چەندین جۆر و شێوەی نیگەرانی تریان بەدوادا دێت، هیچ لە ترسی مردن کەمتر نەبن! ژیان سەرەڕای ئەو هەموو خێروخۆشی و سەرکەوتن و چێژەی هەیەتی تێیدان نە سەرەتا و نە کۆتاییەکەی دیارە! لەوەش سەخت و ئاڵۆزتر و ئازار بەخشتر ئەوەیە بە تاقیکردنەوەیەک کۆتایی دێت کە مرۆڤ تەنیا جارێک پێیدا تێدەپەڕێ و ناتوانێ هیچ لە بارەیەوە بڵێ! بگرە نە هیچی لێدەزانێ و نە دەتوانێ هیچ شتێک لە بارەیەوە بۆ کەسانی تر بگێڕێتەوە، ئەویش مردنە! ئیتر چۆن لەبەرانبەریدا مرۆڤ نەترسێ، نیگەران نەبێ!؟ ئەگەر دەسپێک و سەرەتای ژیان کە هاتنە دنیا و لەدایک بوونە، ئەوپەڕی خۆش بێ،

بەڵام کەسە لەدایک بووەکە ئاگای لە هیچی نییە و نابێ، بە هەمان شێوە و شێواز ئاگای لە کۆتاییەکە نابێ کە مردنە. ڕاستە مرۆڤی ژیر بیر لە مردن ناکاتەوە، بەڵکو بیر لە ژیان دەکاتەوە و ژیری خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان بەکاردەهێنێ!! بەڵام ئەو پرسیارە هەر بەبێ وەڵام دەمێنێتەوە:

دەبێ چ نهێنییەک لە پشت ئەو گرێ کوێرەوە هەبێ: گرێ کوێرەی خۆشی ژیان بە کارەساتی دڵتەزێنی مردن کۆتایی بێت! ئایا ئەو کۆتاییە دڵتەزێنە بەڵگەی ژیری گەردوونییە، یان بە پێچەوانەوەیە؟!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Friedrich Jodl.: Geschichte der Ethik. Bd. I. 5. AufLoge. Phaidon. Essen. Ohne Datum. S.3. ff.**

**٢- د. توفيق الطويل: الفلسفة الخلقية. دارالمعارف- اسكندرية (١٩٦٠)، ص٨.**

**3- Friedrich Jodl.: Ebenda. S.4.ff.**

**4- Capelle, Porf. Dr. W. Wilhelm: Die griechische Philosophie. P.I. Auf Lage. 2. Berlin 1971. S.147.**

**٥- وولتر ستيس: تأريخ الفلسفة اليونانية. ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد. بيروت- الحمراء- ١٩٨٧، ص٧٨ فما بعد.**

**6- Capelle, Prof. Dr. W.,: Ebenda. S.153. ff.**

**7- Hirschberger, Johannes.: Geschichte der Philosophie Bd. I. Komet. 12. Awf Lage. Frankfurt am Main 1980. S.53.**

**8- Capelle, Prof. Dr. W.: Ebenda. 156.**

**9- Hirschberger, Johannes.: Ebenda. S.57 ff.**

**10- Plato.: Der staat. Philosophische Bibliothek. Felix meiner Verlag. Hamburg 1980. Para. 357.**

**11- Plato: Ebend. Para. 436.**

**12- Plato: Ebend. Para. 441.**

**١٣- أرسطوطاليس: علم الأخلاق الى نيقوما خوس: ترجمه الى الفرنسية بارتلمى سانتهلير. و ترجمة الى العربية لطفي احمد السيد. دار بيبليون پاريس ٢٠٠٨، ک١، ب١، ف١).**

**14- Bertrand Russell: Philosophie des Abendlandes. Europaverlag. Wien. 2000. S.202.**

**١٥- ئەرستۆ تالیس: هەمان سەرچاوەی پێشوو: (ک٢، ب٦، ف١٥).**

**16- Storrig, H.J.: Kleine Weltgeschichte der Philosophie Stuttgart 1961. S.173.ff.**

**17- Capelle: Ebenda. S.74. ff.**

**18- Capelle: Ebenda. S.100.**

**19- Storrig, H. J.: Ebenda. S.222. ff.**

**20- Max Phhlen: Stoa und Stoiker. Zurich 1950. S.140. ff.**

**21- Bertrand Russell.: Ebenda. S.265. ff.**

**٢٢- د. توفيق الطويل: سەرچاوەی پێشوو. (ل٩٢).**

**23- Zeller, Eduard: Die Philosophie der Griechen. 3. Teil. 1. Abschnit. Hildesheim 1963. S.286. ff.**

**24- Capelle, Prof. Dr. W. Wilhelm.: Ebenda. S.13.**

**٢٥- د. هـ. سرجويک: المجمل في تأريخ علم الأخلاق. ترجمة: د. توفيق الطويل. ط١، الاسكندرية ١٩٤٩، ص١٧١.**

# هیومانستییەت
# چەمک و ڕەهەند و سەرهەڵدان

هیوا شارباژێری
(سلێمانی)

هیومانستییەت، یان هیومانیزم، کە لە زمانی کوردیدا دەتوانین بڵێین بە مرۆڤگەرایی ناودەبرێت، ڕەوتێکی فکریی گشتییە و لە سەدەی ڕێنیسانسەوە سەری هەڵداوە و چەندین لقوپۆپی ڕێبازگەی ڕەوشتی و ئەدەبی و زانستی و فەلسەفی بەشداری کارای تێدا دەکەن.

لەپشت ئەم جۆرەی فەلسەفەوە کۆمەڵێک لە فەیلەسووف و کەسایەتی هەن، کە بە فەیلەسووفانی ماددیگەراو ماتریالی ناسراون بۆ نموونە: فیورباخ، بەڵام بڵاوکردنەوەو ناساندنی ناوەرۆکی فەلسەفەی ئەم فەیلەسووفە لەسەر دەستی سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسی "ئۆگست کۆنت"بوو.

سەنتەری کارکردنی ناوەرۆکی ئەم فەلسەفەیە لەسەر ئەوەیە ئەو ململانێیەی کە مێژووی مرۆڤایەتی بەرهەمی دەهێنێت لەنێوان هێزی ئاشتی و هێزی شەڕەنگێزیدا، جەخت لەسەر بەرهەمە مرۆڤایەتی و ئاسۆیەکی نوێی مرۆڤایەتی بکرێتەوە بە ڕووی مرۆڤدا بەو مانایەی کە مرۆڤ بەرزترین بەهایە لە ژیاندا و مێژووی بەشەریەت مرۆڤ بەرهەمی هێناوە.

### هۆکاری سەرهەڵدان

هەر ڕێبازێکی فەلسەفی لە دنیادا لە بۆشایی و لەخۆیەوە نەهاتووەتە بوون، بەڵکو زادەو بەرهەمی بارودۆخێکی مێژوویی و ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی دیاری کراوە، دەرکەوتنی ئەم ڕێباز و فەلسەفەیەش پێوەندی ڕاستەوخۆی بەو ڕاپەرینە سەرانسەرییەوە هەبوو، کە لە سەردەمی بووژانەوەی ئەورووپادا زۆربەی بوارەکانی ژیانی خەڵک و کۆمەڵگەی گرتەوە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تاکی ئەورووپایی بەهۆی ئەو کۆت و بەندەی کە عەقڵی ئەوانی داگیرکردبوو،

ناچاربوون کـوێرانە وەک هەر بوونەوەرێکی بی ئیـرادە گوێڕایەڵی هەر پیاوێکی ئایینی مەسیحی ببێت لەبەر ئەوەی کۆت و بەندەکە تەنیا لایەنی ماددی نەگرتبووەوە، بەڵکو تەواو لایەنی واتایی و مەعنەوی تاکی ئەوروپایی داگیرکردبوو، لەبەر ئەوەی دەرهاویشتە عەقڵییەکانی ئەو کـاتەی ئایین هەمـوو خۆشـیـیـەکـانی دنیـاو فـەنتـازیای جـوانبـینی و ژیاندۆسـتی مـرۆڤی لە دنیـادا لە مـرۆڤ دەستەندەوە و تەنیا ژیانی ئەودیو و ئاخیرەتی لە زەینی تاکەکاندا خولقاندبوو، بە شێوەیەک هەتاکو ژیانی مرۆڤ لە دنیادا لە کولەمەرگی و بێ دەرەتانی و هەژاریدا بێت، ئەوە باشـتـرین ژیانی ئەودیوی مـسـۆگـەرتر و باشـتـر و سەنگینترە، بۆ ئەوەی هەرچی بەرهەمی ماددی هەیە لە خزمەتی کڵێسا و حاکمی ئایینی ئەو کاتەدا بێت.

تەنانەت بە شێوەیەک تاکی مەسیحی - ئەوروپایی وا پەروەردەی ئاییـنی کـرابوو، کـە هـەر مـرۆڤـێـک لـەدایک دەبێت بە تاوانبـاری لەدایک دەبێت، بەهۆی ئەوەی کـە ئادەم پێـغـەمـبـەر ئەو تاوانەی لە بەهەشت ئەنجام داوە، بۆیە ئایینی مەسیـحییـەت بۆ ئەوە هاتووە کە مرۆڤ لەو تاوانە ڕزگـــاربـکـات و پاکی بـکـاتەوە، بۆ نموونـە لە ئینجیلی "مەتتی"دا هاتووە "هەر کەسێک دەیەوێت خۆی ڕزگـار بکات، دەبێت خۆی تێدا لەناوبەرێت"و زەبوون و سـەرگـەردانی دنیـا بێت و دەبێت واز لە هەمـوو خۆشییەکان و تەنانەت مەسەلە سێکسییەکان بێنێت، هەر بۆیە پێـیـان وابوو کە ژن سەرچاوەی هەمـوو شـەڕ و تاوانێکە لە جیـهـانداو نابێت پیـاو خۆشی بوێت، هەر بۆیە زۆربەی پیاوانی ئایینی وازیان لە ژنهێنان هێنابوو.

کـەواتە بە شـێـوەیەکی گـشـتی ژیانی تاکی ئەوروپایی لەو سـەردەمـەدا ژیانێکی تەواو نامـرۆڤـانە و تەواو بێ ئیرادانەبوو بەو مـانایەی هەمـوو خـۆشـیـیـەکـانی ژیان و تەنانەت عـەقڵ و سـۆز و ئارەزووەکـانیـشی لێ زەوت کـرابوو، بە شـێـوەیەک کـرابوو بە کـۆیلەیەکی حـوکـمی کـڵـێـسـا، هەر بۆیەش لە دواجاردا ئەم سـتـەمکردنە لە سروشـتی مـرۆڤ کـاردانەوەی توندی لێکەوتەوە و تەواو پێـچـەوانە، ژیانی تاکی ئەوروپایی گـۆڕانی ڕادیکاڵی بەسەردا هات.

### دامەزرێنەران و لایەنگرانی هیومانستییەت

(١) بوجیـوو برۆنی، مـونتیللشـیـادو کە لەسـەدەی پازدەمی زاینیدا ژیاون.

(٢) ئاراسمس کە لە ساڵی ١٤٦٠ لە وتردام لەدایک بووە، لە ڕووی ناسین و شـارەزایی لە ئەدەبی یۆنانی و لاتینیدا لە مـەزنتـرین نوێنەر و پێشـەنگەکـانی ڕێبـازی هیومانیزمە.

(٣) ستیفانۆس و دۆلیە و سکالیجەر لە فەرەنسا.

(٤) دیکارتی فـەیلەسـووفی فـەرەنسی لە لایەنگرانی ڕێبازی هیومانیزم بووە، بەڵام باوەڕی بە خوا هەبووە.

(٥) سـپـینۆزا فـەیلەسـووفی هۆڵەندی لە ڕووی بیروباوەڕەوە لە دیکارت چووە.

(٦) نووسـراوەکـانی ژان ژاک ڕۆسـۆ مـۆرکـێکی هیومانیزمیانەیان هەیە.

(٧) هەروەها جۆن لۆک فەیلەسووفی بەریتانی سەر بە ڕێبازی هیومانیزم بووە.

(٨) کـانت فـەیلەسـووفی ئەڵمـانی لە ڕێبـازی ڕەخنەگرتنیدا هیومانیستییەت بووە.

(٩) شـیللەر کـە لە سـاڵی ١٩٢٧ کـۆچی دوایی کردووە.

(١٠) فـرانسـیس نووسـەری بە ناوبانگی فـەرەنسی کتێبێکی هەیە بە ناوی "ڕێبازی هیومانیزم".

(١١) ئەدیبی بەریتـانی تی. ئێس. ئیلیـەت خۆی بە شوێنکەوتەی ئەم ڕێبازە زانیوە.

### ڕەهەندەکانی کارکردنی هیومانیزم

* گرنگییەکی زۆر بە ژیانی تاک و فەردانیەت دەدات و لە ڕووی ئایینیـیـەوە گرنگی بە ژیانی کـەسـیی تاک دەدات، دژی دەسەڵاتی کـڵێـسا و پشتگیریی بیرۆکەی بنیادی دەوڵەتی نەتەوەیی و ئیتنیکی دەکات.

* لەبواری بیری فـەلسـەفـیدا، بایەخ بە هۆشـیـاریی تاکگەرایی دەدات لەسـەر بنەمـاکـانی مـاددیگەرایی و مـاتریالی، بەو مانایەی کە مرۆڤ تەنیا گرنگی بە ژیانی مـاددی و دنیـاویسـتی خـۆی بدات و لایەنە ڕوحی و مەعنەوییەکانیشی فەرامۆش بکات.

* هەمـیـشـە جـەخت لەوە دەکـاتەوە کـە مـرۆڤ بوونەوەرێکە دەتوانێت بەرەو کـامـڵـبـوون و تەواوکـاری بڕوات، هەر بۆیە دەبێت لە هەموو دەرگاکانی گەردوون و سروشت بدات و هیچ شتێک لەبەردەمی ژیانیدا بە ڕێگر تەماشا نەکات و هەمـوو کونوکەلەبەرەکان تەی بکات، بە شـێـوەیەک کـە هەندێک جـار لە ئازادی ڕەهای نزیک دەکاتەوە.

* دژایەتیکردنی ئەو بیرۆکەیەی کە بنچینەی ناتەواییە مـرۆڤـایەتیـیـەکـانی نێـو کـایەی کـۆمـەڵگە بریتـیـیـە لەو تاوانەی کـە دەسـەڵاتی کـڵـێـسـا بانگەشـەی بۆ دەکـات،

بەڵکو سەرچاوەکەی بریتییە لە کێشە و کەموکورتییە کۆمەڵایەتییەکان، لە هەمان کاتیشدا گرنگی بە لایەنی هەژاریی مرۆڤ نەدرێت، بۆ ئەوەی چینایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا گەشە نەکات.

* کارکردن لەسەر خولقاندنی ژیانێکی بەهەشتیانە لە دنیادا لە رێگەی فەراهەمکردنی ژیانی ئابوورییانەی چاکسازی.

* گەران بەدوای ماناکردنی ژیانبوون و بوونیەتی تاک لە کۆمەڵگەدا.

* پێویستە پێش گرنگیدان بە لایەنی روحی، گرنگی بە لایەنی ماددی بدرێت، لەبەر ئەوەی ئەم لایەنە لایەنێکی بەرجەستەی بەردەمی مرۆڤەکانە.

* پێویستە مرۆڤ گرنگی بە لایەنی ئیتنیکی و نەتەوایەتی بدرێت، بەڵام بەو شێوەیە نا کە ببێتە هۆی رەگەزپەرستی و چەوساندنەوەی کەمایەتی و میللەتانی دی.

**فەلسەفەی هیومانیزم لەبەردەم رەخنەکاندا**

زۆر لە فەیلەسووف و بیرمەندانی جیهان رەخنەیان لەم فەلسەفە و رێبازە گرتووە لەوانەش:

(١) هەمیشە گرنگیدان بە لایەنی ماددی و پشتگوێ خستنی لایەنی واتایی و روحی وای کردووە بۆشاییەکی گەورە لەنێوان پێشکەوتنی زانستی و پێشکەوتنی ئەخلاقی و مۆراڵی دروست بێت.

(٢) مرۆڤایەتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە زیادەرەوی کردن لە بەکارهێنانی ئامێرەکانەوە زیانی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە، بۆیە سنوور بەزاندن لە لایەن ئەم فەلسەفەوە بۆ مرۆڤ و تاک گرفت دەخولقێنێت.

(٣) ئەم فەلسەفەیە کۆمەڵێک بەڵێنی بە مرۆڤایەتی دا لە رێگەی دەستکەوتە ماددییەکانەوە، بەڵام نەهاتنەدی و کێشەو گرفتی ماددی زیادکرد، تەنانەت مرۆڤی کردە بەشێک لە بەندەی ماددە.

(٤) بەهۆی ئەوەی ئەم فەلسەفەیە زۆر گرنگی بە فەلسەفەی تاک دەدات و دەیکاتە بوونەوەرێکی کامڵ و تەواو، بۆیە هەندێک لە زاناکان پێیان وایە ئەمەش بووبێتە سەرهەڵدانی فاشیزم و نازیزم، چونکە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی نەتەوەپەرستی و زاڵبوونی بەسەر دەوڵەتان و میللەتانی دیدا.

(٥) ئەم فەلسەفەیە کێشەی لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە و بنەما ئایینییەکان خولقاند و وای کرد بیروباوەری ئایینی لەم فەلسەفەیەدا جێگەی نەبێتەوە.

**ئیسلام و هیومانیزم**
**(بەیەکگەشتن و بەریەککەوتن)**

دیدی ئیسلامی و فەلسەفەی هیومانستییەت لەوەدا بەیەک دەگەن بە تەریبی هەردوولا مرۆڤ دەکەنە سەنتەری بوونەوەر و شایانی گرنگی پێ دان، ئایین جەخت لەسەر "ولقد كرمنا بنى ادم" دەکاتەوەو هیومانیزمیش جەختی لەوەکردەوە کە پێگەی خۆی بۆ مرۆڤ و عەقڵ و جەستەی بگەرێنێتەوە.

لەم بوارانەی خوارەوەشدا بەریەککەوتن و دوورکەوتنەوە لەنێوانیاندا روودەدات:

* بیری ئیسلامی جەخت لەوە دەکاتەوە کە گرنگیدانی لە رادەبەری فەلسەفەی هیومانیزم بە لایەنی ماددی مرۆڤ و پشتگوێ خستنی لایەنە روحییەکانی وا لە مرۆڤ دەکات نەتوانێت هاوسەنگی خۆی لە دەستگرتن بەسەر گەردوون و سوودوەرگرتن لە نهێنییەکانی بێنێتەدی.

* ئیسلام گرنگی بەیەک ناوەندو یەک شێوەی گشتی لە جیهاندا دەدات و لەگەڵ بە ئەوروپایی بوون و دەرەوەی بە ئەوروپایی بووندا نییە، لەبەر ئەوەی پێی وایە ئەمە دەبێتە هۆی جیاوازی رەگەزپەرستی و میللەت پەرستی.

* دیدی ئیسلامی بەوە لە هیومانیزم دووردەکەوێتەوە، کە نایەوێت مرۆڤ لەسەر حیسێبی ژیانی دنیا قوربانی بە ژیانی ئاخیرەت بدات، بەڵکو دەبێت بە هاوسەنگی گرنگیان پێ بدرێت و لەخزمەتی یەکتردابن و یەکتر تەواو و ئاوێتە بکەن.


**سەرچاوەکان:**

**- الإسلام والأنسنة.. معارك من أجل الأنسنة في السياق الإسلامي، موقع الجزيرة .نت.**

**- مقدمة في تطور الفكر الغربي والحداثة، الشيخ الدكتور سفر بن عبدالرحمن الحوالي، ٢٠٠٧، ص ٢٧.**

**- المعجم الفلسفي: بالالفاظ العربية والفرنسية والانجليزية واللاتينية. يقع في جزئين. الشركة العالمية للكتاب. ١٩٩٤، ص ١١٨.**

**- الصراع بين العقلانية و اللاعقلانية في الفكر الاوروبي، د.عبدالوهاب المسيري، مقالة في الويب.**

# چەمکی سووتان لە شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانیدا

هەژار فەقێ سلێمان

## ژیانی باباتاهیر

بابەتاهیـری هەمـەدانی بە چراوگی شـیـعـری کـوردی دادەنرێت، واتا یەکەم شاعیری کوردە کە زۆرترین شیعری تا ئەم سـەردەمـەی ئێـسـتـا لە ڕووی مـێـژووییـەوە لەبەردەستدا بێت.

ناوی «تاهیـرە»ـە بابایان پێ وتووە، چونکە یەکـێک بووە لە فریشـتـە و پیاوچاکـانی ئەهلی حەقی یارسان. بەکارهێنانی بابا لەپێش ناو بۆ ڕێبەرانی ئایینی یارسان و تەریقـەتی دەروێشـیـزمی ئیـسـلامی لە کـوردەواریدا هاوشانی وشەی پیر بەکاردەهێنرێ، هەروەها عوریانیان پێ وتووە، یان خـۆی ئەم ناوەی بۆ خـۆی هەڵبـژاردووە، واتا (ڕووت، ڕووتەڵە)، چونکە باوەڕی بە فـەلسـەفـەی سۆفـیـزم هەبووە، هەمـەدانیـیـان پێ وتووە، چونکە لە هەمەدان ژیاوە.

سـەردەمی لە دایک بوون و ژیانی ناسـراوەتەوە، ئەوەندە هەیە کە گرفت لەساڵی لە دایک بوون و مردنیدا هەیە، بۆ ئەمەش ڕاوبۆچوونەکان زۆر لەیەکەوە دوورنین، عەلائەدین سەجادی لە مێژووی ئەدەبەکەیدا بە گومانەوە دەڵێ «گوایە هاتنە دنیای بابە تاهیر لە ٣٢٦هـ-٩٣٥ز لە دایک بووە و لە ٤٠١هـ- ١٠١٠ز مردووە»، مامۆستا عەلائەدین سەجادی ئاماژە بە چەند سەرچاوەیەک دەکات بۆ ئەو مێژووە، دکتۆر مارف خەزنەداریش، دەڵێ (بەپێی سەرچاوە باوەڕ پێ کراوەکان، بابا تاهیر لە ماوەی نێوان نیـوەی دووەمی سەدەی دەیەم و نیـوەی یەکەمی سەدەی یازدەیەمی مـەسـیـحدا ژیاوە، لە دایک بوون و کـۆچی دوایی بە سـاڵانی (٣٢٦هـ- ٩٣٧-٤٠١هـ/ ١٠١٠ز) دیاری کـراوە، ئەگەر بەراوردێکی نێـوان سـاڵی لەدایک بوون و کۆچی لای عەلائەدین سجادی و مارف خەزنەدار



**بابا تاهیری هەمەدانی**

بکەین، دەبینین کە هەمان سالە، بەلام سالی لەدایک بوونی لە سالە زایینییەکەدا جیاوازی دروست بووە، ئەو دێڕەی کە هەردوو لێکۆڵەر و مێژوونووس سالەکەیان پێ لێکداوەتەوە ئەمەیە:

**مووئان بەحروم کە دەر زەرف ئامەدەستووم**
**مووئان نوقتە کە دەر حرف ئامەدەستووم**
**بەهر ئەلفی ئەلفی قەددی بەرئایۆ**
**ئەلف قەددوم کە دەر ئەلف ئامە دەستووم**

لەو دێڕەی سەرەوەدا هەردوو واژەی (الف + الف قد) بەپێی کێشی پیتەکانی عەرەبی کۆکراوەتەوە (ا-١، ل=٣٠، ف =٨٠، ق =١٠٠، د = ٤ + ا- = ١، ل=٣٠، ف =٨٠) دەکاتە ٣٢٦ کە بە سالی کۆچی سالی هاتنە دنیای باباتاهیر دەکات. (ئەم جۆرە لێکدانەوەیە ئەوەندەی من بزانم، زۆرێک لە خوێنەوارانی ئێمە ئاگاداری نین، جێگەی ئاماژەپێکردنە من بۆ خۆم لەکاتی خوێندنی ئایینیمدا لەسەردەستی باوکی خوالێخۆشبووم مامۆستا مەلا سلێمانی زەماوەنگە فێری بووم کە بتوانم کێشی پیتەکان بدۆزمەوە)

«کۆنترین کتێبێک کە لە باباتاهیر دواوە و خول و سەردەمی ژیانی ئەویان دەرخستووە، کتێبی (راحة الصدور)ی ڕاوەندییە، کە لە سالی ٥٥٩ک دا (١١١٢ز) نووسراوە، لەم کتێبەدا لە بارەی دیداری توغرۆل بەگی سەلجوقی و باباتاهیرەوە وەها نووسراوە کە کاتێک توغرۆل بەگ هاتبووە هەمەدان، سێ پیری بینیوە (باباتاهیر، بابا جەعفەر و شێخ حەمشاد) و چووە بۆ لایان و دەستی باباتاهیری ماچ کردووە».

### «بەپێی ئەو کتێبە توغرۆل بەگ سالی ٤٤٧ک-٩٩٧ز»ە

بۆیە بەو پێیە، ئەگەر لە سالی ٩٣٥ یان ٩٣٧ز لە دایک بووبێ، ئەوە لە سالی ٩٩٧ دەکاتە نزیکەی ٦٠ تا ٦٢ سال کە لەو تەمەنەدا وەکو پیرێک دەرکەوتووەو توغرۆل بەگ ڕێزی لێ گرتووە.

«ئەم شاعیرەمان زۆرجار بە باباتاهیری هەمەدانی و هەندێک جاریش بە باباتاهیری عوریان و باباتاهیری لوڕیش ناودەبرێت، شاعیر لەنێوان هەردوو ناوچەی هەمەدان و لوڕدا ژیاوە، لە شاری خوڕەم ئاباد گەڕەکێک بەناوی ئەم شاعیرەوە هەیە».

زمانی باباهیر، زمانێکی جیاواز بووە لەوانەی لەو سەردەمەدا ژیاون، بەلام بە حوکمی ئەوەی لەناوچەی ئێران بووە، ئەمە وای کردووە کە دەماودەم ئەو شیعرانە بگێڕدرێتەوەو لە زمانە فارسییەکە نزیک بکرێتەوە وەکو ئەحمەد تاقانە ئاماژەی پێداوە کە «ئەمڕۆ لەنێوان خوڕەم ئاباد و هەمەداندا چەند شێوە زمانێک هەیە کە ئەوەی باباتاهیر بە هیچیانەوە نابەستێتەوە، ئاشکراشە زمان نەک بە ماوەی ١٠٠٠ سال، بەلکو لە ماوەی سەدەیەکیشدا گۆڕانی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت.

«شوێنی مردنی دەکەوێتە ڕۆژئاوای باکووری شاری هەمەدان لە گەڕەکی (بن بازار)، لەسەرچاوەکاندا هاتووە کە موریدان و دلبەرانی باباتاهیر هەمیشە لە دەوری گۆڕەکەین، بە تایبەتی شەوانی هەینی».

### قۆناغبەندی شیعری باباتاهیر لە گەنجی و پیریدا

«باباتاهیر لە سەرەتای ژیانیدا دلی بە عەشقی دیمەنی مانگ ڕووەکانی هەمەدان و لوڕستان پشکوتووە، جوانی ڕەوشتیان و شۆخوشەنگی بالای عەرعەریان سۆزێکی دیوانەییان خستۆتە کەللەیەوە».

لە چوارینەکانی باباتاهیردا دەردەکەوێت کە بەرزونزمییەک لە ڕووی سادەیی وشە و واتاوە دەبینرێت،

مەبەستمانە بڵێین دەتوانین شیعرەکانی باباتاهیر لە ڕووی مێژووییەوە پۆلێنبەند بکەین، کە هەندێک لە چوارینەکانی سادە و ساکار و بێ گرێوگۆڵن و سەرەتای زمانپژانی شاعیرە بە شیعر، بەوەی کە وشەکانی سادەن و زیاتر لە وشەی سەرزاری خەڵکەوە نزیکن و هیچ جۆرە شەرح و ماناکردنێکی ناوێت، واتاکانیشیان بۆنی خۆشەویستییەکی سەرەتاییان لێ دێت وەکو زۆرێک لە شاعیرانی دنیا، کە دواتر شاعیر وردە وردە لەو خۆشەویستییەوە ئەزموونی قووڵی وەرگرتووە و ئەزموونی ژیان و ئەزموونی خوێندن و خوێندنەوە لەوێوە چووە بۆ خۆشەویستییەکی سۆفیانە و شیعرەکانی دواتری تێکەڵییەکە لە فەلسەفە و زانست و کامڵ بوون، وشەکانی پڕن لە وشەی گران و وشەگەلێکی وەرگیراو و واتاکانیشی پێویستی بە ڕاڤە و خوێنەری شارەزا دەبێت، لێرەدا بەراوردێکی دوو چوارینەی دەکەین. یەکەمیان سادەیە و لە خۆشەویستییەکی سادەوە هاتووە، دووەمیشیان واتا و فەلسەفەیەکی قووڵی هەڵگرتووە (خوێنەری ئازیز ئەوەی لێرەدا ئێمە ئاماژەمان پێداوە تاکە نموونەیەکە لەو پۆلێنبەندییە، دەکرێت زۆرێک لە چوارینەکانی بەسەر ئەو دوو قۆناغەدا دابەش بکەین:

**یەکەم چوارینە**
**نیگاری تازی خیزی موو کوجایی**
**بە چەشموون سورمەریزی موو کوجایی**
**نەفەس بەر سینەیی تاهیر رەسیدە**
**دەمی ڕەفتەن، عەزیزی موو کوجایی**

**دووەم چوارینە**
**مو ئان ڕەندەم کی عسیان پیشە دیرم**
**بەدەستی جام و دەستی شیشە دیرم**
**ئەگەر تو بی گوناهی ڕەو مەلەک شەو**
**موئەز(حوا) و (ئادەم) ریشە دیرم**

## چەمکی سووتان لە شیعری باباتاهیردا

باباتاهیر وەک لە چوارینەکانیدا دەردەکەوێت شاعیرێکی دڵ پڕ لە کوڵ و سۆزێکی هەڵچوو بووە، مەگەر هەر باباتاهیر لە ئاست دڵی خۆیدا خۆی پێ ڕا بگیرێ، ئەگەر نا، ئێمە بە خوێندنەوەی ئیحساسێکی وامان لا دروست دەبێت، کە ئێمەش لەگەڵیدا خاوەنی هەمان سۆز و هەڵچوونی ئەوین، وشەکانی سووتان و ئاگر و هەڵچوون و کەفوکوڵ و خۆڵەمێشێکی زۆر لە شیعرەکانیدا دەبینرێت، هەندێک جار خۆی بە ئاگر دەچوێنێ و لە هەندێک شوێندا هاوار بۆ هاوڕێیان و دڵسۆزەکانی دەبات، «ئاگر و سووتان یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی کە لە زاراوەی تەسەوفدا بەکاردێت و بەشێوەی تاک درکەیە لە گڕی عەشقی خوایی» ، ئەم سووتانە هەر لای ئەهلی دڵ، وشەی پەروانەشمان بیردەخاتەوە، کە هەمیشە بەخۆ فیداکردن لەپێناوی مەعشووقەکەیدا بەناوبانگە، کە بەبێ دەنگی و بێ هاتوهاوار دەسووتێ، هەروەها لە هەندێ سەرچاوەی تردا وشەی سووتن و سووتان لای عاریفان بە سەرەتای چوونە ناو تەسەوفەوە وەسف دەکات تاوەکو نەمان و لەناوچوونی لەناو خوددا. دەبینین شاعیرێکی وەکو مەحوی لە بارەی سووتانەوە دەڵێ (ئوسولی دینی عیشقە سووتن و بەس× پەڕی پەروانەمە جەمعولجەوامیع) ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەمک گەلێکی تری تەسەوفمان هەیە کە سۆفییەکان لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە کە دەلالەت لە سووتان و ئەو بابەتە دەکەن وەک: نوور و شەمع و ناسووت و بەرق و برووسک و فوغان و..تاد.

ئێمەش وا لە خوارەوە کۆمەڵە چوارینە شیعرێکی باباتاهیری هەمەدانی دەخەینە ڕوو کە بە ڕوونی چەمکی سووتانیان تێدا دیارە و لە وشەکانی (سوجە و سۆز و گوداز و بسوجم و سووتەدلوون و دسووتە)دا خۆی دەبینێتەوە:

**چوارینەی یەکەم**
**دلی دیرم زعیشقت گیج و ویجە**
**موژەم بەرهەم زەنەم خونابە ریجە**
**دلی عاشق بسانی چوبی تەر بی**
**سەری سوجە سەری خونابە ریجە**

شاعیر دەڵێ (دڵێکم هەیە لە عەشقتدا گێژ و وێژە، برژانگم تێک دەنێم خوێن لە چاوم دێت، دڵی عاشق وەکو داری تەڕ وایە، لەسەرێکەوە کە دڵ دەسووتێت لەسەرێکی ترەوە کە چاوە خوێنی لێ دەتکێت) ئەم وێنەیەی کە لەم دێڕە شیعرەدا هەیە یەکێکە لەو وێنە هونەرییە جوانانەی کە باباتاهیر دروستی کردوون، نالی شاعیر لە دێڕێکدا وێنەیەکی وێکچووی وتووە کە مانەوەی عاشقان و زیندوومانەوەیان بەو دوو هۆکارەوە

دەبەستێتەوە و دەڵێت (ناری سینەم گەر نەبێ غەرقم ئەمن× ئاوی چاوم گەر نەبێ سووتاوم ئەز) ئەمە و زۆرێک لە شاعیرانی کورد ئەو وێنەیەیان بەشێوەیەک لە شێوەکان وتۆتەوە.

**چوارینەی دووەم**

**نەزوونوم مو کە رازووم واکەواژووم - (نازانم من کە ڕازم بە کێ بڵێم)**

**غەم وسوزوو گودازم واکەواژووم - (غەم و سۆز و توانەوەم بەکێ بڵێم)**

**نەبیمارومجا یوم می کەروو دەرد - (نەبیمارم نە شوێنێکم دەردی هەیە، ژان دەکا)**

**هەمی دانوم کەنالانووم شەوو رۆچ - (ئەوەنە دەزانم کە شەووڕۆژ دەناڵێنم)**

**چوارینەی سێیەم**

**مووەم ئان ئازەرین مورغی کەدەرحال - (من ئەو باڵندە ئاگرینەم کە دەست بەجێ)**

**بسوجم عالەم ئەزبەرهەم زەنەم بال - (هەموو عالەم دەسووتێنم باڵ لە یەک بدەم)**

**مووسەویر گەرکەشە نەخشم بەدیوار - (وێنەگر نەخشم بکێشی لەسەر دیوار)**

**بسوجم خوونە ئەز تەئسیری تیمسال - (خانوو دەسووتێ لە تەئسیری وێنە)**

**چوارینەی چوارەم**

**بوورە سوتە دلوون هوون تابنالیم - (وەرن ئەی دڵسووتاوان تا هەمووومان بناڵین)**

**زهیجری ئان گوڵی ڕەعنا بنالیم - (لە دووری ئەو گوڵی ڕەعنایە بناڵین)**

**بشیم با بلبلی شەیدا بەگۆشەن - (دابنیشن لەگەڵ بلبلی شەیدا لە گوڵشەن)**

**ئەگەر بلبل نەناڵە ما بناڵین - (ئەگەر بلبل نەیناڵاند با ئێمە بناڵێنین)**

**چوارینەی پێنجەم**

**نەوایی ناڵەغەم ئەندووتە زونوو - (ئاوازی تاڵە غەم خۆر دەیزانێ)**

**عەیاری زێڕی خاڵیس پۆتە زوونوو - (عەیاری زێڕی چاک زەڕەنگەر دەیزانێ)**

**بوورە سووتە دولوون دل هەم بنالیم - (وەرن ئەی دڵسووتاوان پێکەوە بناڵین)**

**کە حالی، سووتە دل، دڵسوتە زوونوو - (کە حاڵی دڵسووتاوان، دڵسووتاو دەزانن)**


**سەرچاوە:**

**(١) مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٠.**

**(٢) مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سوجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، چاپی دووەم، ١٩٧١.**

**(٣) فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جەزیری و مەحوی، د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، هەولێر، ٢٠١٠.**

**(٤) دیوانی مەحوی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئینتیشارات کوردستان، سنندج، ١٣٨١.**

**(٥) ڕۆڤار، ژمارە ٣٨، تایبەت بە باباتاهیری عوریان. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦/٢/١٥.**

# ساراماگۆ، هەڵگری ئازارەکان

لە فارسییەوە: سەلاح نیساری
(بۆکان)

ساراماگۆ ناوی گیایەکی خۆراکییە کە ڕۆژگارێک وەفریای پورتوغالییەکان کەوت، ئەو کاتەی قاتی و قڕییان بە سەردا هات، ئەم ڕووەکە جێی نانی بۆ هەژاران گرتەوە، کەوا بوو هیچ گومان لەوەدا نییە ساراماگۆ ئەو ناوونیشانەی لە گوندێکی هەژارنشینەوە پێ بڕابێ و منداڵێکی ئەو گوندە بە تێپەڕاندنی ساڵیانێک، لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا توانی یەکەمین نۆبڵی ئەدەبی بۆ خۆی و پورتوغالی زمانانی لە مێژوودا مسۆگەر بکات.

ئەزموونی ژیانی دێ نشینی، ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە بەرهەمەکانیدا هەبووە، لە دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ ئازار و چەوسانەوە و یەک ڕەوتی ژیانی ئەم وەرزێرانە بەسەر پردی فیۆدالیزمەوە لە ڕۆمانی «هیواداری لە ئالن تیو»دا ڕەنگی دایەوە، ئەو لە ڕۆمانی «ڕۆژگاری منداڵی»دا دەڵێ: ئەم ڕۆژگارە کاردانەوەیەکی تۆکمە و خەستی لەسەر من هەبووە، هەربۆیە توانیویەتی لە چوارچێوەیەکی پڕ بە پێستدا دام بڕێژێ و لە چەشنی کەسایەتییەکی وەکو خۆم تاکو ئێستاش بمێنمەوە، هەر بۆیە وەختێ خۆم دۆزییەوە تاکو ئێستاش هەروەک منداڵی وەرزێرێک ماومەتەوە.

ساراماگۆ ساڵی ١٩٢٢ لە گوندێک چاوی بە ژیان هەڵێنا، ١٠٠ کیلۆمەتر لە لیشبۆنەی پایتەختی پورتوغالەوە دوورە، ئەو مرۆڤە لە بنەماڵەیەکی وەرزێر هاتە دنیاوە، هەروەک زۆربەی لادێ نشینان زۆر زوو بەهۆی بێ بەرگی و نەداری هەوارگەی ژیانی بەجێ دەهێڵێ و جانتای سەفەر دەکاتە شانی و تووڵەڕێی غەریبی دەگرێتە بەر و ڕوودەکاتە پایتەختی وڵات. لەوێندەرێ بابی دەبێتە پۆلیس و لە سای ئەم ئەرکەوە نانی ڕۆژانە بە دەست دەهێنێ. لەو سەردەمەدا بۆ ئەم

ئیشوکارە خوێندەواری زۆر گرنگ نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتی خۆی سەربازی لە بەشی تۆپخانەدا تەواو کردبوو لە فەرەنسە، هەروەها لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەشداری کردبوو. هەر ئەوە بۆی بوو بە پێشینەیەکی باش و وەفریای کەوت.

خۆ ئیتر لەم رۆژگارەدا کەس بیری لەوە نەدەکردەوە (ژۆزێ)ی مێرمنداڵ رۆژێک سەرنجی دەوروبەرەکەی بۆ لای خۆی رابکێشێ. هەر ئەو مرۆڤە بوو دواتر توانی خۆی ناودێر بکات بۆ وەرگرتنی یەکەمین خەڵاتی نووسەری پورتوغالی زمانان، بۆ بە دەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ. ژۆزە کە نەیتوانی درێژە بە خوێندنەکەی بدا، هەر بۆیە خۆی گەیاندە فێرگەی هونەری و لە بەشی پیشەییدا جێی خۆی کردەوە، بەڵکە بتوانێ خۆی لە چنگ باشووی برسیەتی رزگار بکات. ئەو کاتەی وەک سازندەی قفڵ و کلیل سەرقاڵی کار کردن بوو، تەمەنی لە ١٣ بەهاردا بوو.

ساراماگۆ دواتر بوو بە میکانیک و لە کارگەیەکی سازندەدا، رەنگبێ دەستی ماندووی لە سەر زگی تێر دانابێ. هەرچەندە لە ١٩ ساڵیدا توانی یەکەمین کتێب بە پووڵ و پارەی خۆی بکڕێ، بەڵام لەو ماوەدا کە سەرقاڵی کاری پیشەیی بوو لە کتێبخانەیەکیشدا خەریکی موتاڵاکردن بوو. زۆر بە خەستی هۆگری شیعر و ئەدەبیاتی فەرەنسە بوو. ئەم لایەنەی هەروەک زمانی بیانی لە هونەردا گرتەبەر، هەر بۆیە وەختێ تەمەنی گەیشتە ٢٥ ساڵ، یەکەمین رۆمانی بە ناوونیشانی «سەرزەوی تاوان» بڵاوکردەوە. ١٩ ساڵ دواتر کۆپەرێکی شیعری لە چاپ داوە، بەردەوام پتر لە ٢٠ ساڵان خۆی بە خوێندنەوەوە سەرقاڵ کرد و بەهرەیەکی باشی بەنسیب بوو.

هەر ئەمانەش پراوپڕ لە نووسراوەکانیدا رەنگدانەوەیەکی بەرچاویان هەبوو. ئیتر لەو ماوەیەدا خاس ورد بۆوە و باش چاوی راخست و ئەزموونی زۆری وەسەر یەک نا. لە پەنا ئەم گشتە هەوڵەدا تێکۆشانی سیاسی لایەنێک بوو لە کارە نهێنییەکانی، هەر بۆیە لە دوو دەیەدا پێوانەی ئەزموونی لیپاولیپ کرد و لە دژی تاریکی چێنان راسا.

ئەو کە هەستی بە هەموو کێشە و لایەنەکان دەکرد، توانی کارێکی پیشەیی لە چاپخانەدا دەستەبەر بکات،



**ساراماگۆ**

دواتریش ئەرک وەربگرێ لە کۆمپانیایەکی چاپەمەنیدا، ئیتر لەو سۆنگەیەوە بوو توانی خۆی لە باشترین نووسەرانی ئەو سەردەمەی پورتوغالی نزیک بکاتەوە و بیانناسێ، کاتێکیش هەستی بەوە کرد لە تواناییدا هەیە کاری وەرگێڕان بکات، بە سەداقەتەوە قۆڵی لێ هەڵماڵی و بەرهەمێکی زۆری لە نووسەرانی بیانی وەرگێڕا. بۆ وێنە مۆپاسان، تۆلستۆی، هیگڵ و ریمۆند بایر. هەر لەم رێگەیەوە بوو بە هاوکاری رۆژنامەکان و دەستی بە راڤە و شیکاری و لێکدانەوەی کاری ئەدەبی کرد. ئەو مرۆڤە، ماندوونەناسانە کارەکانی بە چاپ گەیاند و لە توێی دوو بەرگدا کە بریتی بوون لە شیعر و وتار، بە ناوونیشانی «لەم دنیایە و لەوی تردا»، «جانتا و مسافیر» ئەوانە بەرهەمگەلێکی ناوازەن و لە سەرەتای حەفتاکاندا لە ئامێزی چاپ هاتنە دەرێ.

لەوێ سەردەماندا بارودۆخی پورتوغال نائاسایی بوو، ساراماگۆ ساڵیانی ساڵ هەوڵی دا کەرامەت و کەسایەتی خۆی رابگرێ و لە هەمبەر گوشاری بەرهەڵستکاران خۆڕاگری لە خۆی نیشان بدات، بۆ ئەوەی لە خەبات و بەرخۆدان دانەبڕێ، چووە ژێر سەیوانی حیزبی

کۆمۆنیستەوە، ئەگەرچی هەمیشە لە ژێر چاوەدێری و خۆ حەشارداندا بوو، بەڵام بە تەمەنی لە بەندیخانەدا شەوی ڕۆژ نەکردەوە، هەر بۆیە دەبێژێ: سوپاسی هاوڕێیانم دەکەم، هەرچەندە ئەوان دەست بەسەر کران، بەڵام هەرگیز ناوی منیان لە کوولەکەی تەڕیشدا نەهێنا. بەم حاڵەشەوە کاتێک شۆڕشی خەڵک لە ساڵی ١٩٧٤دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، شۆڕشێک کەوا ساراماگۆ ئەوی بە «نا»یەکی مەزن بۆ ڕژێمی چەکداری ناودێر کرد، ئیتر وەختێ دۆسیەی هێمنایەتی کرایەوە، دەرکەوت کە دەستووری دەست بەسەرکردنی دەرکراوە. ئەم ڕووداوە پێش نەهاتبا، لە دوای سێ ڕۆژ دەستبەسەر دەکرا.

دوای شۆڕش ئەو ڕەخنە و عەیبانەی چوونە ئەستۆی حیزب، بوو بە هۆی ئەوە ساراماگۆ ئەو حیزبە بەجێ بێڵێ، بەڵام ئەم خۆ دوورگرتنە نەبووە لەمپەر بۆ ئەوەی واز لە کاروباری ڕامیاری بێنێ، بەڵکو کێشە و ئاریشەکان بوون بە هەوێنی کۆی بەرهەمەکانی، خۆ دوورگرتن لە حیزب و پشوودان لە کاروباری سیاسیدا بە قازانجی فیکری ئەو تەواو بوو تاکو ساراماگۆ فرەتر تەک بدات بە لایەنی ئەدەبی و قەڵەمی بخاتە گەڕ.

«سەرهەڵدان لە زەمینەوە» یەکەمین ڕۆمانی ساراماگۆیە، لەم قۆناغە تازەیەدا ئەو بەرهەمە کە لە ساڵی ١٩٨٠دا گەیشتە دەستی خوێنەران، شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە و پێناسەی ئەو لە جیاوازییەکەیدا دەردەکەوێ، ئەم هزر و داهێنانە دواتر لە ڕۆمانەکانیدا خۆی نیشان داوە، لە کاتێکدا فرەیەک باوەڕیان وا بوو ئەو نووسەرێکی سوریالیستە، دەستەیەکیش بەرهەمەکانی دەخەنە خانەی ڕیالیزمی جادوویی و لەگەڵ نووسەرانی ئەمریکای لاتین دەیخەنە تای تەرازوو، لە بەرانبەر گابرێل گارسیا مارکیزدا ڕایدەگرن، بەڵام وا دەردەکەوێ کارەکانی ئەو پێکهاتەیەکە لە شێوازی ئەوروپایی، هەر ئەوە لەگەڵ بیروباوەڕی تایبەتی نووسەر لەمەڕ ژیان و زمان و دەربڕین کە تایبەت بە خۆیەتی ئەمەش بۆ چەمکێکی جیاواز دەگەڕێتەوە.

ئەگەرچی خاوەنی ڕاوێژێکی شیرین و حەنەکباز و قسە لەڕوو بوو، بە کەڵک وەرگرتن لە خوازە و ئیستعارەگەلی تایبەت بە خۆی بۆ دەربڕینی ڕووداوەکانی مێژوویی هەنگاوی ناوە، ئیتر بە خەستی بە ناخی کارەساتەکاندا شۆڕ بۆتەوە، بۆ ئەوەی بە کەڵک وەرگرتن لەم خەیاڵانە کاردانەوەی هەبێ بە سەر بارودۆخ و ڕەوتی کۆمەڵگادا، ناوبانگی بە دنیادا بە باشی بڵاو بۆتەوە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەو بۆ ساتەوەختێک واز لە ڕەخنە و سەرکۆنەکردن و بەرپەرچدانەوەی خورافە پەرستی و بێ عەدالەتی ناو کۆمەڵگا ناهێنێ، هەر بۆیە دەست دەکا بە نووسینی نامیلکەیەک بە ناوی «ئینجیل لە زمان مەسیحەوە» ئەمە دژایەتی ڤاتیکانی لێ کەوتەوە. چەند ساڵ دواتر دوا کتێبی لە ژێر ناوونیشانی «قابیل» دەخاتە بەر دیدەی خوێنەران، هەر ئەو کتێبە بوو کە ساڵێک لەمەوبەر دەمەتەقەیەکی زۆری لە سەر ساز بوو. نیشانی دا ساراماگۆ تاکو مابێ بە چۆکدا نایەت.

ئیتر بە جەسارەتەوە وەڵامی ڕەخنەکەی نوێنەری کڵێسەی ڤاتیکان دەداتەوە، لە ئیسپانیا کە دژایەتی کتێبەی قابیلی کردبوو:

ئەگەر بە سەداقەتەوە لە بواری ئایینیدا بە خۆماندا بچینەوە، ڕەنگ بێ فریشتەئاسا ڕوحێکی خاوێن و پاقژمان هەبێ. بەمەشەوە ناوەستێ، بەگژ دەسەڵاتی ئیسرائیلدا دەچێ، بەم کردارەی لە تەک خەڵکی فەلەستین دەیکەن، ڕووی نازییەکانتان سپی کردۆتەوە، کە ئەوان لەگەڵ یەهوودییەکاندا لە شەڕی دووەمی جیهانیدا کردیان.

بە دزی «مردن»، یان «مردن هەر نەهات» ئەمە ڕۆمانێکی ترە کە لەسەر شێوازی تایبەت بە خۆی نووسیویەتی و لەو ڕۆمانەدا ژیان بە گاڵتە دەگرێ. مرۆڤەکان پیر دەبن، بەڵام نامرن، کڵێسە دەکۆشێ تاکو بتوانێ جارێکی تر بووکی مەرگ لە گەڵ ژیاندا ئاشت بکاتەوە.

لە «بینایی»دا ساراماگۆ دەڵێ: زۆربەی دەوڵەتەکان بۆ ئەوەی سەیتەرەی خۆیان بخەنە سەر خەڵک و زاڵ و زۆردار وەمێنن، کەڵک لە تیرۆریزم و تۆقاندن وەردەگرن و سێبەری سیاسەتی ڕەشی خۆیان خەستتر دەکەنەوە بە سەر دنیای مرۆڤایەتیدا، ئەوەتا دەبینن بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا هەر وەک ١١ی سێپتەمبەر، ئەمریکا لە دژی تیرۆر و تیرۆریزمە، خۆشی بۆتە ئامانجی تیرۆر و تۆقاندن و حەق و مافی ئەم و ئەویش دەباتە ژێر پرسیارەوە.

ئیتر سەرەڕای ئەم کێشە و گرفتانە ژۆزە ساراماگۆ بەر لەوەی مرۆڤێکی هەڵسووڕاوی سیاسی بێ، یان کۆمەڵایەتی، نووسەرێکی بە تەواو مانایە، هەر بۆیە

باوەڕی وایە ئایدیۆلۆژی و ڕوانگەی یەک نووسەر دەشێ لە پلەی دووەمدا ڕاوەستێ، یان دەبێژێ: ئەدەبیاتی سیاسی بێ گومان بە لای هەڵدێر و دارماندا گلۆر دەبێتەوە، هەرچەندە ڕێبازی دیکەش زۆرە بۆ جوولانەوەی سیاسی.

ساراماگۆ لە ساڵی ١٩٩٢دا بە نووسینی حەوتەمین ڕۆمانی، واتە «ئینجیل بە وتەی عیسا مەسیح» لەگەڵ هەڕەشە و چاو سوورکردنەوەی دەمارگرژان و نەریتی کۆمەڵگای وڵاتەکەی بەرەو ڕوو بوو، دەوڵەت بۆ دەروون ڕێشی هەستی مەزهەبی خەڵک، ئەو کتێبەی لە ڕیزی کتێبەکان هێنا دەرێ کە بۆ وەرگرتنی خەڵات پێشنیار کرابوون. هەر ئەمە بووە هۆکار تاکو ساراماگۆ دەنگی ناڕەزایەتی دەربڕێ و وڵاتەکەی بەجێ بێڵێ و جانتای سەفەر بکاتە شان و لە ئیسپانیا بگیرسێتەوە.

کۆچیرۆکی «نزیکەی شتێک» ساڵی چاپ کردنی ١٩٧٨، شانۆی «شەو» ١٩٧٩، چاپ و بڵاوبوونەوەی چەند شانۆنامەیەک، وەکو «ئەشێ من لە تەک ئەم کتێبەدا چ بکەم؟»، هەروەها «ژیانی سەرلەنوێی فرانسیس ئیس» لە دەیەی هەشتادا ،ڕۆمانی «باڵتازار و بیلمۆندا» لە ساڵی ١٩٨٢دا، هەر ئەو بووە هۆکار تاکو ئینگلیزی زمانانی دنیا بیناسن و ئاوازدانەری ئیتاڵی ئۆپێرای بۆ دانا، ئەمە ناوبانگێکی باشی پێ بەخشی. ژۆزە لە ساڵی ١٩٩٥دا ڕۆمانی «کوێری» و لە ساڵی ١٩٩٧دا «گشت ناوەکان»ی لە چاپ دا. ساڵی ١٩٩٨ خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵی بۆ خوی مسۆگەر کرد.

(ژۆزێ)ی نووسەر و بیرمەند، لەو ساڵانەی کۆتایی ژیانیدا وێبلاگ نووسێکی ڕاستەقینە و سەرقاڵ بوو، ماوەیەک پێشتر وازی لەم کارە هێنا و داوای لێبوردنی لە ئاشقانی خۆی کرد، کات و وەختی زۆری بۆ نەمابۆوە، هەوڵی دا بۆ کۆکردنەوەی نووسراوە بەربڵاوەکانی و لە کۆپەڕێکدا بڵاوی کردنەوە. چەند مانگ لەمەوبەر بیرەوەرییەکانی بە زمانی پورتوغالی لەژێر چاپ هاتە دەرێ، بەم زووانەش چاپی تازەی دەگاتە دەستی خوێنەران بە زمانی ئینگلیزی.

ساراماگۆ ئەگەرچی مانگی ڕابردوو(*) ماڵئاوایی لەم جیهانە پڕ لە کێشەیە کرد(**)، بەڵام ئاواتەخواز بوو مرۆڤ بە پەیژەی بەختەوەریدا سەر بکەوێ و بگا بە پلەی بە ئینسان بوون و واز لە کوشتوبڕ و نابەرانبەری و سووکایەتی و ماڵوێرانی و خوێنڕێژی بهێنێ.

خوێنەری هێژا، ئیتر چی دەکرێ، ئەمە مەیدانی ڕۆژگارە و یاسای گەردوونە، لە ڕاستیدا بە مەرگی ساراماگۆ جیهانی وێژە و ڕۆمان کەلێنێکی بەرچاوی تێکەوت، بێ گومان زۆری پێ دەچێ ڕۆژگار مرۆڤێکی ئاوا بە وەج و بیر تیژ و ژیاندۆست و خەمخۆر و بەمشوور بە خۆیەوە ببینێ.

**سەرچاوە:**

**ڕۆژنامەی جامی جەم، ساڵی چاپ ١٣٨٩، ژمارە ٢٩٤**

*** (ژۆزێ دی سۆسا ساراماگۆ) ساڵی ١٩٢٢ لەدایک بووە، لە ١٨ی تەمووزی ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردووە. (ڕامان)**

**** ئەم وتارە دوای کۆچی دوایی ژۆزێ نووسراوە و تازە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. (ڕامان)**

# مێژووی ئەدەبیاتی ماد

**لە فارسییەوە: مێهرداد ڕامیدی نیا**
**(مەهاباد)**

تا ئێستا هیچ نووسراوەیەک لە سەردەمی ماد بە یەکێک لە زمانەکانی ئێرانی بەجێ نەماوە، بەڵام لە نووسراوەکانی مێژوونووسانی یۆنانیدا گەلێک ئاماژە بە چیرۆک و حەقایەت و هۆنراوەکانی ئەو سەردەمە کراوە. «ئاتێنیۆس» دەڵێ:

شایەر و گۆرانی و سترانبێژەکان بە نەرمە خوێنی خۆیان، دلێری و جوامێری و ئازایەتی «کورەش» و جەنگی ئەویان لەگەڵ «ئاستیاگ» پێشبینی دەکرد. ئەوسا لە زمان «دینۆن»ـەوە دەنووسێ: «کاتێک کە «ئاستیاگاس» لەگەڵ دۆست و هەڤاڵانی ئاهەنگی جەژن و شادی دەگێڕێ، پیاوێک بەنێوی «ئەنگارێس» کە سترانبێژێکی هەرە ناوداربوو، بانگ دەکا و ئەم سترانبێژە هەموو چیرۆک و هۆنراوە باو و ئاساییەکان بە ئاواز دەخوێنێتەوە. لە کۆتاییدا گوتی: دێوێکی بە سامتر لە بەرازی تۆڕ لە زۆنگێکدا بەرەڵڵا کراوە و ئەگەر بەسەر دراوسێیەکاندا زاڵ بێ، هێندەی پێ ناچێ کە هیچ کەس دەرەقەتی نایە. کاتێ ئاستیاگ لە سترانبێژەکە دەپرسێ:

ئەمە چ دێوێکە؟ سترانبێژەکە لە وەڵامیدا دەبێژێ: کورەشی فارسە!، هەروەها دینۆن دەنووسێ: کورەش لە خەوێدا دەبینێ کە خۆرەتاو لەبەر پێیەتی، سێ کەڕەت هەوڵی دا بەدەستی بیگرێ، بەڵام سەرنەکەوت. چونکە خۆر لە دەستی دەخزی و ڕای دەکرد. مۆغەکان پێش دابێژیان بۆکرد کە سێ جار ڕاکردنی خۆر بە مانای ئەوەیە کە [کورەش] سێ ساڵان پاشایەتی دەکا و هەرواش بوو. لەمەڕ کورەشەوە گەلێک چیرۆک هاتبوونە نێو ئەدەب. «گێزێنفۆن» دەڵێ: ئێرانییەکان لە چیرۆک و سروودەکانی خۆیاندا کە ئێستاش پایەدار و بە برەون و جوانی و خووخدەی باشی ئەم پاشایە و ئۆگری و داژداری

ئەو بۆفێربوون دەگێڕنەوە.

هەروەها لە جێیەکی تردا دەبێژێ: نێوی کورەش لەسەر زاری خەڵکی مادبوو. هەرکەس لە گوتە و ئاخاوتنی خۆیدا پەسن و ستایشی دەکرد. نمایەک لە چیرۆکەکانی پاڵەوانیەتی ماد، گێڕانەوەکانی «کنیتزیاس»ـە لە مەڕ هەندێک ڕووداو کە بوونە هۆی دامەزرانی دەوڵەتی ماد. «سترانگایۆس» کە عاشقی شاژنی وڵاتی «سەکا» بەنێوی «زەرینیا» دەبێ، چونکە پێی ناگا خۆی دەکوژێ- لە چیرۆکگەلی دلّداری و عاشقانەی وڵاتی ماد بووە، یەکێکە لە چیرۆکەکانی خۆشەویستی و دڵداری [وڵاتی ماد] چیرۆکی «زەریادەرێس» و «ئۆداتیس»ـە کە «خارێس میتلێنی» بەم شێوە باسی کردووە:

دەڵێن «هیستاسپێس» برا چکۆلەی «زەریادەرێس» بەرەی زەماوەندی «ئافرودێت» و «ئادۆنێس» بوون «هیستاسپێس» فەرمانڕەوای ماد و وڵاتەکانی سەرووی وێ بووە.

«زەریادەرێس»یش بەسەر ناوچەکانی خوارووی دەروازەکانی «خزر» تا «تەنائیس»دا حکوماتی دەکرد. «مەراتی»یەکان لەوبەری «تەنائیس»دا دەژیان و فەرمانڕەوا و پاشاکەیان «ئۆمارتیس»ی ناوبوو.

ئەم ئۆمارتیسە کچێکی هەبوو بەنێوی «ئۆداتیس» کە جوانترین و شۆخو شەنگترین ژنی [وڵاتی] ئاسیا بوو. «ئۆداتیس» خەو بە «زەریادەرێس» دەبینێ و لە خەوێدا عاشقی دەبێ؛ هەروەها زەریادەرێسیش لە خەودا شەیدای ئەو کچە دەبێ. «زەریادەرێس» بۆ گەیشتن بە «ئۆداتیس» گەلێک کۆشا، بەڵام سەرنەکەوت، چونکە باوکی کچە حەزی نەدەکرد کچەکەی بداتە پیاوێکی بیانی و غەوارە سۆر.

هێندەی نەخایاند کە «ئومارتیس» بۆ بەشوودانی کەنیشکەکەی ئاهەنگێکی گەورەی سازدا و لەم ئاهەنگەدا، هەموو خزم و خێش و گەورە پیاوانی دەربار و بارەگاکەی بەشدار بوون. «ئۆمارتیس» داوای لە کچەکەی خۆی واتا «ئۆداتیس» کرد پێکێک شەراب بدا بە ئەو کەسەی کە حەز دەکات شووی پێ بکات. زەریادەرێسیش کە پێشتر لایەن ئۆداتیسەوە لەم کارە ئاگادار کرابووەوە، خێرا لەگەڵ فایتۆن لێخوڕەکەی خۆی بە «تەنائیس»دا گوزەری کرد و بەجلێکی نامۆ هاتە نێو تەلاری ئاهەنگەکە و ئۆداتیسیش پێکەکەی بۆ پڕ کرد.

بەپێی وتەی «خارێس میتلێنی»: ئەم چیرۆکە لەنێو خەڵکی ئاسیادا زۆر بەنێوبانگ بووە و ئەم چیرۆکەیان لەسەر دیواری پەرستگە، کۆشک و تەنانەت ماڵە تایبەتییەکاندا دەنەخشاند و زۆربەی پیاوە گەورەکان نێوی ئۆداتیسیان لە کەنیشکەکانی خۆیان دەنا.

بەڕای «مێری بۆیس» ئەم چیرۆکە ڕەگوڕیشە و بنجێکی «ماد»ی هەیە و لەگەڵ ئایینی پەرستنی خوای عەشق، ڕەنگە ئاناهیتا پێوەندی هەبووە و دواتر بە شێوەی «گوشتاسپ» و «کەتایون» هاتوونەتە نێو زنجیرە چیرۆکەکانی «کەیانی» و لە شانامەی فیردەوسیدا ڕەنگی داوەتەوە.

**ژێدەر:**

**تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام، دکتر احمد تفضلی: به کوشش دکتر ژاله آموزگار، تهران؛ نشر سخن، چاپ سوم، ۱۳۷۶.**

# گەنجینەو خورافە

لە عەرەبییەوە: ئاسۆ وەهاب
(کەرکووک)

لە بەراییەکانی ئەم سەدەیەدا دکتۆر گالڵدۆ قەشەی لۆکۆمبا بوو، ڕۆژێکیان بۆ گوێگرتن لە دانپێدانانەکانی کەسێک بانگهێشت کرا کە لەسەرە مەرگدا بوو، ئەو کەسە یەکێکە لە پیاوە بە تەمەنەکانی هندییەکان، چونکە تەمەنی لەسەد ساڵ تێپەڕی کردبوو بە ماریانۆ شۆکۆمانی بەناوبانگ بوو.

دوای ئەوەی شۆکۆمانی گوێی لە نهێنییەکانی کلێسە و دوعا و نزاکانی قەشە گالڵدۆ گرت، بە بەڕێزی وت: «ئەی باوکی سەنگینم، دەمەوێ نهێنییەکت پێ بڵێم تا لە لات بمێنێتەوە، چونکە من کوڕم نییە تا ئەم نهێنییانەی پێ بسپێرم، بەڕێز من بە ڕەگەز دەچمەوە سەر خێزانی تیتۆ ئاتاچی گەورەو عومدەی مۆکگوا لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی ئاتاوالبا، ئەو کات ئیسپانەکان هاتن و ئانکایان گرت، نێردراوێکیان ناردە لای عومدە تیتۆ ئاتاوچی و پێی ڕاگەیاند کە ئیسپانەکان تەنیا بەرانبەر بە زێڕێکی زۆر ئازادی دەکەن.

گەورەی مۆکگوا، بەڕێز ئاتاوچی بڕێکی زۆری زێڕی کۆکردەوە و لەو کاتەدا کە هەموو زێڕەکە ڕێک دەخرا تا بۆ کارخامارکا بنێررێت، هەواڵی مردنی ئاتاوالبای لە ئەنجامی زۆر ئەشکەنجەدانەوە پێگەیشت.

بەڕێز ئاتاوچی لە بەرزاییەکانی لۆکۆمباو لە ئەشکەوتێکدا ئەو گەنجینەیەی شاردەوە و سەرەتا لەسەری نووست، بەڵام دواتر خۆی کوشت، ئێستاش ئەو شوێنە بە بڕێکی زۆر لمی ورد بان دراوە و لەسەر ئەو لمەوە بەربەستێک لە داری ئەلبکا هەیە و لەسەرووی ئەویشەوە بڕێکی زۆر حەسیری قامیش و بەرد و خۆڵ و چەو دانراوە، لەنێو قامیشەکەشدا قەوشەرێک لە پەڕەی شۆڕەبی و ئێسک و پرووسکی تووتی دانراوە».

بەڕێز ئەم نهێنییە لە باوکمەوە بۆ من بەجێماوە و باوکیشم لە باپیرمەوە ئەو نهێنییەی پێگەیشتووەو

هەروەها...

بەڕێزی لۆکۆمبا، ئەمانەتی تۆ و ئەم نهێنییە، هەر کاتێک کلێسەکەی لۆکۆمبا ڕووخا، ئەوە ئەو گەنجینەیە دەربهێنەو کلێسەیەکی تازەی پێ دروست بکە.

سالان تێپەڕین و قەشە گالدۆ ئەم نهێنییەی بە جێنشینەکەی سپارد و ئەویش بە ئەوانی دوای خۆی.

هەژدەی ئەیلوولی ١٨٣٣ زەمین لەرزەیەک کلێسەکەی لۆکۆمبای ڕووخاند، قەشە کۆیتۆ، قەشەی ئەوکاتەی لۆکۆمبا بڕوای وابوو کاتی ئەوە هاتووە گەنجینەکە دەربهێنرێت، بەڵام پێش هەر هەنگاوێک پێویستە ڕووبەڕووی ئەو هندییانە ببێتەوە کە بڕوایان وایە کاری لەو جۆرە دەست وەردانە لە پیرۆزییەکان، لە هەمان کاتیشدا کارێکی لەو جۆرە چەپەڵ و گڵاوە، زانینی ئەم ڕاستییەش ڕێگرە لەبەردەم هەندێک لە پیاوە دیارەکانی دەروهاوسێ بۆ کارکردن لە دەرهێنانی گەنجینەکە، ئەوە بوو داری ئەلبکاو حەسیری قامیش و ئێسک و پرووسکی توتییەکەیان دۆزییەوە، بەڵام زۆری نەبرد هندییەکان یاخی بوون و هەڕەشەی کوشتنی ئەو سپی پێستانەیان کرد کە جورئەتی گڵاوکردنی گۆڕی بەڕێز ئاتاوچییان کردووە، لە دواییشدا هیچ ڕێگەیەک لەبەردەم دەروهاوسێکاندا نەما بۆ بەردەوامبوون لە کارەکەیان، بۆیە بڕیاریان دا واز لەو کارەیان بهێنن.

ساڵی ١٨٦٨ نەوەیەکی نوێ لە لۆکۆمبا دەژیا، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی نەمانی باوەڕی هندییەکان بە خورافەی گەنجینەکە. سەرهەنگ دۆن ماریانۆ بیۆ کۆرنگۆ، کە پێشتر لە لیما وەزیری بەرگری و دەریاوانی بوو، پاش خانەنشین کردنی گەڕایەوە دۆڵی لۆکۆمباو لەیەکێک لە خانووەکانی لەو دۆڵەدا جێگیر بوو، ماریانۆ بۆ دەرهێنانی گەنجینە شاراوەکە کۆمپانیایەکی نوێی دامەزراند، بە توانایی و هەوڵدانێکی زۆرەوە کاری دەکرد و بەرد و دار و حەسیرەکانی دەرهێنا، لە کۆتاییشدا سەبەتە ئەفسافەکەی دۆزییەوە.

بە بڕوای زۆر کەس لەوانەی لەوێ کاریان دەکرد، بەکارکردنی یەک ڕۆژ یان دوو ڕۆژی تر گەنجینە پڕ بەهاکە لەگەڵ تەرمەکەی بەڕێز ئاتاوچی دەدۆزرێتەوە، ئەم بڕوایە لە جێی خۆی بوو، چونکە دوای ئەو ماوەیە سەبەتەکە دەرهێنرا، بەڵام لە بری ئێسکی توتی ئێسک و پرووسکی ئاژەڵی ئەلبکایی تێدا بوو.

هەموو هندییەکان هاواریان کرد و بە ترسێکی زۆرەوە تەوشی و بێڵەکانیان فڕێ داو ڕایان کرد، چونکە لە ناو هندییەکاندا باوەڕێک هەیە دەڵێت: «هەر کەسێک دەست لە تەرمەکەی بەڕێز ئاتاوچی بدات، خانووەکەی دەرووخێت و یەک بەرد بە ڕاوەستاوی نامێنێتەوە، لەبەر ئەوەی پیرۆزیی تەرمی ئەو بەڕێزەی پیس کردووە»، ماریانۆ هەوڵی زۆری دا هندییەکان بە خەڵات بخەڵەتێنێ تا بگەڕێنەوە سەر کارەکەی خۆیان، بەڵام هندییەکان ئەوەندە کەللە ڕەق بوون بە هەڕەشە و لێدانیش نەگەڕانەوە.

یەکێک لە هاوبەشەکانی کۆمپانیاکەی ماریانۆ ئامرازێکی پێشنیارکرد بۆ گەڕاندنەوەی هندییەکان بۆ سەر کارەکەیان، کە ئەویش خواردنەوەی مەی بوو، چونکە هندییەکان بە ئاستەم خۆیان لەبەردەم مەی خواردنەوەدا ڕادەگرن، هەر وایش دەرچوو، پاش سەرخۆشبوونیان تەوشی و بێڵەکانیان هەڵگرت و جارێکی دیکە هەموویان گەڕانەوە سەر کارەکانیان. پاش ماوەیەکی کەم لە کارکردن تەرمی بەڕێز ئاتاوچی دەرکەوت.

– سەرکەوتین؟ ماریانۆ و شەریکەکانی هاواریان کرد.

– هیچ نەماوە، چەند بستێکی تر کار دەکەین و دەگەینە پارچە زێڕی پڕ بەها؟!

سەرۆکی کرێکارەکان، لەسەر تەرمەکە ڕاوەستا تا جیای بکاتەوە و دەری بهێنێ، لەو ساتە وەختەدا سەدای دەنگێکی شووم کە لە ژێر زەوییەوە دەهات، هەموویانی ناچار کرد بەترسەوە ڕابکەن، ماڵەکانی لۆکۆمبا هەر هەموویان ڕووخان، چەندان درز کەوتنە زەوی و ئاو لێیانەوە قوڵپی دەدا، مرۆڤەکان لە حەژمەتان بەرگەی ڕاوەستانیان دەگرت، ئاژەڵەکانیش بە ترسێکی زۆرەوە ڕایان دەکرد و دەکەوتنە دۆڵەکەوە، هەرەسهێنانی زەوی گۆڕەکەی بەڕێز ئاتاوچی بە تەواوەتی داپۆشی، بەوەش بڕوای هندییەکان بەو خورافەیە زیاتر بوو، ئەو خورافەیەی کە دەڵێت: «هەر کەسێک تەرمێک بشێوێنێ ئەوە کاولبوون و وێرانکاریی بەسەر دادێت».

**پەراوێزی ناوەکان:**

لۆکۆمبا: دۆڵێکە لە وڵاتی پیرۆ.

مۆکگوا: هەرێمێکە لە باشووری پیرۆ دەکەوێتە سەر دەریاوە، ڕووپێوەکەی ١٥٧٣٤ کیلۆ مەتر دووجایە.

ئاتاوالبا: دوا پاشای ئیمپراتۆرییەتی ئانکایە ١٥٠٠- ١٥٣٣ ڕووبەڕووی ئیسپانەکان بووەوە، پاش بەدیل گرتنی بڕیاربوو بەرانبەر سەرانەیەکی زۆر ئازاد بکرێت، بەڵام بەهۆی نەیاریی لەگەڵ سەرکردەی ئیسپانەکان فرانسیسکۆ پیزارۆ کوژرا.

کاخامارکا: شارێکی پیرۆیە، دەکەوێتە سەر ڕووبارێک بە هەمان ناوەوە.

بەکای: دارێکە لە ناوچەکانی ئەمریکای باشوور زۆرە.

ئەلبكای: جۆرێكە لە ئاژەڵە مەمكدارەكان، بنەچەی بۆ زنجیرە چیای ئەندیز لە ئەمریكای باشوور دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لە ئیكوادۆر و باكووری چیلی و باكووری ڕۆژهەڵاتی ئەرژەنتین و باشووری پیرۆ و ڕۆژئاوای پۆلیڤیا دەژێت.

## پۆستەو گەیاندن
### چیرۆكی خۆلیۆ كورتەزار

وا ڕێكەوت ڕۆژێكیان خزمێكمان گەیشتە پلەی وەزیر، بۆیە لەگەڵیدا ڕێك كەوتین ژمارەیەك لە ئەندامانی خێزانەكەمان لە ئۆفیسێكی خزمەتگوزاری پۆستەو گەیاندن، لە شەقامی (سێرانۆ) دابمەزرێنێ، ڕاستیش بڵێم لەو كارەدا زۆر نەماینەوە! بگرە تەنیا دوو ڕۆژ لەو سێ ڕۆژەی كە بڕیار بوو لەوێ كار بكەین ماینەوە.

لێتان نەشارمەوە، بەخێراییەكی زۆر خزمەتگوزاریمان پێشكەشی خەڵك دەكرد، ئاوهای لێهات لە پڕێكدا لێكۆڵەرێكی ئیدارەی مەڵبەندی پۆستەو گەیاندن هاتە لامان و زۆر لە ئیشوكارەكەمان ڕازی بوو.. ناوبانگمان دەركرد و لە ڕۆژنامەی (ڕاستی) چەند وشەیەكی وەسپداغان بەركەوت.. لە ڕۆژی سێیەمدا لە گەڕەكە دوورەكانەوە دەهاتنە لامان بۆ ئەوەی نامەكانیان بنێرین و پارەكانیان ڕەوانەی شوێنێكی بێ تامی وەك (بۆرما ماركا) بكەین. لەو ڕۆژەدا مامە گەورەكەم ئازادیی ڕەهای مامەڵەكردنی پێ بەخشین، بۆیە هەر یەكێكمان بەپێی ئارەزووی خۆی كارەكانی سەرشانی بە ئەنجام دەگەیاند.

خوشكی دووەمم كاری ڕێكخستنی نامەكان و فرۆشتنی (پوول)ی پێ سپێررابوو، هەر كەسێكیش بەبەردەم پەنجەرەكەیدا تێپەڕیبا شیشەڵدانێكی پێدەبەخشی و ئەویش پوولێكی دەكڕی.. یەكەم شیشەڵدان بەر ژنێكی قەڵەو كەوت كە لە شوێنی خۆیەوە واقی وڕمابوو!

نەدەجوولا.. بە دەستێكی شیشەڵدانەكەی گرتبوو، بەدەستەكەی دیكەی پوولێكی تەڕبوو، كە نرخەكەی یەك پیسۆ بوو. دواتر گەنجێكی قژ درێژ شیشەڵدانەكەی وەرنەگرت، بۆیە خوشكەكەم زۆر بە توندی سەرزەنشتی كرد.

لە كاتێكدا خەڵكی لە ڕیزێكی گونجاو ڕاوەستابوون و لە ژێر لێوانەوە بیروڕای دژ بەیەكیان دەگۆڕییەوە، لە ڕیزە هاوتەریبەكەی تر زۆر لە لادێیەكان، بە بڕوایەكی ئەحمەقانەوە بەشێك لە مووچەكانیان بۆ خێزانەكانی خۆیان دەناردەوە.. بە سەرسوڕمانێكی زۆرەوە بە دەستێكیان پێكی شەرابیان نۆش دەكرد و جارجاریش دەستەكەی دیكەیان بۆ پارچەیەك كولێرە دەبرد، كە بەقیمەی گۆشت دروست كرابوو، لەو كاتەدا باوكم كە لەبەردەم ئەو پەنجەرەیە ڕاوەستابوو كە ئەو لادێییانەی لێبوون، بە دەنگێكی بەرز قسە ناوازەكانی دانایەكی وەك (نیسكاشا)ی دەوتەوە.

براكانیشم، كە سەرپەرشتیی كاری پۆستە بوون، هەموو نامەكانیان بە قەتران چەور دەكرد و دەیانخستە ناو كیسەیەكەوە پڕبوو لەپەڕ، پاشان پیشانی خاوەنە حەپەساوەكانیان دەدایەوە و جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە، كە ئایا پاش ئەو چاكسازییانەی بەسەر نامەكاندا كردوویانە نامەكان بۆ شوێنی مەبەست دەنێرن؟ ئەمەش ڕادەیەكی زۆر خۆشی و شادی دەبەخشێتە دڵی ئەو كەسانەی كە وەری دەگرن، هەروەها دڵنەوایی خاوەن نامەكانیان دەكرد و پێیان دەوتن: «خەتەكان دیار نەماون! واژووی مۆمە شێوێنراوەكەش دیار نییە! پاشان سەیری ناوونیشانەكە بكە وەك ئەوە نییە لە ژێر باڵی سۆنەیەك پارێزراو بێت؟».. ڕاستیش بڵێم خەڵكەكە بە حەماسەوە نەیان دەڕوانییە بیرۆكەكە.

كاتێك پیاوانی پۆلیس و هەندێك لە هەلپەرستان هاتنە ئۆفیسەكەوە دایكم بەشێوەیەكی جوان كۆتایی بە دیمەنەكە هێنا، چەندان كۆلارەی كاغەزی هەڵدایە سەریان، ئەو كۆلارانە بە كاغەزی ڕەنگاوڕەنگی پارچە تیلیگرامی هەناردەی پارەیی و تۆماری نامە نێرراوەكان دروست كرابوون.. هەموومان سروودی نیشتمانیمان وتەوەو بە شێوەیەكی ڕێكوپێك شوێنەكەمان بەجێهێشت.. بینیم كچێكی گچكە دەگری، تەنیا سێ كەس لە پێشی مابوو تا بگاتە ئەو پەنجەرەیەی كە خوشكەكەم لێوەی (پوولی) دەفرۆشت، زانیم كە گریانەكەی لەسەر ئەوەیە هەلی وەرگرتنی شیشەڵدانێكی لەدەست داوە.

**سەرچاوە:**

**لە سایتی:** www. alwah. com

# کاریکاتێری کوردی، سەرچاوە و پێداویستییەکانی

سەید یاسین قورەیشی
(بۆکان)

خولّقاندنی خۆشحالّی ئیشێکی دژوارە، بەتایبەت خواجە حافز گوتەنی: «ئەگەر مەبەست لە بیچمێکی تری پێکەنین بێ» بە ڕاشکاوی دەکرێ بلّێین شۆخی کارێکی جدییە، دەبێ بە شادییەوە بچینە ناو جیهانی مرۆڤێ کە کاری تەنز دەکەن. دەنا وا هەیە کە شۆخی وەڵام نەداتەوە. شۆخی بڕیارێکی هاوبەشە، لە نێوان تەنزکار و بەردەنگی ئەو، کە پێویستە پێکەوە بیدەن. کاریکاتێریستەکانیش دەبێ جۆرێ مرۆڤ لە هونەرەکەیان تێبگەیەنن و بینەری خۆیان لەگەڵ خۆیان هاوڕێ بکەن و چێژی ئەو پتر بکەن و باقی هونەرمەندانیش هەر بەو جۆرە. کاریکاتێریستەکان پێویستە هەر کام لە گۆشەیەوە بەو هونەرە شی بکەنەوە. بڵاوکەرەوەکانیش دەتوانن چەند لاپەڕەیەک لە بڵاوگەکەیان بۆ ئەو ئیشە تەرخان بکەن، ئەگەر ئەوان سەبارەت بە کارە هونەرییەکەشیان بە قەناعەتێکی گشتی نەگەن، لانی کەم لە بیروڕای یەکتر ئاگادار دەبن و ڕەنگە تاڕادەیەک بۆچوونیش لەیەک وەرگرن.

هەڵبەت ناکرێ کاری هونەری (وێنە) دووبارە بگەڕێنینەوە ناو چوارچێوەی وشەکان، بەڵام دەکرێ بە نووسینی وشەیەک، بینەر بەرەو مانای سەرەکی و دیاریکراوی هونەرمەند هان بدرێ و ڕێنموونی بکرێ، پاشان ئەدی ئەوە بینەرە کە دەبێ توانایی بۆ تێگەیشتن لەو وێنە و ناسینی هەرچی پتری ڕەمزەکان و ئەلفوبێی هێڵ و ڕەنگ و ڕوانناسی وان بە دوای دۆزینەوەی ماناگەل و پێوەندییەکانی ئاشکرا و شاردراوەی بەرهەمەکە هەبێ و بە هەوڵی «زەینی و عەینی» و تێفکرینێکی دروست، وردبینانە و قووڵ خاڵەکانی دیاریکراوی خاوەن بەرهەم بدۆزێتەوە و چێژی هونەری لێوەربگرێ. کاریکاتێریستگەلیش کە بیرۆکە و خەیاڵی خۆیان لە چوارچێوەی وێنەیەکدا دادەڕێژن و دەیهێننە سەر

لێنووس، پێویستە بۆ خۆیان توانایی هێزێکی مەنتقییان هەبێ کە بەرهەمەکانیان تیوریزە بکەن. بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا وتار سەبارەت بە کاریکاتێر کەمە.

کاریکاتێر، بە تایبەت کاریکاتێرگەلی (ڕۆژنامەیی) لە ڕاستەقینەدا بەشێ لە مێژووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی هەر نەتەوەیەکن. هونەری کاریکاتێر هونەرێکی لاوەکییە و سەرچاوەکەی ڕۆژئاواییە. ئەو هونەرە لە ئێران هاوڕێ لەگەڵ شەپۆلی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و هاوکات لەگەڵ شۆڕشی مەشرووتییەت و ڕاپەرینی خەڵکی ئەو وڵاتە بوو، کە ناتوانێ شوێندانەری شۆڕشی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ئەورووپایی بەسەرەوە نەبێ. پێشتر لە ئێران وەک ڕابردوو بەرهەمی وێنەگەران تەنیا بریتی بوو لە بە وێنەکێشانی حەکایەتەکان و گێڕانەوەکانی زۆرینەی مرۆڤ و لەگەڵ ئەوانە شێوەی «مینیاتۆر» واتا «وێنەگەری سەلەفی ئێران» و شێوازی وێنەگەری قاوەخانەیی کە دیاردەیەکی نوێ بوو، لە درێژە شێوازی نێوە ئەورووپایی سەدەی حەڤدەم و کۆتاییەکانی دەسەڵاتداری قاجار. جەلیل محەممەد قولی زادە مامۆستایەکە چەندین ساڵ لە قوتابخانەکانی ناوچەیی قەفقاز دەرسی گوتووەتەوە و بابوباپیرانی ئێرانی و خەڵکی «خۆی» بوون و بناغەدانەری بڵاوگەی «مەلا نەسرەددین» و ڕچەشکێنی هونەری کاریکاتێر بە چاپەمەنییەکانی ئێران بوو کە گۆڤاری «تەوفیق»، کاریکاتێر و بڵاوگەکانی دی لە درێژەی کاری ئەو بڵاوگەیە، ئەو هونەرەیان دەوڵەمەند کرد.

ئەو هونەرە لە درێژەدان بە کاری خۆی لە ئێران، هەروەها لە ناوچەی کوردنشینەکان ڕێبازی خۆی دۆزییەوە و لەژێر کاریگەری هۆکارگەلێک حاڵ و هەوای هونەرێکی خۆماڵییان بەخۆوە گرت و بوو بەهۆی پەرەگرتنی هەرچی پتری ئەو هونەرە. شێوازی خۆماڵی ئەو هونەرە و ڕەوتی پەرەگرتنی لە مێژووی چاپەمەنی ئێراندا بەرچاوە و لە ناوچەکانی کوردەواری لە کاریکاتێرەکانی برایانی قورەیشی (کتێبی گاڵتە و...)دا دەبیندرێن. لە زۆربەی کاریکاتێرەکانی ئەو کتێبە کە بەردەنگی گشتی هەیە بە خوڵقاندنی فەزایەکی کوردانە و ئاوێتەبوونی ئەو هونەرە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی جوگرافیایی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووری، کارەکتەرەکان جلوبەرگی کوردییان لەبەردایە و لە دیالۆگەکانیاندا بە زمانی کوردی لەگەڵ یەک دەدوێن، تەنانەت نووسراوەکانیش بە ڕێنووسی کوردییە.



(لە کاریکاتێردا ئەوە وێنەیە کە دەبێ بدوێ، بەڵام بوونی نووسراوە لەگەڵ وێنە لە کاریکاتێرە ژۆرنالیستەکاندا کارێکی ئاساییە). هەڵبەت لە کاریکاتێرگەلی پێشانگەیی و بێ شرۆڤەش، جگە لە نووسراوە باقی تایبەتمەندییەکانی دی دەتوانن لە کاریکاتێردا ئامادەییان هەبێ. ئەوە توانیویەتی وردبینی و سەرنجی پتری بینەرانی ئەو ژانرە هونەرییە بەرەو ئەو شێوازە کاریکاتێرانە ڕاکێشێ، چێژی ئەوان بەرێتە سەرێ، تەنانەت هێندێ لەوان بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی ئەو زمانە هان بدات. لە هۆکارگەلێکی کە بتوانێ لە ئێرەیی کردن و پەرەپێدان بە بەستێنی مانایی، تەنانەت تەکنیکی ئەو ژانرە هونەرییە یاریدەر بێ، دەتوانین لە تێکەڵاوی ئەو هونەرە لەگەڵ ژانرگەلی دی بدوێین کە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی کاریکلماتۆر لە (کاریکاتێر+ ئەدەبیات)، کارتۆن لە (کاریکاتێر+ فیلم)، فیلم ئیستریپ، ڕۆمانی ریکاتێری و...تاد

لەبیرمان نەچێ زۆر ڕوونە کە هەر کاریکاتێریستێک جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە بێ شک لەسەر هونەری کاریکاتێر شوێندانەرە. کاریکاتێریستگەلی چاپەمەنییەکانیش و هەم لە بابەت ماناوە لەگەڵ پێداویستەکانی زەمان ڕادێن. کاریکاتێریستەکان پێویستە ببینن، بخوێننەوە، مرۆڤی خۆی و دابونەریتیان بناسێ. لاوازییەکانیان بزانێ و بزانێ کە چۆن دەکرێ

ئەوان بە پێکەنین بخات. هەر کولتووریٚ ئەدەبیاتی خۆی هەیە، شیعری خۆی هەیە، لە مووزە ئاسەواری خۆی هەیە. هێندیٚ وا بیردەکەنەوە کە تەنز و شۆخی دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئەوان لە کار. ئەمڕۆ جۆر و چێژی مرۆڤ سەبارەت بە تێگەیشتن لە جوانیناسی زۆر جۆراوجۆر بووە. بە هەرحاڵ کاریکاتێر لەگەڵ تەنز سەروکاری هەیە، لانی کەم دەبیٚ دەماریٚ لە خۆش مەشرەبی تێدابیٚ و چوونە ناو جیهانی تەنز بۆ ئەوانە مومکینە کە تاڕادەیەک خاوەنی ڕوحیەی تەنز بن. زۆربەی بڵاوگەکانی هونەری ئەمڕۆ بەرپرسی ئەدەبیان نییە و لە ڕاستەقینەدا دەترسن لە تەنز و گاڵتەجاری، کە ئیشێکی تایبەتکارییە، نزیک ببنەوە.

یەکیٚ لە هۆکارگەلێکی شوێندانەر لە ئێرەیی کردنی هونەری کاریکاتێر، کەڵک وەرگرتنی کارەکتەرەکانە لەو هونەرە. ڕوونە کە کاریکاتێریستەکان ئەو کارەکتەرانە لە کۆمەڵگایەکە تێیدا دەژین «ئۆلگووبەرداری» کەتەلۆگگری دەکەن، ئینجا کەڵکی لێوەردەگرن، ئۆلگووگەلیٚ کە لەگەڵیدا ژیاون. کاریکاتێریستەکان وتە و پەیامی خۆیان لە زمانی ئەوانەوە دەگێڕنەوە. ئەو کارەکتەرانە بە زۆری کەسایەتییەکی تایبەتن.

بەڵام زۆر جار کارەکتەرەکان مرۆڤێکی نەناسیاون کە لە گرووپگەلێکی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی بۆ وێنە: مووچە خۆران، خەڵکی کووچە و بازاڕ، لادێیی، کاریگەر و ئافرەتان لە هەموو چین و توێژێک هەڵبژێردراون و کەڵکیان لێوەرگیراوە.

تیپ چییە؟ تیپ «TYPE» لە باری وشەوە بە مانای نموونە و جۆرەوە وەک باسێکی جوانیناسی لە هونەرگەلی پەیکەرسازی «تەجەسومی»دا بە نمایشی تایبەتمەندییەکانی هاوبەشی گرووپێکی کۆمەڵایەتی دەگوتریٚ. «تیپ» گشتیترین تایبەتمەندییەکانی تاکی، یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی هەیە، دەستۆیڤسکی دەڵیٚ: «دەکرا لە ناپلیۆن لە کاتی گەوجیدا و لە بیسمارک لەکاتی هێمنیدا ڕەسمیٚ بگرین، بەڵام پورتریت سازیٚ (کاریکاتێریستیٚ کە لەسەر دەموچاو کار دەکات) و لەسەر بنەڕەتی تایبەتمەندییەکانی زۆرینەی «تیپ» ئەو مافەی نییە.»

کاریٚکی «تیپیک» «TYPIC» وەک نموونەیەک بریتییە لە گشتاندنی یەکێتییەک لە تایبەتمەندییەکانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی. هەموو فیودال و ئاغاکان وەک یەک نین، «هەموو زۆردار، یان لەبابەت جەستەوە بەهێز نین، هەموو توورە، خۆبەزلزان، بە پۆز و ئیفادە و لە خۆڕازی نین.»



بەڵام لە تیپسازی هونەریدا، هونەرمەند هەموو تایبەتمەندییەکانی باش و خراپی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە پێکەوە کۆ دەکاتەوە و لە بنیادێکدا دایدەڕێژێتەوە و دەینوێنیٚ. لەو حاڵەتەدا «تیپ»ێکی کێشراوە. هەموو سیفەتەکانی بەرچاوی گرووپی خۆی لەگەڵە، هەروەها ئەو کەسانەی (سەلەف خەر)، (گەزمەی مەحەلی)، (موباشیر) یان پیٚ دەڵێن، یان کەسایەتییە ئاساییەکان وەک لادێییەکان، جووتیارەکان، کاسبکاران لادێیی، جەماوەری شاری و ...تاد تیپ، یان کارەکتەریٚ کە کاریکاتێریست لە کۆمەڵگای خۆی بۆ نموونە هەڵیدەبژێریٚ لەگەڵ خۆی تایبەتمەندییەکانی کولتووری خۆی دەباتە ناو فەزای کاریکاتێرەوە. بەتایبەت، ئەگەر کاریکاتێریستیش لە باری کولتوورییەوە لەگەڵ کارەکتەرێکی کە دەیخوڵقێنیٚ و لە کاریکاتێرەکەیدا کەڵکی لێوەردەگریٚ لە نەزەر کولتوورییەوە لە ڕەگەزێک بن.

ئەو هۆکارانە لەگەڵ ئەوانەی دی کە ناومان بردن، دەتوانن یارمەتی بە ئێرەیی کردنی ئەو هونەرە بدەن و ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئێمە لە کاریکاتێر وەک هونەرێکی لاوەکی کە هاتۆتە ناو کولتووری ئێمەوە، تاریفی تایبەت بە خۆمان هەیە. بە بڕوای من ئەو گۆڕانکارییە تەنیا لە کاریکاتێردا بەدی نەهاتووە، بەڵکو ئەوە ڕووداوێکە کە لە باقی ژانرەکانی هونەری و ئەدەبی و...تادیشدا کەموزۆر ڕووی داوە و ڕوو دەدات.

ئەمە دوو جۆر کاریکاتێری کوردی شرۆڤە دار و بیٚ شرۆڤە.

# ئەزموونگۆڕکێ لە کارە هونەرییەکانی شێوەکارێکدا

سۆران ئیسماعیل

بەخشینی ئەزموونی هونەری لە فراوانیی بوارەکەوەیە، لە سەلیقە زۆری و پراوەکردندایە، کاتێک هونەرمەند لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە دەڕوانێتە ئەو فرە بوارانە، ئەوە هەمیشە بە زمانێکی تازەی شێوەکاری لە گەشت و گەڕاندا دەبێت، تا زەمینەیەکی لەبار و گونجاو بڕەخسێنێت و بتوانێت گوزارشت لە دیاردەکان بکات.

هونەرمەند (ئارام خالید) بۆ ماوەی پازدە ساڵ دەبێت کار لە بواری هونەری شێوەکاریدا دەکات، زۆرترین بەرهەمەکانی بریتین لە پەیکەر، هەر لەم بەشەش پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە، بەشدارییەکی زۆری لەڕێی پێشانگە هونەرییەکانەوە لەم بوارەدا هەبووە، دوا بەدوای ئەم ئەزموونەش ئێستا لە قۆناغی چوارەمی بەشی دیزایینە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان، ناوبراو بەرلەوەی بچێتە کۆلێژ ئەزموونی پەیکەرسازی هەبووە و وەک هونەرمەندێک دەرکەوتووە لەوەی تەنیا دەرچوویەکی ئەکادیمی، یان فێرخوازێکی هونەرە جوانەکان بێت، بۆیە ئەو بەشە دیزایینەی کە ئەو زانیاری لێ وەردەگرێت دەشێت بڵێین ئەوەش دەبێتە مایەی گەیاندنی هەمان خزمەت بەکار و بەرهەمە هونەرییەکان، لەبەر ئەوەی بەشەکان و لقەکانی شێوەکاری گشتیان بەیەکترەوە پەیوەستن و کاریگەرییان بەسەر تێڕوانینییەکانی هونەرمەندەوە هەیە.

لە یەکەم پێشانگەی خۆیدا کە لە ٢٠١١/٩/٢٠ لە هۆڵی گەلەری کوردستان سازدرا، (ئارام خالید)ی هونەرمەند بە کۆمەڵێک تابلۆی شێوەکاری (ڕەسم) و چوار پارچەی (پەیکەر) بەدەرکەوت، قەبارەی تابلۆکان لەیەکتر جیاوازن و لەنێوان (٨٠ تا ١٢٠)سم دەبن، لە شێوەی چوارگۆشە، یان لاکێشەدا کێشراون، بەڵام هێڵی گشتی کارکردنی زیاتر ستوونین، لەبەر ئەوەی کاری لەسەر فیگەری مرۆڤی کردووە و ئەو ئاسۆییەی بە مرۆڤ نەبەخشیوە کە ئێستا و دوارۆژ چاوەڕوانی دەبێت،



**ئارام خالید**

ئەوەش دیارە ڕاستییەکی ئەوڕۆییە لە ویستی هونەرمەندایە لەڕێی پەیامە هونەرییەکەیەوە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

پەڕینەوە لە بوارێک بۆ بوارێکی تر بەو شێوەیە ئاسان و سانا نییە کاتێک بە کۆمەڵێک گۆڕان دەست پێبکات و لە ڕەگەوە بێت، لە تابلۆ ڕەسمەکانی هونەرمەنددا لە ڕێکخستنی بنیادی مێژووی کارکردنی هونەرمەند، هەست بە داپچڕان و لێکترازانێکی بنچینەیی ئەوتۆ ناکەیت، تەنیا لە فۆرمە ماتریالییەکەدا نەبێت، ئەویش لەبەر ئەوەیە هونەرمەند هەمان میکانیزمی تێڕوانین و تێفکرینی دەربارەی شێوەکاری هەیە و هەمان ستایلە لە کارکردنیشدا، بەڵکو لە کەرەستە بەکارهێنراوەکاندا دەستکاری داڕشتنی تەکنیکی کردووە، ئەگەرچی گەلێک جاریش تەکنیک خۆی ستایلەکە دەستنیشان دەکات، یان بە پێچەوانەوەیە ستایل ئەو کارە دەکات. جیا لە تەکنیکی کەرەستە ئەوەی دیکەیان چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ کەرەستەی بابەت، کە بریتین لە پێکهاتەی ناوەرۆکی تابلۆیەک، کە ئەمیان زیاتر لە زیهنەوە دەبێت، ئەوەی هەستی گۆڕان لە بەدیهێنانی تەکنیکی تازەی هونەرمەند بە ئاگا دێنێت ئەو چوارچێوە تابلۆیانەن، کە بە ماددەی (فایبەر) بووە بە تەختایی فەزای کارە هونەرییەکانی و لەگەڵ ئەو کۆلاژە کەرەستەیییەی کە بە ماددەی (نایلۆن) چەسپی سەر تەختایی فایبەرەکەی کردووە و شێوەکانی پۆرتریتی مرۆڤی لەسەر دروستکردووە، هەروەها شێوە تەکنیکێکی تری لە هەڵکۆڵینی فایبەر ئەنجام داوە کە بەپێی داخوازی بابەتەکەیەتی، تەوزیفکردنی (نایلۆن) بەسەر تەختایی فایبەر لە شێوەی فیگەر هەر لەو پارچە قوماشە دەچێت کە سەر و سیمای پەیکەرەکانی پێ داپۆشیوە. لێرەوە جۆرە مانا و مەغزایەکی تری لە پشتە، بەڵام لەویان لەپێناو مەبەستێکی تردا بووە، واتا هەمان پارچە قوماشە، یان نایلۆنەکەیە کە دەبن بە دوو دیوی تێگەیشتنی یەک فەلسەفە لە کارکردن، یان دوو فەلسەفەی کارکردنن بۆ یەک دیوی تێگەیشتن.

ماددە نایلۆنەکەی، بە دوو دیو مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، دیوێکی ساف و لووسە، ئەوی تریان زەبرە و هەریەکەیان بە گوێرەی مەرامی بابەتەکەیە و لە هەمان کاتیشدا گونجاندنە لەگەڵ شوێنی تەکنیک.

لە هەموو تابلۆکانیدا ئەم کۆلاژە فیگەرییەی کە شێوەی ئەنەتۆمی مرۆیی نیشان دەدات، دووبارە بووەتەوە و لە هەر تابلۆیەک لە حاڵەتێکدایە و لە هەندێکیان بە یەک فیگەر دەبێتە سیادە و لە هەندێکی تر ژمارەیەک لەو جۆرە فیگەرانە لەپێکانی بیرۆکە و تەوەری بابەتەکان بەشدارن، یان وەک پرەنسیپێک کردوویانە بەیاسای ژیان، کە ئەمانیش لە هەمان کاتدا هێمان بۆ هەموو ئەوانەی لە ئەزەلەوە ژیان پێکدێن و دەگوزەرێن، ئەمانە و لە دیرۆکی بابەتەکەدا ئەوەمان بۆ باس دەکەن کە مرۆڤی سەرەتایی هەمان ئەو مرۆڤەی ئێستان، تەنیا بەرگەکانیان جیایان دەکاتەوە و هونەرمەند ئارام هەر لەبەر ئەوەیە فیگەرە مرۆڤییەکانی ڕووت و موجەڕەد کردووە، ئاماژە بە ڕەگەزیش نادات نێرە، یان مێیە، تەنیا وەک مرۆڤ بەرەو شارستانییەتە کۆنەکان دەیان گەڕێنێتەوە و عەقڵییەتی کۆن و ئێستا لەسەر یەک بازنەی مەرگ خول دەداتەوە، هەروەک لە یەک لە تابلۆکانیدا فیگەری سێ مرۆڤی ڕووتی نیشانداوە و دیوی دواوەیان بەرانبەر بێتەوە و لە تەک یەکتر وەستاون، لەسەر لێواری قوڵێتیکدان کە لە بازنەیەکی داخراوی زەمین دەچێت، بەسەر سەریانەوە هێمای پەیامە ئاسمانییەکانیان بەسەردا دابەشکراوە، کە سێ ئایینی سەرەکی ئاسمانین و گوزارشت لە پەیامەکانیان دەکات، وا پێدەچێت چارەنووسی هەموو ئەوانە یەک چارەنووسی بەشەریەت بن لە دێر زەمانەوە تاکو سەردەمی ئێستا ململانێی لەنێوان ئاشتی و شەڕ بێت و ئەو ململانێیە بێ کۆتا بێت و باڵی خراپ و زوڵم و زۆرداری کێشابێت بەسەر باشە و چاکە و میانڕەوی، هەر ئەوەیشە وای کردووە بێ ئومێدییەک لە سەراپای تابلۆکانیدا ببینرێت.

بێ گومان ئەو فاکتەرەی بووەتە هۆی ئامرازێکی سەرەکی و دیارترینیان لە بەدیهێنانی مانا و ڕاڤەکردنی بابەتی

تابلۆکانی بریتییە لە ڕەنگ، چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەنگ ڕۆڵێکی بنچینەیی لە میتودی کارەکانیدا هەیە. ئەگەر نیوە بەشی وەسف و تێگەیشتن لە مانای تابلۆکان لەسەر ئەرکی بنەماکانی هێڵکاری فیگۆرات و فەزا بووبێت، ئەوە پشکی نیوەکەی تر بەر تیوری ڕەنگ دەکەوێت. ڕەنگە هەستییەکان، ماددەکان، زمانی بینینی ڕەنگن، تەرجومانی فۆرمی دەرەوەی شکڵەکان بۆ ناواخنی ماناکانی ناوەوە لە تۆناتی ڕەنگەکانەوە دەردەکەوێت، لایەنی زۆری تۆناتەکان لە ڕەنگی شینی تاریک و سەوزی قەوزەیی و مۆری سوورباو و تۆخی قاوەیین...) بەگشتی ڕەنگەکان مات و تەڵخ و تاریک و لیڵن. جۆری بۆیەکە (زیتی)یە، کە بە شێوەیەکی رووکەش پرژاندوویەتە سەر باکگراوندی تابلۆکە و فەزای زۆربەی تابلۆکانی هەمان ستایلن لەڕەنگ کرێژی و نزیکن لەیەک تۆن. لە چەند شوێنێکی هەڵکۆڵییەوە بۆ دەرخستنی سنووری هێڵکاری شکڵەکان، جێ ماوەی ئەو شوێنانەن هەر لە ڕەنگی فاییەرەکە جێ ماوە و هاوگونجاوی کردووە لەگەڵ فیگەرەکانی تر، بۆ نموونە لە هەندێک شوێن ڕەنگی خشت و گڵ و لە هەندێکی تر ڕەنگی دار و درەختە لە هی تریشدا ڕەنگی خانووبەرەن، زۆربەی فیگەرەکانی مرۆڤ ڕەنگیان لە ڕەنگی ئەو مرۆڤانە دەچێت کە دوای مردن گەڕابنەوە و وەک تارماییەک لە زۆر شوێندا سێبەریان پێشیان کەوتوون، ئەو ڕەنگانەی لە تابلۆکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، لە ڕەنگی چوار پەیکەرە قەبارە بچووکەکاندا هاوشێوەن.

«سیزان»ی هونەرمەند مەزنترین نهێنی لە سروشتدا فێربوو، ئەویش ئەوەیە کە گشت قەبارەکان کۆتاییان





نایەت، شێوەکان لە سروشتدا دەکارن بۆ چارەگێک بچووک بینەوە.

وەک دیارە هونەرمەند (ئارام خالید) پێچەوانەی ئەو ستایلە کارکردنەی کە تابلۆکانی ڕەسمی گرتووەتەوە، لە پەیکەرەکانیدا جۆرێکی تر دەبینرێت، لە تابلۆ ڕەسمەکانیدا بەشێوازی واقیعی- تەعبیری کاری کردووە و لە گەلێک تابلۆیدا ئەو شێوە سیمبۆلیزمەی ئاوێتەی ستایلەکەی بووە، بەڵام لە پەیکەرەکانیدا ستایلێکی تەعبیری- ئەبستراکت دەرکەوتووە و هەمان ئەو فیگەرە مرۆییانەن، کە لە تابلۆکاندا وێنای کردون، بەڵام بە جۆرە میکانیزمێکی تر، ئەویش لە ڕێگەی ئامرازی تری وەک ماددەی فافۆنی مەنجەڵ و تەشت، سوودی لێوەرگرتوون و بە تەکنیکێک قۆپاندوویەتییەوە ناو یەکتر و دواجار پەیکەری لێ دروست کردووە، وادیارە شێوەی دوو فیگەری ئاوێزانی یەکتر کردووە و هیچ ڕوخسار و سەر و سیمای شکڵێکی ئەنەتۆمی ڕوون و دیار نابینرێت، هەر لەو مەغزای مەبەست و مانایە نزیکە کە پەیامی ناو پێشانگەیەکە دەگەیەنێت، ئەم جارە بچووکتر لەو پەیکەرانەی کە پێشتر ئەنجامی داون، بە چەند ئەگەرێک تێی دەڕوانم یەک لەوانە، یان بۆ گۆڕینی ئاراستەی کارکردنیەتی بەرەو ڕەسم و دیزاین و دوورکەوتنەوە لە کاری پەیکەرسازی، یان لە ئەنجامی ئەو پاشخانە زۆرەی هونەرمەندەکە لە بواری پەیکەر هەیەتی و گەرەکیەتی پشوویەکی کاتی بۆ بەرهەمهێنانی کارەکانی بکات.

دواجار لەوەیە مەبەستێکی ئەنقەستی لە پشت بێت بۆ فەلسەفەی پرۆسەی کارکردنی ئەو بابەتانەی تەرحی کردووە، نزیکە لەو قسەیەی هونەرمەندی بەناوبانگ (سیزان) کە پێشتر ئاماژەم پێ داوە. بە تێپەربوونی کات شرۆڤەی ئەو گومانە پرسیارانەمان بۆ یەکلایی دەکاتەوە و وەڵامێکی خۆکردەیی دێنێتە ئاراوە.

# دەروازەیەک بۆ چۆنیەتی گوێگرتن لە مۆسیقا

ئارۆن کۆپلەند
لە فارسییەوە: مەهدی زەند
(سلێمانی)

ئێمە هەموو گوێ لە مۆسیقا دەگرین، بەڵام هەریەکەمان بەپێی زەوق و تێگەیشتی خۆمان چێژی لێ وەردەگرین. کاتێک بە تەواوی پرسی گوێگرتن لە مۆسیقا و تێگەیشتن لێی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەش و بنەما و توخمەکانی لە یەکدی جودا بکەینەوە، واتە هەموو پارچە مۆسیقایەک شی بکەینەوە و لە کاریگەری بەشە جیاوازەکانی بکۆڵینەوە. لە ڕوویەکەوە دەکرێت بڵێین ئێمە بە سێ شێوە گوێ لە مۆسیقا دەگرین و دەکەوینە ژێر کاریگەرییەوە. ئەو سێ شێوەیەش بریتین لە:

١- شێوەی هەستی.
٢- شێوەی وەسفی.
٣- شێوەی مۆسیقا.

تەنیا سوودی ئەم بەڵگە هێنانەوە و شیکردنەوە وشکەی کە لە بارەی شێوەی بیستنی مۆسیقا خستمانەڕوو، ئەوەیە کە خودی بابەتکە، واتە پرسی گوێگرتن لە مۆسیقامان بۆ شیتەڵ و ڕوون دەکاتەوە.

ئاسانترین شێوەی گوێگرتن لە مۆسیقا ئەوەیە کە مرۆڤ تەنیا لەبەر ئەو کاریگەرییەی کە دەنگە مۆسیقییەکان لە ئەودا دروستی دەکەن، گوێی لێ بگرێت. ئەم شێوەیە بە شێوەی هەستی ناودەبرێت، ئەمەش ئەوەیە کە گوێ لە ئاوازێک بگرین بەبێ ئەوەی سەرنجی خاڵە وردەکانی بدەین. بۆ نموونە ڕادیۆکەی خۆت هەڵ دەکەیت و هەر لەو کاتەی کە سەرقاڵی ئەنجامدانی کارێکیت گوێ لە پارچە مۆسیقایەک دەگریت، بەبێ ئەوەی هزری خۆت بەکاربێنیت نوقمی ئەو چێژە دەگریت کە دەنگە مۆسیقییەکان لە تۆدا دروستی دەکەن. ئەو بارە خۆشەی کە لەم ڕێگەیەوە، واتە گوێگرتن لە مۆسیقا بەبێ سوود وەرگرتن لە هزر بۆ مرۆڤ بەدەست دێت تەنیا و تەنیا لە ئەنجامی کاریگەری دەنگە مۆسیقییەکانەوەیە.

ئەگەر لە هەمان ئەوکاتەی کە تۆ لە ژوورەکەی خۆتدا

سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەم بابەتەیت کەسێک نۆتەیەک بە پیانۆ بژەنێت، هەر ئەو یەک نۆتەیە کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر هەستی تۆ دروست دەکات و لە ئاکامدا بارودۆخی ژوورەکە و شتەکانی دەوروبەرت لە شێوەیەکی تردا بۆ تۆ بەدیار دەکەون. وەها ئەزموونێکی سادە بە ڕوونی دەریدەخات کە دەنگی مۆسیقا بۆ خۆی توخمێکی بێ ئەندازە کاریگەر و پڕ لە ڕازە کە بە بچووک تەماشاکردن و بایەخ پێ نەدانی کارێکی عەقڵانی نییە.

سەیر لەوەدایە زۆرێک لەو کەسانەی کە خۆیان بە ئەویندارانی مۆسیقا ناودەبەن، ئەم جۆرەی گوێگرتن لە مۆسیقا پەسەند ناکەن و بەسوودبەخشی نازانن. ئەم کەسانە ڕوو لە کۆنسێرتەکان دەکەن تاوەکو بەهۆی مۆسیقاوە بێ ئاگا بن لە خۆیان. مۆسیقا بۆ ئەوان ئامرازێکی سەبووری بەخشە بۆ هەڵاتن لە گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانە و بەرەو دنیایەکی خەیاڵییان دەبات، دنیایەک کە ڕاستییە تاڵەکان لەوێدا بوونیان نییە. شتێکی بەڵگە نەویستە ئەم جۆرە کەسانە خودی مۆسیقایان بەلاوە گرنگ نییە و بیریشی لێ ناکەنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر مۆسیقایە کە ئەوان لە دنیای دەنگەکان دەردەکات و بەرەو دنیای خەون و خەیاڵیان دەبات. بە واتایەکی تر مۆسیقا ئەوان بەرەو دنیای (فڕینی خود) ڕادەکێشێت، لە کاتێکدا وەکو پێویست سەرنجی پێ نادەن.

ڕاستە کە دەنگ کاریگەرییەکی سەرەتایی زۆر توندوتۆڵ و قووڵی لەسەر مرۆڤ هەیە، بەڵام نابێت بهێڵین بەشی سەرەکی سوود وەرگرتنی ئێمە لە مۆسیقا لەم خاڵەدا کۆ بکرێتەوە. بەهرەمەندی چێژوەرگرتن لە مۆسیقا بەشێوەی هەستی گرنگییەکی زۆری هەیە، بەڵام بە تەنیایی بەس نییە و بە تەواوی پێویستییە چەشتن و واتاییەکانی گوێگر پڕ ناکاتەوە.

پێویست ناکات لەوە زیاتر لە بارەی شێوەی هەستییەوە بدوێین و لە باسەکە دوور بکەوینەوە، بەڵام بەیادهێنانەوەی ئەو خاڵە بە پێویست دەزانم کە کاریگەری مۆسیقا بە شێوەی هەستی بۆ سادەترین تاکەکانی مرۆڤ، بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ گرنگی پێدانی، بەڵام هەست کردنی کەسەکان لە کاتی گوێگرتن لە دەنگە جۆراوجۆرەکانی مۆسیقا جیاوازە. هەر مۆسیقادانەرێک لە بارەی چینێک لە دەنگەکان سەرنج و بایەخێکی زیاتر نیشان دەدات و لەم ڕووەوە مۆسیقادانەرەکان لە یەکدی جیاوازن. نابێت وابزانین کە گرنگی پارچە مۆسیقایەک تەنیا لەو هێندە کاریگەرییەدایە کە بەشێوەی هەستی لەلای گوێگر دروستی دەکات، یان ئەو پارچە مۆسیقایانەی کە لەڕووی گونجان و هەماهەنگی دەنگەکانەوە لە پلەی یەکەمدان، دەبێت بە بەرهەمی مۆسیقادانەرە مەزنەکان لە قەڵەم بدرێن. ئەگەر وابوایە پلەی ڕاڤێل Ravel لە پلەی بتهۆڤن بەرزتر دەبوو. هەر مۆسیقادانەرێک سەلیقەیەکی تایبەتی لە هەڵبژاردن و دانانی دەنگە مۆسیقییەکاندا هەیە و تاڕادەیەک شێوەی بەکاربردنیان دەتوانێت شێواز و لێهاتوویی ئەو لە بواری مۆسیقادا نیشان بدات و پێویستە گوێگریش سەرنجی ئەم خاڵە بدات.

بەپێی ئەوەی کە باس کرا، ئێوە خوێنەری ئەم بابەتە تێبینی ئەوە دەکەن کە پێویستە بۆ باشتر تێگەیشتنی مۆسیقا، شێوەی هەستییش کە سەرەتاییترین شێوەی گوێگرتنە لە مۆسیقا، لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت.

من دووەمین شێوەی گوێگرتن لە مۆسیقا بە (شێوەی وەسفی) ناو دەبەم. بە هەندێک وردبوونەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە هەر لە سەرەتاوە دەچینە نێو باسی دوو بابەتی دژ و ناکۆکەوە. دانەرەکانی مۆسیقا شەرم لە قسەکردن لە بارەی حاڵەتی وەسفی مۆسیقا دەکەن و بە گشتی خۆیان لەو باسە بەدوور دەگرن. ستراڤینسکی Stravinski لە کتێبێکدا دەڵێت بەرهەمە مۆسیقییەکان هەریەکە بابەتێکی سەربەخۆیان هەیە و هەڵگری چەمک و واتایەکی تایبەت بە خۆیانن. هۆکاری ئەم دەربڕینە ڕاشکاوانەیەی ستراڤینسکی ئەوەیە کە زۆرێک لە خەڵکی هەوڵ دەدەن واتا و پاساوی سەیروسەمەرە بە بەرهەمە مۆسیقاییەکان ببەخشن. ڕوونکردنەوەی وردی ئەو پرسەی کە چۆن مۆسیقا واتا و مەفهوومی هەبێت بەشێوەیەک کە هەموو خەڵکی لێی تێ بگەن و قبووڵی بکەن بۆ خۆی شتێکی زۆر دژوارە، بەڵام ئەم خاڵە نابێت ببێتە هۆی پەیدابوونی بۆچوونێکی پێچەوانە و هەندێک کەس بڵێن مۆسیقا هەرگیز ناتوانێت وەسفی بێت. هەرکەسێک وەسفی بوونی مۆسیقا ڕەت بکاتەوە، بێ گومان تووشی هەڵەیەکی گەورە هاتووە.

من بڕوام وایە کە هەموو بەرهەمە مۆسیقییەکان حاڵەتێکی وەسفی تایبەت بە خۆیان هەیە هەڵبەتە ئەمە لە هەندێکیان بەهێز و لە هەندێکیاندا لاوازترە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو بەرهەمە مۆسیقییەکاندا دەنگ و ئاوازەکان خاوەن واتاگەلێکی تایبەتن کە کۆی ئەوان فەلسەفە و چەمکی گشتی ئەو پارچە مۆسیقایە

پێک دەهێنن. دەکرێت ئەم بابەتە ئاڵۆزە لە دوو پرسیاری کورتدا چڕ بکرێتەوە. «ئایا مۆسیقا خاوەن واتایە، یان نا؟» وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارە بەڵێیە. پرسیاری دووەم ئەوەیە: «ئایا دەکرێت لە چەند ڕستەیەکی کورتدا بوترێت ئەم واتایە چییە؟» وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارە نەخێرە و کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکات.

بێ گومان وەڵامی پرسیاری دووەم بۆ خەڵکی ئاسایی وەکو پێویست نییە، لەبەر ئەوەی حەز دەکەن هەموو بەرهەمێکی مۆسیقایی هەڵگری چەمکێک بێت و هەرچەندە ئەو چەمکە لەگەڵ ژیانی ماددی ڕۆژانەیاندا نزیکتر ببێتەوە، بە دڵنیاییەوە تێگەیشتنیشی بۆیان ئاسانتر دەبێت. ئەگەر پارچە مۆسیقایەک نیشاندەری دەنگی شەمەندەفەر، یان ڕەشەبا و باوباران، یان کۆڕی پرسە، یان هەر وێنەیەکی ئاسایی دیکە بێت لە ڕووی وەسفی بوونەوە، بە بۆچوونی ئەو کامڵتر دەبێت. ئەم بۆچوونە نادروستە کە بەشێک لە توێژەرە مۆسیقاییەکان زیاتر پەرەی پێ دەدەن، دەبێت لە هەر شوێنێک و لە هەر حاڵەتێکدا بە توندی ڕەت بکرێتەوە. ڕۆژێک خاتوونێک پێی گوتم هۆی ئەوەی کە بە دروستی لە مۆسیقا تێناگەم و چێژی لێ وەرناگرم ئەوەیە کە ناتوانم بیبەستمەوە بە بابەتێکی تایبەت و دیاریکراو، ئەمەش بە تەواوی وەک ئەوە وایە کە کەسەکە بەرەو دواوە بگەڕێتەوە.

لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە کەسێکی بەسەلیقە و ئارەزوومەندی مۆسیقا تا چەند و لەسەر چ بنەمایەک دەتوانێت بەرهەمێکی مۆسیقایی لەگەڵ بابەتێکی تایبەت و دیاریکراودا لێک نزیک و هاوشێوە بکات. بە بۆچوونی من چواندنی پارچە مۆسیقایەک لەگەڵ بابەتێکی ئاسایی و دیاریکراودا، نابێت سنوورێک کە پەسەندکراوی زۆرینەی خەڵکی بێت، ببەزێنێت. مۆسیقا لە چەند بارێکدا حاڵەتگەلێکی وەک: ئارامی و ئاسوودەیی، نیعمەت و فراوانی خێروبێر، داخ و سەرسوڕمان، سەرکەوتن، شادی و تووڕەیی و...تاد وەسف دەکات. ئەم حاڵەتانە و هەزاران حاڵەتی جیاجیای دیکە بەشێوە و پاساوی جۆراوجۆر لە ڕێگەی مۆسیقاوە وەسف دەکرێن. بۆ وەسف کردنی ئەو شتەی کە لە هیچ یەک لە زمانەکانی جیهاندا ناتوانرێت وشەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە، دەتوانرێت لە ڕێگەی مۆسیقاوە وەسف بکرێت. لەم ڕووەوەیە کە دانەرانی مۆسیقا زۆرجار دەڵێن فلان پارچە مۆسیقا واتا و چەمکێکی هەیە کە دەربڕینی لە ڕێگەی وشەوە ئەستەمە، بەڵکو دەبێ لە ڕێگەی خودی مۆسیقاوە لەو واتایە بگەین، هەندێک لەمەش زیاتر دەڕۆن و دەڵێن تەواوی بەرهەمە مۆسیقاییەکان هەڵگری حەقیقەتێکن کە دەبێت لە ڕێگەی خودی مۆسیقاوە پەی بەو حەقیقەتە ببردرێت. مەبەستی ئەم کەسانە ئەوەیە کە لەزمانەکانی جیهاندا وشەگەلێکی گونجاو و پاراو بۆ لێکدانەوە و پاساوکردنی مۆسیقا دەست ناکەوێت، ئەگەر بە دەستیش کەوێت، هەبوونیان پێویست نییە.

ئەگەر بیروڕای مۆسیقادانەران و سەرقاڵانی بواری مۆسیقاش بەلاوەنێین کەسانی ئاسایی بە تایبەتی لاوان هەمیشە بەدوای وشە و دەستەواژەگەلێکدا دەگەڕێن کە بە هۆیانەوە کاریگەریی مۆسیقا لەخۆیاندا وەسف و شی بکەنەوە. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە ئەم کەسانە بەگشتی بەرهەمەکانی چایکۆڤسکی لە بەرهەمەکانی بتهۆڤن بە باشتر دەزانن، چونکە بە وشە باشتر دەتوانرێت بەرهەمەکانی چایکۆڤسکی لێک بدرێتەوە و گوزارشتی لێوە بکرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە گوزارشت کردن لە بەرهەمەکانی بتهۆڤن کارێکی زۆر دژوارە.

سەرەڕای ئەمەش بەرهەمی مۆسیقادانەرە ڕووسییەکان بەگشتی هاوشێوەی یەکدین و لە ڕاستیدا هەموویان باس لەیەک شت دەکەن. لە کاتێکدا بە دژوارییەکی فراوانەوە دەتوانین لە مەبەستی بتهۆڤن بگەین، لەبەر ئەمەیە کە تێکڕای ڕەخنەگرانی جیهان بتهۆڤن وەک مەزنترین دانەری مۆسیقا لە قەڵەم دەدەن.

هەر بەرهەمێکی هونەری کە خاوەن یەک ناوەڕۆکی سادە بێت تێگەیشتنی ئاسانە، بەڵام ئەمە وا دەکات بەرەبەرە ببێتە شتێکی بێزارکەر. تایبەتمەندێتی شاکارێکی گەورە لەوەدایە کە هەر جارێک گوێی لێ دەگریت، واتایەکی تازە بەدەستەوە دەدات و هیچ کات کۆن نابێت.

ئەگەر بۆتان دەست بدات، گوێ لە میلۆدییەکانی چل و هەشت پارچە مۆسیقای فۆک باخ Temperee Cla-veine bien بگرن، هەر زوو تێدەگەن کە هەر میلۆدییەک نیشاندەری یەک دنیا هەست و واتایە. خاڵێکی تر کە تێبینی دەکەن ئەوەیە هەر میلۆدییەک کە بە بۆچوونی ئێوە جوانترە، وەسف کردنی وەکو خۆی لە ڕێگەی وشەوە، دژوارە، یان مەحاڵە. ئێوە بە ئاسانی هەست بە ئەوە دەکەن کە میلۆدییەک ئێوە غەمبار دەکات، یان خۆشحاڵ. بە واتایەکی تر لەلای خۆتانەوە بۆ هەر میلۆدییەک زنجیرە هەستێک وێنا دەکەن، دەڵێن ئەم

مۆسیقایە لەلای من هەستی خەموخەفەت دروست دەکات، کەواتە خەمبارە، پاشان زیاتر ورد دەبنەوە و هەوڵ دەدەن جۆری ئەو خەمبارییەی کە لەلاتان دروست دەبێت دیاری بکەن. ئایا خەمبارییەکە لە ئەنجامی هەستی بەدبینی لەلاتان دروست بووە، یان خەمبارییەکە کە لەکاتی نائومێدیدا دووچاری دەبن. ئایا خەمبارییەکە کە لە ئەنجامی نەگونجانی سروشت و چارەنووسەوە بە سەرتاندا زاڵ بووە، یان خەمێکە لەگەڵ خۆشی و شادیدا تێکەڵ بووە؟

گریمان ئێوە لەو کۆمەڵە کەسە زۆر دەگمەنانە بن کە دەتوانن لە چەند وشەیەکدا واتای ڕاستەقینەی میلۆدییەک بەپێی حەزی خۆیان لێک بدەنەوە. ئاساییە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەن کە کەسانی تر پاساوهێنانەوە و لێکدانەوەکەتان بە باش بزانن و قبووڵی بکەن و ڕەنگە ئەم کارە پێویستیش نەبێ، بەڵام خاڵێک کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت ئەوەیە کە هەر کەسێک چۆنێتی وەسف کردنی میلۆدییەک بەپێی حەزی خۆی بەشێوەیەکی تایبەت هەست پێ دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر پارچە مۆسیقاکە شاکارێکی گەورەش بێت، چاوەڕوانی ئەوە مەکەن کە هەر جارێک گوێی لێ بگرن هەمان هەستی پێشووتان بۆ دروست ببێتەوە.

وا مەزانن کە میلۆدییەک، یان پارچە مۆسیقایەک باس لە یەک حاڵەتی دیاریکراو دەکات. وەرن با یەکەمین میلۆدی سەرەکی سەمفۆنیای نۆیەمی بتهۆڤن هەڵبژێرین، ڕەگەزە جیاوازەکانی ئەو میلۆدییە بە تەواوی دیارن، بەڵام واتاکانیان دیاریکراو و سنووردار نییە. بەم پێیە هەر کەسێک گوێی لێ ببێت لەخۆیدا هەست بە بوونی هێز و توانایی دەکات. دروست بوونی ئەم هەستە لەبەر ئەوە نییە کە میلۆدییەکە بە توندی ژەندراوە، بەڵکو پەیوەستە بەچۆنێتی خودی میلۆدییەکەوە و لە جۆری توانایی و هێزێکی سەروو ئاساییە کە بیسەر لە کاتی بیستنیدا لە خۆیدا هەست بە قەسیدەیەکی داستانی دەکات، بەڵام کەسەکە نابێت بە دەربرین و پاساوی نەگونجاوی وەکو «چەکوشی چارەنووس لە ژیاندا» و دەربڕینگەلێکی تری نەشیاو خۆی خۆشحاڵ بکات. هەڵەی زۆربەی خەڵک لێرەوە دەست پێ دەکات. مۆسیقادانەر بە دیدی ڕەخنە و تووڕەییەوە لەم دەربڕینانە دەڕوانێت، چونکە پێی وایە مۆسیقا جگە لەو دەنگ و ئاوازانە واتایەکی تری نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە کەسە ئاسایی و بێ ئاگاکان هەمیشە لەهەوڵدان بە دەربڕینگەلێک کە بە بۆچوونی خۆیان وێنەیەک لە واتای پارچە مۆسیقاکە لە دیدیاندا دروست دەکات، خۆیان فریو بدەن و لە هەمان کاتیشدا خۆیان ڕازی بکەن.

خوێنەری ئەم باسە لە وانەیە ئێستا لە مەبەستی ئێمە گەیشتبێت، بەڵام دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە مۆسیقا هەڵگری واتایەکە کە وەسف کردنی لە ڕێگەی وشەوە لەتواناییدا نییە.

سێیەمین ڕێگە بۆ گوێگرتن لە مۆسیقا ڕێگەی مۆسیقایە. مۆسیقا جگە لە چێژێک کە بەهۆی لێکدانی دەنگەکان و ئاوازەکان پێمان دەبەخشێت و جگە لەو هەست و سۆزانەی کە لە ئێمەدا دەیوروژێنێت، هەروەها لە ڕووی خودی دەنگ و ئاواز و شێوەی بەکارهێنانیانەوە کاریگەرییەکی هەیە کە لە شێوەی گوێگرتنی ئێمە لە مۆسیقا کاریگەرە. زۆربەی خەڵک لەم قۆناغە بێ ئاگان و ئەرکی ئێمەیە، کە لێرەدا ئەم بابەتە بخەینە بەر باس. ئەوانەی کە پیشەیان مۆسیقایە بە پێچەوانەی کەسانی دیکەوە، ئەگەر سەرنجێکیان هەبێت تەنیا بۆ خودی ئاوازەکە و پێکهاتەکانیەتی. زۆرجار لەم بەشەدا زێدەڕۆیی دەکەن و بە ئەندازەیەک خۆیان سەرقاڵی ئارپێج Arpege و ستاکاتۆ Staccato دەکەن کە لایەنە قووڵترەکانی بەرهەمەکە فەرامۆش دەکەن، بەڵام ئەگەر لە دیدی کەسێکی ئاساییەوە بڕوانین، دەبینین ئەم هەڵەیە کەم بایەخترە لە ڕاهاتنی مۆسیقادانەر بە بەهای مەعنەوی ئاوازەکان.

کاتێک کەسێکی ئاسایی بە کەمێک سەرنجەوە گوێ لە پارچە مۆسیقایەک دەگرێت بە ئەگەرێکی زۆر لە پلەی یەکەمدا میلۆدییەکە سەرنجی ڕادەکێشێت و دوور نییە لەم قۆناغەش تێپەڕ نەکات و ئەگەر تێپەڕیشی کرد لە پلەی دووەمدا ڕیتم Rythme سەرنجی ڕادەکێشێت، بە تایبەتی ئەگەر بەجۆشوخرۆش بێت، بەڵام سەرنج بە هارمۆنی و جوانکارییەکان Timbre نادات، ئەگەر سەرنجیش بدات زۆر بە گرنگی نابینێت، بەڵام فۆرمی مۆسیقا هەرگیز بەبیری وەها کەسێکدا نایەت.

ئاشنا بوون بە سێیەمین ڕێگەی گوێ گرتن لە مۆسیقا بۆ هەمووان گرنگییەکی زۆری هەیە. دەنگ و میلۆدی لە ڕاستیدا کەرەستەی پێکهێنانی پارچەیەک مۆسیقان. کەسێکی دانا و هۆشیار دەبێت خۆی لەگەڵ ئەم کەرەستانە و شێوەی بەکارهێنانیان ئاشنا بکات. هەر کەسێکی بە سەلیقە دەبێت لە ڕووی دەرک و تێگەیشتنەوە گوێبیستی میلۆدی و ڕیتم و هارمۆنی و

جوانکارییەکان بێت و لە یەکدی جودایان بکاتەوە، بۆ ئەوەی کە ئاشنای جۆری فیکری مۆسیقادانەر بێت، دەبێت بنەماکانی فۆرمی مۆسیقاش بزانێت. گوێگرتن لە مۆسیقا بە لەبەرچاوگرتنی تەواوی ئەو خاڵانەی کە باس کران، هەمان ڕێگەی سێیەمە کە ناومان لێ نا ڕێگەی مۆسیقا.

دووبارەی دەکەمەوە کە لە خستنەڕووی ئەم سێ ڕێگەیە مەبەستێکم، جگە لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکە نەبوو. حەقیقەتی بابەتەکە ئەوەیە کە ئێمە لە کاتی بیستنی پارچە مۆسیقایەکدا هەرگیز یەکێک لەم سێ ڕێگەیە بە تەنیایی بەکارناهێنین، بەڵکو هەرسێکیان بەیەکەوە و لەگەڵ یەکدا بەکاردەهێنین و لەم ڕووەشەوە، زەحمەت و نارەحەتی فیکریمان بۆ بەرهەم نایەت، چونکە ئەم کارە بە شێوەیەکی غەریزەیی بەڕێوەدەچێت.

لەوانەیە نموونەیەکی بچووک بابەتەکە ڕوون بکاتەوە. کاتێک بۆ هۆڵێکی شانۆ دەچن لە بوونی تەختەی شانۆ و ئەکتەرەکان و جلوبەرگ و جووڵانەوەکانیان بە ئاگان و بینینی هەموو ئەمانە چێژ و خۆشیتان لەلا دروست دەکات، هەر بۆیە حەز لە شانۆ دەکەن. بینین و بیستنی ئەمانە لە شانۆدا هاوشێوەی سوود وەرگرتنی ڕێگەی هەستییە کە لە بارەی مۆسیقاوە باسمان کرد.

لە شانۆدا سوود وەرگرتن بە شێوەی وەسفی بریتییە لە چێژ وەرگرتن لە ئەنجامی بینینی ئەو ڕووداوانەی لەسەر تەختەی شانۆ ڕوودەدەن. بەهۆی بینینی ئەو دیمەنانەوە لەسەر تەختەی شانۆ هەستگەلێکی جیاوازی وەکو خۆشحاڵی و بەزەیی و تووڕەبییتان لا دروست دەبێت. ئەم هەستانە هاوشێوەی هەستگەلێکن لەکاتی بیستنی پارچە مۆسیقایەک بەشێوەی وەسفی بۆ کەسەکە دروست دەبێت.

سوود وەرگرتن لە چیرۆکی شانۆگەرییەک هاوشێوەی ئەو ڕێگەیەیە کە لە مۆسیقادا ناومان لێ نا ڕێگەی مۆسیقا. نووسەر لە کاتی نووسینی شانۆنامەدا لە ڕاستیدا ئەکتەرەکان دەخوڵقێنێت و بە نیشاندانی سیفات و خەسڵەتەکانیان، لەبەرچاوی بینەردا گیانیان پێ دەبەخشێت. مۆسیقادانەریش بەم شێوەیە میلۆدییەکان دادەهێنێت و فراوانیان دەکات و پەرەیان پێ دەدات. بە ڕێژەی ئەو زانیارانەی کە لە بارەی کەرەستە و ئامرازەکانی ئەم دوو هونەرمەندە، واتە مۆسیقانەدار و شانۆنامەنووس هەتانە، دەکرێت لە بیستنی پارچە مۆسیقایەک، یان بینینی شانۆیەک ئێوە بە زیرەک و دانا لە قەڵەم بدرێن.

ئاساییە کەسەکە کاتێک دەچێتە هۆڵێکی شانۆ لە هیچ یەک لەم ڕەگەزانە بە جیا ورد نابێتەوە، بەڵکو هەموو ئەوانە بەیەکەوە کاریگەرییان لەسەری هەیە. لە بارەی مۆسیقاشەوە هەر بە هەمان شێوەیە واتە ئێمە بەبێ بایەخ دان بەم سێ شێوەیە گوێ لە مۆسیقا دەگرین و لە هەمان کاتیشدا سوود لە هەر سێ شێوەکە وەردەگرین.

لە ڕاستیدا، ئارەزوومەندی مۆسیقا لە کاتی گوێگرتندا هەم لەناوەوە و هەم لە دەرەوەی پارچە مۆسیقاکەیە. بە واتایەکی تر هەم چێژی لێ وەردەگرێت و هەم ڕەخنەشی لێ دەگرێت. بۆ نموونە چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە مۆسیقاکە بەشێوەیەک کە ئەو حەز دەکات درێژە پەیدا بکات، یان کۆتایی پێ بێت، بەڵام دەبینێت بە شێوەیەکی تر درێژە دەکێشێت، یان کۆتایی پێ دێت. ئەو بارەی کە لەم کاتەدا بۆ گوێگر دروست دەبێت پێویستە هاوشێوەی ئەو بارە بێت کە بۆ مۆسیقادانەر لە کاتی داناندا دروست بووە، چونکە مۆسیقادانەریش، لە کاتی دانانی مۆسیقاکەدا هەم چێژ لە بەرهەمەکەی خۆی وەردەگرێت و هەم بەدیدی ڕەخنەشەوە لێی دەڕوانێت.

بەم پێیە ئێوەی خوێنەری ئەم باسەش ئەگەر بتانەوێت زیاتر چێژ لە مۆسیقا وەربگرن دەبێت زیاتر گوێی لێ بگرن. جیاوازی نییە کە گوێ لە بەرهەمەکانی مۆزارت Mozart بگرن، یان بەرهەمەکانی دیوک ئلینگتۆن Duke Ellinton. خاڵی گرنگ و سەرەکی ئەوەیە کە تێگەیشتنی ئێوە لە مۆسیقا تەنیا بە بیستنی بەرهەمە مۆسیقاییەکان زیاد دەکات. هەڵبەتە هێندە بەس نییە کە مۆسیقا تەنیا ببیستن، بەڵکو بە سەرنجەوە گوێی لێ بگرن و هەوڵ بدەن کە شتێکی لێ تێبگەن.

**سەرچاوە:**

**چگونه از موسیقی لذت ببریم، ارون کوپلند، ترجمه دکتر مهدی فروغ، مؤسسه انتشارات نگاه، چاپ چهارم، تهران، ۱۳۷۵.**

# سەرگوزشتەی ڕۆمانی دەربازبوون

غەمگین بۆڵی

ژیانی هەر مرۆڤێک هەرچەند هیچیش بێت، ئەگەر بە ڕاستگۆیی بیگێڕێتەوە خۆشە.

**«کۆلریدج»**

## پێش باس

سەرگوزشتەی ژیانی هەموو تاکێک شیاوی ئەوەیە بکرێتە ڕۆمان، ئەوەی دەمێنێتەوە پەیوەستە بەچۆنیەتی ئەزموونکردنی خودی ئەو کەسە، یان دەشێت لە ڕۆمانێکدا دەلاقەیەکی ڕۆشنگەریی بەربکەوێت، وەلێ خاڵی بنەڕەتی بەرباسی نووسینەوەی یادەوەرییەکانی ڕۆژانی ڕابردوو، چۆنیەتی هونەری نووسینەوەی سەرگوزشتەی ئەو کەسەیە، کە دەیەوێت بینووسێت. ئاخر ڕۆماننووس هەیە تەنیا بەهۆی پاراویی زمان و هونەر بەرزی لە جوانگێڕانەوە و ڕاستنووسییەوە، کۆتری داهێنانی هێندە بەرز هەڵفڕیوە تەواوی ئاسمانەکانی ئەدەبیاتی تەی کردووە، هەیشە بەهۆی بوێری لەنووسینەوەی سەرگوزشتەکەی، شاکارێکی بەرزی دروست کردووە. ئەگەر ڕۆمانی (نانی ڕووت)ی محەمەد شوکری بخەینە بەر ڕۆشنایی ئەو وشانەوە دەگەینە ئەو ڕاستەقینەیەی نووسین. دەشێت لە ڕۆمانی سەرگوزشتە ئامێزدا ڕۆماننووس بە زمانێکی سادە و ساکار بنووسێت، تەنانەت ئەوەندەی لە هەوڵی گەیاندنی مەبەستەکەی بێت (مانای نووسینەکە) هێندە بیر لە تەکنیکی جوانیناسی و هونەری ڕۆماننووسین نەکاتەوە. کەواتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی هەموو تاکێک دەشێت بکرێتە ڕۆمان و هەموو سەرگوزشتەیەکیش شیاوی گێڕانەوەیە.

کارۆلین جیسوب لە ڕێگەی گێڕانەوەی بەسەرهاتییەوە، توانیویەتی بەشێکی هەستیاری ژیانی خۆی بنووسێتەوە لەناو تایفەیەکی باوەڕدار بە ئایینی کڵێسەیەکی دوورەپەرێزی لاچەپ، کە لەناو وڵاتێکی پڕ لە تەکنۆلۆژیا و ئازادیخوازی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ژیاوە، کە ناوچەکەیان کەوتۆتە نێوان هەردوو ویلایەتی ئریزونا و یوتا. ئەم ژنە یاخییە بەهۆی گێڕانەوەی سەرگوزشتەی خۆی، تەواوی دابونەریت و یاسایی کڵێسەی ئەو تایفەیە بەیان دەکات. «گێڕانەوەی باسی دەوروبەر، خۆی لەناو کرۆکدا، واتە گێڕانەوەی باسی خۆت، کەباسی ژیان دەگێڕییەوە، واتە باسی خۆت دەگێڕییەوە.» (١). دەلوێت بەهۆی گێڕانەوەی دەوروبەر خۆت بگێڕییەوە. بەپێچەوانەشەوە هەمان ئاراستەی فیکر وەردەگرێت. نووسەر لە (دەربازبوون) ئەوە دەسەلمێنێت کە



دابونەریتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە جیاوازە لە خەڵکی جیهان و خۆیان پێ میللەتی هەڵبژێردراوی خودایە. خۆدوورخستنەوەی ئەو تایەفەیە بەهۆی دابونەریتەوەیە، کە لایان وایە ژیان جگە لەناویان بەو لاوە، بریتییە لە گوناهکاری و تاوان. کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای سەیر لەلایەن (دارین جیڤس)ی سەرۆکی خێڵەکەوە دەرکراوە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات ڕوحی مەسیحی تێدایە و باوکی ئەو خودای تایبەتی ئەو خێڵەبووە، واتە دارین جیڤس (پەیامبەرە). (٢)

## کرۆکی باس

کلیلی کردنەوەی دەروازەی بەسەرهاتی کتێبی (دەرباز بوون) بریتییە لە هەڵاتن لە دابونەریتی تایەفەگەری. هەڵاتنە لەو کۆمەڵگەیەی کە هەموو شتێک لەپیاوەوە دەست پێدەکات و لە پیاویشەوە کۆتاییان دێت. ئایینی ئەو میللەتە هیچ بەهایەکی شایستەی بۆ ژن دانەناوە. ئەم کتێبە لەلایەن وەرگێڕی هەمیشە پڕ کار و پرۆژە شێرزاد هەینی لە زمانی عەرەبییەوە کراوەتە کوردی. دیارە نەوەی ئێمە کە نەوەی دوای ڕاپەرینە، پێویستی بە پرۆسەی وەرگێڕانی جددی و جوان هەیە، ئەمەش لەبەر گرفتی زمان نەزانینەوە.

دەربازبوون هەڵاتنە، هەڵاتن لەوەی کە ناکرێت ژنێک پیاوێکی خۆش نەوێت و تەمەنیشی سێ بەقەد تەمەنی ئەو بێت، چونکە لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا کچ لەدوای تەمەنی چواردە ساڵییەوە لەلایەن جیڤس دەکرایە دیاری بۆ پیاوانی خاوەن هێز و دەسەڵات، واتە پرۆسەی هاوسەرگیری لەسەر بنەمای نزیکایەتییە لە خودی جیڤسی سەرۆک هۆز، خۆشەویستی ئەو، هێزی زیاتر بەکەسی بەرانبەر دەبەخشێ و پلەو پایەشی بەرزتر دەبووەوە، ئەوەش گرینگ نییە کە پیاوەکە تەمەنی چەندە و چەند ژنی هەیە، یان کچەکە ڕازییە، تەنانەت پرۆسەی هاوسەرگیری وا هەبووە کە کچەی قوربانی دەست ئەم کولتوورە نەخۆشە تەنیا ناوی پیاوەکەی لە خوێندنگە ئایینییەکەیان لە کچەکانییەوە بیستووە. ئاخر زۆر جار پیاوە پەیامبەرەکان یاساکانی ئایینیان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان و پیاوسالاری بەکار هێناوە. ئەوەتا کارۆلین جیسوب لە بەسەرهاتی خۆیدا پێمان دەڵێت: «جیڤس نزیکەی حەفتا ژنی هەبوو، هەمیشە حەزی دەکرد کیژە تەمەن گچکەکان بکاتە هاوسەری خۆی، تەنانەت من کە ژنی ئەو بووم تەنیا بۆ هەوەسی شەوەکانی بوو» (٣)

## کۆمەڵگەی نەخۆش بەدەست کولتووری پیاو سالارییەوە

کۆمەڵگە ئەو کاتە نەخۆش دەبێت کە مرۆڤەکان تێیدا هەست بە یەکسانی و خۆشگوزەرانی نەکەن. ئێمە لێرەدا باس لە جۆر و چۆنیەتی نەخۆشییەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتگیر ناکەین، گەرەکمانە لە گۆشەنیگای کولتووری پیاوسالارییەوە لێی ورد ببینەوە کە ئەمە بە کرۆکی باسەکەمانەوە پەیوەستە. کۆمەڵگەی پیاوسالاری تەواوی پیرۆزییەکانی ژنبوون داگیر دەکات و ژن وەک کۆیلە سەیر دەکات. ژن تەنیا دەبێتە پێویستییەک بۆ هێنانە دنیای منداڵ. ژن تەنیا جەستەیەک دەبێت بۆ سێکسی شەوان لە تاریکیدا. ئاخر لەم کۆمەڵگەیەدا هێز و دەسەڵاتی پیاو بەندە بە فرەژنییەوە، کومەڵگەی نەخۆش هەمیشە لە هەوڵی بڵاوبوونەوەی ئامانجی نەخۆشییەکەیدا دەبێت. ئەوەتا منداڵ بۆی نییە بچێتە خوێندنگاکانی دەوڵەت و لەوێدا بخوێنێت. بەمەزندەی پەیامبەرەکەیان (جیڤس) مامۆستاکانی دەوڵەت بەکرێ گیراون و گلاوبوون و لەدین لایان داوە، بۆیە لەلایەن کڵێسەوە خوێندنگا دەکرێتەوە و بیروڕاکانی خۆیان تێدا دەڵێنەوە و بە یاسا و دابونەریتەکانیان مێشکی منداڵەکان دەشۆنەوە. لێرەدا مرۆڤەکان خودی خۆیان لەناو دابونەریتەکان ون دەکەن و دەبنە کۆیلەی ئەو کۆمەڵگە نەخۆشە. کڵێسە بەئاراستەی هەوەسەکانی خۆی چارەنووسی مرۆڤەکان هەڵدەسووڕێنێت، هەموو شتێک لەژێر کۆنترۆڵی ئەو دایە، قسەکردن و ڕەخنە گرتن لەو بارەیەوە بەپێی یاساکان لادانە لەدین و دابونەریتە پیرۆزەکانیان، بۆیە کارۆلین جیسوب لەهەموو ئەمانە یاخی دەبێت و ڕەتیان دەکاتەوە. ئاخر مرۆڤگەلی ئەو کۆمەڵگە داخراوەیە جگە لە کولتووری ئایینی پیاوسالاری هەست بەهیچی تر ناکەن. زاتیان بەندی ڕێساکانی ئەو کۆمەڵگە نەخۆشە دەبێت، وەلێ لەپەیامی ڕۆماننووسدا ئەوەمان بۆ ڕاڤە دەبێت: «ناسینی جیهان بۆ زات، کێشەیەکی گران، یان مەحاڵ نییە. زات چۆن خۆی دەناسێت، بەو شێوەیەش جیهانی دەرەکی دەناسێت، چونکە جیهانی دەرەکی دیوی دەرەوەی خۆیەتی و بۆ ئەو بێگانە نییە.» (٤) بەو واتایەی مرۆڤەکان دەتوانن لەڕێگەی ناسینی زاتی خۆیانەوە هەست بە جیهانی دەرەکی بکەن و پەی بەنهێنییەکانی کەون بەرن. چونکە ناشێت ڕۆماننووس و نووسەران زاتی خۆیان نەناسن، نەناسینی زاتی خۆت بەواتای نەناسنی جیهان دێت، تەنانەت ئەو جۆرە ڕۆماننووسانە دەلاقەی جیهانبینییان وێران بووە. هەڵبەتە خوورەوشتە کۆمەڵایەتییەکان و کولتووری کۆمەڵگە نەخۆشەکان کاریگەریی بنەڕەتی لەسەر ناسینی زات هەیە، چونکە لەم جۆرە ڕۆمانانەدا هەڵسوکەوت و نەریتەکانی

ڕۆژانە دەبنە بەشێکی هەستیاری یاساکانی ڕۆژانەیان و بەو هۆیەوە ئازادی زاتیان ڕادەستی کۆمەڵگە دەبێت. «لەو کۆمەڵگەیانەدا کە ئازادی کۆمەڵایەتی تێدا نییە و پێوەندی و شێوەی قسەکردنی خەڵکەکە وشک و ڕەسمییە و پێوەندی قووڵی نێوان خەڵکان بوونی نییە، کەسەکان - کە لەو کۆمەڵگەیە ڕەچاو بکەن - سادە و وشک و ڕەسمی دەردەچن. ڕۆمانی "خۆبەزلزانی و دەمارگیری "ی جین ئۆستن، یەکێکە لە چاکترین نموونەکانی ڕۆمانی هەڵسوکەوت و نەریتی کۆمەڵایەتی.» (٥)

**بەشێک لەو دابونەریتانە بوونەتە یاسای ڕۆژانەی خەڵکی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەمانە چەند نموونەیەکی زیندووی ناو ڕۆمانەکەن:**

* قەدەغە بوونی خوێندنەوەی دەرەکی. واتە تەنیا ئەو کتێبانە دەخوێندرانەوە کە لەسێبەری ئایینەکەیاندا بوون.

* توندوتیژی لەلایەن گەورەی بنەماڵەکان هەم لەڕووی جەستەییەوە، هەمیش لەڕووی ویژدانییەوە.

* لێدانی منداڵان ببووە کولتوورێکی ڕۆژانەی زۆر ئاسایی.

* چوون بۆ سەر دەریا و گەشتوگوزار بەپێی دابونەریتی ئەو کۆمەڵەیە حەرامە، تەنانەت ژمارەی تابلۆی ئوتومبێلەکانیش تەنیا لە سنووری ئەو ناوچەیەدا کاری پێدەکرا، هەندێک لە ئوتومبێلەکانیش تابلۆی ژمارەیان نەبوو، ئەمەش بۆ ئەوەی هیچ ژنێک دەرفەتی هەڵاتنی نەبێت.

* تەلەڤزیۆن بەیەکێک لەئامێرە قەدەغەکراوەکان دەژمێردرێت.

* دەکرا یەک پیاو، دوو خۆشک بهێنێت و لەیەک کاتیشدا هەردووکیان ژنی بن.

* فرەژنی بەڕێژەیەکی زۆر.

* زۆرێک لە ژنان هیچ زانیارییەکیان لەبارەی سێکسەوە نەبووە، وایان زانیوە ژن بە ماچ کردن ئاوس دەبێت.

## دەرئەنجامی باس

ئەوەی منی بەخۆیەوە خەریک کردووە ئەوەیە ژنێکی ئاسایی لە دواکەوتووترین تایەفەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا توانیویەتی بەزمانێکی سادەی ڕۆژانەی خەڵک، ڕووداوگەل و بەسەرهاتی ئەو کۆمەڵگەیە بەجوانترین شێوە بنووسێتەوە و شاکارێکی وەها جوان پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات، کەچی ڕۆمانووسانی ئێمەی کورد دنیایەک کارەسات و زیندەبەچاڵ کردن کاری تێناکات، جینۆساید و کیمیاباران کردن و دەربەدەری نابێتە هەوێنی شاکارێکی مەزن، ئەوەی هەیشە و کراویشە، دەکرا زۆر لەوە باڵاتر بوایە و شاکاری ناوازەی زۆر ئاست بەرزتری لێ بەرهەم هێنرابایە. برتراند ڕاسل باشی پێکاوە کاتێک نووسیویەتی: «بۆ ئەوەی لە سەردەمێک تێبگەیت، یان میللەتێک بناسی، پێویستە لە فەلسەفەی ئەو سەردەم و میللەتە تێبگەیت.»، تەنانەت لە ڕێگەی بەسەرهاتی ئەو ڕۆمانەوە، لەوە تێدەگەین لەو سەردەمەدا لەناو کۆمەڵگەیەکی ئەمەریکاییدا ئایینی کلێسە و پەیامبەرە پیاوسالارەکەیان پەیامی ئەو دینە بۆ مەرامەکانی پیاو بوون، دەشێت ناوی بنێین دینی پیاو. ژن هیچ بەهایەکی بنەڕەتیشی بۆ دانەنراوە و سێبەری پیاو بووە، تەنانەت لە یەکێک لە دیالۆگەکانی نێوان کارەکتەرەکاندا ژن بە ئاژەڵ ڕاڤە دەکرێت: «سەگ لەژنی تازە بە وەفاترە.» (٦) ڕێسا و یاساکانی ئەو دینە بەئارەزووی جیفسی پەیامبەریان دەبێت، پیاو چۆنی ویستووە وەهایان بەکار هێناون، وەک ئەو نموونەیە: «لیندا دەستە خوشکێکی بەناوی کلۆدیل هەبوو. ئەو ترسی ئەوەی هەبوو بکرێتە هاوسەری مێردی دایکی.» (٧)، هەروەها لەیاسای ئەو دینەدا ژنی ئاوس لە نۆ مانگییەوە بۆی نەبووە پرۆسەی سێکسی ئەنجام بدات، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە پیاوەکە مۆڵەتی لە ئاسمانی ئەو دینە وەرنەگرتبێت. واتە پیاو سەربەست بووە لە جووتبوونیش. پیاوانی ئەم تایەفەیە پیرۆزییان لەلایەن دینی کلێسە و ئاسمانەکانیان بەند بووە بەڕێژەی زۆری فرەژنییەوە، واتە پیاو هەرچەند کچی تازە بکاتە ژنی خۆی، ئەوە زیاتر پیرۆز دەبێت و ڕوحی زیاتر لەئاسمانەکەیان نزیکتر دەبێتەوە، هەربۆیەش میریل جیسوب، حەوت ژنی هەبووە و ژمارەی منداڵەکانیشی دەگەیشتە پەنجاو چوار منداڵ.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**(١) نووسەرانی بوێر و ئازا/ نازم حیکمەت، یەشار کەمال، عەزیز نەسین/ وەرگێڕانی لەتورکییەوە: شوکور مستەفا. لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە(١٩٩)ی ساڵی ٢٠١٠ چاپی یەکەم. ل٧٥**

**(٢) دەربازبوون/ کارۆلین جیسوب/ وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: شێرزاد هەینی. لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە(١١٣٣)ی ساڵی ٢٠١١ چاپی یەکەم.**

**(٣) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ١٠٦**

**(٤) فەلسەفەی هیگڵ/ د.محەمەد کەمال/ فەلسەفی. لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە(٥٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ چاپی دووەم. ل٢٤**

**(٥) ڕۆمان چییە؟/ کۆمەڵێک نووسەر/ وەرگێڕانی لەفارسییەوە: جەواد مستەفا - پێداچوونەوەی: هەژار ڕەحیمی. لەبڵاوکراوەکانی دەزگای توێژنەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، ژمارە (٢٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ چاپی یەکەم. ل٣٩**

**(٦) بڕوانە هەمان سەرچاوەی دووەم. ل٨٧**

**(٧) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٩**

# خوێندنەوەیەک بۆ ماستەرنامەیەک

**«لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی شانۆیی . . سەرچاوەیەک بۆ شانۆکاران»**

**ئا: خەلیل بابە کەریم**

نامەی ماستەرەکەی هونەرمەند ژیلوان تاهیرم خوێندەوە کە بە ناوونیشانی (ئاراستەکانی دەرهێنان و کاریگەری لە نمایشی شانۆی کوردیدا)، لە سالانی (١٩٨٠- ١٩٨٩) بوو، ئەو هونەرمەندە دەرچووی بەشی دەرهێنانە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٩٢، هونەرمەند ژیلوان تاهیر هەر لە ڕۆژی دەرچوونییەوە بە گەرموگوڕییەکی زۆرەوە هاتووەتە نێو بواری شانۆ و لەوکاتەوە تا ئێستا توانیویەتی چەندین کاری شانۆیی ئەنجام بدات و دەربهێنێت، لەوانەش زەمبیل فرۆش و شاری ئەوین، کە ئەمەی دواییان پێشتر هونەرمەند تەڵعەت سامان دەری هێنابوو، بێجگە چەندین شانۆنامەی دی، هەندێکیان بە دوو قۆڵی لەگەڵ هونەرمەند فەرهاد شەریف دەریان هێناوە وەک خانزادی میری سۆران، پاشان وەک مامۆستای هونەری شانۆ خزمەتی بە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان کرد و هەروەها وەک کادیرێکی کارامە توانی خزمەت بە تەلەڤزیۆنی نەورۆزیش بکات لەو ماوەیەی کە لەوێدا کاری کرد.

هونەرمەند سەرەڕای کاری هونەری و کارگێڕی لە تەلەڤزیۆن و وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئاواتی ئەوە بوو خزمەتی پتر بە شانۆی کوردی بکات بەهۆی وەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرە، بۆیە لەم دوو ساڵەی دواییەدا سەرقاڵی خوێندن و گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی شانۆی جیهانی و خۆماڵی بوو، تاکو لەلایەک زانیارییەکانی پێشووی پێ دەوڵەمەندتر بکات، لەلایەکی دیکەوە نامەی ماستەرەکەی بۆ گفتوگۆ ئامادە بکات، بۆ ئەم مەبەستە پاش ئەم دوو ساڵە توانی نامەی ماستەرەکەی بە چاودێری و سەرپەرشتی دکتۆر مەنسوور نوعمان نەجم وانەبێژ ئامادە بکات، ماستەرەکەشی بەناوونیشانی «ئاراستەکانی دەرهێنان و کاریگەری لە نمایشی شانۆی کوردیدا لە (١٩٨٠- ١٩٨٩) بوو، دکتۆری ناوبراو ئەم نامەیەی لە ٢٢/٩/ ٢٠١٠ بەدەست



**ژیلوان تاهیر**

گەیشت و بەسەرپەرشتی ئەو نووسرایەوە کە لە پێشەکی نامەکەدا باس کراوە، بۆ گفتوگۆ و شیکردنەوەی ئەم نامەی ماستەرە لیژنەیەک لەو پسپۆڕانە پێکهات کە نامەکەیان بە پلەیەکی زۆر باش پەسند کرد بریتی بوون لە:

دکتۆر ڕیکاردۆس یووسف ئیبراهیم، م.ی. د. محەمەد ئەبو خضیر، م. د. فازڵ خەلیل سەرۆکی لیژنەکە، د. مەنسوور نوعمان نەجم، م.ی د. فازیل عەلی جاف ڕاگری ئەکادیمییەی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین. ناوبراوان لە ڕۆژی ٢٣/ ١٠/ ٢٠١٠ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و هونەردۆستان لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین نامەی ماستەرەکەیان تاووتو کرد، ئەم نامەی ماستەرە جگە لە پێشەکییەکەی کە لە پێنج بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم باس لە کێشەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و گرنگی و مەبەستی لێکۆڵینەوە و سنوور و دەستەواژەکان دەکات. لەم بەشەدا باسی لە نووسین و دەرهێنانی شانۆیی لە شانۆی ڕۆمانی و گریکی دەکات و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەسەردەمی شەکسپیردا دەرهێنان بە گرنگترین ئەندامی تیپەکە دەسپێررا، هەروەها باس لە پێشڤەچوونی دەرهێنانی شانۆیی و ئاراستەکانی دەکات، ئاماژە بە تیور و ئاراستەکانی (دۆف ساکس) دەکات کە لە ساڵی ١٨٧٤ یەکەم کاری دەرهێنانی ڕێکوپێک بوو، هەروەها (ئەندرێ ئەنتوان ١٨٨٥- ١٩٤٣) کە یەکەم دەرهێنەر بوو باسەکانی دەربارەی دەرهێنان لە ئەورووپا بڵاوکردەوە، ئەو بڕوای وابوو دەرهێنان فەرمانێکی سەربەخۆی هەیە، چونکە هزر و بیری ئەنتوان بە دوو ئاراستەدا دەڕۆیشت واقیعی و سروشتی، ئەوەش بە ڕوون و ئاشکرا لە نمایشەکانیدا بەدی دەکران، بەڵام لە ڕووسیا دەرهێنەر و خاوەن تیوری مەشق و ڕاهێنان (قوستەنتین ستانیسلاڤسکی) (١٨٦٣- ١٩٣٨) سەری هەڵدا کە زۆر گرنگی بە واقیعیەت دەدا، پاش ئەویش (ئارتۆ) پەیدا بوو کە گرنگی بە وێنەی شانۆیی و فەزای نمایش دەدا، بۆ ئەوەی کەشوهەوایەکی فەنتازی و خەوناوی بخولقێنێت، کەچی (برێخت)ی ئەڵمانی خاوەن تیوری ئەفسانەیی، گرنگی بە تەغریب دەدا، کە بریتی بوو لە ڕەخنە و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان، ئەو جۆرە ئاراستانە لە دەرهێنان و جیاوازییەکانیان، بزاڤی شانۆییان زۆر دەوڵەمەند کرد، ئەو ئاراستە بنەڕەتییانە لە نمایشە شانۆییەکاندا، سەرەڕای ئەو تیورانە، تیوری ئەزموونگەری و نوێخوازی لە شانۆی بیانی و ڕۆژئاوا، چەندین جۆرە ڕێبازی دەرهێنان کاریان لە شانۆی عەرەبی بەگشتی و عیراقی بە تایبەتی کرد، بەهۆی پێوەندی و کۆنتاک کردن لە ڕێگەی ئەو قوتابیانەوە کە بۆ خوێندنی پسپۆڕی لە شانۆ ڕەوانەی ئەورووپاکران، بۆیە ئەم جۆرە ئاراستە و دەرهێنانانە کاریان نەک هەر لە شانۆی عەرەبی و عیراقی کرد، بەڵکو کاریان لە بزاڤی شانۆی کوردییش کرد، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە دەدات سەبارەت بە زانست و ڕۆشنبیری شانۆیی و دەرهێنانی لە ئامێزی بزاڤی شانۆیی لە کوردستانی عیراقدا کە شانۆی جیهانی و عەرەبی کاری تێکردووە.

سەبارەت بە مەبەستی لێکۆڵینەوە بۆ بەدەرخستنی کارتێکردنی ئاراستەکان و شێوەکانی دەرهێنان لە نمایشی شانۆی کوردیدا، بەڵام سەبارەت بە سنووری لێکۆڵینەوە، دەڵێت: شوێن هەرێمی کوردستانی عیراقە، شارەکانی (هەولێر- سلێمانی) لە ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٨٩) لە بواری بزاڤ و شێوەکاری و ئیستێتیکا لە لە نمایشی شانۆییدا دەگرێتەوە.

دەربارەی دەستەواژەکان، یان زاراوەکان کە باس لە (اتجاە- ئاراستە) دەکات دەڵێت: هونەر و تەکنیکی ئۆرکێسترا، یان کارێکی شانۆیی کە لە فەرهەنگی وێبستەر (١٩٧٩)دا ئاماژەی پێ دراوە، وشەی ئاراستەش پتر لە ناوەرۆکدا واتایەک لەخۆ دەگرێ کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێت وەک ئاراستەی با، یان فڕۆکە...تاد.

هەروەها باسکار دەڵێت ئاراستە لە زانستە دەروونییەکان بەدوو جۆر ئاماژەی پێ دراوە:

١- (سمیث) و چەند کەسانێک دەڵێن ئاراستە باس لە جۆری خۆشەویستی، یان ڕک و کینە دەکات.

٢- وەلی محەمەد دەڵێت ئاراستە لەلای کەسانێک ئامادەباشییەکی چەسپاوە، هەروەها هونەرمەند ژیلوان تاهیر کە باس لە دەرهێنان دەکات دەڵێت (خوڵقاندنی هەماهەنگی هارمۆنی لە نمایشی شانۆییدا کە لەسەر ڕیتم بنیاد نراوە، کەچی لە پێناسەیەکی دیدا دەربارەی دەرهێنان دەڵێت قووڵبوونەوەیە بۆ ناو گەوهەری فەلسەفە کە لە بەرز ڕاگرتنی مرۆڤ و هزر و بیری دەربارەی جوانی)یە، کەچی هەندێک کەسی دیکە دەڵێن دەرهێنان کردارێکی پیشەیییە کە لە کۆمەڵێک کرداری هونەری و تەکنیکی پێکهاتووە، ماوە دەدات تێکستی شانۆیی لە حاڵەتێک کە لەسەر کاغەز نووسراوە، بۆ ژیانێکی زیندووی سەر تەختەی شانۆ بگوێزرێتەوە، کەچی ژیلوان تاهیر خۆی بەم جۆرەی خوارەوە پێناسەی دەرهێنان دەکات و دەڵێت: دەرهێنان، خوێندنەوەی دەرهێنەرە بۆ دەق و تێکست بەدیدێکی نوێ، بەپشت بەستن بە ئاراستە و شێوەی دەرهێنانەکان بەهۆی لەیەک گرێدان و وێنەکێشانی ئامرازەکانی هونەری لە فەزای نمایشی شانۆییدا، لەسەر بنەمای هونەری و فیکری و ئیستێتیکییەکان، هەروەها توێژەرەوە دەربارەی کارتێکردن دەڵێت: دەستەواژەی کارتێکردن بە چەند واتایەک هاتووە، یەکەم بە واتای ئەنجام، دووەم ڕووخساری شتەکە، سێیەم بە واتای دەنگ و باس و هەواڵ کە لە قسەی پێشینان وەرگیراوە، نەک کرداریان، پێناسەیەکی زۆر بۆ وشەی کارتێکردن هەیە، بۆیە لە ئەنجامدا باسکار دەڵێت کارتێکەرانی پێشوو، کە لەلای دەرهێنەر چەسپاوە، کاریگەری لەسەر هونەرمەند زۆرە، بە ئاگایی، یان بەبێ ئاگایی، بۆ نموونە کارتێکردنی ئاراستەی واقیعی لەسەر ئاراستەی تەعبیری و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی نوێ، ئەو کردارەش لە شانۆ و لە ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوامە.

نمایشی شانۆیی: هۆنزال دەڵێت: «نمایشی شانۆیی بریتییە لە کۆمەڵێک ئاماژە»، چونکە ئاماژە بریتییە لە شتێکی دیاری کراو، ئەگەر هەست پێ کراو، یان ماددی بێت، ئەو ئاماژانەش بریتین لەم خاڵە گۆڕاوانە لە ئامێزی نمایشی شانۆییدا. نمایشیش لە زۆربەی زاراوەکانی ئەدەبدا بە بەشی سەرەکی دێت لە شانۆگەریدا کە بریتییە لە تێکست و کارەکتەر و شوێن و کاتێکی دیاری کراو، لە نمایشەکەدا پاڵەوان و کەسە ناوەندی و کۆمبارسەکان ڕۆڵی خۆیان لە نواندندا دەبینن، ئەویش لە ڕێگای ئیمائە و جووڵە و قسە بەرانبەر بە بینەران.

باسکار لە برگەی پێنجەمدا کە باس لە جوانی (ئیستێتیکا) دەکات، دەڵێت: زانستی جوانی یەکێکە لە لقەکانی فەلسەفە و دەڕژێتە ناو زانستی جوانی شانۆگەرییەوە، ئەم زاراوانە لە سەدەی بیستەمدا لە بارەی جوانی گەشەیان کرد کە شانۆ بەشێکە لە جوانی و زانستی بوون، جوانی شانۆ و شانۆگەری زانستێکە لە هەموو سەردەمەکاندا لە جوانی شانۆگەری دەکۆڵێتەوە و پێوەندییەکی پتەو لەنێوان شانۆ و جوانیدا ئاشکرا دەکات، لە برگەی شەشەم کە دێتە سەر جووڵە، ئەو دەستەواژەیە Gestuwe, Geste لە Gestusی لاتینی وەرگیراوە کە بە واتای جووڵەی جەستە و دەست و قاچ دێت، برتۆڵد برێخت (١٨٩٨- ١٩٥٦) وشەی (غستوس)ی بەکارهێنا، بە واتای جووڵە لە شانۆدا. بۆ نموونە جووڵە لە شانۆی یۆنانیدا سنووردار بوو، چونکە گرنگی بە سەما دەدرا، ئەمە لە سەماوە گەشەی کرد بۆ شانۆ، کە بەشێکی بنەڕەتی بوو لە سرووتە ئایینییەکان، کەچی نمایشە شانۆییەکان لە سەدەی بیستەمدا گرنگییەکی تەواوی بە جووڵە و لەش دەدا کە ڕۆڵێکی باڵای لە نمایش و نواندندا هەبوو، بە گوێرەی تیورەکان ئاراستەکان گەلێک شێوەیان لەخۆ دەگرت، لە کۆتاییدا باسکار بەم جۆرە جووڵە پێناسە دەکات و دەڵێت: جووڵە ڕەهەندێکی بنەڕەتییە کە بەهۆی نواندنی ئەکتەر و سینۆگرافیا و نیشاندانی فەزای شانۆیی و کارتێکردنی لەسەر ڕیتم و لایەنی دەروونی و جوانی لە نمایشی شانۆییدا، بەشداری لە بنیادنانی دیمەنەکان دەکات.

لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا باسکار باس لە چوارچێوەی تیوری دەکات و دەیکاتە چواربەش، **یەکەمیان:** دەرهێنان لە شانۆی هاوچەرخدا، **دووەم:** لێکگرێدان و نیشاندانی شێوەی جوان، **سێیەم:** فەزا و چۆنیەتی مامەڵەکردن، **چوارەم:** زمانی جەستە.

بەشی یەکەم دەرهێنان لە شانۆی هاوچەرخدا، مەبەستی ئاراستەکانی دەرهێنانە لە شانۆی جیهانیدا و دەڵێت سەدەی بیستەم گەلێک نمایشی شانۆیی بەهێز و پێزی لەخۆ گرت، ئاراستەکان گەلێک زۆر بوون، هەوڵدرا شێوەی نوێ و تازەی دوور لە شێوە هەمیشەیی و ئاساییەکان بدۆزرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە گەلێک هونەرمەندی گەورەی خاوەن بیردۆز و تیور لە هەموو جیهان سەریان هەڵدا لەوانە:

**١- قوستەنتین ستانیسلاڤسکی (١٨٦٣- ١٩٣٨)**

هونەرمەندێکی گەورەی ڕووسی بوو، لە مۆسکۆ تاقیگەیەکی بۆ ڕاهێنان و مەشق پێ کردن و پێ گەیاندنی ئەکتەر دروست کرد، ئەو تیور و دیدەی خۆی لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەزموون و لێکۆڵینەوانەی خۆی ئەنجامی دابوون، کە لەلای ئەو نواندن پشت بە جوانی و ڕاستی و بڕوا و وەبیرهاتنەوە و خاوکردنەوەی جەستە و ماسوولکەکان دەبەستێت، ستانیسلاڤسکی بۆ مەشق و

ڕاهێنانی ئەکتەرەکانی پشتی بە جووڵەی سەما و گۆرانی و وەرزشی شانۆیی و دەنگ و ئیلقا دەبەست. هەروەها بایەخی زۆری بە دیمەنی جوان و جووڵەی ئەکتەر دەدا.

**٢- مایرهۆڵد (١٨٧٤- ١٩٤٠)**

مایرهۆڵد ئەو ئاراستەیەی بەکاری دەهێنا بۆ پێ گەیاندنی ئەکتەر پشتی بە ئەلبیۆمیکانیکا دەبەست و زۆر بە سەختی مامەڵەی لەگەڵ ئەکتەر دەکرد و لەکاتی مەشق و ڕاهێناندا، چەندین ئامرازی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنا وەک جمناستیک و سێرک و میوزیک و هۆڵ و مەشقی سەربازی..تاد.

**٣- برتۆڵد برێخت (١٨٩٨- ١٩٥٦)**

بە شانۆی داستانی بەناوبانگ بوو، لە ڕێبازی گەمەی شانۆیی لای دا. شێوە دەرهێنانێکی تازەی هێنایە کایەوە، دوورکەوتەوە لە شێوە ئەرستۆییەکە، ئەکتەری دەکردە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی کە لە گۆڕان و فێرکردن و ڕێگە ڕۆشنکەرەوەی بینەر و هەڵگرتنی دیواری چوارەم بەشداریی بکات.

**٤- ئەنتوان ئارتۆ: (١٨٩٦- ١٩٤٨)**

ئارتۆ گەشەی بە زمانی سرووتەکان دا، لە ئاشکراکردنی هێما جەستەییەکان کە بەهێمای هیرۆگلۆفی ناودەبران، دەبوو دووبارە وشە سەرزارەکییەکان لە شێوەی مەزن کردن ڕێک بخرێنەوە، ئەوەش بەدی نایەت مەگەر لەسەر تەختەی شانۆ نەبێت، واتە ڕەهەندەکانی ناو دەق و تێکست ئاشکرا دەکرێن و بەشێوەیەکی نوێ دەخرێنەوە سەر تەختەی شانۆ، ئارتۆ شانۆی ڕۆژئاوای بۆ هەمیشەن ڕەت کردەوە، بانگەشەی بۆ حاڵەتی سیحر و توانەوە لە فەزای شانۆییدا دەکرد، لە لابردنی ئەو بەربەستانەی کە دەکەونە نێوان ژیان و خەیاڵەوە، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە شانۆی یۆنانی و ڕۆژهەڵاتی.

**٥- جیرزی گرۆتۆفسکی (١٩٣٣- ١٩٩٩)**

گروتۆفسکی یەکێکە لە خاوەن تیور و دەرهێنەرە بەرزەکان، کە هەردەم بە دوای شێوەی نوێدا دەگەڕا و ئامرازە کۆنەکانی لە نمایشی شانۆییدا ڕەت دەکردەوە، ئەو پێی وابوو ئەکتەر بە جلوبەرگ و دەنگ و جەستەی خۆی دەتوانێت بەبێ دیکۆر و ڕووناکی و مۆسیقا کاربکاتە سەر نمایش...تاد تا وای لێهات شاری نوێ لە کۆشک و تەلار و باڵەخانە ڕەت کردەوە و دەیگوت پێویستە مرۆڤ ژیانی خۆی لە لادێ بەسەر ببات و بژیت، گروتۆفسکی لە نمایشەکانی شانۆییدا هەوڵی ئەوەی دەدا ئەم نمایشانە وەک ئەڵقەیەکی دەروێشان و سۆفییان لێ بکات لە کاتی زیکرکردن و بەجێهێنانی سرووتە ئایینییەکان.

**٦- بیتەر برۆک**

بیتەر برۆک سوودی لە دەرهێنەرەکانی پێش خۆی وەرگرت و لە ئەزموون و کارەکانیان وەک ئارتۆ و برێخت و گرۆتوفسکی و شانۆی زیندوو و سرووتە کۆنەکانی گریکی. بیتەر برۆک دەڵێت دەرهێنەر کار لەسەر سێ ڕەهەند دەکات: دەق و بینەر و تیپ، یەکەمینیان کە دەقە ئەوە شتێکی بنەڕەتییە، لێرەدا پێویستە دەرهێنەر بگاتە ئەو قەناعەتەی کە نووسەر مەبەستی چییە، لە ئامێزی نمایشی شانۆییدا ئەوە ئاشکرا و ڕوون بکاتەوە، هەروەها پێویستە شێوەی دەرهێنان بگۆڕێت، چونکە هیچ دەرهێنانێکی کامڵ و تەواو نییە.

برۆک هەرگیز لە کارێکی شانۆییدا کار ناکات کە نمایشەکە هەموو کەسێک لێی تێبگات، لای ئەو زمان گرنگ نییە، واتا گشتییەکە گرنگە، جووڵەی ئەکتەر لای برۆک زۆر گرنگە، پێویستە وەک سیحرباز بێت.

ئامانجی دووەم دیاردەی دەرهێنان لە شانۆی عیراقیدا؛ دەڵێت هونەری شانۆ تەنیا بەرهەمی یەک عەقڵ و بیروبۆچوون نییە، بەڵکو زادەی بیروبۆچوونی کۆمەڵە کەسانێکە، شانۆش ڕۆڵێکی کاریگەری لەگۆڕانی کۆمەڵگە بەرەو چاکتر بینیوە، دەربارەی سەرهەڵدانی شانۆ لە وڵاتانی عەرەب د. عەلی ڕاعی دەڵێت شانۆ خەیاڵی سێبەر یەکەم شانۆ بوو کە لە ڕێگەی گۆرانی و مەقامەوە پێوەندی بە کولتووری عەرەبەوە هەبوو، محەمەد کوڕی دانیال یەکەم کەس بووە کە سوودی لە مەقام و کولتووری عەرەب وەرگرتبێ، بێجگە لەوانە هەموو ئاهەنگی بووک گواستنەوە و خەتەنە و دیاردە ئایینییەکان هەموویان شێوەیەک لە شێوەکانی شانۆ بوون. سەبارەت بە شانۆی دراما لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم لە ئەوروپاوە گەیشتە میسر و ڕۆژهەڵات، کەچی هەندێک کەس پەیدابوونی شانۆ بۆ پێش پەیدابوونی ئایینی ئیسلام دەگەڕێننەوە، هەندێک کەس دەڵێن لە وڵاتانی عەرەبی شانۆ دیاردەیەکی نوێ بوو، لە ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئینگلتەراوە بۆ عەرەب گوێزراوەتەوە، بزاڤی شانۆیی لە لوبنان ساڵی (١٨٤٨)زدا لەسەر دەستی ماروون نەقاش دەستی پێکرد، پاشان لە ساڵی (١٨٧٠)دا بەهۆی ڕاوەدوونانی لەلایەن عوسمانییەکانەوە گوێزرایەوە میسر، بەڵام پاش ماروون نەقاش ئەبو خەلیل قەبانی کە لەنێوان ساڵانی (١٨٣٣-١٩٠٣) لە شام ژیاوە چەند شانۆگەرییەکی پێشکەش کرد کە لە کولتووری عەرەبەوە هەڵقوڵابوون، دواتر یەعقووب سەنووع و محەمەد تەیموور لە میسر پەیدابوون، لەگەڵ ئەوەشدا وێژەوانەکان ساڵی (١٨٤٩) بەسەرهەڵدانی شانۆی عەرەبی دادەنێن، لە ڕێگەی چەند شانۆگەرییەکەوە کە (جۆرج ئەبیەض) پاش گەڕانەوەی لە

فەرەنسا لە میسر پێشکەشی کردن، دوای ئەوە لێکۆڵینەوەکە باس لە دیدی دەرهێنان لە شانۆی عیراقی دەکات و دەڵێت شانۆی عیراقی لەبەر ڕۆشنایی ئاراستەکانی شانۆی جیهانی و عەرەبیدا پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینی، ئەو دەرهێنەرەی کە کاریگەرییان لەسەر شانۆی عیراقیدا هەبوو (جۆرج ئەبیەض) بوو، ئەو دەرهێنەرە لاساییکردنەوە و شانۆی سەکۆی تێکەڵی یەک دەکرد، پاشان هونەرمەند حەقی شبلی دوای تەواوکردنی خوێندنی هونەری گەڕایەوە وڵات، کە بۆچوونەکانی میسر و عیراق تێکەڵ بە یەکتر کران لە ڕێگەی کارتێکردنی شانۆی ئیتالی و فەرەنسییەوە، شانۆی ڕۆمانسی لێکەوتەوە و تێکەڵ بە شانۆی کلاسیکی و واقیعی بوو، هەروەها پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی لە بەغدا دامەزراند و هەوڵی دا ئەو ئەزموونانەی کە لە ئەورووپا وەریگرتبوون بۆ قوتابیان و خوێندکاران بگوێزێتەوە، سەرەتا لەبەر نەبوونی هۆڵی شانۆیی، شانۆگەرییەکان لە قوتابخانەکان و سینەماکان نمایش دەکران، یەکەم هۆڵی شانۆیی لە بەغدا لە ساڵی ١٩٤١دا دروست کرا، ئەویش هۆڵی گەل بوو. پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز بزاڤی شانۆیی لە عیراق تەکانێکی گەورەی بەخۆوە بینی. سەبارەت بە پەیدابوونی چەند نووسەرێک و چەندین دەرهێنەر کە سوودیان لە تیۆرەکانی شانۆی جیهانی وەرگرت، شانۆ ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی سەند و لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان گەشەی کرد کە چەندین تیپ و گرووپ پەیدابوون، بە تایبەتی لە هەشتاکان لە سەردەمی شەڕی نێوان ئێران و عیراق سێ جۆرە شانۆ پەیدابوو:

١- شانۆی هاندان بۆ بەشداریکردن لە جەنگ.
٢- شانۆی بەرگری و مقاوەمەت.
٣- شانۆی میللی و کۆمیدی.

باسکار لە بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەیدا دێتە سەر شانۆی کوردی کە لە سێ بڕگەدا باسیان دەکات و دابەشیان دەکات لەوانە:

(١) ڕوخساری شانۆی کوردی.
(٢) سەرهەڵدانی شانۆی هاوچەرخ.
(٣) شانۆی کوردی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا.

شانۆی کوردی لە هونەرە فۆلکلۆرییە سەرپێیەکانەوە دەستی پێ کرد، کە نواندێکی هەمیشەیی و لاساییکەرەوە بوو، یان هونەرە میللییەکان بوو، گەلی کورد زۆر دیمەنی ئاهەنگئامێزی لە بۆنەکان دروست کرد، کە ڕوخسارێکی کۆمیدییان پێوە دیار بوو، هەندێک جار تراژیدی بوون، وەک:

أ- چەند دیمەنێکی نواندن لە ئاهەنگی بووک گواستنەوە، لە ماڵی زاوا نیشان دەدرێت. بۆ نموونە سەماکردن بە کەوگیرەوە لەلایەن ئافرەتەوە و پیاوێک دێت بە خەنجەرەکەی کەوگیرەکە، یان چەمچەکە دەشکێنێت.

ب- لە کاتی شیعر خوێندنەوە، یان گۆرانی گوتن سەکۆیەک دروست دەکرێت، لەسەر ئەو سەکۆیە بەیتەکانی مەم و زین، یان خەج و سیامەند، یان وەلی دێوانە و شەم دەخوێنرێتەوە.

ج- حیکایەتخوان کە حیکایەت بە شێوەی نواندن دەخوێنێتەوە، خەڵکەکە بە پەرۆشەوە دەوری دەدەن و گوێی لێ ڕادەگرن.

د- هەندێک تەمسیل کردنی سەرپێی بە تایبەتی لەلادێ دەکرێت، وەک بووکە بە بارانە لە کاتی دواکەوتنی باران و بووکۆڵە و کۆسە بەبە دەهێنن، کاتێک منداڵان دەسووڕێنەوە و لەپێش ماڵان ئاویان پێدا دەکەن.

**دووەم:** سەرهەڵدانی شانۆی هاوچەرخ، هەندێک دەڵێن یەکەم نمایشی شانۆیی لە سلێمانی لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا کراوە، هەندێک قوتابی کورد کە لە بەغدا دەیانخوێند لەوێ شانۆگەرییان بینیبوو، کە هاتنەوە شاری سلێمانی دەقەکە و ناوەڕۆکەکەیان وەرگێڕابووە سەر زمانی کوردی و پێشکەشیان کردبوو، لەوانە شانۆی (ئەگەر پارێزەر نەبوایە) کە فوئاد ڕەشید بەکر کردبووی بە کوردی، یان شانۆی (زانین و نەزانین) کە لە ساڵی (١٩٢٦) پێشکەش کرابوو، بەڵام هەندێکی دیکە دەڵێن یەکەم نمایشی شانۆیی لە سلێمانی نەبووە، بەڵکو لە هەولێر ساڵی ١٩٠٥ شانۆی (میری دیل) کە خاوەنەکەی (نەعوم فەتحوڵڵا سەحار) بوو، تەنانەت ئەگەر واش نەبێت، لە ساڵی ١٩٢١ لە هەولێر شانۆی (سەلاحەدینی ئەیووبی) لەلایەن هەولێرییەکانەوە پێشکەش کراوە. کەواتە یەکەم نمایشی شانۆیی لە هەولێر بووە نەک لە شاری سلێمانی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرهەڵدانی شانۆ و شانۆگەری لە ئاکامی کارتێکردنی شانۆی عیراقییەوە بووە، چونکە لە هەمان قۆناغدا تیپە شانۆییەکانی عیراق دەهاتنە کوردستان، هەروەها (تیپی جۆرج ئەبیەض) و هاتنی بۆ هەولێر و سلێمانی کارێکی پۆزەتیڤی لەسەر دروست بوونی بزاڤی شانۆیی لە کوردستاندا هەبوو، لەو پێشەنگانەی کە ڕۆڵێکی کاریگەریان لەسەر ئەم بزاڤە هەبوو (أ.ب.هەوری) و (زەکی ئەحمەد هەناری) بوون، کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٣٣- ١٩٣٧ لەو کاتەی بەشێوەیەکی جیاواز و بێ بەرنامە چەند شانۆگەرییەک پێشکەش کراون، بەڵام لە کاتی هەڵگیرسانی دووەمین جەنگی جیهانی (١٩٣٩- ١٩٤٥) شانۆ خامۆش بووەوە و دووچاری سستی هات، بەڵام هەر لە ساڵی ١٩٤٦دا کە گەلی عیراق لە دژی حوکمی پاشایەتی

وەستا و خۆنیشاندانی کرد، چەندین شانۆی نیشتمانی پێشکەش کران وەک (لەپێناو نیشتمان) و (گوڵی زێڕین) لە نووسینی گۆرانی شاعیر و لە ساڵی (١٩٤٨)دا شانۆیی (خەباتی کرێکاران) کە لە نووسینی ئیبراهیم ئەحمەدە و لە ئامادەکردنی (ئەحمەد غەفور) بوو نمایش کرا، لە ساڵی ١٩٥٢دا شانۆیی (البؤساء) و (کلۆڵان)ی کوردی نمایش کران، بەمەش شانۆی کوردی گەیشتە قۆناغێکی نوێی نزیک پیشەمەندی، لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ شانۆی گەنج و ئارەزوومەندەکان چالاک، بوو، چەندین سەندیکا و گرووپ لە عیراق و کوردستان دامەزران، بەڵام لەبەر بەربەرەکانێی سیاسی زۆر بەردەوام نەبوون، لە ساڵی ١٩٦٣- ١٩٦٩ چالاکی قوتابخانەکان کەم بووەوە، تیپی نواندنی سلێمانی و تیپی هونەری هەولێر دامەزران، کە بوونە هۆی پەیدابوونی نووسەر و دەرهێنەری لێهاتوو، لە ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧٤ کە رێککەوتننامەی ١١ی ئادار مۆر کرا گەلێک تیپ و گرووپ دامەزران، لەوانە تیپی شانۆی شۆڕش، کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی، کە ساڵی ١٩٧٤ یەکەم فیستیڤاڵی هونەری لە بەغدا سازکرا، هەموو تیپ و گرووپەکانی کوردستان بە شانۆگەری و گۆرانی و مۆسیقا بەشدارییان تێدا کرد، هەر لەم ساڵانەدا لە هەولێر و سلێمانی چەندین نووسەر و دەرهێنەر پەیدابوون وەک ئەحمەد سالار، تەڵعەت سامان، سەلمان فایق، عوسمان چێوار، فەرهاد شەریف، سەباح عەبدولڕەحمان، غازی بامەڕنی، نەوزاد مەجید، سمکۆ عەزیز، دەق و تێکستە شانۆییەکانی حەفتاکان زۆربەی زۆریان لە ژیانی ڕۆژانە و واقیع هەڵدەقولان، یان لە کەلەپوور و چیرۆکە میللییەکان، دەرهێنەر بە شێواز و شێوەی واقیعی پێشکەشی دەکردن.

**سێیەم:** شانۆی کوردی لە هەشتاکاندا: بزاڤی شانۆیی لە کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨٩ پێشکەوتنێکی بێ وێنەی بەخۆوە بینی، بە تایبەتی لەسەر ئاستی دەرهێناندا، ئەوەش بە کارتێکردنی گەورە دەرهێنەرەکانی عیراقی وەک ئیبراهیم جەلال، سامی عەبدولحەمید، قاسم محەمەد، دکتۆر سەلاح قەسەب، شانۆ بەهەنگاوی خێرا چووە پێش، کە لە نمایشی شانۆییدا شۆڕشێک بوو لەپاڵ کارەکانی هونەرمەندان ئەحمەد سالار کامەران ڕەئووف، شەماڵ عومەر، بەکر ڕەشید، گەزیزە عومەر ئەمین، نیگار حەسیب قەرەداغی، میدیا ڕەئووف، فرمێسک مستەفا، شەماڵی عەبەڕەش، شادان عومەر، دانا ڕەئووف، شەفیق محەمەد، حسێن میسری، خەرمان هیرانی و چەندان شانۆکاری لاو کە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی دەرچوو بوون، کە لە ساڵی ١٩٨٠ دامەزرا و لە ئەکادیمییەی هونەرە جوانەکانی بەغدا دەرچووبوون، لە هەمان کاتدا لە هەولێر چەند شانۆکارێک قوتابخانەی هونەرییان تەواو کرد لەوانە: وەلید مەعرووف، فوئاد جەلال، کەریم عوسمان، هیوا سوعاد، ژیلوان تاهیر، هۆشەنگ وەزیری، لە دهۆک فەهمی سەلمان، ئازاد عەبدوڵڵا، زوهێر ڕەڤەندی، ئیحسان عوسمان، لەسەر دەستی ئەوانە، بەهۆی ئەزموونی جیهانی و عەرەبی و عیراقی هەموو ئاراستەکانی دەرهێنان سەریان هەڵدا و چەسپان،، یان هەندێکیان کە لە دەرەوە بڕوانامەی هونەرییان بە دەست هێنا، هونەرمەندان شەماڵ عومەر و ژیلوان تاهیر لەژێر کارتێکردنی شێوازی دەرهێنانی شانۆی وێنەی سەلاح قەسەب کاریان دەکرد، کە ئەویش لەژێر کارتێکردنی دەرهێنەری ڕۆمانی خانمە هونەرمەند ساندوامانوادا بوو، پاشان توێژەر لە (٦٠) شانۆیی، شەش نمایش دەست نیشان دەکات وەک نموونە، یان گوڵبژێرێک واتە ١٠٪ نمایشەکان بوون، شانۆییەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١- هەبوو نەبوو لە نووسینی قاسم محەمەد و وەرگێڕانی عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی و ئامادە و دەرهێنانی هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان بوو، بە داخەوە باسکار ناوی عومەر شێخەڵڵای فەرامۆش کردووە، ئەم شانۆگەرییە تیپی نواندنی هەولێر سەر بە دەزگای سینەما و شانۆی بەغدا لە کاتژمێر ٣،٣٠ ئێوارە ڕۆژی ٢٦/٣/١٩٨٠ لە هۆڵی گەل لە بەغدا نمایشی کرد، ماوەی نمایشەکە (٩٠) خولەک بوو، «٢٦» کارەکتەری تێدا بەشدار بوو، (٢١) پیاو و (٥) ئافرەت، باسکار لە توێژینەوەکەیدا باسی لەوە نەکردووە کە لە (شانۆی گەڕۆک)ی بەغدا لە فیستیڤاڵ ئەم شانۆگەرییە نمایش کراو سەرکەوتنێکی چاکی وەدەست هێنا، دەتوانم بڵێم لە هەموو نمایشەکان سەرکەوتووتر بوو، پاشان لەلایەن هونەرمەند نەبیل یووسف لە ستۆدیۆکانی ئێزگە و تەلەڤزیۆنەوە لە بەغدا گوێزرایەوە، توێژەرەوە بە درێژی باس لە دیمەنەکان و ناوەرۆک و نواندن دەکات، ستایشی ئەو دوو ئەکتەرە دەکات هونەرمەند سەعدوون یوونس لە ڕۆڵی ڕەجەبی پاقلەفرۆش و هونەرمەند خەلیل یابە کەریم لە ڕۆڵی میدیا، پاشان هەرچەندە سەباح عەبدولڕەحمان لە پرۆگرام نووسیبووی والی، نمایشە تەلەڤزیۆنییەکە زیاتر لە دوو کاتژمێر بوو، ئەم درامایە ئێستاش لە تەلەڤزیۆنە ناوخۆییەکان ناو بەناو نمایش دەکرێت.

٢- شاری ئەوین: شانۆی شاری ئەوین لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند تەڵعەت سامان بوو، کە لەلایەن

کۆمەڵەی هونەر و وێژەیی کوردی هەولێر لەسەر شانۆی هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەری لە کاتژمێر ٤,٣٠ ئێوارەی ١٨/١١/١٩٨٥ بۆ ماوەی یەک حەفتە نمایش کرا، بریتی بوو (١٤) کەسایەتی، (١٢) پیاو و (٢) ئافرەت، ژمارەی دیمەنەکانی (٢٢) دیمەن بوو، ماوەی نمایشەکە (٧٥) خولەک بوو، توێژەر دەڵێت ناوەرۆکی ئەم شانۆگەرییە لە حیکایەتەکانی زەمانی ڕابردوو دەچێت کە زستانان لە گوێی ئاگردان خەڵک گوێی لێدەگرتن، بەڵام هونەرمەند تەڵعەت سامان بە قاڵبێکی درامی نوێ پێشکەشی کرد، ناوەرۆکی ئەم شانۆگەرییە بریتییە لە دوو چین کە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەعبایە دەکەن کە ئاو لە شار دەبڕێت، هەندێک قوربانی دەدەن بەوەی کە بەسەر دەعبایەکەدا زاڵ بن، بەڵام چینەکەی دیکە، کە چینی بۆرژوازین حەز دەکەن ئاوەکە ببڕێت، تا ئاوی بیری خۆیان بە نرخێکی گران بفرۆشن، باسکار دەڵێت هونەرمەند تەڵعەت سامان لەم شانۆگەرییەدا و لە هەموو شانۆگەرییەکانی دی حەز دەکات دیمەنی بەرچاو و دیکۆری جوان و قەبە دابنێت، لەوەشدا ڕەچاوی میزانسین و دابەشکردنەکە دەکات و دەڵێت هونەرمەند لەم دەرهێنانەی لەسەر ڕێبازی واقیعی ستانیسلاڤسکی کارەکەی ئەنجام دا و لە نواندندا پیادەی کرد، هونەرمەند ژیلوان تاهیر لەبەر ئەوەی دەقی ئەم شانۆگەرییەی لەلا بەرز بوو، جارێکی دیکە خۆی بەدید و بەرگێکی دی نمایشی کرد.

٣- کاتێ هەڵۆ بەرز دەفڕێ، ئەم شانۆگەرییە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند ئەحمەد سالار بوو، تیپی شانۆی سالار لە کاتژمێر ٤,٣٠ی ١٨/٣/١٩٨٨ بۆ ماوەی یەک حەفتە نمایشی کرد و ماوەی نمایشەکە (٨٥) خولەک بوو، ژمارەی دیمەنەکانی (٢٦) دیمەن بوو، ژمارەی کادیرە هونەرییەکانیش (٦) کەس بوو، ژمارەی موزیکژەنەکان (٧) کەس بوون لەگەڵ گۆرانیبێژێک.

نووسەر لەم شانۆگەرییەدا سوودی لە چەند داستانێک وەرگرت وەک مەم و زین و شیرین و فەرهاد و لەیلا و مەجنوون و خەج و سیامەند و ناسر و ماڵماڵ و هەڵۆی سەرکردە لە هزر و بیری خۆیدا هەندێک ڕووداوی لەگەڵ موتوربە کردووە. ئەم شانۆگەرییەش باس لە خۆشەویستی سوارە و گوڵێ دەکات، بەڵام ئەم خۆشەویستییە لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازە، ئەو خۆشەویستییە بۆ خاک و نیشتمان و ئینتیمایە، کەسایەتی مەحموود خدری وەک ڕەمزێک بەکار هێنابوو، تا دراماکە قووڵتر بێ و شێوەیەکی تر وەربگرێت، هەڵۆ، یان مەحموود خدر کە بەرز دەفرێ ئەوە ڕەمزێکی نەمر و مێژووییە و پەیوەندارە بە ویژدانی گەلی کوردەوە، لەگەڵ کەسایەتی سوارە لە ململانێدایە بۆ دەربڕینی ئەو ئاگرە دانەمرکاوەی لە دڵیدایە، کە تەنیا بۆ (گوڵێ) لێدەدات، شانۆگەرییەکەش کۆتایی گەیشتنی ڕەمز و خۆشەویستە بێ گەردەکەیە، واتە لێرەدا هەڵۆ دەبێتە سوارە.

دەرهێنانەکە بەشێوەی سرووتێکی ئاهەنگسازی بوو، سوودی لە کەلەپووری کوردەواری وەرگرتبوو، دەرهێنەر مامەڵەی لەگەڵ فەزای شانۆگەرییەکە ستوونی بوو، بەشێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ ئیکسسوارەکان بریتی بوون لە داس و ڕەشماڵ و لباد و مافوور و سەبەتە و هەموو ئەو شتانەی کە لەلادێ بەکاردێن، ئەوەش نەک تەنیا لەسەر شانۆ، بەڵکو گەیشتبووە ناو هۆڵی بینەرانەوە، بەواتای ئەوەی کە بینەریش لەم سرووتەدا بەشدار بێت، شێوەی دەرهێنانەکە بەم هەموو تەشکیلاتە لەنێوان ئەکتەر و دیکۆر و ئەکسسوارەکان دەردەکەوێت، کە کاریگەری شانۆی وێنەیی سەلاح قەسەب لەسەر دەرهێنانەکە دیارە. هەروەها شانۆی ئاهەنگسازی مەغریبی کە لە بیردۆزی هەردوو دەرهێنەری مەغریبی (تەیب سدیقی و عەبدولکەریم بەرشید) و هەموو ئەوانە ڕەنگیان دابووەوە، هەروەها سوودی لە دەرهێنەری عیراقی قاسم محەمەد وەرگرتبوو، بەڵام بەکارهێنانی ڕەشماڵ، یان (خیوەتی گەل) کاریگەریی دەرهێنەری عیراقی سامی عەبدولحەمیدی لەسەر دیار بوو، کە شانۆیی (هاملیتی عەرەبی) لە تیپی شانۆی هونەری نوێ، ساڵی ١٩٧٣ پێشکەش کرد.

٤- شانۆیی دارتووەکە: ئەم شانۆگەرییە لە ئامادەکردن و دەرهێنان و نواندنی خانمە هونەرمەند گەزیزە عومەر عەلی ئەمین بوو، ئەم شانۆییە مۆنۆدرامایە و لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە ئامێزی سێیەم فیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگە بەناوی فیستیڤاڵی شانۆی کوردی لە کاتژمێر ٣,٣٠ی ئێوارەی ٥/٤/١٩٨٩ لەسەر شانۆی ئەزموونگەری پەیمانگە دووجار نمایش کرا، ماوەی نمایشەکە (٤٥) خولەک بوو، ئەکتەرێکی ئافرەت نواندی، کە بریتبوو لە (١٦) دیمەن. هونەرییەکان (٤) کەس بوون ئەم شانۆگەرییەش لە چیرۆکی (جۆلانە)ی چیرۆکنووسی عیراقی ناسراو محەمەد خزەیەر وەرگیرابوو، ڕووداوەکانی دەربارەی سەربازێکە کە لە شەڕی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا شەهید دەکرێت، چیرۆکەکەش لەسەر زاری هاوڕێیەکی دەگێڕڕێتەوە کە کەلوپەلەکانی بۆ ماڵەکەی دێنێتەوە. لەوێ دەچێتە ناو دەوری شەهیدەکە و چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ دایک و ژن و کچە بچووکەکەی دەکرد، هەموو ئەوانە لە خەیاڵی ژنەکەدایە، بەو پێیەی کە خۆی حیکایەتخوانە.

دەرهێنانەکە بریتی بوو لە بەکارهێنانی ڕەنگی قاوەیی

و شین بۆ دیوارەکانی نهۆمی بنەوە، ڕەنگی سپی بۆ پەیژە و دەوروبەر و ئاسمان و زەردی کاڵ بۆ نهۆمی سەرەوە. دەرهێنەر گرنگی بەشێوە و ناوەڕۆک دابوو، لە هەمان کاتدا بەهۆی شیوە نواندنەکە و بەکارهێنانی جەستە و دیکۆر و ئیکسسوار، لێرەدا بە ئاشکرا کاریگەری سەلاح قەسەب دیار بوو هەروەها کاریگەری سامی عەبدولحەمید لەسەر دەرهێنانەکە، بە تایبەتی سەبارەت بە جووڵە و دەنگ و شێوەی نواندنەکە. ئەم کارەش لە هزر و بیری بینەردا دەچەسپێ، ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان هەڵبژاردنی بابەتێک کە لە پرسی کوردەوە نزیکە، دووەمیان پڕکرنەوەی فەزای شانۆگەرییەکە بە دیدێکی وێنەیی پڕ لە هێما و بەڵگە و بەکارهێنانی جەستە و پێوەندی دیمەنەکان لەگەڵ بینەردا.

٥- شانۆیی (لە چاوەڕوانی سیامەند)دا: ئەم شانۆگەرییە لە ئامادەکردنی شەماڵ عومەر و نواندن و دەرهێنانی هەردوو خانمە هونەرمەند نیگار حەسیب قەرەداغی و میدیا ڕەئووف بوو، ژمارەی کەسایەتییەکان (٢) ئافرەت بوو، کە ڕۆڵی دیش دەبینن، ژمارەی دیمەنەکان (٢٤) دیمەن بوو، ژمارەی هونەرییەکان (٣)، ئەم شانۆگەرییە لەلایەن تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی لە سلێمانی لە ژووری یەکێتی نووسەرانی کورد لە کاتژمێر ٤،٣٠ ئێوارەی ٤/٤/١٩٨٩ نمایش کرا، ماوەی نمایشەکە (٦٠) خولەک بوو.

ئەم شانۆگەرییە لە داستانی (خەج و سیامەند)ەوە ئامادە کرابوو، کە باس لە کوڕ و کچێک دەکات عاشقی یەکدین، ئەو ڕووداوەشیان بە داستانی (مەم و زین)ەوە گرێداوە، ئامادەکار بۆ ناوی ئەم شانۆگەرییە سوودی لە (چاوەڕوانی گۆدۆ)ی سامۆییل بیکیت وەرگرت، بەو پێیەی کە کەسایەتییەکی وەهمییە، کەچی ئامادە کراوەکە لەلایەن گەلی کوردەوە ئاشکرایە کە بە کەسایەتییەکی ڕاستی دادەنێن، چونکە لەویژدانی گەلی کورددا دەژێت، ئامادەکار و هەردوو دەرهێنەر ئەم شانۆگەرییەیان بۆ خزمەتی پرسی خۆیان تەوزیف کرد. دەرهێنانەکە بەشێوەیەکی هاوچەرخ، لە فەزایەکی نامۆ نمایشەکە ئەنجام درا، لە شوێنێک، یان ژوورێک لە دیوەخانی کوردەواری دەچوو، دیکۆرەکە لە ژوورێک دانرابوو کە پانتاییەکەی ٢×٥م٢ بوو بە شێوەی قوتوو، کۆتاییەکانی ئەم قوتووە بە کۆتاڵی ڕەنگاوڕەنگ و سەوز و سوور و چەند تەنافێک ڕازابووەوە، دیوارەکانی دیوەخان کەلوپەلی فۆلکلۆری وەک لباد و مافوور و ڕستەی ڕەنگاوڕەنگ کە گولینگی پێوە کرابوو، دیکۆر سادە و ساکار بوو، هەردوو ئەکتەر بەسەر دوو پەیژەدا سەردەکەون کە شۆڕ کرابوونەوە بەدەف و دەستەسڕ، گۆرانی و دیالۆگ لەگەڵ جووڵەدا دەڵێن، لات وایە نوێژ دەکەن و سەر بەرەو ئاسمان بەرز دەکەنەوە، ئەم کارە ئەزموونییە هەرچەندە کاریگەری سەلاح قەسەب و عەونی کەروومی بەسەرەوە دیاربوو، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی کەلەپووری کوردەوارییەوە بەشێوەیەکی جوان توانرا نمایشێکی نوێ پێشکەش بکرێت.

٦- شانۆی شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە:

نووسینی: دیمتری باساناس

وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف

دەرهێنانی: هیوا سوعاد

ئەم شانۆگەرییە لەلایەن تیپی شانۆی ئەزموونگەری لاوان لە هەولێر لەسەر شانۆی ڕۆشنبیری جەماوەر لە کاتژمێر ٤ی ئێوارە ١٧/٤/١٩٨٧ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ نمایشکرا، ماوەی نمایشەکە (٦٠) خولەک بوو، ژمارەی کەسایەتییەکان (١١) کەس بوو، (١٠)یان پیاو و (١) ئافرەت، هونەرییەکان (٥) کەس بوون، ژمارەی دیمەنەکان (١٢) بوو.

ئەم شانۆگەرییە کۆمیدی و تەنزئامێز بوو، باس لە پیاوێک دەکات کە لە یەکێک لە بانقەکان ژمێریارە، ڕۆژانە بەهەزاران درهەم دەژمێرێ، کەچی یەک درهەم ناچێتە گیرفانییەوە، لە مووچەکەی زیاتر کە بەشی حەفتەیەکی ناکات، کە وای لێ دێت ژنەکەی زۆر سەرزەنشتی بکات و هانی بدات بەرتیل وەربگرێت و دزی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ژنەکەی دەچێتە لای دکتۆرێک و ئەم ڕەوشەی بۆ باس دەکات و دکتۆر پێی دەڵێت مێردەکەت بێنە با ببینم، بە پێداگری ژنەکە، پیاوەکە دەچێتە لای دکتۆرەکە، پیاوەکە دەڵێت من کەرامەتم ڕێگام پێ نادات خیانەت بکەم، دکتۆرەکە کابرا دەباتە شێتخانە تاکو بە چاوی خۆی قوربانییەکانی لە شێوەی خۆی ببینێت، کە پاک و خاوەن ویژدان بوون، بەڵام دواتر چۆن بوونەتە بازرگانی جەنگ و هەلپەرست و ویژدانفرۆش و گەندەڵ، توێژەر بەشێوەیەکی جوان باس لە دەرهێنان و نواندن دەکات. ئەم نامە ماستەرە بریتییە لە (١٠٩) لاپەڕەی قەبارە گەورە بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە، لە کۆتاییدا (١٢) وێنەی هەمەجۆری شانۆگەرییەکانی بڵاوکردووەتەوە، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی لە پاشکۆی نامەکەدا لەگەڵ خشتەیەک بەناوی (٦٠) شانۆگەری و نووسەر و ئامادەکار و شوێنی نمایش. نامەیەکی چڕوپڕ و دەوڵەمەندە، توێژەرەوە زۆر خۆی لەگەڵ ماندوو کردووە، دەشێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ شانۆکاران، دەست خۆشی لە ژیلوان تاهیر دەکەین هیواداریین نامەی دکتۆرای بە دوادا بێت.

**بە بۆنەی دەگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ـەوە**

# ڕامان و هونەری فۆتۆگراف

**فارس سەعدی**

بە ڕاستی گۆڤاری ڕامان لەو ماوە دوورودرێژەی ڕابردوودا نەفەسێکی درێژی هەبووە، لەنێو ئەو هەموو بڵاوکراوانەی لە کوردستانی خۆماندا هەن، ڕامان ئەسپی خۆی تاوداوە و تایبەتمەندیی خۆی لە هەموو بوارەکاندا لە دەست نەداوە، تەنانەت لە بواری زمانەوانی و زمانی پاراوی کوردیشدا، هەروەها بایەخی بە بنەما هونەرییەکانی شێوە و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە داوە. هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنییەوە بایەخێکی چاکی بە وێنەی فۆتۆگرافی ڕۆژنامەوانی داوە، سەرەڕای دەیان چاوپێکەوتن و بڵاوکردنەوەی دەقی فۆتۆگرافی، بە پشت بەستن بە نوێترین سەرچاوەی فۆتۆوە. لەپاڵ ئەوەشدا بایەخێکی زۆری بە وێنەی دوکیومێنتاری داوە و بۆ ماوەیەکی زۆر گۆشەیەکی بۆ چاوی مێژوو کردبووەوە کە تێیدا دەیان وێنەی کۆنی کەسایەتییەکانی گەلەکەمان و بۆنە و ئاهەنگ و بابەتی دەگمەن لەم گۆشەیەدا بڵاودەکرانەوە، ئەگەر بێتو ئەو وێنانە کۆ بکرێنەوە ئەوە دەتوانرێ لە داهاتوودا ئەلبومێکی وێنەداری فۆتۆگرافی بەچاپ بگەیەنرێ و بڵاوبکرێتەوە کە دەبێتە بەشێکی زیندوو لە مێژووی میللەتەکەمان.

گۆڤاری ڕامان دەست پێشخەر بووە لەوەی فۆتۆگرافەری کارامەی هێناوە و لەپاڵ کارمەندەکانی دیکەی کاریان کردووە، چونکە نەهاتووە پشت بەو سیستمە سەقەتەی جاران ببەستێ و وێنەیەکی پۆرترێتی کۆنی وشک و برینگی نووسەری دەقێک لەپاڵ دەقەکەیدا بڵاوبکاتەوە، بەڵکو دەهات بۆ هەر نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیر و ئەدیبێک دەیان وێنەی فریشی بۆ دەگرتن، بۆیە ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی لەم بوارەدا هەبوو، کە زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەهاتن دووبارە ئەو وێنانەی کە لە ڕاماندا بڵاوکرابوونەوە ئەوان بڵاویان دەکردنەوە، بێ ئەوەی ئەوانیش ئەم هەنگاوە پیرۆزە بنێن، ئەمەش گوێ نەدانە بە مافی کۆپی ڕایت، چونکە وێنەکان موڵکی ئەم گۆڤارە بە نرخەن.

لە کوردستاندا وێنەی فۆتۆگرافی و بابەتی نووسراو لەسەر فۆتۆگراف پشتگوێ خرابوو، فۆتۆگراف بە هەتیوی مابووەوە، بەڵام (ڕامان) لایەکی چاکی لەم لایەنە گرنگەی ڕۆژنامەوانی کردەوە و بەدەیان وێنەی جوانی پۆرێتی ڕۆژنامەوانی بڵاودەکردەوە، سەرەڕای ئەوەی دەهات پشتی بەو توانایانە دەبەست کە نووسینیان لەسەر فۆتۆگراف هەبوو، کە ئەمڕۆ ئەمە بۆتە هونەرێکی سەردەم. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا وێنەی تابلۆی فۆتۆگرافی لە بەرگی ڕامان جێی شیاوی خۆی بۆ دانرابوو، بەدەیان وێنەی جوان و نایاب، بگرە لە بابەتی سروشت و ئەبستراکت و بابەتی ڕیالیزمی تێدا بڵاودەکرایەوە، باوەڕ ناکەم کەس هەبێت پێشتر ئەو بایەخە زۆرەی بە فۆتۆگراف دابێت، وەک ئەو بایەخەی ڕامان کە هەر لە سەرەتای دەرچوونی ژمارە (١)یەوە، هەنگاوی چاکی لەم بوارەدا بۆ ناوە.

ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئەوەیە ڕامان بەبێ ڤیزە سنووری هەرێمی کوردستانی بڕی و پەلی بۆ دەرەوەی وڵات هاوێشت، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە تا دەگاتە ئەوروپا، بە هەموو لایەکدا پەخش دەبوو، کەسانێک هەبوون لەو جێگایانەوە بەشدارییان لە (ڕامان)دا دەکرد، بۆیە ئەم گۆڤارە وەک مانگی درەوشاوە لەنێو جیهانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دەدرەوشایەوە و سومبلێکی بەرچاو و گەش بوو، فەزڵی زۆریش بۆ سەرنووسەری گۆڤارەکە دەگەڕێتەوە کە کاک (ئازاد عەبدولواحید)ـە، کە نەفەسێکی درێژ و مامەڵەیەکی بەرپرسیانەی لەگەڵ ئەم گۆڤارەدا دەکرد، سەرەڕای کارمەندانی کە ژمارەیان زۆر کەم بوون لە چاو گۆڤارەکانی تری کوردستان کەچی ئەم برشتەشیان نییە، بۆیە من وەک فۆتۆگرافەرێک پڕ بە دڵ دەستخۆشی لەسەرنووسەر و تەواوی کارمەندانی ئەم گۆڤارە خۆشەویستە دەکەم.. هیوای بەردەوامی و بەرەو پێشچوونی بۆ دەخوازم.






زۆرێک لە خوێنەرانی کورد لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەر و ئەدیبانی بیانییەوە چەندین کولتوور و نەتەوەیان ناسیوە، ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە هاوکێشەکە پێچەوانەوە بکرێتەوە و لە ڕێگەی ئەدەبی کوردییەوە نەتەوە و کولتووری کوردی بە گەلان و نەتەوەکانی جیهان بناسێنرێت، زەمینەی ئەمە لەبارە، بەڵام پلانی ستراتیژی و کارکردنی دەوێ.

کورد کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیبی وای هەیە کە نووسینەکانیان ڕەگەزی جیهانییان تێدایە و ئەگەر هۆکارەکانی پێوەندیکردن هەبێت و لە گرێی خۆ بە کەمزانین ڕزگارمان ببێت، دەکرێت ئەم نووسینانە بە جیهان بناسرێن و پێشم وایە خوێنەریان دەبێت. سەرەکیترین هۆکاری پێوەندیکردنیش بۆ ئەم مەبەستە زمانە.

ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستانەکەی خۆمان ژمارەیەکی باش زمانزان و وەرگێڕ و قوتابیانی خوێندنی باڵا و مامۆستای زانکۆ هەن کە زمانانی بیانی دەزانن و پێیان دەنووسن و توێژینەوەشی لەسەر دەکەن. لە پرۆسەی تواناسازیدا لە ڕێگەی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەزاران قوتابی کورد ئێستا لە بواری زانستەکانی مرۆڤایەتیدا، لە دەرەوەی وڵات خەریکی ماستەر و دکتۆران.

دەکرێت قوتابیانی خوێندنی باڵا، بەتایبەتی ئەوانەی خەریکی توێژینەوەن لە بواری زمان و ئەدەب، لە جیاتی ئەوەی تێزەکانیان لەبواری زمان و ئەدەبی بیانی بنووسن، لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی بە دەستەوەی بدەن، بەمەش لە لایەکەوە سوود بە نووسەر و ئەدیبانی کورد دەگەیەنن و هانیان دەدەن داهێنانی گەورەتر و جیهانیانە بخوڵقێنن و بە جیهانیان بناسێنن و بزووتنەوەیەکی ئەدەبیش بێننە کایەوە، چونکە ئەدیبانی کورد گرفتی ئەوەیان هەیە بەرهەمەکانیان کەمتر بەسەردەکرێنەوە و کەمتر توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، لەلایەکی تریشەوە بەم کارە کولتوور و زمان و ئەدەبی کوردی بەجیهان دەناسێنن.

جگە لە ناوەندەکانی زانکۆ و خوێندنی باڵا، لە هەرێمی کوردستان دەزگاگەلێکی زۆری ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە هەن کە هەندێکیان پارەیەکی زۆریش خەرج دەکەن، ئەگەر ئەم دەزگایانە پلانی ستراتیژییان هەبێت، دەکرێت دەست بە کاری وەرگێڕانی پێچەوانە بکەن و بەرهەمی ئەدیبانی کورد لە کوردییەوە وەربگێڕن بۆ زمانانی بیانی، بەمەش ئەدەب و زمان و کولتووری کوردی بە جیهان دەناسێنن و ئەدیبانیشمان لە سنوورەکانی لۆکاڵییەوە دەپەڕنەوە بۆ یونیڤێرساڵی.



# ئەدەبی کوردی.. پەڕینەوە لە سنووری لۆکاڵی

د. کاوە شێروانی
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)